چەپکەگوڵ

ئەو شێعرە فارسییانەی شاعیرانی کورد وەریانگێڕاون

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: **کەماڵ ڕەحمانی زەنگیاوەیی**

@chapkagolifarsikurdisher

ئەم دوو شێعرە ناوەڕۆکیان یەکە ئەگینا هیچ کامیان لەوی تریانی وەرنەگرتووە.

کاک بەدیعی بابەجانی (گەورەتر ڕەسسامی ئەمڕۆی کورد) ڕووی لێنام کە باسی ژیانی بنیادەمی ــ هەر لە دەمی ساواییەوە هەتا دوایی ــ بە شێعر بۆ بهۆنەوە؛ ئەویش بە وێنەی کوردانە بینەخشێنێ و چاپی بکا. من بۆم نووسی؛ بە داخەوە مەودا نەما پڕۆژەکەمان پێک بێنین:

قۆناغەکانی ژیان

ئادەمی بەرهەمی کەمێ قوڕ و ئاو
دایکەوای کردە جێ گەرا بۆ پیاو

دەوری ساوایەتی شل و خاوی
خەمڕەوێنی دڵی و لە بەرچاوی

تا دەساڵی، بزۆز و چالاکی
بێ گزی و ڕاست و دەستودڵپاکی

لە دە تا بیست، بەهاری ژین دادێ
باوی یار گرتن و ئەوین دادێ

بیست و سی، ئەرکی ماڵ و منداڵە
خۆش و شیرین و جار و بار تاڵە

هەڕەمەی هێز و بەرهەمە تا چل
پێت گەیاندوون نەمامی شەنگ و شل

چل و پەنجا، نەوەت بە باوەشەوە
تاڵی چەڕموگ لکان بە مووی ڕەشەوە

پوخت و پاراوی ژین لە پەنجایە

دێتە ڕوو ڕەنج و سوود و سەرمایە

لە پلەی شێست، بە تەجرەبە و ژیری
پلەیەک دابەزی بەرەو پیری

چوویە حەفتا، بە کۆخەکۆخ، تووڕە
دەست و ئەژنۆ دەلەرزێ، پشت کووڕە

سواری هەشتای، هەناسەشت سوارە
لار دەڕۆی، لاقی سێهەمت دارە

لە نەوەد، مەرگە پێی دەڵێن ژینە
بەفری بەر سوورەتاوی هاوینە

پاشی سەد وەک منااڵی یەک ساڵی
شیرەخۆرەی بەاڵم بە خوێنتاڵی

باوەشی گەرمی گۆڕ کراوەتەوە
هەرچی خاک داویە، بۆی گەڕاوەتەوە

بۆ کوردوستان، مامۆستا هەژار، الپەڕەی٢٢١ و ٢٢٢ .

به عهد خردسالي، ناز پرور
ترا گهواره جنبان بود مادر

ز ده تا بیست آغاز جوانیست
اساس و استوار زندگاني است

سنین عمر چون بگذشت از بیست
نشاید چون تو را فرزندگان زیست

چراغ سي گهي افروخته باشي

که از دانش بسي آموخته باشي

بهار عمر باشد تا چهل سال
مبادا بي خبر باشي ز احوال

شمار عمر چون آيد به پنجاه
تو را فرزندگان تابند چون ماه

به حد شصت چون آيد شمارت
ببالد نوجواني در کنارت

رسد چون نوبت عمرت به هفتاد
رود شور جواني پاك بر باد

به هشتادت بود آغاز سستي
زمان سستي و نا تندرستي

نود باشي يکي افتاده ده پير
که آموزند از تو رأي و تدبير

پس از صدگاه رفتن پيش آيد
سفر را مرده دور انديش بايد

ابوالحسن نوروزی

وەک هەموومان دەیزانین وەختێک لە بواری نوسینێک دا سەر دەکەوین کە کاری پێشینیانمان لە بەر دەست دابێ و زۆریان بخوێنینەوە. ئێستا با هەموومان ئەو شێعرە فارسیانەی بە کورد لە لایان شاعیرانمان وەرگێڕدراون هەر دوکیان بە دوی یەکدا بنوسینەوە تا بتوانین لەو لانە خزمەتێک بە زمانەکەمان بکەین. دەستی هاوکاری بۆ هەموان درێژ دەکەم.
براتان: کەماڵ ڕەحمانی

کەری بانگ کراو بۆ سەر شایی و زەماوەند

جارێ کەرەێکیان بانگ کرد بۆ شادی
قاقا پێکەنی کەر بە ئازادی

کلکی بەرزۆ کرد لوتی هەڵبڕی
بە دڵێکی خۆش جارجار ئەزەڕی

وتیان تۆ بۆچی وا پێئەکەنی؟
خۆ بانگ کراوی سەر زەماوەنی

وتی: من بۆیە وا پێئەکەنم
نە دەهۆڵ کوتم، نە شمشاڵ ژەنم

نە سەرچۆپیکێش، نە دوایی‌گیرم
لەبەر بارکێشان زیز و زویرم

نە هەڵپەڕکێکەم وەک هەڵپەڕینە
نە ئاوازەکەم جوان و شیرینە

بەوا مەنوارە کزو کەساسم
من وەک خەڵقی نیم خۆم چاک ئەناسم

ئەزانم بۆیە من بانگ کراوم
حەماڵی دار و بەرمیلە ئاوم

چەند خۆش گشت کەس جێی خۆی بزانێ
بەقەد جەوهەری شەئنی خۆی دانێ

نەک چۆلەکە بی و وەک باز بێتە ڕاو
بە سەرەخەری خۆی خاتە ناو داو

باخچەی کوردستان، لاپەڕە ١٠١و١٠٢.

شأن: کار، حاڵ.
سەرەخەری: پڕکێشی، بە قیناچوون، لاساری.

که خری را به عروسی خواندند
خر بخندید و شد از قهقهه سست

گفت من رقص ندانم به سزا
مطربی نیز ندانم به درست

بهر حمالی خوانند مرا
کآب نیکو کشم و هیزم چُست

خاقانی

کەر بۆ سەر زەماوەند

کەریان بانگ دەکرد بێتە سەر شایی
کەر هاواری کرد: ماڵی وێرانم

وا هەڵناپەڕم سەرچۆپیم دەنێ
گۆرانی خۆشیش کەمتر دەزانم

بە خوا دەترسم هەکەن بە ئاوکێش
یان باراشی باش بێتە سەرشانم

مامۆستا هەژار

که خری را به عروسی خواندند
خر بخندید و شد از قهقهه سست

گفت من رقص ندانم به سزا
مطربی نیز ندانم به درست

بهر حمالی خوانند مرا
کآب نیکو کشم و هیزم چُست
خاقانی

هەڵۆ

پاییزە دار و دەوەن بێ بەرگە
دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە

هەر گەڵایێ کە لە دارێ دەورێ
نووسراوێکە بە ناخۆش خەوەرێ

تاو هەناوی نیە وا مات و پەشێو
لەشی زاماری دەکێشێتە نشێو

ڕۆژ پەڕە، سارده کزەی بای زریان
کاتە بۆ ژینی لە دەس چوو ، گریان

دڵی پڕ بوو لە پەژارە و لە دڵۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ

بە قسە خۆشە مەترسی مردن
تاڵە ئەو هەستی بە مردن کردن

کاتی کۆچ کردنە وەختی سەفەرە
داخەکەم سەختی نەمانم لەبەرە

هەر بینا هات ئەجەل و من مردم

با لە شیوێ پەڕ و باڵی بردم

تۆ بڵێی پاشی نەمان ژینێ بێ؟
بۆ لەشی ساردەوە بوو تینێ بێ؟

تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بێ؟
یا نە ئەو قافڵە وەستانی بێ؟

مەرگە دێ و دوا بە هەموو شت دێنێ
هەموو ئاواتێ لە دڵ دەستێنێ

پاشەڕۆکێکی بکەم لەم باخە
تاکوو باڵ و پەڕی من پەرداخە

هەر بڕۆم نابەڵەد و بێسەر و شوێن
دیار نییە خێڵی هەڵۆیان لە کوێن

شارەزای ڕێگەیی مردن کێیە
چیە ئەو مەنزڵە کوێنەی جێیە

نامە ڕێبواری کەلی هات و نەهات
چارەکەم بەشکوو ئەوا هات و نەهات

خۆی بە خۆی کوت کە دەچم بۆ لای قەل
کەیخودای پیر و بە بیری گەلی مەل

هەڵفڕی ڕاوکەری زاڵی کەژ و کێو
لە چیای بەرزەوە ڕووی کردە نشێو

کەوتە ئەو دەشتە لە ترسا تەق و ڕەو
دەرپەڕی کوڕکوڕ و کڕ مایەوە کەو

هاتە لای قەل بە کزی و بێوازی
قەل گوتی : مامە هەڵۆ ناسازی؟

کوتی قاڵاوە ڕەشەی پسپۆڕم
پیرم و پێ یە لە لێوی گۆڕم

باخی ژینم بە خەزان ژاکاوە
کاتی مەرگە و ئەجەلیش ناکاوە

پێم بڵێ چۆنە کە تۆ هەر لاوی
زۆر بە ساڵ پیری بەڵام چا ماوی

هێزی ئەژنۆم نیە باڵ بێهێزە
هەموو گیاندارێ ژیان پارێزە

قەل کوتی باشە کە گوێ ڕادێری
پەندی من پاکی بە دڵ بسپێری

ئەو دەمە بابی بەهەشتی من مرد
دوور لە تۆ دەرد و بەڵای ئێوەی برد

پێی کوتم ڕۆڵە هەوای ڕاز و نزار
هەیەتی دەرد و نەخۆشی بە هەزار

دیق و زەردویی و ئاهۆ و وەرهەم
بە گژەی بای بە قەوت دێن بەرهەم

گۆشتی کەو چەندە کە تام دارە بە ناو
هەنگ و هاڵاوێ دەهەنوێتە هەناو

تا وزەی بیر و خەیاڵ سەردەکەوی
کە لە گوڕ کەوتی وەهاوەردەکەوی

پەین و پاڵێ کە لە پاڵی دێیە
مەنزڵی نۆکەری خۆتی لێیە

کەرە تۆپیو و کەلاکی گوێلک
هەڵمی دڵ ڕوون کەرەوەی سەرگوێلک

پێکەوە چینە بکەین لەو پەینە
بۆی سەنێر مەلحەمی بیر و زەینە

ورد بەوە چەندە بەمانا قووڵە
مەسەلە و گفتی قەلی ماقووڵە

بیکە سەرمەشقی ژیان ئەو ئیشە
هەر لە سەر داری نەوی هەڵنیشە

هاتەوە بیری هەڵۆ ڕابوردووی
پاکی بووژانەوە یادی مردووی

گوڵ کرا ڕایەخ و پایەندازم
چەندە ئاژوا لەشی کێو ئاوازم

چەندە ڕوانیمە زەوی لەو بانە
کێو و دەشت لەو سەرەوە چەند جوانە

چەن چکۆڵەن پەلەوەر لەو بەرزە
ئاخ کە چەن خوێڕیگرە ئەم عەرزە

چەندە ڕاوی کەو و کەوبارم کرد
دوژمنی تاقمی شمقارم کرد

کۆلکە زێڕینە وەکوو تاقی زەفەر

ئاسمان بۆ منی بەست کاتی سەفەر

حەوتەوانان بوو میدالّی شەڕی من
چەندە شۆراوە بە خوێن شاپەڕی من

ئێستە بۆ وا ڕەبەن و داماوم
من هەڵۆ چاو لە دەمی قاڵاوم

سا کە ئەو کارە وەها ساکارە
مەرگە میوانی گەدا و خونکارە

هەوری ئاسمان بێ خەڵاتم باشە
یا لەشم خاشە بکێشن باشە

کوتی وا ژینی درێژ پێشکەشی خۆت
گۆشتی منداڕەوە بوو هەر بەشی خۆت

ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن
نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن

لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزە مژی
چۆن بژی شە رتە نەوەک چەندە بژی
سوارە ئێلخانیزادە

عقاب

گشت غمناک دل و جان عقاب
چو ازو دور شد ایام شباب

دید کش دور به انجام رسید
آفتابش به لب بام رسید

باید از هستی دل بر گیرد
ره سوی کشور دیگر گیرد

خواست تا چاره‌ی ناچار کند
دارویی جوید و در کار کند

صبحگاهی ز پی چاره‌ی کار
گشت برباد سبک سیر سوار

گله کآهنگ چرا داشت به دشت
ناگه از وحشت پر ولوله گشت

وان شبان ، بیم زده ، دل نگران
شد پی بره‌ی نوزاد دوان

کبک، در دامن خاری آویخت
مار پیچید و به سوراخ گریخت

آهو استاد و نگه کرد و رمید
دشت را خط غباری بکشید

لیک صیاد سر دیگر داشت
صید را فارغ و آزاد گذاشت

چاره‌ی مرگ ، نه کاریست حقیر
زنده، دل را نشود از جان سیر

صید هر روزه به چنگ آمد زود
مگر آن روز که صیاد نبود

آشیان داشت بر آن دامن دشت
زاغکی زشت و بد اندام و پلشت

سنگ‌ها از کف طفلان خورده
جان ز صد گونه بلا در برده

سا ل ها زیسته افزون ز شمار
شکم آکنده ز گند و مردار

بر سر شاخ ورا دید عقاب
ز آسمان سوی زمین شد به شتاب

گفت: ‹‹ کای دیده ز ما بس بیداد
با تو امروز مرا کار افتاد

مشکلی دارم اگر بگشایی
بکنم هر چه تو می‌فرمایی››

گفت : ‹‹ما بنده‌ی در گاه تووییم
تا که هستیم هوا خواه تووییم

بنده آماده بود ، فرمان چیست ؟
جان به راه تو سپارم، جان چیست؟

دل ، چو در خدمت تو شاد کنم
ننگم آید که ز جان یاد کنم››

این همه گفت ولی با دل خویش
گفت و گویی دگر آورد به پیش

کاین ستمکار قوی پنجه ، کنون
از نیاز است چنین زار و زبون

لیک ناگه چو غضبناک شود

زو حساب من و جان پاک شود

دوستی را چو نباشد بنیاد
حزم را باید از دست نداد

در دل خویش چو این رای گزید
پر زد و دور تَرَک جای گزید

زار و افسرده چنین گفت عقاب
که :‹‹ مرا عمر ، حبابی است بر آب

راست است این که مرا تیز پر است
لیک پرواز زمان تیز تر است

من گذشتم به شتاب از در و دشت
به شتاب ایام از من بگذشت

گر چه از عمر ،دل سیری نیست
مرگ می آید و تدبیری نیست

منو این شهپر و این شوکتو جا
عمرم از چیست بدین حد کوتاه؟

تو بدین قامت و بال ناساز
به چه فن یافته‌ای عمر دراز؟

پدرم از پدر خویش شنید
که یکی زاغِ سیه روی پلید

با دو صد حیله به هنگام شکار
صد ره از چنگش کرده است فرار

پدرم نیز به تو دست نیافت
تا به منزلگه جاوید شتافت

لیک هنگام دم باز پسین
چون تو بر شاخ شدی جایگزین

از سر حسرت بامن فرمود
کاین همان زاغ پلید است که بود

عمر من نیز به یغما رفته است
یک گل از صد گل تو نشکفته است

چیست سرمایه‌ی این عمر دراز ؟
رازی این جاست، تو بگشا این راز‹‹

زاغ گف : ‹‹ ار تو در این تدبیری
عهد کن تا سخنم بپذیری

عمرتان گر که پذیرد کم و کاست
دگری را چه گنه ؟ کاین ز شماست

ز آسمان هیچ نیایید فرود
آخر از این همه پرواز چه سود ؟

پدر من که پس از سیصد و اند
کانِ اندرز بُد و دانش و پند

بارها گفت که برچرخ اثیر
بادها راست فراوان تاثیر

بادها کز زبر خاک وزند
تن و جان را نرسانند گزند

هر چه ا ز خاک ، شوی بالاتر
باد را بیش گزندست و ضرر

تا بدانجا که بر اوج افلاک
آیت مرگ بود ، پیک هلاک

ما از آن ، سال بسی یافته ایم
کز بلندی، رخ برتافته ایم

زاغ را میل کند دل به نشیب
عمر بسیارش ارز آن گشته نصیب

دیگر این خاصیت مردار است
عمر مردار خوران بسیار است

گند و مردار بهین درمان ست
چاره‌ی رنج تو زان، آسان ست

خیز و زین بیش ، ره چرخ مپوی
طعمه‌ی خویش بر افلاک مجوی

ناودان ، جایگهی سخت نکوست
به از آن کنج حیاط و لب جوست

من که صد نکته‌ی نیکو دانم
راه هر برزن و هر کو دانم

خانه ، اندر پس باغی دارم
وندر آن گوشه سراغی دارم

خوان گسترده الوانی هست

خوردنی های فراوانی هست ››
****
آن چه ز آن زاغ چنین داد سراغ
گندزاری بود اندر پس باغ

بوی بد ، رفته از آن ، تا ره دور
معدن پشه ، مقام زنبور

نفرتش گشته بلای دل و جان
سوزش و کوریِ دو دیده از آن

آن دو همراه رسیدند از راه
زاغ بر سفره‌ی خود کرد نگاه

گفت: ‹‹خوانی که چنین الوان ست
لایق محضر این مهمان ست

می کنم شکر که درویش نیم
خجل از ما حضر خویش نیم››

گفت و بشنود و بخورد از آن گند
تا بیاموزد از او مهمان پند
****
عمر در اوج فلک بر ده به سر
دم زده در نفس باد سحر

ابر را دیده به زیر پر خویش
حیوان را همه فرمانبر خویش

بارها آمده شادان ز سفر
به رهش بسته فلک طاق ظفر

سینه‌ی کبک و تذرو و تیهو
تازه و گرم شده طعمه‌ی او

اینک افتاده بر این لاشه و گند
باید از زاغ بیاموزد پند

بوی گندش دل و جان تافته بود
حال بیماری دق یافته بود

دلش از نفرت و بیزاری ، ریش
گیج شد، بست دمی دیده‌ی خویش

یادش آمد که بر آن اوج سپهر
هست پیروزی و زیبایی و مهر

فر و آزادی و فتح و ظفرست
نفس خرم باد سحرست

دیده بگشاد به هر سو نگریست
دید گردش اثری زین ها نیست

آن چه بود از همه سو خواری بود
وحشت و نفرب و بیزاری بود

[,chapkagol۲٦.۱۲.۹۹ ۰۲:۰۱]
بال بر هم زد و بر جست ا زجا
گفت : که ‹‹ ای یار ببخشای مرا

سال ها باش و بدین عیش بناز
تو و مردار تو و عمر دراز

من نیم در خور این مهمانی
گند و مردار تو را ارزانی

گر در اوج فلکم باید مرد
عمر در گند به سر نتوان برد ››
****
شهپر شاه هوا ، اوج گرفت
زاغ را دیده بر او مانده شگفت

سوی بالا شد و بالاتر شد
راست با مهر فلک ، همسر شد

لحظه‌ای چند بر این لوح کبود
نقطه‌ای بود و سپس هیچ نبود

دکتر پرویز ناتل خانلری

هەڵۆ هەر بەرزە

پایزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە
با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە

دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕنی خەزەڵ هەڵدەوەرێ

هەورە ڕەشپۆش و بە گریە و نااڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە

بە گـژەی سەردی هەناسەی کـەژ و کـۆ
ژینـی خۆی هاتەوە بیر پیرە هـەڵـۆ:

داخـەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیـم
ئەو دەمـەی چۆن و چ بووم بۆ وانیـم؟

هـێز و سـۆمای نیە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بـێ ڕاوم

دووڕە گۆشت پۆڕ و کەوم، وەردەکەوم
گۆشتە نێچیـرێ مەگەر بێتە خەوم

پیریە پاییزی وەرزی ژیانە
وردەهەنگاوی بەرەو گۆڕ نانـە

وا هـەڵـۆی مردنە ڕاوی کردم
ڕاو بەتاڵی مـنـە هاکا مـردم!

مـردنیش هـێـنـدە نە سووکە و
سـانـا
سـەری لـێ گـێـژە هەزاران زانا

چـم بەسەردێ کە نەمام و مـردم
پەڕی بـەر بـایـەک و خۆڵـی وردم

گـیان بەرەو کـوێ دەفـڕێ ڕوون نیە بـۆم
تـۆ بـڵـێی پـچـتـەوە لای بـاوە هـەڵـۆم؟!

تـۆ بـڵـێـی ڕاوێ هەبـێ لـەو بـەرزە؟
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئـەم عـەرزە!

داخـم ئەو ڕازە لە بن سەرپـۆشـە
سـەفەری نـابـەڵـەدی نـاخـۆشـە

دڵ و دیدەم کە بە دنیا فێرە
چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە

ژین گەلێ شیرینە فیزی ناوێ
بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ

چاری ئەم دەردە لە لای قاڵاوە
گەرچی زۆر پیرە بە لاوی ماوە

دەچمە لای و بەوە چم لێنایە
ڕەشیە و ئاوی ژیانی لایە

سەرنەوی دای لە شەقەی شاباڵان
هاتە وێرانەیەکی جێ ماڵان

بوو بە میوانی قەلێکی ڕوو ڕەش
چەپەڵ و ڕژدو لە مەردی بێبەش

قەل قڕی: لێمەیە پێش زۆرداری!
خوا شوکور زۆر بە کەنەفتی دیاری

زووبە چیت لێمگەرەکە پێمبێژە
دوور لە من بگرە لەشم بەنوێژە

ووتی ئەی لالەقەلەی هەرلاوم
پیرم و زۆر لە مەرگ ترساوم

هەمە پرسێک و دەبێ بمبوری
هۆی چییە تۆ کە لە مردن دووری؟

وەک دەڵێن ئێوە بە چڵساڵ باڕن
تووشی تووش نایەن و کۆسپ و باڕن

ڕێیەکم پێبڵێ بۆ هەرمانم
تۆی لە لات دەستدەکەوێ دەرمانم

سوێند دەخۆم پاشی هەتا بشمێنم
هەرکەوێ ڕاوی بکەم بۆت دێنم

قەل گوتی: هۆزی هەڵۆ زۆر خاون
سەیرە لام چۆنە کە خاوەن ناون؟

باب و کاڵت بە نەزانی مردن
بیری سەربەرزییە وای لێکردن

هەرکەسی بەرزەفڕە زوو دەمرێ
بای بڵێندایی سەر و دڵ دەگرێ

ماڵی ئێوە کە لە لووتکەی کێوە
لای جن و دێوە بەڵای زۆر پێوە

خوێنەپۆڕ، پوڕگێ دەخاتە خوێنێ
گۆشتکەوی تازە گرفتێ دێنێ

جگەر و سی و دڵی مامر ژەهرە
تا وەهابی تەقەلات بێ بەهرە

دەتەوێ زۆر بژی، خۆش ڕابوێری
خۆ لە پەندم گەرەکە نەبوێری

وەرە وەک ئێمە بژی نزم و نەوی
شەو لە سەر گەندەڵەدارێک دەخەوی

خواردنیباشی کە تۆ نەت دیوە

گۆشتی بارگینی گەنی و تۆپیوە

کردنیچینە لە پەین و شیاکە
تاو و تینی لەشە بۆ دڵ چاکە

پەندی باپیرە بە میرات ماوە
خوێنی زامی کەرە سۆمای چاوە

گفتی من گەوهەرە بۆت هەڵڕێژم
تاقە دوو ڕێت لەبەرە پێت بێژم:

یان لەناو بۆگەن و نزمایی ژیان
یان بە سەر بەرزییەوە بسپێرە گیان

ڕاچەنی لەم وتەیە پیرە هەڵۆ
هاتە بەرچاوی گەلێ کەند و کڵۆ

کەوتە ناو گێژی خەیاڵات و خەمان
مان ئەگەر وابێ چ شیرینە نەمان

ووتی: پیرۆزبی لە خۆت ئەم ژینە
جەژنی تۆ بۆمە شەپۆڕ و شینە

کێ بە سەربەرزی ژیابێ تاوێ
ژینی قاڵاوی بە پووشێک ناوێ

چاوەڕێی مەرگە گیان با بیبا
پەڕ و باڵم لە چیا با بیبا

بە هەڵۆیی کە لە ژین بێ بەش بم
نەک هەزارساڵە قەلی ڕووڕەش بم

بـۆ شتـێک ئێستە لە خۆم بـێـزارم
مـن هـەڵـۆ بـۆچـی بـە تـۆ بوو کارم؟!

مـەرد ئـەگـەر کاری بـە نـامـەردانـە
دەردی سـەربـاری هـەمـوو دەردانـە

کـەوتـە خـۆ دای لە شەقەی‌باڵ‌دیسا
ئـاگـرێـکـی لـە دەروون دایـیـسـا

ڕاستە خۆ بۆ سەر و هەر بۆ سەرچوو
هـەردی جـێ‌هـێـشت و لە هەوران دەرچوو

قەل هەزار ساڵـی ژیـا بـەو تەرزە
سەرنەوی و هێشتە هـەڵـۆ هەربـەرزە

مامۆستا هەژار

جێژووان

ڕاوکەر لە ڕاوا، لە دەشت و دەردا
دوو ڕێویان هەستاند تاژییان تێ بەردا

مێ بە نێری گوت: با جوێ بینەوە
جێگایەک دانێ تۆ بمبینەوە

وتی: بە سەر چاو، منیش پێم خۆشە
جێ ژووانمان دەزگای کەوڵفرۆشە

مامۆستا هەژار، بۆ کوردوستان، لاپەڕە ٢٥٠.

آن دو روبه چون به هم هم‌بر شدند
پس به عشرت جفت یک‌دیگر شدند

خسروی در دشت شد با یوز و باز
آن دو روبه را ز هم افکند باز

ماده می‌پرسد ز نر: کی رخنه‌جوی
ما کجا با هم رسیم، آخر بگوی

گفت: اگر ما را بود از عمر بهر
بر دکان پوستین دوزان شهر

عطار

بازرگان و توتی

بازرگانێک بوو، خاوەنی توتی
بێوێنەو هاوتا، لە جوانی توتی

هەموو دڵخۆشی بازرگان بەو بوو
ڕۆژێ نەیدیبا سوکنایی دەچوو

ویستی بچتە هیند جارێ بازرگان
وتی بە گەورە، بە چوکی خێزان

«چیتان بۆ بێنم کە چوومە ئەوێ؟
زوو بن پێم بڵێن، دەی لە من و کەوێ»

هەرکەسە هات و داوای شتی کرد
ئەمجا بازرگان ڕوی دە توتی کرد:

«تۆ چیت گەڕەکە؟ زووبە پێم بێژە

بۆم نەهێناوی دیاری لەمێژە»

وتی: «کاکە گیان کە چویە ئەوێ
پڕە لە توتی جوانتر لە کەوێ

تۆ پێیان بڵێ لە باتی ئەمن
لە کوێ ڕەوایە ئێوە ئازاد بن

منیش دڵبەغەم لە ناو زیندانا
دور لە خۆشیتان لە ناو دارانا»

بەرەو هیندوستان ڕۆیی بازرگان
تووتی جوانی دین لە ناو دارستان

وتی: «لە ئێوە هەمە ئاواڵێ
لە دوری ئێوە دایمە دەناڵێ»

قسەی تووتی خۆی دەگێڕایەوە
یەک لەوان کەوت و هەڵنەستایەوە

گەلێ دڵتەنگ بوو بە مردنی ئەو
لە تاوان شەوێ چاوی نەچۆ خەو

کە هاتەوە ماڵ بازرگانی ژیر
وتی بە توتی: «هەی فێڵاوی پیر

ئەو قسەی وتت تۆ بە من چ بوو؟
تووتییەک لەوێ ڕوحی دەرچوو زوو»

بازرگان قسەی نەکرد بوو تەواو
تووتی خۆی مراند وەک ماسی بێئاو

چەن ڕۆژێ جوڵەی ڕێک لە خۆی بڕی
هەر قەفەز بۆوە، بازرە بوو، فڕی

وتیە بازرگان: «تا بۆم دەخوێندی
ڕۆژێکی خۆشم لە دنیا نەدی

فێری کردم چاک ئاواڵم لەوێ
خۆ بمرێنە گەر ئازادیت دەوێ»

ئێمەی مرۆڤیش هەموو بزانین
لێرە، لە دنیا، تەواو میوانین

تا ڕوحن لە ناو قەفەزی لەشە
لە خۆشی تەواو دور و بێبەشە

وەرگێڕانی:
کەماڵ ڕەحمانی زەنگیاوەیی
پیرانشار ١٣٩٤/١٢/١٥

قصهٔ بازرگان و طوطی

بود بازرگان و او را طوطی‌ای
در قفس محبوس زیبا طوطی‌ای

چون که بازرگان سفر را ساز کرد
سوی هندُستان شدن آغاز کرد

هر غلام و هر کنیزک را ز جود
گفت: «بهر تو چه آرم؟ گوی زود»

هر یکی از وی مرادی خواست کرد
جمله را وعده بداد آن نیک‌مرد

گفت: «طوطی را چه خواهی ارمغان
کارمت از خطهٔ هندوستان؟»

گفت: «آن طوطی که آنجا طوطیان
چون ببینی کن ز حال ما بیان

کان فلان طوطی که مشتاق شماست
از قضای آسمان در حبس ماست

بر شما کرد او سلام و داد خواست
وز شما چاره و رهِ ارشاد خواست

گفت: می‌شاید که من در اشتیاق
جان دهم اینجا بمیرم در فراق؟»

مرد بازرگان پذیرفت این پیام
کاو رساند سوی جنس از وی سلام

چون که تا اقصای هندستان رسید
در بیابان طوطی چندی بدید

مرکب استانید، پس آواز داد
آن سلام و آن امانت باز داد

طوطی‌ای زان طوطیان لرزید بس
اوفتاد و مرد و بگسستش نفس

شد پشیمان خواجه از گفتِ خبر
گفت: «رفتم در هلاک جانور

این مگر خویش‌است با آن طوطیَک

این مگر دو جسم بود و روحْ یَک؟

این چرا کردم؟ چرا دادم پیام؟
سوختم بیچاره را زین گفتِ خام»

کرد بازرگان تجارت را تمام
باز آمد سوی منزل شادکام

هر غلامی را بیاورد ارمغان
هر کنیزک را ببخشید او نشان

گفت طوطی: «ارمغان بنده کو
آنچه دیدی و آنچه گفتی، بازگو»

گفت: «نه من خود پشیمانم از آن
دست خود خایان و انگشتان گزان»

گفت: «ای خواجه پشیمانی ز چیست؟
چیست آن، کاین خشم و غم را مُقتَضی‌است؟»

گفت: «گفتم آن شکایت‌های تو
با گروهی طوطیان همتای تو

آن یکی طوطی ز دردت بوی برد
زَهره‌اش بدرید و لرزید و بمرد

من پشیمان گشتم این گفتن چه بود؟
لیک چون گفتم، پشیمانی چه سود؟»

چون شنید آن مرغ، کان طوطی چه کرد
پس بلرزید، اوفتاد و گشت سرد

خواجه چون دیدش فتاده همچنین
بر جهید و زد کُلَه را بر زمین

گفت: «ای طوطیِ خوبِ خوش‌حَنین
این چه بودت؟ این چرا گشتی چنین؟

ای دریغا مرغ خوش‌آواز من
ای دریغا همدم و همراز من»

بعد از آنش از قفس بیرون فکند
طوطیک پرّید تا شاخ بلند

طوطی مرده، چنان پرواز کرد
کآفتاب شرق تُرکی‌تاز کرد

خواجه حیران گشت اندر کار مرغ
بیخبر، ناگه بدید اسرار مرغ

روی بالا کرد و گفت: «ای عندلیب
از بیان حال خودْمان ده نصیب

او چه کرد آنجا که تو آموختی؟
ساختی مکری و ما را سوختی»

گفت طوطی: «کاو به فعلم پند داد
که رها کن لطف آواز و وِداد

زان که آوازت ترا در بند کرد
خویشتن، مرده پیِ این پند کرد

یعنی ای مطرب شده با عام و خاص
مرده شو چون من، که تا یابی خلاص»

تن قفس‌شکل‌است تن شد خار جان
در فریب داخلان و خارجان.

داخلان و خارجان: آیندگان و روندگان.
مولوی بلخی

کەماڵ ڕەحمانی

کەری بێگار

کابرایەکی زۆر ترساو
پشووسوار، ڕەنگ بزڕکاو

بەغار ڕووی کردە ماڵێک
خۆی کوتا بن هەرزاڵێک

هاوار پەنام هێناوە
زۆر پیسم لێ قەوماوە

بە کەس مەڵێن وام لێرە
خاوەن ماڵ پرسی: خێرە؟

گوتی: دارۆغەی خونکار
کەران دەگرن بە بێگار

من ئەگەرچی پیاویشم
زانا و خاوەن ناویشم

بەڵام لە لای ئاغامان
نە ڕامانە و نە ئامان

هیچی له بەر چاو نییە
فەرقی کەر و پیاو نییە

دوور نییە دارۆغەی شار
پشتم بخاتە بەر بار

زانا لە لای لاساران
دەبنە کەری بێگاران

مامۆستا هەژار، بۆ کوردوستان، لا ۲۳۹ و۲٤۰.

روبهی می‌دوید از غم جان
روبه دیگرش بدید چنان

گفت خیراست بازگوی خبر
گفت خر گیر می‌کند سلطان

گفت تو خر نه‌ای چه می‌ترسی
گفت آری ولیک آدمیان

می‌ندانند و فرق می‌نکنند
خر و روباهشان بود یکسان

زان همی ترسم ای برادر من
که چو خر برنهندمان پالان

خر ز روباه می‌بنشناسند
اینت کون خران و بی‌خبران

انوری ابیوردی

هەر کەس لەم جۆرە شێعرانەی پێی شک دێ مەمنوونی دەبین بۆمان بنێرێ، شێعرێ کە بە فارسی دانراوە و شاعیرێکی کورد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

کەماڵ ڕەحمانی

لە نازانم کێوە

هەزار دەوران گەڕا مەیگێڕی گەردوون تا هەلێکم هات

لە بەر پیری ئەویشی لێ ڕژاندم دەستی لەرزۆکم

مامۆستا هەژار، بۆ کوردوستان، لا ٢٨٤ .

پیمانه‌ام ز رعشهٔ پیری به خاک ریخت
بعد از هزار دور که نوبت به من رسید

صائب تبریزی

کێ بەزەی دابێ بە گورگی بەدکار
زوڵمی زۆری کرد لە بەرخی هەژار

کوێرەمار بکوژە مەڵێ بێچووی هەن
نەک ڕۆژێ لە پڕ بە قاچتەوە دەن

مامۆستا هەژار، بۆ کوردوستان، لا ٢٨٤.

چو گرگ خبیث آمدت در کمند
بکش ورنه دل بر کن از گوسفند

مگو شاید این مار کشتن به چوب
چو سر زیر سنگ تو دارد بکوب

ترحم بر پلنگ تیز دندان
ستمکاری بود بر گوسفندان

سعدی شیرازی

سۆزی دڵ

بە تەنیا گیانەکەم! سۆزی دڵم پەروانە دەیزانێ

خەمی دڵ بولبولێکی بێگوڵ و بێلانە دەیزانێ

وەها پابەندی بسکی شێتوپێتم بێخەبەر ماوم

لە خۆم و حاڵوباڵم، حاڵی من دێوانە دەیزانێ

لە ڕازی بسکی پڕ پێچوخەمی عالەم سەراسیمەن

دەزانی ئەو تەلەسمە مووبەموو هەر شانە دەیزانێ؟

مەپرسن دۆستان! هەرگیز لە حاڵی دەستزەدەم، چونکە

لە خۆم من بێ هەواڵم، حاڵی من جانانە دەیزانێ

»ئیمامی« ناوی گەورە و شاری وێرانە کە تێفکرێ

لە مەعنای شێعرەکانم هەر دڵی وێرانە دەیزانێ

ماموّستا سەیید کامیل ئیمامی، ئاوات.

سوز دل

فقط سوز دلم را در جهان پروانه می‌داند
غمم را، بلبلی کاواره شد از لانه می‌داند

نگریم چون ز غیرت، غیر می‌سوزد به حال من
ننالم چون ز غم، یارم مرا بیگانه می‌داند

به امیدی نشستم شکوهٔ خود را به دل گفتم
همی خندد به من، این هم مرا دیوانه می‌داند.

به جان او، که دردش را ز جان هم دوست‌تر دارم
ولی می‌سوزم از این غم، که داند یا نمی‌داند؟

نمی‌داند کسی کاندر سر زلفش چه خون‌ها شد
ولیکن، موبه مو، این داستان را شانه می‌داند

نصیحتگر چه می‌پرسی علاج جان بیمارم؟
اصول این طبابت را، فقط جانانه می‌داند

ابوالقاسم لاهوتی، استانبول، سپتامبر ۱۹۱۸.

ئاهەنگی موغان

دەوروبەری کۆشکی موغان مااڵرابوو، ئاوڕشێن کراو
دانیشتبوو پیرێکی پاک، کۆڕێکی گەرم دابوویە ناو !

مەی نۆشەکان هەموو جوان، لە خزمەتا بەستوو کەمەر
گەرچی لە هەوریان ئەسوو بە فەخرەوە نووکی کاڵو !

پڕشەنگی جام و پیاڵەیان مانگی پڕی مات کردبوو
سەرکۆڵمی ئاڵێ بەچکەمۆغ ڕێی بەستبوو لە خۆرەتاو !

نوێ بووکی بەخت لەو حیجلەدا بە سەد هەزارهەزار ناز

پەڕەی گوڵی گوڵاو ئەکرد بە جووتە زوڵفی حەڵقەداو !

جامی تەڕەب بە دەستەوە فریشتەکەی ڕەحمەت و خێر
لەو جامەوە لە ڕووی پەری و حۆریی ئەدا نمی گوڵاو !

لە شۆری عەشق و نەشئەدا شیرینە کاری شاعیران
شەکر شکا، سەمەن ڕژا، دەنگی ڕوباب بردی زراو !

لە گەڵ سڵاوی من وتی بە لوتف و پێکەنینەوە :
»ئەی کۆنە عارەق خۆرەکە، ئەی لاتەی شەراب پێکاو !

کێ کردی ئەو کارەی کە تۆ کردت بە بێ هیممەت و ڕا،
ئەی بەش بڕاو لە گەنجی ماڵ، لە وێرانە و لە چۆڵ هەڵداو؟

ترسم هەیە دەستی تەمات نەگاتە گەردەنی هیوا،
بێدارە ئەو هەمیشە، تۆش لە کۆشی بەختا خەو بە چاو !
»حافز« وەرە لە(مەیکەدە) پێشانی تۆ بدەم بە ڕیز :
هەزارویەک جۆرە نیازی یەک بە یەک قوبووڵکراو !

مامۆستا گۆران، سەرجەم بەرهەم، لاپەڕەی ٤٦٩ و ٤٧٠.

آهنگ مغان

درِ سرای مغان رُفته بود و آب زده
نشسته پیر و صلایی به شیخ و شاب زده

سبوکشان همه در بندگیش بسته کمر
ولی ز ترک کله چتر بر سحاب زده

شعاع جام و قدح نور ماه پوشیده
عذار مغبچگان راه آفتاب زده

عروس بخت در آن حجله با هزاران ناز
شکسته کَسمه و بر برگ گل گلاب زده

گرفته ساغر عشرت فرشتهٔ رحمت
ز جرعه بر رخ حور و پری گلاب زده

ز شور و عربدهٔ شاهدان شیرین کار
شکر شکسته، سمن ریخته، رباب زده

سلام کردم و با من به روی خندان گفت
که ای خمارکش مفلس شراب زده

که این کُنَد که تو کردی به ضعف همت و رای
ز گنجْ خانه شده، خیمه بر خراب زده

وصال دولت بیدار ترسمت ندهند
که خفته‌ای تو در آغوش بخت خواب زده

بیا به میکده حافظ که بر تو عرضه کنم
هزار صف ز دعاهای مستجاب زده

حافظ شیرازی، خطیب رهبر، غزل۴۲۱ .

ئەوەش نمونەیەک لە شێعرەکانی «مەحەممەد سەددیق مەحموودی» کە وەرگێڕدراوی شێعری قەل و ڕێوی «حەبیبی یەغمایی»ە دیارە ئەویش لە «لافۆنتێن»ی شاعیری فەڕەنسەویی وەرگرتووە. شایانی باسە «دڵدار»ی شاعیریش قەل و ڕێوی کردۆتە شێعر و ئەمنیش، کەماڵ ڕەحمانی، وەرم گێڕاوەتەوە.

مام ڕێوی

ڕۆژێ مام ڕێوی خوداوەندی فێڵ
دەگەڕا کۆنە هەوار و جێخێڵ

بۆ لەتێ سیرمە و چەرمی کاڵە
بەرز ئەبوو لێیەوە گاڵەونالە

لە نەکاو چاوی تەمادارى خۆی
هەڵبڕی و هات لە دەرونی بۆسۆی

دی قەڵێ، کۆنەدزی دنیا دیو
ڕێبڕی ژینی بە هەوراز و نشیو

وا لە سەر پۆپ و چڵۆکی سەر دار
نیشتووە چەندە بە فیز و بە دەەمار!!

هەڵیگرتووە بە دنووک سەلکێ پەنیر
چاوی چۆ تەپڵی سەری ڕێوی فەقیر

خۆی بە خۆی کوت ئەرێ چبکەم لە قەلێ؟
چۆن وەدەس خەم لە قەل ئێستاکە هەلێ؟

چۆن بگەیەنمە پەنیرێ لەوسم؟
پێی بکووژێنمەوە ئاوری نەوسم؟

ڕووی لە قەل کرد و کوتی ئەی شاقەل
گورج و چالاکی بە باڵ و شاقەل

ئەی مەلی شۆخی بیابان و هەرد
ڕەنگ و ڕوو جوان وەکو مینای بێگەرد

بابی مردوی تۆ، خودا بیبەخشێ
ئێستەکەش دەنگی لە بن گوێم دەخشێ

دەیچریکاند وەکو بازی کوێستان
لە هەموو شایەرێ باجی دەستان

خۆزگە تۆش هەر وەکو ئەو دەنگخۆش بای
ژیر و پسپۆر و بە مێشک و هۆش بای!!

قەل کە وەی بیست لە دەمی مام ڕێوی
کوتی: شارێوی!! بە کلکی خێوی

پێمدەڵێ من وەکو بابم نابم
کوانێ دەنگ خۆش بوو وەکو من بابم؟

لێوی لێک کردەوە بۆ گۆرانی
بە فریو داخی گران دۆڕانی

کەوتەخوار سەلکە پەنیر هەر ئەو کات
ڕێوی گرتی بە دەمی و ڕۆی و هەڵات

بۆکان ١٣٣٧ی هەتاوی

روباه و زاغ

زاغَکی قالبِ پنیری دید
به دهن برگرفت و زود پرید

بر درختی نشست در راهی
که از آن میگذشت روباهی

روبَهِ پُر فریب و حیلَتساز
رفتَ پای درخت و کرد آواز

گفت: بَه بَه چه قدر زیبایی!
چه سری! چه دمی! عجب پایی!

پر و بالت سیاهرنگ و قشنگ
نیست بالاتر از سیاهی رنگ!

گر خوش‌آواز بودی و خوشخوان
نَبُدی بهتر از تو در مرغان

زاغ می‌خواست قارقار کند
تا که آوازش آشکار کند

طُعمه افتاد چون دهان بِگُشود
روبَهَک جَست و طعمه را بِرُبود
حبیب یغمایی

هەرکەس کەسێکی هەیە و هەر کەس یارێ
هەرکەس هونەرێکی هەیە و هەر کەس کارێ
ئێمەین و خەیاڵی یار دەگەڵ قوژبنی دڵ
وەک ئەحمەد و سەدیق لە سووچی غارێ

وەرگێڕ:هێمن کوردی،کوندرێ .

هرکس کسکی دارد و هرکس یاری
هرکس هنری دارد و هرکس کاری

مائیم و خیال یار و این گوشهٔ دل
چون احمد و بوبکر به گوشهٔ غاری

مولوی

گۆیا لە جەهەندەمن ئەویندار و مەست

بەم واتەیە پێکەنیم و گوستی خۆم گەست
جێی چەند کەری کوڵکنە ئەگەر وابێ بەهەشت
یان چۆڵ و بیابان و کپە وەک لەپی دەست

خەییامی مامۆستا هەژار

ئەڵێن دۆزەخە جێی پیاوی سەرخۆش هەی قسەی بێجێی دور لە عەقڵ و هۆش
گەر عاشق و مەست گشت بچنە دۆزەخ
بەهەشت ئەبێتە ناو لەپێکی بۆش

مامۆستا گۆران

پێم ئەڵێن دۆزەخ جێی پیاوی مەستە
بەم واتە واتە قەت دڵ مەبەستە
گەر عاشق و مەست بچنە جەهەننەم
بەهەشت چۆڵوهۆڵ وەک لەپی دەستە

شێخ سەلام

دە وێژەی عیرفانیدا مەبەست لە مەی ئەوینی خوایە کە خواناس وەکو مەست، مەست دەبێ .

گویند مرا که دوزخی باشد مست
قولیست خلاف دل در آن نتوان بست
گر عاشق و میخواره بدوزخ باشند
فردا بینی بهشت همچون کف دست

خیام

قەل و رێوی

لە ســـەر دیـــــواری کۆنە حـــــــەسارێ
قەڵەڕەشەیەک هەڵنیشتبوو جارێ

قیڕوقیڕوقیڕ، زووزوو دەیقڕاند
منآڵی ماڵـی لە خـــــــــــەو ڕاپـــــەراند

کابان لە حەوشــە دەهاتـــــوودەچـــوو
پنیری کوشیبوو، مەشکەی ژانـدبوو

وتـــی: قەلـــــەڕەش بۆ دەقیـــڕێنـــــی؟
هەواڵت پێیـــــە، میـــوان دەهێنـــــی؟

خەبەرت خۆش بێ، خـــودا بینێرێ
ئەمن ئامادەم میـــوان بەخێـــــــــرێ

دەباشە بـــــــڕۆ بـــەسە قیـــــڕەقیـــڕ
ها ئەوەش بۆ تۆ سەلکێکـــــی پنـــــــیر

قەل بۆ ڕێزدانان یەکدووجار قڕی
سەلکی پەنیـــــری ڕفانـــــد و فـــــــڕی

دڵخۆش چوو هەڵنیشت لە لوتکەی دارێ
ڕوانی مام ڕێویەك دیارە لەخوارێ

ڕێوی کە ڕوانـــی قەل لە سەرداڕە
سەلکـــــێ پەنیـــــــــــــــری زلـــی لە زارە

بەبیـــری داهات چۆن فێڵ بنـــوێنی
ئـــــەم تیکەخۆشە لە قەل بستێـــــنـــێ

وتـــــــــی: مامەقەل، هاوڕێی دێرینم
زۆر چاوەڕێ بـــــــووم بێیی و بتبینم

ئـۆغـربێ هاتـــی! کەیفەکەت سازە؟
بەو دەنگوڕەنگەت تاهـــــەی بنـازە!

بۆم تاریفناکرێ زۆر جوانە ڕەنگت
بۆم بڵێ بەنـــــدێ، پێمخۆشە دەنگت

قەل خـــۆی ڕاوەشاند، ئاوازبخوێنێ
لەلای مام ڕێـــــــــــوی بەرز بنوێنـــــــــێ

تا هات بڵێ قاڕ، تا کردیـــــــەوە زار
سەلکەپنیری لە دەم کەوتـــــەخوار

ڕێـــــــــوی بە پەلە هەڵیگـــــــرتەوە
قەل قیڕەی بـــڕا، واقـی بردەوە

هاتەبەر فێڵی مامـــــە ڕێوی شەل
قەل برسی ماوە، ئەو تێر و تەسەل

سەعدەددین خوسرەوی، بۆکان.

روباە و زاغ

زاغَکی قالبِ پنیری دید
بە دهن برگَرفت و زود پرید

بر درختی نشست در راهی
کە از آن میگذشت روباهی

روبَهِ پُر فریب و حیلَتساز
رفتَ پای درخت و کرد آواز

گفت: بَه بَه چه قدر زیبایی!
چه سری! چه دمی! عجب پایی!

پر و بالت سیاهرنگ و قشنگ
نیست بالاتر از سیاهی رنگ!

گر خوش‌آواز بودی و خوشخوان
نَبُدی بهتر از تو در مرغان

زاغ می‌خواست قارقار کند
تا که آوازش آشکار کند

طُعمه افتاد چون دهان بِگُشود
روبَهَک جَست و طعمه را بِرُبود

حبیب یغمایی

ئەی خوایە! چ بێوەفایە ئەم دنیایە
دەرد و رک و کینە گشتی هەر لەم ڕایە
بڕوانی لە ناو دڵی ڕەشی خاکی ڕەشا
زۆر گەوهەری تێدایە کە نرخی نایە

مامۆستا هەژار

ئەی چەرخی فەلەک بۆچی بە مەت کرد کایە
جەور و ستەمە هەرچی لە ناو دڵتایە
ئەی خاک ئەگەر سینگی ڕەشت هەڵبدڕن
چەن گەنجی بە نرخن کە لە باوەشتایە

وەرگێڕ:هێمن کوردی،کوندرێ

ای چرخ فلک خرابی از کینهٔ تست

بیدادگری شیوە دیرینۀ تست
ای خاک اگر سینە تو بشکافند
بس گوهر قیمتی کە در سینۀ تست

خیام

خەرمانان کۆی کرد گەنمی خەرمانێ
یێک بۆ زمهەڕی وەرزی زستانێ

دایگیرساند ئاگر نوست بە سەرخۆشی
زیلکێک با بردی سووتا کڵۆشی

سبەینێ ڕۆیی بۆ کڵۆ چینی
دەنکێک جۆ نەما بۆ گەڕی ژینی

کە دەرۆیشیان دی ئاوا دەس بەتاڵ
خاوەن ئاوای وت بە مەیتەری ماڵ

ئەگەر دەتهەوێ وات نەیە بەسەر
خەرمانی عومرت نەبێ بێ سەمەر

گەر بە فیڕۆت برد عومرت بە کاڵی
بۆ عومری هەدەر تا مای دەناڵی

خەرمانی خۆت دەی بە تەشیڕێسی
شەرمە کاری کەس بە نیوەڕێسی

وا مەکە و تۆوی چاکە بچێنە
خەرمانی نێوی چاک مەفەوتێنە

گەر چارەڕەشێ هاتو کەوتە بەند
وانە وەردەگرن لەوی پیاوی ڕەند

له پێش تاوانا بکه تۆبه تۆ
له ژێر قامچیا کەلکی نیه ڕۆ

وەرگێڕ:حوسێن کوردی

۹٤elegram.me/kurdi

یکی غله مرداد مه توده کرد
ز تیمار دی خاطر آسوده کرد

شبی مست شد و آتشی برفروخت
نگون بخت کالیوه، خرمن بسوخت

دگر روز در خوشه چینی نشست
که یک روز جوز خرمن ئماندش به دست

چو سرگشته دیدند درویش را
یکی گفت پروردهٔ خویش را

نخواهی که باشی چنین تیره روز
به دیوانگی خرمن خود مسوز

گر از دست شد عمرت اندر بدی
تو آنی که در خرمن آتش زدی

فضیحت بود خوشه اندوختن
پس از خرمن خویشتن سوختن

مکن جان من، تخم دین ورز و داد
مده خرمن نیک نامی به باد

چو برگشته بختی در افتد به بند
از او نیک‌بختان بگیرند پند

تو پیش از عقوبت در عفو کوب
که سودی ندارد فغان زیر چوب

برآر از گریبان غفلت سرت
که فردا نماند خجل در برت

بوستان سعدی

دەرسی بە چەپۆک

مام گورک و شێر و ڕێوی
ڕاویان دەکرد لە کێوی

سێ کەرۆشکیان ڕاو کردن
بۆ لانەی شێریان بردن

مام شێر فەرمووی: گورگی پیر !
تۆ لێمان بەشکە نێچیر

گورگ وتی: سێ لاشن
هەر یەک بۆ یەکمان باشن

شێر تورە بوو کەفی چاند
چەپۆکی بۆ داوەشاند

چەرمی پشت و ناوشانی
داتەکانە سەر ڕانی

ئەمجا ڕووی کردە ڕێوی

وا باشە تۆ باخێوی

گوتی: یەک بەرقلیانت
یەک بۆ شێوی شێوانت

یەکیش بۆ سەردەمی خەو
بێشێو سەر مەنێوە شەو

وتی: ئافەریم ڕێوی !
ڕبە و گەز باش دەپێوی

زۆر باشت بەش کردووە
لە کام فێرگەت خوێندووە؟

گوتی: شاهم وا نەبووم
پێشوو وا زانا نەبووم

فێر بووم بیری ورد و دوور
لە لای مەلای کەوڵ سوور

مامۆستا هەژار، بۆ کوردوستان، لاپەڕە ۲۳۷.

شیر و گرگ و روبهی بهر شکار
رفته بودند از طلب در کوهسار

تا به پشت هم‌دگر بر صیدها
سخت بر بندند بار قیدها

هر سه با هم اندر آن صحرای ژرف
صیدها گیرند بسیار و شگرف

گر چه ز یشان شیر نر را ننگ بود

لیک کرد اکرام و همراهی نمود

چون که رفتند این جماعت سوی کوه
در رکاب شیر با فر و شکوه

گاوکوهی و بز و خرگوش زفت
یافتند و کار ایشان پیش رفت

چون ز که در بیشه آوردندشان
کشته و مجروح و اندر خون کشان

گرگ و روبه را طمع بود اندر آن
که رود قسمت به عدل خسروان

گفت شیر ای گرگ این را بخش کن
معدلت را نو کن ای گرگ کهن

نایب من باش در قسمت‌گری
تا پدید آید که تو چه گوهری

گفت ای شه گاو وحشی بخش تست
آن بزرگ و تو بزرگ و زفت و چست

بز مرا که بز میانه‌ست و وسط
روبها خرگوش بستان بی‌غلط

شیر گفت ای گرگ چون گفتی بگو
چون که من باشم تو گویی ما و تو؟

گفت: پیش آ، ای خری کاو خود خرید
پیشش آمد پنجه زد او را درید

بعد از آن رو شیر با روباه کرد
گفت این را بخش کن از بهر خورد

سجده کرد و گفت کاین گاو سمین
چاشت خوردت باشد ای شاه گزین

و آن بز از بهر میان روز را
یَخنیی باشد شه پیروز را

و آن دگر خرگوش بهر شام هم
شب چره‌ی این شاه با لطف و کرم

گفت ای روبه تو عدل افروختی
این چنین قسمت ز کی آموختی

از کجا آموختی این ای بزرگ
گفت ای شاه جهان از حال گرگ

متن و شرح مثنوی مولانا، دکتر محمد استعلامی، دفتر اول، صفحهٔ ۲۳۱ ـ ۲۳۵.

تیرێژ که به ڕۆژ و پێل بـــــه دەریـــا دریا
لەو ڕۆژەوە گوڵ پێـــــکەنی، بولبـــــــول گـــریـــا
خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمەش بەشمان
ژینێکی هەژاری پـــڕ لـــــه خـــۆزیـــــاو بریا

ماموّستا هەژار

آن روز که مرکب فلک زین کردند
آرایش مشتری و پروین کردند
این بود نصیب ما زدیوان قضا
ما را چه گنه قسمت ما این کردند

مهستی گنجوی

آن روز که توسنِ فلک زین کردند
و آرایش مشتریّ و پروین کردند
این بود نصیب ما زِ دیوان قضا
دردیّ و غمی، قسمت ما این کردند

خیام نیشابوری

بێهوودەیە بیر و خەم، دڵت خۆش کە برا
پرسیار نەکرا، بەشت درا هەرچی درا
تۆ هێشتە نەهاتوویە جیهان ڕۆژی بەرێ
ئەو ڕۆژە دەبوو بچیتە دەر، دیاری کرا

بر لوحْ نشانِ بودنی‌ها بوده‌است،
پیوسته قلم ز نیک و بد فرسوده‌است؛
در روز ازل هر آن‌چه بایست بداد،
غم خوردن و کوشیدنِ ما بیهوده است

خیام
شب خیز، که عاشقان به شب راز کنند
گـــــــرد دروبام دوست پـــرواز کنند
هر جا که دری هست به شب در بندند
الّا در دوست را که شب باز کنند

شیخ ابوسعید ابوالخیر

شەو هەستە، کە شەو نیازی عاشق ڕازە
ڕۆحی لە دەری دۆست بە هەوای پەروازە
شەو، دادەخرێ دەرکی هەموو جێگایێ
دەروازەی دۆستە وا بە شەو دەروازە

پیرەمێرد

چوارینە

ای سرّ تو در سینه‌ی هر محرم راز
پیوسته در رحمت تو بر بر همه باز
هرکس که به درگاه تو آید به نیـــــاز
محـــــروم ز درگـــاه تو کی گردد بـــاز

شیخ سعید ابولخیر

سڕت لە دەروونی مەحرەمانی ڕازە
دەروازەی ڕەحمەت شەو و ڕۆژ وازە
هەرچی کە لە دەرگات بە نیاز و نازە
وا دیارە کە نائـــۆمێد نییە مـــــۆمتازە

وەرگێڕ: پیرەمێرد

ناردروای کاک ڕۆژیار، خاوەنی کانالّی «با قسەی خۆش ون نەبێ»

دەرمانی دەباغ

لە بازاری بۆنخۆش فرۆشانی شار
دەسووڕایەوە مامی پیری هەژار

بە بەر لووتیدا چوو گەلێ بۆنی خۆش
نەخۆش کەوت و تاسا و گلا و چوو لە هۆش

یەک ئەیوت: دڵی سست و بێهێز بووە
دە دەیگوت: دڵی سستی چی ؟ مردووە

بژیشکێ لەوێ ڕادەبرد لەو دەمە

دەستی گرت و پرسی: چ کارەس ئەمە؟

که پێی زانی پێستان دەنێتە هەڵاڵ
وەکۆی کرد قولێ جیقنە و زبڵوزاڵ

بە بۆگەن دەم و لووتی کابرای هەنوو
دەم و دەس وەخۆ هاتەوە و دای پشوو

لە ناو بۆگەنیدا تەمەن ڕابرێ
نە سەیرە بە بۆی خۆش مرۆ بشمرێ

مامۆستا هەژار، بۆ کوردوستان، لاپەڕەی ٢٧٤ .

آن یکی افتاد بیهوش و خمید
چونک در بازار عطاران رسید

بوی عطرش زد ز عطاران راد
تا بگردیدش سر و بر جا فتاد

هم‌چو مردار اوفتاد او بی‌خبر
نیم روز اندر میان ره‌گذر

جمع آمد خلق بر وی آن زمان
جملگان لاحول‌گو درمان کنان

آن یکی کف بر دل او می براند
وز گلاب آن دیگری بر وی فشاند

او نمی‌دانست کاندر مرتعه
از گلاب آمد ورا آن واقعه

آن یکی دستش همی‌مالید و سر

وآن دگر کهگل همی آورد تر

آن بخور عود و شکر زد به هم
وآن دگر از پوششش می‌کرد کم

وآن دگر نبضش که تا چون می‌جهد
وان دگر بوی از دهانش می‌ستد

تا که می خوردست و یا بنگ و حشیش
خلق درماندند اندر بیهشیش

پس خبر بردند خویشان را شتاب
که فلان افتاده است آن‌جا خراب

کس نمی‌داند که چون مصروع گشت
یا چه شد کور افتاد از بام طشت

یک برادر داشت آن دباغ زفت
گربز و دانا بیامد زود تفت

اندکی سرگین سگ در آستین
خلق را بشکافت و آمد با حنین

گفت من رنجش همی دانم ز چیست
چون سبب دانی دوا کردن جلیست

چون سبب معلوم نبود مشکلست
داروی رنج و در آن صد محملست

چون بدانستی سبب را سهل شد
دانش اسباب دفع جهل شد

گفت با خود هستش اندر مغز و رگ
توی بر تو بوی آن سرگین سگ

تا میان اندر حدث او تا به شب
غرق دباغیست او روزی‌طلب

پس چنین گفتست جالینوس مه
آنچ عادت داشت بیمار آنش ده

کز خلاف عادتست آن رنج او
پس دوای رنجش از معتاد جو

چون جعل گشتست از سرگین‌کشی
از گلاب آید جعل را بیهشی

هم از آن سرگین سگ داروی اوست
که بدان او را همی معتاد و خوست

مولوی، مثنوی معنوی، دفتر چهارم، بخش ۱۱.

دیسان باران (بازباران -)

دیسان باران بەگـــــۆرانـــی
بەگرمەگـــــرمی هەورانـــی

بەخرمەخرمی سەربانـــــی
هاڕەی پلووسکی کۆڵانی
دەمبا بۆ سەیرانی جوانـــی

بۆمەڵبەندی کـــــــوردەواری
ناو خێڵ و تاوڵ و هـــــەواری

بەرەو چۆم و دەشت و چیا
بۆ ناو باغ و گـــــــــوڵ و گییا

ویـــــرەویـــر، بانگەواز دەکەم
خێراخێرا خۆم ساز دەکەم

لە تەمـــــــــــــەنی دە ساڵانە
بە هەنـــــــگاوی منااڵنـــــــــــە

دێـــم ودەچم تاسکەتاسک
هەڵـــــدەبـــــەزم وەکوو ئاسک

گوێ ڕادەگرم بۆ دەنگەکان
ورد دەروانم لەرەنـــــگەکان

دەچمە سەیری دیمەنەکان
جریوەو جیکەی باڵندەکان

شنەی باو سەمای دارەکان
هاژەی چۆم و ڕووبارەکان

شێوەی زەریا و شەپۆلەکان
پێکەنینی زردەپەڕی بوارەکان

دەنک دەنک تـــکەی باران
نازدەکەن رووەمەتی زەوی
چـــــرۆ و گەاڵ، گـــــــــوڵوگیا
پێدەکەنن، خەویان ڕەوی

زەوی گـــــــــوڵی لە سەرداوە
مانگ چارشێوی فڕێداوە
ئاسمان بۆ سەیـــــر وەستاوە

هاتووچۆیە، کێبەرکێیە
بەزمـــە، سەماو هەڵپەڕکێیە
هەستم شانۆی شێعری پێیە

گۆرانـــی دەڵێن ئەستێـــــرە
هەموو جوانـی ئەوا لێـــــــرە

ئۆخەی چەندە جوانە باران
خۆرئاوا نیزیک ئێـــــــواران
دەڕازێنـــــێ لادێ و شـــاران
دەبنەحاجـــی چیاوداران

بەنۆرە دێن هەور و هـــەتاو
ڕوونتر دەبێ ڕووناکی چاو
خۆشـــی لە دڵ دەکا کـــەلاو

ئاسمان دەم بە پێـــــــکەنینە
زێڕەوشانی بووکـــی ژینە

سرنـــج بدە، ورد بـــــــــڕوانە
وێنـــــەی خودایـــــی ببینە

منااڵەکان، کچان ،کـــــوڕان
ژن و پیاوی سبـــــەی ژیان

تەنگانە بـــــــــێ یا فەرعانە
هەنگاو هەڵێنن ژیـــــــــرانە
ژین پاراوکەن وەک بارانە

گەش بڕوانن، گەش بڕوانن!
سبەینێی ژین؛

هەمووی جوانە
هەمووی جوانە
هەمووی جوانە.....

چێژی ئەم شێعرە
لەشێعری (بازباران) گوڵچینی گیلانی وەرگیراوە.

بفرانباری ۸۹، سەعدەددین خوسرەوی، بۆکان.

باران

باز باران، با تَرانه
با گُهرهاي فراوان،
می‌خورد بر بامِ خانه

یادم آرد روزِ باران،
گردش يك روزِ دیرین،
خوب و شیرین،
توی جنگلهاي گیلان
کودکی ده ساله بودم
شاد و خرّم،
نرم و نازك
چُست و چابُك
با دو پای کودکانه
می‌دویدم همچو آهو
می‌پریدم از سرِ جو
دور می‌گشتم ز خانه

می‌شنیدم از پرنده
از لب باد وزنده
داستانهای نهانی

رازهای زندگانی

برق چون شمشیر بُرّان
پاره می‌کرد ابرها را
تُندر دیوانه، غُرّان
مشت می‌زد ابرها را

جنگل از بادِ گریزان
چرخها می‌زدِ چو دریا
دانه‌های گردِ باران،
پهن می‌گشتند هر جا

سبزه در زیرِ درختان،
رفته‌رفته گشت دریا
توی این دریایِ جوشان،
جنگل وارونه پیدا.

بس گوارا بود باران!
به! چه زیبا بود باران!
می‌شنیدم اندر این گوهر فشانی،
رازهای جاودانی
پندهای آسمانی

بشنو از من، کودك من
پیش چشم مردِ فردا،
زندگانی، خواه تیره، خواه روشن
هست زیبا،
هست زیبا،
هست زیبا

دکتر مجدالدین میرفخرایی (گلچین گیلانی(

دووچەرخەچکۆڵە

دوێ شـــەو لە خەوما دیتم
لە گەڵ خوشکە چکۆڵەکـــەم
جووتێ باڵیان پێدابـــــووم
بـۆ دووچەرخە چکـــۆڵەکـــەم

هەڵـــدەفـــــــڕین بە ئاسمانـــا
دەڕوانـــــــــی
لە وڵاتمـــــان

هەور چەپڵـەی لـــــێئـــــــــەدا
گـــــۆرانـــــــی
زەوی دەیگـوت

ئەستێرە هەڵدەپـــەڕیـــــــــن
بەیان لەخـــەودا مابـــــــــــوو
بـــــوو
مانگیش خەرمانەی دابـــــوو
خۆر لە دەم کەل وەستا

ئاسمـــــــان دەنگـــــــی دەداوە
لـــێدابـــــوو
کـــــەلاس و دەرس و تەکلیـف
نەمابـــــــوو
هـــــــەر لە بیـــرمان

لەو شیرینخەوە دابـــــووم
دایکم هـــــەرای لـــێکـــــردم
هەستـە درەنـــــگە مەدرەسـە
خۆشی لەبیـــــر بـــردم
گشت

هەستام بەپەلە ڕۆیشتـــــــم
دیتم باڵـــــــــی نەمابـــــــوو
خـــــەو بوو داخـــەکەم
ڕوانیم لە دووچەرخـــــەکەم
زانیم

هـــــــــەناسێکـــــم هـــەڵکێـشا
زریان
سارد بـــــوو وەک کزەی

چاو پـــڕبـــــوو لە فـــرمێسک لێـــم ئاشکـــــرا
بـــــوو گـــــریان

دایکم پـرسی بـــــۆ دەگـــری؟ گـــــــوتم باڵـــــی
نـــــــەماوە
لە ئاسمان بەربـــــــــۆتـــــەوە دووچەرخـــــەکەم
شکـــاوە

پێـــــکەنـــــی! وتـــــــی: رۆڵـــــە باڵـی خـــــــەو
بەکـــار نایـــــە
باڵـــی خەڵکیش بـــــێکەڵکە
پـــــــەشیمانـــــی لە دوایـــــــە

فێـــــربە بۆ خۆت باڵ سازکە هەڵفـــڕین
دوایـــــــــــی نایە.

ـــ سەعدەددین خوسرەوی@saadkhosravi

دوچرخه

دیشب درخواب دیدم دوچرخه‌ای خریـــــدم

دسته‌هایش خمیـــــده بالـــــــدار و کس ندیده

خندان بودم وخوشحال دوچرخـه‌ام دارد بال

دوتایـــی من و خواهر
می‌رویم به هر سفـــر

می‌گفتیم می‌خندیدیم
تا به آسمان رسیدیم

ستاره‌ها را دیــدیم
روی ماه را بوسیدیم

از دست درس و کلاس
یکباره شدیم خلاص

به‌به چه خواب نـازی
ما هم شدیم پروازی

ناگـــه صـدای مادر
مانند زنـــگ خطـــر

شنیدم می‌گفت پسر
بـــرخیـــز نماز سحر

دیراست وقت مدرسه
دیگه خوابیدن بسه

ازجایم زود پـریدم دوچرخـه‌ام را دیدم

افتـاده ســـر جایش
نمانده بال‌هایـــش

دانستم خـواب دیدم
آه ســردی کشیـدم

گریان شد چشم‌هایم
جاري شد اشک‌هایم

وقتی مادر مــرا دید
از حال و روزم پرسید

داستان خواب و پرواز
شـــرح دادم از نـو باز

مادر خندید به خوابم
این چنین داد جوابم

ای فـــرزند دلبنـــدم
در گوش کن این پندم

با پـــــرواز خیـــالی
می‌مانـــد آهی خالی

گر داری میل پـرواز
با دست خود بال بساز

بخوان، بدان، درست کن
هر جا خواهی سفر کن

سعدالدین خسروي-۱۳۸۸

دایك (ایرج میرزا)

ئەو ڕۆژەی دایە ئەمنـــــی هێنادی
مەزەی مـــژینـــی مەمکی فێرکردم

لەلانکی خستم، دەســـرازەی بەستم
لای لایەی بۆگوتم خەوی فێرکردم

بـــزەی نا لێوم فێربووم پێکەنین
شێوەی پشکوتنی غونچەی فێرکردم

خوێنـــــدی بە گوێـــــمدا، گغ وقخ وبف

وشە و زاراوە و زمانـــــی فێـر کردم

گرتـــی بە دەستی، دەستی بـچووکم
بوو بە ڕەوڕەوەم ڕۆینـــی فێرکردم

لە پێناوی من ژینـــــی بەخت کـرد
وانەی چۆن بژی لە ژین فێـــر کردم

هەرچی من هەمە، هەمووی هی ئەوە
بەبـــێ بوونی ئەو ژینـــــی من شەوە

ناوت ئاوێتـــــــەی هـــــە مـــوو وتارم
لە توێی دەرووبەرەکەی،دایکی نازدارم

وەرگێڕ: سەعدەددین خوسرەوی، ڕەزبەری ١٣٩١- بوکان

گویند مرا چو زاد مادر
پستان به دهن گرفتن آموخت

شب‌ها بر گاهواره‌ی من
بیدار نشست و خفتن آموخت

دستم بگرفت و پا بپا برد
تا شیوه‌ی راه رفتن آموخت

یک حرف و دو حرف بر زبانم
الفاظ نهاد و گفتن آموخت

لبخند نهاد بر لب من
بر غنچه‌ی گل شکفتن آموخت

پس هستی من ز هستی اوست

تا هستم و هست دارمش دوست

ایرج میرزا

خودای منالّان

خـــودا خـــــودای منـــــــالّان
خودای خـــۆزگە و خەیالّان

خـــــودای خۆشەویستـــی من
خـودای هەست و ویستی من

خودای لاقی مێـــــرووڵـه
خـــودای باڵـــی مێشووڵـه

خـــودای فرمێسک و قاقا
کەس لەژیـــــن لەبیـــر ناکا

بە باڵندەت دا دەنـــــــــووک
بۆخواردن و جووکەجووک

بابە و دایـــــــە تـــــۆ پێتدام
نـــاوی ئینســـــــانت لـــێنام

دەستـــی چووکم هەڵدێنم
هەمـــوو ڕۆژێ دەتـــــــــدوێنم

دێمـه پەنات بە هیـــــــوام
وەرگـــــري ویست و داوام

بە چاو ناتبینم خـــــــوایـــــه
عـــەشقـی تـــۆم لە دڵـــدایە

تۆ ڕێـــــــــــزت بـــــــــــۆ داناوم
خۆشم دەوێی وەک چاوم

ڕێبەندانی ٨٨-وەرگێر خوسرەوی

امید بچّه‌ها

خدا، خدای مهربان
خدای خوب و آشنا
خدای چشمه و چمن
خدای سبزه‌زارها

کسی که بال می‌دهد
به این پرنده‌ها تویی
کسی که باز می‌کند
زبان جوجه را تویی

تویی که داده‌ای به من
زبان و پا و دست و سر
دو تا فرشته داده‌ای
به نام مادر و پدر

کسی که یادش از دلم
نمی‌شود جدا، تویی
خدای خوب و مهربان
امید بچّه‌ها تویی

حمید هنرجو

دەڵێن یارێ گوتی جارێ بە یاری :
گەڕیدەی شارەزای زۆر گوند و شاری

لە هەموان خۆشتر و جوانتر چ جێیە
گوتی: ئەو جێیە خۆشە یاری لێیە

بارگەی یاران، ماموّستا هێمن، لاپەڕە ٢٣٦.

گفت معشوقی به عاشق کای فتی
تو به غربت دیده‌ای بس شهرها

پس کدامین شهر ز آنها خوشترست
گفت آن شهری که در وی دلبرست

هر کجا که یوسفی باشد چو ماه
جنت‌است ارچه که باشد قعر چاه

مولوی

تەرجەمە لە ئەنوەریەوە

هەر بەڵایەک لە ئاسمانەوە بێ
با لەوێشڕا نەهاتبێ بۆ من

کە گەیشتە زەوی دەکا پرسیار
ئەرێ لە کوێیە مااڵی مام هێمن ؟

بارگەی یاران، ماموّستا هێمن، لاپەڕە ١٨٥.

هر بلایی کز آسمان آید
گرچه بر دیگری قضا باشد

بر زمین نارسیده می‌گوید
خانهٔ انوری کجا باشد

انوری ابیوردی

فرمێسکی هەتیو

ڕۆژێ بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیی پادشایەک
لە هەر کۆڵان و بانێک بوو بە هەراو قریوە

پرسی هەتیوێ بێکەس: چییە دەدا تروسکە
لە تاجی پادشادا؟ جوانی وەهام نەدیوە

کەسێ وەرامی داوە: لە کوێی دەناسین ئێمە؟
هێندەی هەیە بە پووڵی زۆر و فرەی کڕیوە

پیرێژنێکی بێکەس گوتی: ئەمن دەزانم
فرمێسکی چاوی ئێمە و خوێنی دڵی هەتیوە

بە بەرگ و چێوی شوانی ئێمە فریو دراوین
گورگە لە پێستی مەڕدا، هەزار زگی دڕیوە

ئەو شێخی گوند و ئەسپی کڕیوە ڕێگرێکە
گەدایە شا کە ماڵی مسکێنەکەی بژیوە

لە دوڕڕی تاجی پاشا دیققەت بکەی دەزانی
فرمێسکی دانەدانەی هەتیوە هەڵوەریوە

هەژار لە پەندی بێسود چتە دەگەڵ نەزانان !
نازانی ئێستە ناحەق پرزەی هەقی بڕیوە؟

□ماموّستا هەژار، بۆ کوردوستان، لاپەڕە ۲۸۳.

اشک یتیم

روزی گذشت پادشهی از گذرگهی
فریاد شوق بر سر هر کوی و بام خاست

پرسید زان میانه یکی کودک یتیم
کاین تابناک چیست که بر تاج پادشاست

آن یک جواب داد چه دانیم ما که چیست
پیداست آنقدر که متاعی گرانبهاست

نزدیک رفت پیرزنی کوژپشت و گفت
این اشک دیدهٔ من و خون دل شماست

ما را به رخت و چوب شبانی فریفته است
این گرگ سالهاست که با گله آشناست

آن پارسا که ده خرد و ملک، رهزن است
آن پادشا که مال رعیت خورد گداست

بر قطرهٔ سرشک یتیمان نظاره کن
تا بنگری که روشنی گوهر از کجاست

پروین، به کجروان سخن از راستی چه سود
کو آنچنان کسی که نرنجد ز حرف راست
□ پروین اعتصامی

مێشک و دڵی نییە

شێرێک نەخۆش بوو ژان لە دڵ و سەر
وتیان: دەرمانن مێشک و دڵی کەر

وتی بە ڕێوی: کەرێک پەیداکە !

بەشم مێشک و دڵ بەشت کەلاکە

ڕێوی چووە لای کەر گوتی: کەری ژیر !
وەرە بۆ لای شێر دەتکا بە وەزیر

کەوتە دووی ڕێوی دڵخۆش دەیزەڕاند
شێر لێی ڕاپەڕی ملی تێک شکاند

گوتی: من دەڕۆم دەست و پەل دەشۆم
چاوەنۆڕی تۆم مێشک و دڵ بخۆم

ڕێوی بە هەڵپێک مێشک و دڵی خوارد
خۆی لە شێر بوارد تا شێر لە دووی نارد

کوانێ مێشک و دڵ خۆ نەیبوو پاشا !
سەیرەو تەماشا! خۆم دیم لە لاشا

پاشام ئەگەر کەر مێشک و دڵی با
دەبوو فیکی خۆی زوو بزانیبا

کەر و وەزیری ؟ کێ بیستوویەتی ؟
من ئێژم نەیبوو، ئێژی بوویەتی !

شێر فەرمووی: کەرێک بە خۆی نەزانێ
ڕێوی ڕاست دەکا مێشک و دڵ کوانێ

□ مامۆستا هەژار، بۆ کوردوستان، لاپەڕە ۲۵۳.

جگر و دل ندارد

گازُری بود و مر او را يك خری
پشت ريش اشكم تهی و لاغری

در میان سنگلاخ بی‌گیاه
روز تا شب بی‌نوا و بی‌پناه

بهر خوردن جز که آب آن جا نبود
روز و شب بُد خر در آن کور و کبود

آن حوالی نیستان و بیشه بود
شیر بود آنجا که صیدش پیشه بود

شیر را با پیل نر جنگ اوفتاد
خسته شد آن شیر و ماند از اصطیاد

مدتی واماند ز آن ضعف از شکار
بی‌نوا ماندند دد از چاشت خوار

ز انکه باقی خوار شیر ایشان بدند
شیر چون رنجور شد تنگ آمدند

شیر یك روباه را فرمود رو
مر خری را بهر من صیاد شو

گر خری یابی به گرد مرغزار
رو فسونش خوان فریبانش بیار

چون بیابم قوتی از گوشت خر
پس بگیرم بعد از آن صیدی دگر

اندکی من می‌خورم باقی شما
من سبب باشم شما را در نوا

گفت روبه شیر را خدمت کنم

حیله‌ها سازم ز عقلش بر کنم

حیله و افسونگری کار من است
کار من دستان و از ره بردن است

از سر که جانب جو می شتافت
آن خر مسکین لاغر را بیافت

پس سلام گرم کرد و پیش رفت
پیش آن ساده دل درویش رفت

گفت چونی اندر این صحرای خشك
در میان سنگلاخ و جای خشك

گفت خر گر در غمم گر در اَرَم
قسمتم حق کرد من ز آن شاکَرم

گفت روبه جستن رزق حلال
فرض باشد از برای امتثال

صبر در صحرای خشك و سنگلاخ
احمقی باشد جهان حق فراخ

نقل کن ز ینجا به سوی مرغزار
می‌چر آن جا سبزه گرد جویبار

مرغزاری سبز مانند جنان
سبزه رسته اندر آن جا تا میان

خرم آن حیوان که او آن جا شود
اشتر اندر سبزه ناپیدا شود

هر طرف در وی یکی چشمه روان
اندر او حیوان مرفه در امان

خر دو سه حمله به روبه بحث کرد
چون مقلد بُد فریب او بخورد

حرص خوردن آن چنان کردش
ذلیل
که زبونش گشت با پانصد دلیل

روبه اندر حیله پای خود فشرد
ریش خر بگرفت و آن خر را ببرد

چون که بر کوهش بسوی مرج برد
تا کند شیرش به حمله خرد و مرد

دور بود از شیر و آن شیر از نبرد
تا به نزدیك آمدن صبری نکرد

گنبدی کرد از بلندی شیر هول
خود نبودش قوت و امکان حول

خر ز دورش دید و برگشت و گریز
تا به زیر کوه تازان نعل ریز

گفت روبه شیر را ای شاه ما
چون نکردی صبر در وقت وغا

تا به نزدیك تو آید آن غوی
تا به اندك حمله‌ای غالب شوی

دور بود و حمله را دید و گریخت

ضعف تو ظاهر شد و آب تو ریخت

گفت من پنداشتم بر جاست زور
تا بدین حد می‌ندانستم فتور

نیز جوع و حاجتم از حد گذشت
صبر و عقلم از تجوع یاوه گشت

گر توانی بار دیگر از خرد
باز آوردن مر او را مسترد

منت بسیار دارم از تو من
جهد کن باشد بیاری‌اش به فن

گفت آری گر خدا یاری دهد
بر دل او از عمی مهری نهد

پس فراموشش شود هولی که دید
از خری او نباشد این بعید

لیک چون آرم من او را بر متاز
تا به بادش ندهی از تعجیل باز

گفت آری تجربه کردم که من
سخت رنجورم مخلخل گشته تن

تا به نزدیکم نیاید خر تمام
من نجنبم خفته باشم در قوام

پس بیامد زود روبه سوی خر
گفت خر از چون تو یاری الحذر

ناجوانمردا چه کردم من ترا
که به پیش اژدها بردی مرا

موجب کین تو با جانم چه بود
غیر خبث جوهر تو ای عنود

گفت روبه آن طلسم سحر بود
که ترا در چشم آن شیری نمود

ور نه من از تو به تن مسکین ترم
که شب و روز اندر آن جا می‌چرم

گفت رو رو هین ز پیشم ای عدو
تا نبینم روی تو ای زشت رو

آن خدایی که ترا بد بخت کرد
روی زشتت را کریه و سخت کرد

با کدامین روی می‌آیی به من
این چنین سغری ندارد کرگدن

رفته‌ای در خون جانم آشکار
که ترا من ره برم تا مرغزار

گفت روبه صاف ما را درد نیست
لیک تخییلات وهمی خرد نیست

این همه وهم تو است ای ساده دل
ور نه بر تو نه غشی دارم نه غل

از خیال زشت خود منگر به من
بر محبان از چه داری سوء ظن

این خیال و وهم بد چون شد پدید
صد هزاران یار را از هم برید

خر بسی کوشید و او را دفع
گفت
لیک جوعُالکلب با خر بود جفت

غالب آمد حرص و صبرش بد ضعیف
بس گلوها که برد عشق رغیف

حرص کور و احمق و نادان کند
مرگ را بر احمقان آسان کند

برد خر را روبهک تا پیش شیر
پاره پاره کردش آن شیر دلیر

تشنه شد از کوشش آن سلطان دد
رفت سوی چشمه تا آبی خورد

روبهك خورد آن جگر بند و دلش
آن زمان چون فرصتی شد حاصلش

شیر چون وا گشت از چشمه به خور
جست در خر دل نه دل بد نه جگر

گفت روبه را جگر کو دل چه شد
که نباشد جانور را زین دو بد

گفت گر بودی و را دل یا جگر
کی بدین جا آمدی بار دگر

آن قیامت دیده بود و رستخیز
و آن ز کوه افتادن و هول و گریز

گر جگر بودی و را یا دل بدی
بار دیگر کی بر تو آمدی

□ مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ابیات ۲۳۲۸ ـ ۲۸۷۹.

گورگ و ڕێوی و شێر

شێر گورگ و ڕێوی بردن بۆ ڕاوێ
بۆ وەی نێچیرێک بخەنە داوێ

سوڵتانی جەنگەڵ شێری بە توانا
کەسری شانی بوو ڕاو لە گەڵ وانە

بەڵام لە برسان زۆر کەلەلا بو
جگە لەو ڕێیە چاری نەما بو

سێ قۆڵی دایان لە زەرد و ماهی
سەریان پێک وەنا خاهی‌نەخاهی

بزن و گاکێوی وکەرۆێشک کەوتنەداو
شێر دەستوری دا وازبێنن لە ڕاو

بەسمانە چی دی مەکوژن پەلەوەر
با لێن نەترسێن چی‌دی جانەوەر

خستیانە سەریەک ئەو سێ کەلاکە
دەبا بەشی کەن چۆنیان پێ‌چاکە

شێر کوتی گورگ: چۆنی بەش دەکەی

ئەگەر بە تۆ بی چۆنن پێدەدەی ؟

وتی ئەزبەنێ گاکێوی بۆ تۆ
گۆشتی بەتامە چۆن دەیخۆی بیخۆ

هەر زو گا کێویم بۆ تو داناوە
بزن و کەرۆیشک بۆمە تەواوە

شێر کوتی: سەگباب ئەوە تەقسیمە
مەگەر نازانی چەندە برسیمە

بە چەپۆکێکی سەری داماڵی
ویستی گورگی کەر جوان بکا حاڵی

حەق لە نێو جەنگەڵ بە دەستەڵاتە
حەق و عەدالەت چیە؟ توڕڕەهاتە

سوڵتانی جەنگەڵ ڕوی کردە ڕێوی
وتی: تۆ بە کام ڕبە دەپێوی

چۆنی بەش دەکەی ئەو گۆشتە جوانە
ئەتۆش پێت وایە بەشی هەموانە؟

کوتی: نا قوربان زۆر ئیشتیبایە
قسەی گورگی کەر بادیهەوایە

گا بۆ سوبحانە بزنیش نەهارە
کەرۆیشک ئانجاغ جەمی ئێوارە

وتی: ئافەرم لە کوێت خوێندووە
چۆن ئاوا جوانت حیساب کردووە

خاوەنی زیگما لە گەڵ ئانتیگراڵ
وەک تۆ بزانن، بە سەد حاڵەحاڵ

کێ دەرسی داوی ئاوا بە جوانی
ئەششەدوبیللا چاکی دەزانی

وتی: مام گورگ و لوتی بەخوێنی
چۆن خۆ کەر دەکەم دەکەومە شوێنی

بە چەپۆکێکی وەهات دەرس دام
دەبێ لێم فێر بێ عومەری خەییام

یاسای تایبەتە پلانی جەنگەڵ
سەر بە سوڵتانن تاکانی کۆمە ڵ

دەتهەوێ بژی نابێ بڵێی هەم
دەبێ ڕازی بی بە بەرماوی کەم

پێت خۆشە سوڵتان نەگرێ بەهانە
وەکو مام ڕێوی تەقسیم بزانە

دەنا بە مستێک دەمت دەشکێنن
نەکەی بڵێی لەل چاوت دەردێنن

سوڵتانی جەنگەڵ خودای سەر عەرزە
کڕنۆش لە بۆ وی واجب و فەرزە

□ ٢٤/٤/٩٠ .مامۆستا قادر کوردی .
کاک هێمن کوردی ناردوویەتی .

شیر و گرگ و روبهی بهر شکار
رفته بودند از طلب در کوهسار

تا به پشت هم‌دگر بر صیدها
سخت بر بندند بار قیدها

هر سه با هم اندر آن صحرای ژرف
صیدها گیرند بسیار و شگرف

گر چه ز یشان شیر نر را ننگ بود
لیک کرد اکرام و همراهی نمود

چون که رفتند این جماعت سوی کوه
در رکاب شیر با فر و شکوه

گاوکوهی و بز و خرگوش زفت
یافتند و کار ایشان پیش رفت

چون ز که در بیشه آوردندشان
کشته و مجروح و اندر خون کشان

گرگ و روبه را طمع بود اندر آن
که رود قسمت به عدل خسروان

گفت شیر ای گرگ این را بخش کن
معدلت را نو کن ای گرگ کهن

نایب من باش در قسمت‌گری
تا پدید آید که تو چه گوهری

گفت ای شه گاو وحشی بخش تست
آن بزرگ و تو بزرگ و زفت و چست

بز مرا که بز میانه‌ست و وسط

روبها خرگوش بستان بی‌غلط

شیر گفت ای گرگ چون گفتی بگو
چون که من باشم تو گویی ما و تو؟

گفت: پیش آ، ای خری کاو خود خرید
پیشش آمد پنجه زد او را درید

بعد از آن رو شیر با روباه کرد
گفت این را بخش کن از بهر خورد

سجده کرد و گفت کاین گاو سمین
چاشت خوردت باشد ای شاه گزین

و آن بز از بهر میان روز را
یَخنیی باشد شه پیروز را

و آن دگر خرگوش بهر شام هم
شب چره‌ی این شاه با لطف و کرم

گفت ای روبه تو عدل افروختی
این چنین قسمت ز کی آموختی

از کجا آموختی این ای بزرگ
گفت ای شاه جهان از حال گرگ

□متن و شرح مثنوی مولانا، دکتر محمد استعلامی، دفتر اول، صفحهٔ ۲۳۱ ـ ۲۳۵.

کورد زیندووه

قسه‌ی حه‌وت‌ونیو قه‌ڕنی ڕابردووه

که سەعدی کوتی کوردە هەر زیندووە

شەوێکی نەخۆش بوو زەلامێکی کورد
لەبەر ژانی گورچووی خەریک بوو دەمرد

حەکیم هات و دیتی بە حاڵی دژی
کوتی حەستەمە تا بەیانی بژی

بە ئەمری خودا خۆی هەر ئەو ساتە مرد
بەڵام پاشی چل ساڵی هەر مابوو کورد

حەقیقی قسەی سەعدی وەک گەوهەرن
بە خەڵکی بڵێ بێن و لێی داوەرن

□ کۆلکەزێڕینە، عەببباس حەقیقی، لاپەرە ٧٣.

حکایت طبیب و کُرد

شبی کُردی از دردِ پهلو نخُفت
طبیبی در آن ناحیَت بود و گفت

از این دست کو برگِ رَز می‌خورَد
عجب دارم ار شب بَه پایان بَرَد

که در سینه پیکانِ تیرِ تَتار
بِه از ثِقلِ مأکولِ ناسازگار

گر افتد به یک لقمه در روده پیچ
همه عمرِ نادان برآید به هیچ

قضا را طبیب اندر آن شب بِمُرد
چهل سال از این رفت و زنده‌ست کُرد

سعدی، بوستان، باب پنجم در رضا.

کانی و تاشەبەرد

کانی لە کۆسار خۆی جیا کردەوە
توشی بو بە توش تاشەبەردەوە

چپاندی بە گوێی بەردی سەخت و زاڵ
ڕێگام دە بڕوم خاوەن ڕێگا و ماڵ

بەردی ناحاڵی دڵڕە ق و سەرسەخت
وتی: دورکەوە بەدفەڕی بەدبەخت

بە هێزی لافاو نە جووڵامەوە
تۆ چۆن ئەوێری بێی بەلامەوە

بەم جوابە کانی نەگەڕایەوە
چیتر لە بەری نەپاڕایە وە

ئەوەندە سەری سوو بەم بەردەدا
تا بەرد نەرم بۆ ڕێگاکەی بەردا

ڕەمزی سەرکەوتن تەقەللایە و ڕەنج
بە حەوڵودەوڵ بە دەست دێنی گەنج

ئەبێ تێکۆشی تاکو سەرکەوی
گەر نائومێد بی گشت سات ئەکەوی

ئەگەر وەکو کێو ڕاوەستی بۆ کار
لات ئاسایی‌یە ژینی نالەبار

وەرگێڕانی: مامۆستا نامدار

چشمه و سنگ

جدا شد یکی چشمه از کوهسار
به ره گشت ناگه به سنگی دچار

به نرمی چنین گفت با سنگ سخت:
»گَرم کرده، راهی ده ای نیکَبخت«

گران‌سنگ تیره‌دلِ سخت‌سر
زدش سیلَی و گفت: «دور ای پسر«!

»نجُنبیدم از سیلِ زورآزمای
که ای تو، که پیش تو جُنبم ز جای؟«

نشد چشمه از پاسخ سنگ، سرد
به کَندن در استاد و ابرام کرد

بسی کَند و کاوید و کوشش نمود
کزآن سنگ ِخارا رَهی برگشود

ز کوشش به هر چیز خواهی رسید
به هر چیز خواهی گَماهی رسید

برو کارگر باش و امّیدوار
که از یأس جُز مرگ ناید به بار

گرت پایداری‌است در کارها
شود سَهل پیش تو دُشوارها

ملک‌الشّعرا «بهار«

بێدەنگی

شاری بێدەنگ و کڕم! رووحی بە هارانت کوا؟
گڕوگرفە و هەڕەت و هەیهەیی جارانت کوا؟

دە دەمارت دەگەڕێ تۆزی گەڵا کاتی خەزان
تیشکی شەوقی شەوەکی و بۆنی بەهارانت کوا؟

بوونە مەیدانی درۆ شار و شەقام و کوڵان
کوڕژنی کوێتی بدەو، هەوهەوی
سوارانت کوا؟

چییە حاڵت لە تەکی ڕمب و خەدەنگی تەتەرا
دڵی پۆڵاوو وڕەی شێری نزارانت کوا؟

زاڵ و بێدەنگە شەوو مەیکەدەکان خامۆشن
شەو تەرێن، دەنگ وچڕەی بادەگوسارانت کوا ؟
هەموو روو گرژن و ئیستێکە نەبان و زیزن
لێوی بەبزە و بەگڕە و نەعرەیی یارانت کوا؟

ئاسمان ڕژدە وەکوو میچە لە سە ر
زیندانێ
ڕۆچنایی سەحەر و لەشکری بارانت کوا؟

□ وەرگێڕاوی: مامۆستا سەید ئیسماعیل شاهۆیی

خموشانه

شهر خاموش من ! آن روح بهارانت کو؟
شور و شیدایی انبوه هزارانت کو؟

می‌خزد در رگ هر برگ تو خوناب خزان
نکهت صبحدم و بوی بهارانت کو؟

کوی و بازار تو میدان سپاه دشمن
شیهه‌ی اسب و هیاهوی سوارانت کو؟

زیر سرنیزه‌ی تاتار چه حالی داری؟
دل پولادوَشِ شیر شکارانت کو؟

سوت و کور است شب و میکده‌ها خاموش‌اند
نعره و عربده‌ی باده‌گسارانت کو؟

چهره‌ها در هم و دل‌ها همه بیگانه ز هم
روز پیوند و صفای دل یارانت کو؟

آسمانت همه جا سقفِ یکی زندان است
روشنایی سحر این شبِ تارانت کو؟

□دکتر محمدرضا شفیعی کدکنی، دفتر شعر کوچه‌باغ‌های شهر نیشابور
)
ڕیش هەڵتەکێنە

سوڵتان مەحمودی شای بەدەنگ و ناو
شەوێک ئەگەڕا بە بەرگی گۆڕاو

لە کەلاوێکا کۆمەڵێکی دی
لای دایە لایان گوتیان: ئەتۆ چی؟

گوتی: من دزم شەوگەردە ناوم
لە دەستەی هاوڕێ ئەمشەو جێماوم

گوتیان: هەریەکمان فێڵێک دەزانین

بە فێڵ سەرتۆپی کۆمای دزانین

یەک لە دوور ئەکا بۆنی زێڕ و زێو
یەک بە فوو ئەبڕێ دیوارە یا کێو

یەکمان تێئەگا لە حەپەی گەماڵ
ئەزانێ چۆنە خەوی خاوەن ماڵ

وەک ڕۆژ ئەبینێ یەک بە شەوی ڕەش
تۆ چی ئەزانی بتکەینە هاوبەش

گوتی پێشترم زۆر لەم پیشەدا
ژیان و مردن ها لەم ڕیشەدا

هەزار دز بەرن بۆ پای قەنارە
ڕیش هەڵتەکێنم گشتی ڕزگارە

وتیان: تۆ باوکی هەموو دزانی
نیوەی بۆ تۆبێ هەرچیمان هانی

تۆڵەیەک وەڕی، گەماڵێ گرتی
زمانی سەگزان کەوتە دڵخورتی

تۆڵە گوتی: دز، گەماڵ گوتی: وست
خێو ماڵ دەنگ ناکا تۆ بۆ خۆت تێخست

شا وتی: ئەمیش هەر ئیشی ڕیشە
جادووی ڕدێنم داوی سەگیشە

بە بۆن بۆنی کرد گەنجینەی خونکار
بە فوو کون کرا لایەک لە دیوار

تێڕ پڕ بوون لە زێڕ گیرفان لە گەوهەر
گەسکی لێ دریاو بریاو چوونە دەر

ماڵ شاردراوە و خۆی لێ وەشاردن
ئەو شەوە هەمووی بە بەند سپاردن

بە ڕۆژ هەڵخڕان سێدارە بۆ دز
دز لە پای دارا خەمبار و سەرکز

چاو ڕوونی شەو بین کردی تەماشا
وتی دزەی شەو! چۆن بوویە پاشا؟

کاری خۆمان کرد مەمانخاپێنە
سا نۆرەی تۆیە ڕیش هەڵتەکێنە

شا گوتی: ئێوەش مەرجێ بەرنە سەر
نیوەی خۆم دەنێ و لێرە بچنە دەر

نەجووڵێ ڕیشی خاوەن دەسەڵات
زۆریش بزانی ناگەی بە ئاوات

□ماموّستا هەژار، بۆ کوردوستان، لاپەڕە ٢٦٤ و ٢٦٥.

دزدان و سلطان محمود

شب چو شه محمود بر می گشت فرد
با گروهی قومِ دزدان بازخورد

پس بگفتندش: «که‌ای ای بو الوفا«!
گفت شه: «من هم یکی‌ام از شما«

آن یکی گفت: ای گروهِ مکرکیش!

تا بگوید هر یکی فرهنگِ خویش

تا بگوید با حریفان در سَمَر
کو چه دارد در جِبِلَّت از هنر؟«

آن یکی گفت: «ای گروه فن فروش
هست خاصیت مرا اندر دو گوش

که بدانم سگ چه می گوید به بانگ؟«
قوم گفتندش: «ز دیناری دو دانگ«

آن دگر گفت: «ای گروه زر پرست
جمله خاصیّت مرا چشم اندر است

هر که را شب بینم اندر قَیروان
روز بشناسم من او را بی گمان«

گفت یك: «خاصیّتم در بازو است
که زنم من نقبها با زورِ دست«

گفت یك: «خاصیّتم در بینی است
کارِ من، در خاکها بو بینی است«

من ز خاك تن بدانم کاندر آن
چند نقد اَست؟ و چه دارد او ز کان؟

در یکی کان زرِّ بی اندازه دَرج
و آن دگر دخلش بود کمتر ز خرج

که کدامین خاك همسایهٔ زر است؟
یا کدامین خاك صِفر و اَبتَر است«

گفت یك: «نك خاصیت در پنجه‌ام
که کمندی افکنم طولِ علم«

پس بپرسیدند ز آن شه کای سَنَد!
مر ترا خاصیّت اندر چه بَود؟

گفت: «در ریشم بود خاصیتم
که: رَهانَم مُجرمان را از نِقَم

مجرمان را چون به جَلّادان دهند
چون بجنبد ریشِ من، ایشان رَهَند

چون بجنبانم به رحمت ریش را
طی کنند آن قتل و آن تشویش را«

قوم گفتندش که: «قطب ما تویی
که خلاصِ روزِ مِحنتمان شوی«

بعد از آن، جمله به هم بیرون شدند
سوی قصر آن شهِ مَیْمون شدند

چون سگی بانگی بزد از سوی راست
گفت: «می‌گوید که: سلطان با شماست«

خاك بو کرد آن دگر از رَبوه‌یی
گفت: «این هست از وُثاقِ بیوه‌یی«

پس کمند انداخت استاد کمند
تا شدند آن سوی دیوار بَلند

جای دیگر خاك را چون بوی کرد
گفت خاك مخزن شاهی است فرد

نقب زن زد نقب و در مخزن رسید
هر یکی از مخزن اسبابی کشید

بس زر و زربفت و گوهرهای زفت
قوم بردند و نهان کردند تفت

شه معین دید منزلگاهشان
حلیه و نام و پناه و راهشان

خویش را دزدید از ایشان باز گشت
روز در دیوان بگفت آن سرگذشت

پس روان گشتند سرهنگان مست
تا که دزدان را گرفتند و ببست

دست بسته سوی دیوان آمدند
وز نهیب جان خود لرزان شدند

چون که استادند پیش تخت شاه
یار شبشان بود آن شاه چو ماه

آن که چشمش شب به هرك انداختی
روز دیدی بی‌شکش بشناختی

شاه را بر تخت دید و گفت این
بود با ما دوش شب گرد و قرین

آن که چندین خاصیت در ریش اوست
این گرفت ما هم از تفتیش اوست

رو به شه آورد چون تشنه به ابر

آن که بود اندر شب قدر آن بدر

وقت آن شد ای شه مکتوم سیر
کز کرم ریشی بجنبانی به خیر

هر یکی خاصیت خود را نمود
آن هنرها جمله بدبختی فزود

آن هنرها گردن ما را ببست
ز آن مناصب سرنگون‌ساریم و پست

آن هنرها جمله غول راه بود
غیر چشمی کو ز شه آگاه بود

مولوی بلخی
توضیحی بر این قصّه: در این قصّه هر یک از دزدان هنر و مهارتی خاصّ خود دارد، امّا آنچه موجب نجات آنها می‌شود، دید چشم یکی از آنهاست که سلطان را در تاریکی شب می‌بیند و در روز می‌شناسد، و در برداشت‌های مولانا از قصّه، این شخص مثال مردی است که در تاریکی دنیا از نور عالم غیب بهره مند است.

□متن و شرح مثنوی مولانا، دکتر محمد استعلامی، جلد ٦، صفحهٔ ٣٧٨.

ملی دریژ مێژووه

گاو وشتر و بەرانێک
تووش بوون لە ڕێ بە نانێک

لە ناویان بوو بە کێشە
بۆ خواردن کێ لە پێشە

پێکهاتن کێ زۆر ژیاوە

خوا ئەو نانەی بەو داوە

بەران گوتی: من پیرم
لە گەڵ بەرخێک هاوشیرم

خوا ناردی بۆ ئیبڕاهیم
وا ئەو مرد و من ئەژیم

گاجووت وتی: قاوەقاو
لە دەمتایە شیری خاو

من زۆر چەنەی لێنادەم
زەویم کێڵا بۆ ئادەم

وشتر سەری دانەواند
بە گازێک نانی ڕفاند

گوتی مێژوو نازانم
ئاواتەخوازی نانم

ئازان مێژوو بخوێنن
پارووم لە دەم دەرێنن

□هەژار بۆ کوردوستان، لاپەڕە ٢٣٦.

حکایت شتر و گاو و قُچ

اشتر و گاو و قُچی در پیش راه
یافتند اندر روش بندی گیاه

گفت قچ بخش ار کنیم این را یقین
هیچ کس از ما نگردد سیر ازین

لیک عمر هرکه باشد بیشتر
این علف اوراست اولی، گو بخور

که اکابر را مقدم داشتن
آمدست از مصطفی اندر سنن

گفت قچ با گاو و اشتر ای رفاق
چون چنین افتاد ما را اتفاق

هر یکی تاریخ عمر ابدا کنید
پیرتر اولی است باقی تن زنید

گفت قچ مَرَجِ من اندر آن عهود
با قچ قربانِ اسماعیل بود

گاو گفتا بوده‌ام من سالخَورد
جفت آن گاوی کش آدم جفت کرد

جفت آن گاوم که آدم جَدِّ خلق
در زراعت بر زمین می‌کرد فَلق

چون شنید از گاو و قچ اشتر شگفت
سر فرود آورد و آن را برگرفت

در هوا بر داشت آن بند قَصیل
اشتر بُختی، سبک، بی‌قال و قیل

که مرا خود حاجت تاریخ نیست
کین چنین جسمی و عالی گردنیست

خود همه کس داند ای جان پدر

که نباشم از شما من خُردتر

داند این را هرکه ز اصحاب نُهی است
که نهاد من فزون‌تر از شماست

□ مولوی، مثنوی معنوی، دفتر ۶، ابیات ۲۴۶۴ ــ ۲۴۹۰.

کەرستەی ژن

خوای گەورە جارێک سەردەمی بەهار
لە گارگەی ژیان دەستی کرد بە کار

لە کۆتر قنە و خەتوخاڵ لە کەو
سرتە لە شنە و هێمنی لە شەو

لە باڵداری چووک نەرمی پەڕی مڵ
گمین لە کۆتر ئاواز لە بولبول

هارِە لە تاقگە و ناڵە لە بلوێر
ترسی کەرۆێشک و ئازایەتی شێر

ئاونگ لە بەیان ئاوڕی ئاسکی سل
گرژی لە خونچە و پێکەنین لە گوڵ

لە کارمامز باز لە باز تیژی چنگ
فیز لە تاوس و جوانی لە پرشنگ

بارین لە هەور و لە با وازوازی
لە ڕێوی و مەیموون فێڵبازی و بازی

مەندی لە زەوی و ڕەوانی لە ئاو
ڕەشی لە شەوە و ڕووناکی لە تاو

تاڵی لە کەکرە و تام و بۆی هەنگوین
لە بەفر سەردی و لە جەهەننەم تین

ڕەقی لە ئەڵماس تورتی لە پەنیر
لە لافاو ڵێڵی و بێگەردی لە شیر

هێنای و شێلای لێکی دان تەواو
کردی بە ژنیک بۆ ئاودەنگی پیاو

□ هەژار بۆ کوردوستان، لاپەڕە ٢٧٢ـ ٢٧١.

خلقت زن

جهان داور چو گیتی را بنا کرد
پی ایجاد زن اندیشه‌ها کرد

مهیا تا کند اجزای او را
ستاند از لاله و گل رنگ و بو را

ز دریا عمق و از خورشید گرمی
ز آهن سختی از گلبرگ نرمی

تکاپو از نسیم و مویه از جوی
ز شاخِ تَر گراییدن به هر سوی

ز امواج خروشان تندخویی
ز روز و شب دورنگی و دورویی

صفا از صبح و شور انگیزی از می
شکر افشانی و شیرینی از نی

ز طبع زهره شادی آفرینی
ز پروین شیوه بالانشینی

ز آتش گرمی و دم سردی از آب
خیال انگیزی از شبهای مهتاب

گران‌سنگی ز لعل کوهساری
سبک‌روحی ز مرغان بهاری

جهانی را به هم آمیخت ایزد
همه در قالب زن ریخت ایزد

□رهی معیری، منظومه‌ها.
منبع: شاهکارهای شعری فارسی و کُردی، طه فیضی زاده، ص ۸۴ ـ ۸۶.

دایک

دڵبەرێ ناردییە لای دڵداری
ئاخ لە بەر دڵبەر و داخ بۆ دڵدار

دایکی تۆ کێشە بە من دەفرۆشێ
زۆر خراپە لە گەڵم، سەربەدەوار

هەر بەیان بەربوو هەتا ئێوارێ
ئەوە گرتوومیە نێو تەوس و پلار

تا بڵێی بەس، لە گەڵم ڕووناخۆش
خۆ جنێویش چبڵێم؟ دوور لە شومار

چاوی مۆنی لە دڵم تیری وەهای
داوە، گێڕانەوە هەر خۆشە بەزار

تا ئەوە مابێ بە زاری من و تۆ
قەند و هەنگوینە لە گوێن ژەهری مار

نامە یەک لە گەڵت، تا نە کوژی
پیرەدایکت، کە منی دا ئازار

دەتەوێ ببمە ژنت، هەستە بڕۆ
بیکوژە، سینگی بە خەنجەر کە شەقار

دڵی دەربێنە بە گەرمی و بە خوێن
بۆ منی بێنە لە بات سێو و هەنار

ئاگری تورەیی من دادەمرێ
کاری تۆش سازە نەمێنێ بەدکار

کوڕی بێبەش لە هەموو زانستێک
شێت ودێوانە و پەخمە و پەتیار

گەورەیی دایکی لە بیر چۆوە، کە بۆی
دەچرووساوە، نە دەحەجمی بە چ جار

دایکی کوشت، سینگی دڕی گورگانە
دڵی هێنایە دەر و کردییە غار

ڕوو بە خانووی کچەکە و هێشتا بوو
دڵی دایکی لە لەپیدا گیاندار

کەوتە هەردی و لە پڕێ ئانیشکی
کەمێ ڕووشا و دڵی دایکی بە تلار

کەوتە نێو خۆڵ، کە هەستا بۆی چوو
بیستی دەنگێ لە دڵ ئەیکوت: هاوار

کوڕەکەم لاقی بە بەرد ئێشاوە
داخەکەم دەست و پلی بوو زامار

نیشتمان دایکە، کوڕی چابە نەکەی
دڵی بێشێنی بە هیچ بارێ هەژار

ماموّستا هەژار

مجلّهٔ نیشتمان، شمارهٔ ۶، سال اوّل۱۳۲۲، ص۱۹.
□ سەرچاوە: تەها فەیزی زادە، شاکارەکانی شێعری فارسی و کوردی، لاپەڕە ۸٦ ـ ۹۰.

مهر مادر

داد معشوقه به عاشق پیغام
که کند مادر تو با من جنگ

هر کجا بیندم از دور، کُند
چهره پرچین و جبین پرآژنگ

با نگاه غضب‌آلود زند
بر دلِ نازکِ من تیرِ خدنگ

از در خانه مرا طرد کند
همچو سنگ از دهنِ قلماسنگ

مادرِ سنگ‌دلت تا زنده است
شهد در کامِ من و توست شرنگ

نشوم یکدل و یکرنگ تو را
تا نسازی دلِ او از خون رنگ

گر تو خواهی به وصالم برسی
باید این ساعت بی‌خوف و درنگ

رَوی و سینهٔ تنگش بِدَری
دل برون آری از آن سینهٔ تنگ

گرم و خونین به منش باز آری
تا بَرَد ز آینهٔ قلبم زنگ

عاشقِ بی‌خردِ ناهنجار
نه، بل آن فاسقِ بی‌عصمت و ننگ

حرمتِ مادری از یاد ببرد
خیره اَز باده و دیوانه ز بنگ

رفت و مادر را افکند به خاک
سینه بدرید و دل آورد به چنگ

قصدِ سر منزلِ معشوق نمود
دلِ مادر به کفش چون نارنگ

از قضا خورد دمِ در به زمین
و اندکی رنجه شد او را آرنگ

وان دلِ گرم که جان داشت هنوز
اوفتاد از کفِ آن بی‌فرهنگ

از زمین باز چو برخواست، نمود
پیِ برداشتنِ آن، آهنگ

دید کز آن دلِ آغشته به خون

آید آهسته برون، این آهنگ:

آه دستِ پسرم یافت خراش
آخ پای پسرم خورد به سنگ

ایرج میرزا

منبع: شاهکارهای شعری فارسی و کردی، طه فیضی زاده، ص ۸۶ ـ ۹۰.

ڕەنج و گەنج

یەکێ پیری جووتێر نەخۆش بوو دەمرد
کوڕوکاڵی ئامۆژگاری دەکرد

زەوی‌وزاری خۆتان لە دەس خۆ مەدەن
نەکەن بمرم و گوێ بە پەندم نەدەن

لە باوکم شنەفتگمە لەم بارەدا
کە گەنجێ هەیە لەم زەوی‌وزارەدا

بگەڕێن بەشوێنیا ئەدۆزرێتەوە
لە ڕووتان دەرووی شادی دەکرێتەوە

لە پاش ئەو، لەلای کوڕگەڵی مەرد و ڕەند
بە ئاواتی گەنج ڕاوەشا پیل و زەند

بە بێڵ و بە گاسن، بە تەشوێ و بە پاچ
لە گش لایە دەبزووتەوە دەست و قاچ

زەوی‌وزار گەڵێ جار سەروژێر کرا
گڵی گێڵگە گشتی لە بێژنگ درا

که پەیدا نەبوو کوپەڵەی زێر و زێو
وەکوو پێشوو داچێندرا وەرد و شێو

وەها لێک درابوو زەوی گشت لە گشت
لە وەرزی ترا یەک بە سەد بوو بڕشت

کوڕان تێگەیین کاکڵی پەندی پیر
لە ڕەنجی فرە گەنجی زۆر دێتە گیر

□ بۆ کوردوستان هەژار، لاپەڕە ۲۷۳.

زەند: زند، ساعد.
وەرد: شخم بعد از شخم نخستین، شخم زده شده، زیرورو کردن.
بڕشت: بهره محصول.

رنج و گنج

برو کار می‌کن، مگو چیست کار
که سرمایهٔ جاودانی است کار

نگر تا که دهقان دانا چه گفت
به فرزندگان چون همی خواست خفت

که : «میراث خود را بدارید دوست
که گنجی ز پیشینیان اندر اوست

من آن را ندانستم اندر کجاست
پژوهیدن و یافتن با شماست

چو شد مهر مه، کشتگه برکنید
همه جای آن زیر و بالا کنید

نمانید ناکنده جایی ز باغ
بگیرید از آن گنج هر جا سراغ«

پدر مرد و پوران به امید گنج
به کاویدن دشت بردند رنج

به گاوآهن و بیل کندند زود
هم اینجا، هم آنجا و هرجا که بود

قضا را در آن سال از آن خوب شخم
ز هر تخم برخاست هفتاد تخم

نشد گنج پیدا ولی رنجشان
چنان چون پدر گفت، شد گنجشان

□ ملک‌الشّعرای بهار

ڕەقە و مراوی

جووتێک مراوی ساڵێ لە چۆلێک
هێلانەیان بوو لە نزیک گۆلێک

ڕەقێک بۆیان بوو بە دراوسێ ماڵ
زۆری پێ نەچوو زۆر بوون بە هاواڵ

کاسە جیرانیان بۆ یەکتر ئەبرد
شەو و ڕۆژ یاری یەکتریان ئەکرد

ئەوان لە سەر باڵ دەیانکرد سەیران
ڕەقە لە بەر ماڵ دەبوە پاسەوان

زستان خۆی نواند بە ڕووی تاڵ و مۆن

باڵدار ناچار بوون بۆ گەرمێن بڕۆن

ڕەقە دەستی کرد بە شین و گریان
جەرگی ئاسنی بۆ دەبوو بریان:

سەرسەوزی ڕەنگین بۆڕچینی نەشمیل
لە دووری ئێوە دەگرم دیق و سیل

وەک باوکی وسوو مەمکەن پیر و کوێر
منیش هەڵگرن دێمە گەرمەسێر

ڕەقە گازی گرت لە دارێکی سووک
هەر دوو سەریان گرت باڵدار بە دندووک

فڕین لە دەشتان لە چیا و نواڵان
چاویان پێ کەوتن ژن و منااڵن

وتیان: مراوی چەند بە فریوە
ڕەقەی هەژاریان بە دار دزیوە

ڕەقەی ڕق هەستاو لەم گفتوگۆیە
زاری کردەوە و گوتی: درۆیە

ئێتر سەرەوژێر بۆی هاتە خوارێ
کەوتە نزارێ ناو بەرد و دارێ

خوێنت هەڵنەچێ بە گفتی بەدکار
نهێنی دڵت مەهێنە سەر زار

هەژار بۆ کوردوستان، لاپەڕە ٢٥٢.

سەرسەوز: مرغابی نر.

بۆرچین: مرغابی ماده.
باوکی وسوو: حضرت یعقوب.
نواڵ: دره کوچک در کمر کوه.
نزار: جنگل، جای همیشه سایه در کوه.

دو بط و یکی باخه

آورده‌اند که در آبگیری دو بط و یکی باخه ساکن بودند و میان ایشان بحکم مجاورت دوستی و مصادقت افتاده. ناگاه دست روزگار غدار رخسار حال ایشان بخراشید و سپهر آینه فام صورت مفارقت بدیشان نمود، و در آن آب که مایهٔ حیات ایشان بود نقصان فاحش پیدا آمد. بطان چون آن بدیدند بنزدیک باخه رفتند و گفت: بوداع آمده‌ایم، پدرود باش ای دوست گرامی و رفیق موافق. باخه از درد فرقت و سوز هجرت بنالید و از اشک بسی در و گهر بارید.
و گفت: ای دوستان و یاران، مضرت نقصان آب در حق من زیادت است که معیشت من بی آن ممکن نگردد. و اکنون حکم مروّت و قضیّت کرمِ عهد آنست که بردن مرا وجهی اندیشید و حیلتی سازید. گفتند: رنج هجران تو ما را بیش است، و هرکجا رویم اگر چه در خصب و نعمت باشیم بی دیدار تو ازان تمتع و لذت نیابیم، اما تو اشارت مشفقان و قول ناصحان را سبک داری، و بر آنچه بمصلحت حال و مآل تو پیوندد ثبات نکنی. و اگر خواهی که ترا ببریم شرط آنست که چون ترا برداشتیم و در هوا رفت چندانکه مردمان را چشم بر ما افتد هرچیز گویند راه جدل بربندی و البته لب نگشایی. گفت: فرمان بُردارم، و آنچه برشما از روی مروت واجب بود بجای آوردید، و من هم می‌پذیرم که دم فروبندم و دل در سنگ شکنم .
بطان چوبی بیاوردند و باخه میان آن بدندان بگرفت محکم، و بطان هر دو جانب چوب را بدهان برداشتند و او را می‌بردند. چون به اوج هوا رسیدند مردمان را از ایشان شگفت آمد و از چپ و راست بانگ بخاست که «بطان باخه می‌برند. » باخه ساعتی خویشتن نگاه داشت، آخر بی طاقت گشت و گفت: «تا کور شوید! دهان گشادن بود و از بالا در گشتن. بطان آواز دادند که: بر دوستان نصیحت باشد.

نیک خواهان دهند پند ولیک
نیک بختان بوند پند پذیر

باخه گفت: این همه سودا است، چون طبع اجل صفرا تیز کرد و دیوانه وار روی بکسی آورد از زنجیر گسستن فایده حاصل نیاید و هیچ عاقل دل در دفع آن نبندد.
ان المنایا لاتطیش سهامها
از مرگ حذر کردن دو وقت روا نیست
روزی که قضا باشد و روزی که قضا نیست

□ نصرالله منشی، کلیله و دمنه.

ئەگەر

ئەگەر گورپەبۆر باڵی لێ بڕوێ
دەنگی بولبوڵمان نایەتە بەر گوێ

گەر بدرێ بە کەر دوو شاخی گامێش
هیچ کەس ناتوانێ لێی بچێتە پێش

□ هەژار بۆ کوردوستان, لاپەڕە ٢٦٠.

آنکه هفت اقلیم عالم را نهاد
هر کسی را هر چه لایق بود داد

گر توانا بینی ار کوتاه دست
هر که را بینی چنان باید که هست

این که مسکین است اگر قادر شود
بس خیانت‌ها کزو صادر شود

گربهٔ محروم اگر پر داشتی
تخم گنجشک از زمین برداشتی

□ سعدی، مثنویات.

پروین

ئەوی وا خاکی ڕەشی بۆتە سەرین
ئەوە ئەستێرەیی ئاسمان "پەروین"

گەرچی هەر تاڵی لە ڕۆژگاری چێشت
خۆ بەڵام هەرچی وتەی بوو شیرین

خاوەنی ئەم هەموو هۆنراوانە
سوالّکەرە ئێستە لەبۆ یەک یاسین

چاکە هاواڵی لەوی یادێ بکەن
دڵی بێیارە، هەمیشە خەمگین

خۆڵ لە سەر چاو بە خودا ناخۆشە
بەردی سەر سنگێ گرنگە و سەنگین

هەرکەسێ گەورە وو خاوەن ماڵە
هاتە ئەم جێگە فەقیرە و مسکین

هەر دەمێ هات و ئەجەل هێرشی کرد
چارەیی دی نییە غەیری تەمکین

□ شاری دڵ، سەید کامیل ئیمام زەنبیلی، لاپەڕە ١٦٢ و ١٦٣.
نوسینەوەی: نەسرین ڕەحمانی.

اینکه خاک سیه‌اش بالین است
اختر چرخ ادب پروین است

گر چه جز تلخی از ایام ندید
هر چه خواهی سخنش شیرین است

صاحب آنهمه گفتار امروز
سائل فاتحه و یاسین است

دوستان به که ز وی یاد کنند
دل بی‌دوست دلی غمگین است

خاک در دیده بسی جان فرساست
سنگ بر سینه بسی سنگین است

بیند این بستر و عبرت گیرد
هر که را چشم حقیقت بین است

هر که باشی و زهر جا برسی
آخرین منزل هستی این است

آدمی هر چه توانگر باشد
چو بدین نقطه رسد مسکین است

اندر آنجا که قضا حمله کند
چاره تسلیم و ادب تمکین است

زادن و کشتن و پنهان کردن
دهر را رسم و ره دیرین است

خرم آن کس که در این محنت‌گاه
خاطری را سبب تسکین است

□ پروین اعتصامی

دۆستی نەزان

باغەوانێکی پیری کۆنەساڵ
لەگەل ورچێکا ببوونە هاواڵ

دۆستی یەکتر بوون بەدڵ و بەگیان
هیچ سات و کاتێ بێ یەک نەدەژیان

لە گوێز، لە ترێ، لە دانە و هێشوو
بۆ مام ورچ بوو نۆبەرەی پێشوو

ورچەش زۆر بەدڵ خزمەتی دەکرد
هەر کارێک هەبا بەڕێوەی دەبرد

داری دەتەکاند ترێی ئەچنی
چنگاڵی چەک بوون لە ڕووی دوژمنی

بە ڕۆژ کارکەر و پاسەوان بە شەو
باخەوان بێخەم چاوی ئەچوە خەو

ڕۆژێکی هاوین باخەوانی پیر
خەوتبوو لە بن دارێکی هەنجیر

ورچە لە تەکیا هەڵتروشکا بوو
مێش دەرکرانی پێ سپێرابوو

ئەو ڕۆژە وای کرد هروژمی مێشان
بۆ ورچە ببوە مایەی سەرئێشان

ویستی بە جارێ قڕیان تێکەوێ
تا دۆستی بەڕێز خەوی لێکەوێ

گاشێکی هەڵگرت بە هەموو توانا
بەبێ سڕودوو دای بە مێشانا

لەگەڵ مێش کوشتن کابراشی جنی
دۆستایەتیەکەی بوو بە دوژمنی

دۆستت نەزان بێ لەبەری هەڵێ
ڕووڕەشی لەدوە ماچی مەنجەڵێ

□هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٥٩.
نووسینەوەی: نەسرین ڕەحمانی.

اژدهایی خرس را در می‌کشید
شیر مردی رفت و فریادش رسید

حیلت و مردی به هم دادند پشت
اژدها را او بدین قوّت بکشت

خرس هم از اژدها چون وارَهید
وآن کرم زان مردِ مردانه بدید

چون سگ اصحاب کهف آن خرس‌زار
شد مُلازم در پی آن بردبار

آن مسلمان سر نهاد از خستگی
خرس حارس گشت از دل‌بستگی

شخص خفت و خرس می‌راندش مگس
وز ستیز آمد مگس زو بازپس

چند بارش راند از روی جوان
آن مگس زو باز می‌آمد دوان

خشمگین شد با مگس خرس و برفت

بر گرفت از کوه، سنگی سخت زَفت

سنگ آورد و مگس را دید باز
بر رخ خفته گرفته جای و ساز

بر گرفت آن آسیا سنگ و بزد
بر مگس، تا آن مگس وا پس خزد

سنگ روی خفته را خشخاش کرد
این مثل بر جمله عالم فاش کرد:

مِهرِ ابله، مهرِ خرس آمد یقین
کَین او مهرست و مهرِ اوست کین

□مولوی، مثنوی معنوی، دفتر دوم، ابیات ۱۹۳۶ ـ ۲۱۳۵.

کەر بەلاحەول ناڕێ

دەرۆیشێ شڕ و کەرێکی لاواز
شەکەت لە نشێو، ماندوو لە هەوراز

شەو داهات لایدا لە خانەقایەک
لە سۆفی پرسی، بۆ کەر جێگایەک

گوتی: ماشەڵڵا دەرۆیش چ ژیری!
لە بیرت نەچێ میوانی پیری

زۆر زۆر خۆشهاتی جێگات لەسەر سەر
بێخەم، لەسەر من دابین بوونی کەر

وتی: سا تۆخوا بیبە سەر ئاوێ
ئەی سوبحانەڵڵا دەرۆیش پێی ناوێ

سۆفی گیان کاشی بۆ دانێ کەمێ
ئەستەغفیروڵڵا جۆشی ئەدەمێ

پەینی وشکیشی بەر پێ ئەڕێژی؟
لاحەولەوەلا، دەرۆیش چ گێژی!

خانەقای شێخە و جێگەی ئیللەڵڵا
تاقەتی ئە کەم، مەیکە بەهەڵڵا

دەرۆیش پڕخەی بوو بە درێژایی شەو
سۆفی و کەر و کا و جۆی دەهاتە خەو

بەیانی دیتی: کەر هەر بەجلە
سەر تا پای نوقمی ڕیخاوی شلە

لە برسان سنگ و گوریس ئەجاوێ
نە سۆفی دیوە و نە کا و نە ئاوێ!

کەری وەدەرنا بە پاڵەپەستۆ
جار بەپاش دادێ جار بەسەر ئەستۆ

گوتیان: مام دەرۆیش کەر چی بەڵایە
وتی: بێهێزی سوبحانەڵڵایە

درێژایی شەو هەر ئیلەڵڵای خوارد
سۆفی سەوەیەک ماشەڵڵای بۆ نارد

کەرێ هەموو شەو لاحەولێ بادا
پێو سەیر نەبێ گەر بێ بەلادا

هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٥٩ و ٢٦٠.

صوفیی می‌گشت در دور افق
تا شبی در خانقاهی شد قُنُق

یک بَهیمه داشت، در آخُر ببست
او به صدر صُفّه با یاران نشست

حلقهٔ آن صوفیان مستفید
چون که در وجد و طرب آخر رسید

خوان بیاوردند بهر میهمان
از بَهیمه یاد آورد آن زمان

گفت خادم را که در آخُر برو
راست کن بهر بهیمه کاه و جو

گفت: لاحَول این چه افزون گفتن است؟
از قدیم این کارها کار من است

گفت: تر کن آن جُوَش را از نخست
کآن خرِ پیرست و دندانهاش سست

گفت لاحول این چه می‌گویی مِها
از من آموزند این ترتیب‌ها

گفت پالانش فرونِه پیش پیش
داروی مَنبل بنه بر پشت ریش

گفت لاحول آخر ای حکمت‌گزار
جنس تو مهمانم آمد صد هزار

جمله راضی رفته‌اند از پیش ما

هست مهمان جان ما و خویش ما

گفت: آبش ده و لیکن شیرگرم
گفت: لاحول از توم بگرفت شرم

گفت: اندر جو تو کمتر کاه کن
گفت: لاحول این سخن کوتاه کن

گفت: جایش را بروب از سنگ و پُشک
ور بود تر، ریز بر وی خاکِ خشک

گفت: لاحول ای پدر لاحول کن
با رسولِ اهل کمتر گو سخن

گفت: بِستان شانه پشت خر بخار
گفت: لاحول ای پدر شرمی بدار

خادم این گفت و میان را بست چست
گفت: رفتم کاه و جو آرم نخست

رفت و از آخر نکرد او هیچ یاد
خواب خرگوشی بدان صوفی بداد

رفت خادم جانب اوباش چند
کرد بر اندرز صوفی ریشخند

صوفی از ره مانده بود و شد دراز
خوابها می‌دید با چشم فراز

آن خر مسکین میان خاک و سنگ
کژ شده پالان، دریده پالهنگ

کُشته از رَه، جملهٔ شب بی‌علف
گاه در جان کندن و گه در تلف

خر همه شب ذکر می‌کرد: ای اله
جو رها کردم، کم از یک مشت کاه

با زبان حال می‌گفت: ای شیوخ
رحمتی که سوختم زین خامِ شوخ

آنچه آن خر دید از رنج و عذاب
مرغ خاکی بیند اندر سیل آب

بس به پهلو گشت آن شب تا سحر
آن خر بیچاره از جوع‌البَقَر

روز شد، خادم بیامد بامداد
زود پالان جُست بر پشتش نهاد

خرفروشانه دو سه زخمش بزد
کرد با خر آنچه زان سگ می‌سزد

خر جهنده گشت از تیزی نیش
کو زبان، تا خر بگوید حال خویش؟

چونکه صوفی بر نشست و شد روان
رودرافتادن گرفت او هر زمان

هر زمانش خلق برمی‌داشتند
جمله رنجورش همی‌پنداشتند

آن یکی گوشش همی‌پیچید سخت
وان دگر در زیر کامش جُست لخت

وان دگر در نعل او می‌جست سنگ
وان دگر در چشم او می‌دید زنگ

باز می‌گفتند: ای شیخ این ز چیست
دی نمی‌گفتی: که شکر این خر قوی است؟

گفت: آن خر کو بشب لاحول خورد
جز بدین شیوه نداند راه کرد

چون که قوتِ خر بشب لاحول بود
شب مُسبّح بود و روز اندر سجود

مولوی، مثنوی معنوی، دفتر ۲، ابیات ۱۵۷ ـ ۲۵۰.

دەهۆمانە، لە خۆمانە!!

ڕۆژێک لەسەر لووتکە هەڵۆی بەرزەفڕ هەستا
سەرکەوت و بەرەو پشتی هەور ڕۆیی لەپەستا

لەو ژووڕە کە باڵ و پەڕی خۆی دی، کوتی من
خاوەن دەسەڵاتی هەموو ئەم هەردمە ئێستا!

خاکی من و ئاوی من و ماڵی منە کۆسار
ئەمڕۆکە هەڵۆ حوکمی هەموو ماڵی لە دەستا!

مێشوولە کە بفڕێت لەسەر پووشکە، دەبینم
ماسی کە بجووڵێت لە بن گۆمێکی خەستا!

چەند بیری بڵێندی لەسەرا بوو، کە لە ناکاو
تیرێک وەسەرکەوت و هەتا سینگی نەوەستا

پێکای و بەرەو تەختی زەوی هات، سەرەوخوار
وەک بێژی کە نووسرابوو لە تەقدیری ئەلەستا!!

گەوزا لە خوێن و خاکی خۆ دا و کوتی ئاخ
ئەم تیرە چلۆن هات و بەچی وا لە بڕستا؟!

تیری تەمەشا کرد و پەڕی خۆیی لەسەر دیت!
هەر "خۆیی"یە تەورە و لەدەسی دوژمنی پەستا

هەرچی کە دەهۆمانە، لەخۆمانە، مەخابن
هەر بۆیە وەها هۆزی هەڵۆ وا لە نوشوستا!!

وەرگێڕ: عەبدولخالق ڕەحمانی "شەیدا."

روزی ز سر سنگ عقابی به هوا خاست
واندر طلب طعمه پر و بال بیاراست

بر راستی بال نظر کرد و چنین گفت:
امروز همه روی زمین زیر پر ماست

بـر اوج فلک چون بپرم از نظـر تـیز
می‌بینم اگر ذره‌ای اندر ته دریاست

گر بر سر خـاشاک یکی پشه بجنبد
جنبیدن آن پشه عیان در نظر ماست

بسیار منی کـرد و ز تقدیر نترسید
بنگر که ازین چرخ جفا پیشه چه برخاست

ناگـه ز کـمینگاه یکی سـخت‌کمانی
تیری ز قضاوقدر انداخت بر او راست

بـر بـال عـقاب آمـد آن تیر جـگردوز
وز ابر مر او را بسوی خاک فرو کاست

بر خـاک بیفتاد و بغلـتید چو ماهی
وانگاه پر خویش گشاد از چپ و از راست

گفتا عجب‌است اینکه ز چوب‌است و ز آهن
این تیزی و تندی و پریدنش کجا خاست

چون نیک نگەکرد و پر خویش بر او دید
گفتا: ز که نالیم که از ماست که بر ماست

ابومعین ناصر بن خسرو قبادیانی بلخی.

ڕێوی و کەڵەشێر

ڕێویەک دەگەڕا ملّومۆی دەکرد
هەر چاوەنۆڕی ڕۆزی خۆی دەکرد

کەڵەشێری سوور دوور هاتە بەرچاو
پاش چاکوچۆنی و ڕۆژباش و سڵاو

پێی وت: بەهەشتی باوکت برام بوو
یان من لای ئەو بووم یان ئەو لە لام بوو

دەنگخۆشی وەک ئەو کوا دەبێتەوە
هیچ کەڵەبابێک جێی ناگرێتەوە

کەڵەشێر وتی: ڕێوی چە ئێژی
خۆت هەڵە ئەکەی یان گێل و گێژی؟

ئاواز خۆشترم گەڵی لە باوە

ناوبانگی دەنگم گەیوەتە لاوە

چاوی قووچاند و باڵی پێکادا
ڕێوی بە قەپێک کرکڕەی بادا

بردی و قیڕاندی و پێی‌زانی خێوی
سەگەلی بەردا شوێن پیرە ڕێوی

کەڵەشێر وتی: ئەگەر دەتەوێ
چیدی گەماڵگەڵ وەدووت نەکەوێ

بێژە وە خێوم با دڵنیا بێ
بۆ خۆی پێی خۆشە لەگەڵ منا بێ

ڕێوی بۆ وتار دەمی کەوتە کار
کەڵەشێر بەغار پەڕیە مازوودار

ڕێوی بانگی کرد بەڵام لە زارێ
بە بێ‌کات جارێ هاتە وتارێ

کەڵەباب گوتی: با کوێر بێ چاوێک
لە ڕووی دوژمنان لێک نرێ تاوێک

هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٥١ ـ ٢٥٢.

داستان روباه و خروس

روزی روباهی از کنار دهی می‌گذشت. چشمش به خروس افتاد. پیش رفت و سلام کرد و گفت: رفیق! پدرت بسیارخوش‌آواز بود تو چه طور می‌خوانی؟
خروس گفت: اکنون می‌بینی که من هم مانند پدرم خوش‌آواز هستم .
خروس این را گفت و فوری چشم‌هایش را بست و آواز بلندی سرداد. روباه برجست و او را به دندان گرفت و فرار کرد .

سگ‌های ده او را دنبال کردند خروس به فکر چاره افتاد. به روباه گفت: اگر می‌خواهی که از دست سگ‌ها آسوده شوی فریاد کن و بگو که: این خروس از ده شما نگرفته‌ام.
روباه با آن همه زیرکی فریب خورد، تا دهان باز کرد خروس از دهانش بیرون جست و به بالای درختی پرید .
روباه با ناامیدی به خروس نگاهی کرد و گفت: نفرین بر دهانی که بی‌موقع باز شود.
خروس هم گفت: نفرین بر چشمی که بی‌موقع بسته شود.

کەرۆێشکاوا

پارچە زەوییەک هەبوو کەرۆێشکاوا
گشتی پۆشرابوو لە شینکە و ئاوا

ژیانیان خۆش و بە منداڵ و بە ماڵ
بێ ترس بوون لە گەماڵ و لە تەماڵ

فیلی زۆردار دڵی خۆی لێ ڕەش کرد
زەوییەکەی لەتبەلەت و بەشبەش کرد

هەبوو کەرۆێشکێ جهاندیدەو پیر
خاوەنی بیر و بە تەگبیر و ژیر

بانگی کرد هۆ گەلی کەرۆێشکاوا
مردنوو خۆشە نە ژینی ئاوا

نەبنە یەک کاری هەمووتان گەندە
ڕەگی سەربەستی بە یەکبوون بەندە

لەهەموو لایەکەوە لێک کۆ بوون
کەتنە ڕاوێژەوە بۆ سەرخۆ بوون

هەڵبژێران لە نێواندا سێ کەس
چاو لە پایە نەبوو زانا با و بەس

تاکوو پیلانێ وەها ڕێک بخرێ
فیلی زۆردار لە زەوی دەربکرێ

یە ک وتی: کارەکە زۆر دژوارە
بار بکەین باشترە، چار هەر بارە

گشتی واتن: کپی کەن ئەم دەنگە
مەرگمان خۆشترە نەک ئەم نەنگە

وتی دووهەم کە: لەتیرەی کێوی
کەس گزی زان نییە هێندەی ڕێوی

هەیە پێویستی بە ڕاوێژی ئەو
مزی بیریشی دوو کەروێشکی قەڵەو

ئەمە وتیان: وتەیە بێ سەروبن
بێفەڕن دوژمن و بیری دوژمن

سێهەمین ڕاستەوە بوو بۆ گوفتار
وتی: خزمینە بەگەل دەس دەنە کار

دەستی گەل هێزە بەگەل با پکۆشین
بوودڕێک هەڵبکەنین دای پۆشین

فیل شەوێ یان لە ڕەوێ تێدەکەوێ
زۆر بە شانازی دەڵێین لێر و لەوێ

چونکە دەسمان بە دەسی یەک ئەسپارد
یەکیەتی ئێمە سەری فیلی خوارد

هەرچی کەرۆشکە بە گفتی شاد بوون
فیلە کەوت و کەوتی و ئازاد بوون

هاتنە کن سێهەم و گوتیان: شامان
تۆی و بۆ تۆیە ژیان و سامان

وتی: نا، ئێوە هەلەن، ئەو جێیە
پێو بڵێم شایەنی شانی کێیە؟

ئەو کەسەی پێشی لە تین و تاوا
بانگی کرد: هۆ گەلی کەرۆشکاوا

هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٧٦ و ٢٧٧.
نوسینەوەی: نەسرین ڕەحمانی

أُمَّة الأرانِب

يَحكون أن أُمَّة الأرانِبِ
قد أخذت من الثرى بجانبِ

وابتَهجَتْ بالوطنِ الكريمِ
ومثلِ العيالِ والحريمِ

فاختاره الفيلُ له طريقا
ممزِّقاً أصحابنا تمزيقا

وكان فيهم أرنبٌ لبيبٌ
أذهبَ جلَّ صوفهِ التَّجريب

نادى بهم: يا مَعشرَ الأرانبِ
من عالِمٍ، وشاعرٍ، وكاتبِ

اتَّحدوا ضدَّ العَدُوِّ الجافي
فَالاتحادُ قوّةُ الضِّعافِ

فأقبلوا مستصوبين رايهْ
وعقدوا للاجتماعِ رايه

وانتخبوا من بينهم ثلاثه
لا هَرَماً راعَوْا، ولا حَداثه

بل نظروا إلى كمالِ العقلِ
واعتَبروا في ذاك سِنَّ الفضْلِ

فنهض الأولُ للخطاب
فقال: إنّ الرأيَ ذاَ الصواب

أن تُترَكَ الأرضُ لذي الخرطومِ
كي نستريحَ من أذى الغَشومِ

فصاحتِ الأرانبُ الغوالي:
هذا أضرّ من أبي الأهوالِ

ووثبَ الثاني فقال: إني
أعهَدُ في الثعلبِ شيخَ الفنِّ

فلندْعُه يُمِدّنا بحكمتهْ
ويأخذ اثنيْنِ جزاءَ خَدمتِه

فقيلَ: لا يا صاحبَ السموِّ
لا يدفعُ العدوَّ بالعدوِّ

وانتَدَبَ الثالثُ للكلامِ

فقال: يا معاشرَ الأقوامِ

اجتمعوا؛ فالاجتِماع قوّه
ثم احفِروا على الطريق هُوَّه

يهوى إليها الفيلُ في مروره
فنستَريحُ الدهرَ من شرورِه

ثم يقولُ الجيلُ بعدَ الجيلِ
قد أكلَ الأرنبُ عقلَ الفيل

فاستصوبوا مقالهُ، واستحسنوا
وعملوا من فورهم، فأحسنوا

وهلكَ الفيلُ الرفيعُ الشَّانِ
فأمستِ الأُمَّةُ في أمان

وأقبلتْ لصاحبِ التدبير
ساعيةً بالتاجِ والسرير

فقال: مهلا يا بني الأوطانِ
إنّ محلِّي للمحلِّ الثاني

فصاحبُ الصَّوتِ القويِّ الغالبِ
منْ قد دعا: يا مَعشرَ الأرانبِ

احمد شوقى، ديوان، البحر: رجز تام.

ئەم قەومە کوردە زۆر گەورە بووە
بەڵام هەر یەکەی بۆ لایەک چووە

نادر و کەریمخان کەوتوونە ئێران

عەزیزی میسرە سەلاحەددینمان

ئەمانە بەشی ئیداریمان بوو
لە ئاسۆی عیلما بڵندترمان بوو

چونکە کوردستان خۆی بێنەسیبە
ئەدیبەکانی تیادا غەریبە

خۆ ئەحمەد شەوقی و مەحەممەد عەبدە
شوعەڕای عەڕەب لە لایان عەبدە

کورگەل گەورەتان ئەگەر خۆش بوێ
زۆر گەورەی ترتان تیا هەڵدەکەوێ

دیوانی پیرەمێردی نەمر، مەحەممەد ڕەسوول (هاوار)، لاپەڕە ٣٠٨.

پەندی باڵندە

باخەوانێک بوو، لەدێی کۆستەی چەم
باخێکی جوانی، هێنابووە بەرهەم

هەرچی میوەیەک ناوی بیستبوو
ناشتبووی بەڕیز ڕێکی خستبوو

گوڵی هێنابوو لە پۆپەی چنار
لێی دابوو چنار گوڵ بوو بە بەهار

بیست و چوار چەشنی ترێ لێدابو
ڕەونەقێکی وای بەو باغە دابوو

ئەیانوت: ئەمە باغی ئیرەمە
بڵێی بەهەشتە هێشتا هەرکەمە

دەوری باغەکەی هەموو هەنجیر بوو
چەشنی هەنجیری شاری ئیزمیر بوو

قەلەباچکەیەک وای پێ فێر بووبوو
بەیانیان ئەیخوارد هێند لێی تێر بووبوو

لەدوای تێر خواردن هەڵی ئەوەران
میوەی تریشی تێکڕا ئەژاکان

ڕۆژێک باخەوان تەڵەی بۆ دانا
پێوە بوو، قیڕەی کرد لە تاوانا

باخەوان هێندەی داخ لە دڵا بوو
چەقۆی دەرهێنا سەری ببڕێ زوو

قەلەباچکەکە لێی هاتە زبان
وتی مەمکوژە لالۆی باخەوان

بەو شەرتە جارێک کە تا دەمێنم
ئیتر دیداری باغت نەبینم

سێ ئامۆژگاری واشت بۆ ئەکەم
یەکی گەنجێ بێت بەبێ زیاد و کەم

یەکەم ئەو شتەی کەوا مەحاڵە
شوێنی مەکەوە ڕەنجت بە تاڵە

دووەم غەم مەخۆ کە ماڵ لە کیس چوو
عومریشت ئەڕوا، غەم ئەبێ بە دوو

سێیەم بە درۆی کەس تەفرە مەخۆ

بە شوێن کردەوەی حەرامدا مەچۆ

باخەوان ئەمەی وا چوو بە دڵا
چوو بەرەڵڵای کرد لە دوای چڵا

قەڵ فڕی و چووە سەر لقی دارێ
کە کەس نەتوانێ بیخاتە خوارێ

ڕووی کردە کابرای باخەوان وتی:
داخەکەم بۆ تۆ کە بێقسمەتی

من گەوهەرێکم لە ناو زگا بوو
بتفرۆشتایە، بە ملیۆن ئەچوو

باغەوان وتی: وەرە ئاشنا بە
لەم باغەی مندا سەر بەڕەڵا بە

قەل بە پێکەنین وتی: من ئێستا
پەندم دای کەچی لە لات نەوەستا

من نەموت: بە شوێن مەحاڵا مەچۆ
جارێکی تر من چۆن دێمە لای تۆ

وتم: غەم مەخۆ کە ماڵ لە کیس چوو
ئەبینم ڕەنگت هەڵبزڕکا زوو

وتم: بە درۆ باوەڕت نەبێ
لە زگی قەڵدا گەوهەر چۆن ئەبێ؟!

دیوانی پیرەمێرد، ئومێد ئاشنا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٧ ـ ٣٩.

پند مرغ

آن یکی مرغی گرفت از مکر و دام
مرغ او را گفت ای خواجهٔ هُمام

تو بسی گاوان و میشان خورده‌ای
تو بسی اشتر به قربان کرده‌ای

تو نگشتی سیر ز آنها در زمن
هم نگردی سیر از اجزای من

هل مرا، تا که سه پندت بر دهم
تا بدانی زیرکم یا ابلهم

اوّلِ آن پند هم در دست تو
ثانی‌اش بر بام کَهگِل‌بَست تو

وآن سوُم پند دهم من بر درخت
که ازین سه پند گردی نیکبخت

آنچه بر دستست اینست آن سَخُن
که محالی را ز کس باور مکن

بر کفش چون گفت اول پند زَفت
گشت آزاد و بر آن دیوار رفت

گفت دیگر بر گذشته غم مَخَور
چون ز تو بگذشت زان حسرت مبر

بعد از آن گفتش که در جسمم کتیم
ده درم سنگ است یک دُرِّ یتیم

دولت تو بخت فرزندان تو

بود آن گوهر به حق جان تو

فَوت کردی دُر، که روزی‌ات نبود
که نباشد مثل آن دُر در وجود

آنچنان که وقت زادن حامله
ناله دارد، خواجه شد در غُلغُله

مرغ گفتش: نی نصیحت کردمت
که مبادا بر گذشتهٔ دی غمت

چون گذشت و رفت، غم چون می‌خوری
یا نکردی فهم پندم یا کَری

وان دوم پندت بگفتم کز ضلال
هیچ تو باور مکن قول مُحال

من نیم خود سه درم سنگ ای اسد
ده درم سنگ اندرونم چون بود

خواجه باز آمد به خود گفتا که هین
باز گو آن پند خوب سِیّومین

گفت آری خوش عمل کردی بدان
تا بگویم پند ثالث رایگان

پند گفتن با جَهولِ خوابناک
تخم افکندن بود در شوره خاک

چاکِ حُمق و جهل نپذیرد رَفو
تخمِ حِکمَت کم دِهَش ای پندگو!

مولوی، مثنوی معنوی، دفتر چهارم، بخش ۸۶، قصهٔ آن مرغ گرفته...

خۆمان بە خۆمانی ئەکەین

لە سەر بەردێک هەڵۆیەک هەڵفڕی کەوتە هەوا بێغەم
هەواییێکی غروری کەوتە سەر، تا کەوتە سەر عالەم

بەباییێکی خەڕۆ و بایی بوو ، خۆی ئێجگار بڵند زانی
پەڕی گیڤ کرد و باڵی لێک ئەدا هەتاکو ئەیتوانی

کە کەوتە عالەمی خولیاوە، سەیری کرد هەموو دنیا
لە ژێر باڵی ئەوایە، هەر ئەوە لەو ئەوجەدا تەنیا

وتی: ئەمڕۆ لەمن بەرزتر ، لە ئەوجی عالەما کێیە
کورەی ئەرزم لەژێر پێدایە، کەس ناگاتە ئەو جێیە

ئەگەر مێشوولەیەک بێت و بجووڵێ، نابێ نەبینم
لەسەر شەپقە و سەری ئەگرن پەڕێکی باڵی ڕەنگینم

خولاسە هێندە فەخری کرد و خۆی بینی لە نخوەتدا
کەمانێکی قەدەر تیرێکی هاویشتێ لە غەفڵەتدا

هێنایە خوارەوە خوار و زەلیل لەو بەرزییە لەرزی
سەفیل و دڵ بریندار کەوت لەو خاک و خوێنەدا گەوزی

کە سەیری کرد پەڕی خۆی بوو لە ناو ئەو نووکە پەیکانە
وتی: خۆمان بە خۆمانی ئەکەین، بێسووچە بێگانە

بەڕاستی ڕاست ئەکا سەعدی کە من هەرگیز لە بێگانە
گلە ناکەم ، کە هەرچی پێم ئەکا خۆیە و لە خۆمانە

"دەڵێین دڵمان لەیەک پاکە، برای دینین، لە یەک نەسلین

کەچی چاومان بە خێری یەکتری هەڵنایە کەچ بینین"

"هەتا کەی چاوی عیبرەتمان لە گڵدا بێ خوا چارێ
حەکیم هەر تۆی، بەخێر چاومان هەڵێنە بێینە ناو جارێ"

پیرەمێرد، ئومێد ئاشنا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ۲۹۸ ـ ۲۹۹.

•ئەو شێعرە هی حافزە نەک سەعدی؛

بەڕاستی ڕاست ئەکا سەعدی کە من هەرگیز لە بێگانە
گلە ناکەم، کە هەرچی پێم ئەکا خۆیە و لە خۆمانە

من از بیگانگان دیگر ننالم
که با من هر چه کرد آن آشنا کرد

از ماست که بر ماست

روزی ز سر سنگ عقابی به هوا خاست
بهر طلب طعمه پر و بال بیاراست

بر راستی بال نظر کرد و چنین گفت:
امروز همه ملک جهان زیر پر ماست

بـر اوج فلک چون بپرم از نظـر تـیز
می‌بینم اگر ذره‌ای اندر ته دریاست

گر بر سر خـاشاک یکی پشه بجنبد
جنبیدن آن پشه عیان در نظر ماست

بسیار منی کـرد و ز تقدیر نترسید
بنگر که ازین چرخ جفاپیشه چه برخاست

ناگـه ز کـمینگاه یکی سـخت‌کمانی
تیری ز قضاوقدر انداخت بر او راست

بـر بـال عـقاب آمـد آن تیر جـگردوز
وز ابر مر او را به سوی خاک فرو کاست

بر خـاک بیفتاد و بغلـتید چو ماهی
وانگاه پر خویش گشاد از چپ و از راست

گفتا: عجب‌است این که ز چوب‌است و ز آهن
این تیزی و تندی و پریدنش کجا خاست

چون نیک نگه‌کرد و پر خویش بر او دید
گفتا: ز که نالیم که از ماست که بر ماست

خسرو تو منی را ز سر خویش بدر کن
بنگر به عقابی که منی کرد چها خاست

ابومعین ناصر بن خسرو قبادیانی بلخی.

فیل له تاریکی

شەو له پشتیرێک فیل داکرا بوو
تاریک و تنۆک نه مۆم نه چرا بوو

چەند لاوێک به دزی چوونه تەویله
دابزانن داخۆ چۆنه ئەم فیله

هەریەک له لایەک به دەس‌کۆتانێ
لای وابوو زۆرباش له فیل ئەزانێ

یەک دەستی کوتا لەسەر پشتی پان

ئەیوت: فیل خۆشە وەک تەختی ڕەوان

گوێ گرتوو ئەیگوت: بەس بنەڕێنە
من باشترم دیت فیل باوەشێنە

ئەوەی هەر دەستی لە لووتی داوە
وتی: فیل وەکوو لووساوکی ئاوە

لاقگر ئەیقیژاند دەک مردووت مرێ
فیل کۆڵەکەیە و لووس و بێگرێ

دەس لە کلکدەر کەوتبووە داوە
وتی: سوێند ئەخۆم پەتکە و پساوە

گاڵتەی پێ دەهات مامەی فیلەوان
ئەیوت: مەچنە شەڕ بێ تیر و کەوان

بە خەیاڵ کەمتان لە زۆر زانیوە
شەڕ لەسەر فیلە و فیلتان نەدیوە

گەر چرا هەبا یان ڕۆژێکی ڕوون
لێتان ڕوون ئەبوو ڕێگە لێ ون بوون

کار تا نەیخەیتە بنج و بناوان
دەمی تێ وەردەی، گوناهە و تاوان

هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٦٧.

فیل در تاریکی

پیل اندر خانەیی تاریک بود
عرضە را آوردە بودندش هنود

از برای دیدنش مردم بسی
اندر آن ظلمت همی‌شد هر کسی

دیدنش با چشم چون ممکن نبود
اندر آن تاریکی‌اش کف می‌بسود

آن یکی را کف به خرطوم اوفتاد
گفت: همچون ناودانست این نهاد

آن یکی را دست بر گوشش رسید
آن برو چون بادبیزن شد پدید

آن یکی را کف چو بر پایش بسود
گفت: شکل پیل دیدم چون عمود

آن یکی بر پشت او بنهاد دست
گفت: خود این پیل چون تختی بُده‌ست

همچنین هر یک به جزوی که رسید
فهم آن می‌کرد، هر جا می‌شنید

از نظرگه گفتشان شد مختلف
آن یکی دالش لقب داد، این الف

در کفِ هر کس اگر شمعی بُدی
اختلافَ از گفتشان بیرون شدی

چشمِ حس همچون کفِ دست‌است و بس
نیست کف را بر همهٔ اَو دسترس

مولوی، مثنوی معنوی، دفتر سوم، اختلاف کردن در چگونگی و شکلِ پیل.

شاعیر: قانع (١٨٩٨-١٩٦٥)
زمان: کوردیی ناوەندی
قاڵب: مەسنەوی
کێش: ١٠ بڕگەیی

ماڵ بەش کردن لەگەڵ براکەم

برا! وا باوکمان ڕۆیی بە ڕەحمەت
چاک نەجاتی بوو لە دەرد و زەحمەت

باوک بۆ هیچ کەس نامێنێ تا سەر
کۆڕ ئەو کوڕەیە لە کڵ بێتە دەر

مەسەلەی مەشوور: برامان برایی
بەڵام بەو شەرتە کیسەمان جیایی

ماڵەکە بەش کەین بێ مەلا و قازی
یەک لە یەکتری چاک ببین ڕازی

ئەو هێسرە شێتەی جووتە وەشێنە
دابنێ بۆ من هیچ دامەمێنە

ئەو پشیلە جوانەی پڕ خەت و خاڵە
چش با بۆ تۆ بێ، ڕەونەقی ماڵە

ئەو جووتە مانگای زل و زۆر خۆرە
کە یەکێ شینە و یەکێکیان بۆرە،

بۆ من ... دوو مریشک لاری و هێلکەکەر
دابنێ بۆ خۆت، بە بێ دەردی سەر

ئەو ماینە پیرەی زین هەڵچراوە
مەرحوومی باوکم بۆ منی داناوە

بەشی تۆ لە سەر ئەم ماینە نییە!
باوکم فەرموویە خەتای من چییە؟

مس و مەسینەی لە ژەنگا پواو
دای بنێ بۆ من، لە ساغ و شکاو

کیتەڵە و گۆزە، دیزە و دەرخۆنە
هەمووی بۆ تۆ بێ لە تازە و کۆنە

قەت پارە نادەی بۆ سپی کردن
مسگەر ناناسی تا ڕۆژی مردن

زرنگەی مەنجەل و زەحمەتی سینی
لە خوام گەرەکە، تۆ قەت نەیبینی

ئەو ئاوە سارەدە، لە ئەو جەوەنە
دایبنێ بۆ خۆت، هەر پێی پێکەنە

ئەو هیزە ڕۆنەی کوڵک و مووداڕە
دابنێ بۆ من، چارم ناچارە؟

لە دەرگای حەوشە تا وەکوو سەربان
دابنێ بۆ من سەر پاک هۆدەکان

ئەمما لە سەر بان هەتا ئاسمان
هەمووی بۆ تۆ بێ، بێ کەسری و نوقسان

هەردووکیان بۆ من، گا سوور و گا ڕەش
دوو سەگمان هەیە بۆ تۆ لە جێی بەش

نە کای بۆ بێنە، نە جێی بماڵە
هیچ ئەرکیان نییە، ئەو دوو گەماڵە

شەو تا بەیانی بە جووت ئەوەڕن
حەلەلیان لێ ئەکەی، سک پیاو ئەدڕن

برا وا ماڵمان تەواوی بەش کرد
هەموو بە زیاد و بەشی خۆتت برد

ئەلحەمدوولیللا بە بێ دڵ یەشان
جیا بووینۆ لە یەک، بە سەهل و ئاسان

هەرچەن مەغدوور بووم، بەشی تۆ زۆرە
لە بەر تانەی عام، ڕازیم بەم جۆرە

با، خەڵقی نەڵێن: بڕوانە حاڵی
تەماعی کردە برای منااڵی!

دیوانی قانع، خەلیفە شوکڕوڵڵا دووهاڕووت، لاپەڕە ٩٧ و ٩٨.

زیباتر آنچه مانده ز بابا از آن تو
بَد ای برادر از من و اعلا از آن تو

این تاس خالی از من و آن کوزه‌ای که بود
پارینه پر ز شهدِ مصفّا از آن تو

یابوی ریسمان گسلِ میخ کن ز من
مهمیز کله تیز مطلا از آن تو

آن دیگ لب شکستهٔ صابون‌پزی ز من
آن چمچهٔ هریسه و حلوا از آن تو

این غوچ شاخ کج که زند شاخ، از آن من
غوغای جنگ غوچ و تماشا از آن تو

این استر چموش لگد زن ازآن من
آن گربهٔ مصاحب بابا از آن تو

از صحن خانه تا به لب بام از آن من
از بام خانه تا به ثریا از آن تو

وحشی بافقی، قطعات، ماندهٔ بابا.

قەل و بولبول

جارێک بولبولێک لەگەڵ قەلی ڕەش
لەناو ڕکەیەک کرانە هاوبەش

بولبول دەگریا بە بانگ و هاوار
چۆن بوومە یاری هاوسای نالەبار!

بولبول لەگەڵ قەل چۆن ڕێک ئەکەوێ
من گوڵپەرستم ئەو لاکی دەوێ

جێی من دەبوایە لەناو چیمەن با
بەرچاوم جوانتر چاوگە و دیمەن با

لەگەڵ بولبولان لەسایەی چڵان
بمانخوێندایە بەرەو ڕووی گوڵان

چاوبرکێنەم با دەگەل گوڵی ئاڵ
کەی دەهاتە بیر ئەم ژیانی تاڵ؟

چاوم هەڵدێنم ڕووڕەش دیمەنە
چۆنی بدوێنم دەمی بۆگەنە

گەردوون کردووتم لە ژین هەراسان
دەسا بمدەیە مەرگێ بەهاسان
***
قاڵاو لە بولبول پتر پەشێو بوو
لە بەر چاوی ئەو بولبول دزێو بوو

دەیوت: خودایە گوناهم چی بوو
گۆشتی کەرەکەی عیسام دزیبوو؟

کەوتوومە زیندان لەگەڵ ئەم چووکە
ئەو چەقەسرۆیە، ئەو هەرزە و سووکە

لەو چەنەبازە، لەو هەڵەوەڕە
مێشک و سەر گێژە گوێم کپ و کەڕە

دڵداری گوڵە کڕیاری بۆنە
زامی پشتی کەر نازانێ چۆنە

چارەم ڕەش بووە وەک پەڕوباڵم
لەو ساوە بولبول بۆتە هەواڵم

ئاخ بۆ ئەو ڕۆژەی منی شۆخ و شەنگ
لەگەڵ چەند قەلی هاودەنگ و هاوڕەنگ

لەناو دێبەران لە دەشت و دەران
قڕقڕمان دەکرد لە دەوری کەران

چارەم لە چارەی بولبولان نایە
زۆر پیس پێوەبووم، مەرگێک خودایە

سەیرە لەو دنیا پان و بەرینە
هەرکەس کاری خۆی لە لا شیرینە

هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٥٥ و ٢٥٦.

حکایت طوطی و زاغ

طوطی ای با زاغ در قفس کردند و از قُبح مشاهدهٔ او مجاهده می‌برد و می‌گفت این چه طلعت مکروه است و هیأت ممقوت و منظر ملعون و شمایل ناموزون!
یا غُرابَ البَینِ یا لَیتَ بَینِی و بَیْنَکَ بُعدَ المَشرِقَینِ!: [ای زاغ فراق! کاش میان من و تو به دوری مشرق و مغرب بود].

علی‌الصّباح به روی تو هر که برخیزد
صباح روز سلامت بر او مسا باشد

بداختری چو تو در صحبت تو بایستی
ولی چنین که تویی در جهان کجا باشد

عجب آنکه غُراب از مجاورت طوطی هم بجان آمده بود و ملول شده، لاحول کنان از گردش گیتی همی نالید و دست‌های تغابن بر یکدیگر همی مالید که: این چه بخت نگون است و طالع دون و ایّام بوقلمون! لایق قدر من آنستی که با زاغی به دیوار باغی بر خرامان همی رفتمی.

پارسا را بس این قَدَر زندان
که بود هم طویلهٔ رندان

بلی! تا چه کردم که روزگارم به عقوبت آن در سلک صحبت چنین ابلهی خود رأی ناجنس خیره درای به چنین بند بلا مبتلا گردانیده است!

کس نیاید به پای دیواری

که بر آن صورتت نگار کنند

گر ترا در بهشت باشد جای
دیگران دوزخ اختیار کنند

این ضرب‌المثل بدان آوردم، تا بدانی که صد چندان که دانا را از نادان نفرت است، نادان را از دانا وحشت است.

زاهدی در سماعِ رندان بود
زان میان گفت شاهدی بلخی

گر ملولی ز ما تُرُش منشین
که تو هم در میان ما تلخی

جمعی چو گل و لاله به هم پیوسته
تو هیزمِ خشک در میانی رَسته

چون باد مخالف و چون سرما ناخوش
چون برف نشسته‌ای چون یخ بسته

□ سعدی، گلستان، باب پنجم، حکایت ۱۳.

□داری بێبەر

بیستووته جارێ بەرزەچنارێ
دەینالّان لە دەس تەشوێ و مشاری

دەیگوت: مەمبڕن بۆ دەم شکێنن
بۆ لقوپۆپ و ڕیشەم دەردێنن

بەژنی بەرزی من دەکەن بە موورە
بۆ دەستەچیلەی ئاوری کوورە

بزەی هات ئاور: مەناڵە چنار
دەڵێن بێکەڵکە، بەری نەبێ دار

تەور هاتە جواب: تاوان باری تۆ
چونکە بێبەری، بێدەنگ، نەڵێی بۆ؟!

ئەمە قانوونە هەرچەندە سەختە
دار بەری نەبێ دەیکەن بە تەختە

ئینسانیش نەیبێ زانیاری و هونەر
خەسارە ژینی وەک داری بێبەر

وتەی بێعەمەل نیەتی حاسڵ
کردەوەت باش کە؛ لەبری قسەی زل

وەرگێڕ: سەعدەددین خوسرەوی. بە کورتکراوەیی.

درخت بی‌بر

آن قصه شنیدید که در باغ، یکی روز
از جور تبر، زار بنالید سپیدار

کز من نه دگر بیخ و بنی ماند و نه شاخی
از تیشهٔ هیزم شکن و ارهٔ نجار

این با که توان گفت که در عین بلندی
دست قدرم کرد به ناگاه نگونسار

گفتش تبر آهسته که جرم تو همین بس
کاین موسم حاصل بود و نیست ترا بار

تا شام نیفتاد صدای تبر از گوش
شد توده در آن باغ، سحر هیمهٔ بسیار

دهقان چو تنور خود ازین هیمه برافروخت
بگریست سپیدار و چنین گفت دگر بار

آوخ که شدم هیزم و آتشگر گیتی
اندام مرا سوخت چنین ز آتش ادبار

هر شاخه‌ام افتاد در آخر به تنوری
زین جامه نه یک پود بجا ماند و نه یک تار

چون ریشهٔ من کنده شد از باغ و بخشکید
در صفحهٔ ایام، نه گل باد و نه گلزار

از سوختن خویش همی زارم و گریم
آن را که بسوزند، چو من گریه کند زار

کو دولت و فیروزی و آسایش و آرام
کو دعوی دیروزی و آن پایه و مقدار

خندید برو شعله که از دست که نالی
ناچیزی تو کرد بدینگونه تو را خوار

آن شاخ که سر بر کشد و میوه نیارد
فرجام بجز سوختنش نیست سزاوار

جز دانش و حکمت نبود میوهٔ انسان
ای میوه‌فروش هنر، این دکه و بازار

از گفتهٔ ناکردهٔ بیهوده چه حاصل
کردار نکو کن، که نه سودیست ز گفتار

آسان گذرد گر شب و روز و مه و سالت
روز عمل و مزد، بود کار تو دشوار

از روز نخستین اگرت سنگ گران بود
دور فلکت پست نمیکرد و سبکسار

امروز، سرافرازی دی را هنری نیست
میباید از امسال سخن راند، نه از پار

□ پروین اعتصامی
□هەڵۆ

ڕۆژێکی هەڵۆیەک بە هەوای ڕاوە کەوێکی
دەوروبەری دەڕوانی لە سەر دوندی گەوێکی

دوای سووکە سرنجێ لە پەڕوباڵ و پەلی خۆی
شانازی بە هێز و قەوەتی هۆز و گەلی خۆی

ڕووی کردە چیای بەرز و لە هاڕەی پەڕوباڵی
پۆلی پەلەوەر تێکەوەت ئاهۆی کەڕولاڵی

هەر مەوجی هەوا بوو لە شەقەی باڵی دەهاژان
هەر لەو دەمەوە بەرزەفڕی چۆ سەفی واژان

لەو بەرزییە را سێبەری شاباڵی لە عەرزی
دیت و وتی: ئەوڕۆکە منم لەو پەڕی بەرزی

باڵوپەڕی پەڕوازی مە تەعزیمی ڕەوایە
مولکی زەوی ئەوڕۆکە لە ژێر باڵی مە دایە

جووڵەی پەڕی مێشوولە لە نێو پووش و پەڵاشا

حاشار و بزر بوونی لە بەر چاوی مە حاشا

موویەکی لە سەر بەحرێ ببینم بە قەوەی چاو
پێشانی دەدەم سێبەری ئەو موویە لە بن ئاو

کێ وەک منە لەو عالەمە پەروازی بڵێ کەس
گەر قەقنەسە گەر بازە چ عەنقایە چ کەرکەس

ناگا لە کەلێنێکەوە ئەنگێوە جەوانێ
بۆ پۆلی کەوان، تیرێ حەوادا لە کەوانێ

ئەو تیرە کە دەرچوو لە کەوان کردی کەوانە
لایدا لە کەوان باڵی هەڵۆی کردە نیشانە

وەختێکی کە دی تیری پەڕاوێژ بە پەڕی خۆی
دەیگوت: هەموو کەس خۆیەتی هۆی خێر و شەڕی خۆی

تاسا بوو لە تیژ تێپەڕی تیرئاسن و دارێ
چۆن گەییە من دەیگوت لە سەرووی خەتتی مەدارێ

ئەو غەڕەییەی پیرە هەڵۆ کردی بە باڵی
تیرێک بوو لە بن باڵی درا، بوو بەوە باڵی

سوڵتانی سەربەرەژێر بۆوە نشێوێ
کێت دیوە بە دەعیە و غەڕەیی ماڵی نەشێوێ

دوێ تەختی لە سەر تەوقی سەری سەوزی چیا بوو
ئەورۆ لەشی زاماری لە سەر خاکی سیا بوو

□ ماموّستا حەقیقی، کۆلکەزێڕینە، لاپەڕە ٧٨ و ٧٩ .

□از ماست که بر ماست

روزی ز سر سنگ عقابی به هوا خاست
از بهر طمع بال و پر خویش بیاراست

بر راستی بال نظر کرد و چنین گفت:
امروز همه روی زمین زیر پر ماست

گر اوج بگیرم بپرم از نظـر شید
می‌بینم اگر ذره‌ای اندر تک دریاست

گر بر سر خـاشاک یکی پشه بجنبد
جنبیدن آن پشه عیان در نظر ماست

بسیار منی کـرد و ز تقدیر نترسید
بنگر که ازین چرخ جفاپیشه چه برخاست

ناگـه ز کـمینگاه یکی سـخت‌کمانی
تیری ز قضاوقدر انداخت بر او راست

بـر بـال عـقاب آمـد آن تیر جـگردوز
وز ابر مر او را به سوی خاک فرو کاست

بر خـاک بیفتاد و بغلـتید چو ماهی
وانگاه پر خویش کشید از چپ و از راست

گفتا: عجب‌است این که ز چوب‌است و ز آهن
این تیزی و تندی و پریدنش کجا خاست

زی تیر نگه‌کرد و پر خویش بر او دید
گفتا: ز که نالیم که از ماست که بر ماست

"حجت" تو منی را ز سر خویش به در کن

بنگر به عقابی که منی کرد چها خواست

□ابومعین ناصر بن خسرو قبادیانی بلخی.

□بۆنی مەیل

که مرد لەیلا خەبەریان دا به مەجنوون
ئیتر دنیا لەبەر چاوی نەما ڕوون

یەخەی لەت کرد به ڕۆڕۆ و دادوهاوار
به شیوەن ڕۆیی بۆ لای مەقبەرەی یار

له گۆڕستان منالێکی بەدی کرد
به چاوی سوورەوە پرسی بەوی کرد

گوتی: لەیلا لەناو کام گۆڕە مەدفوون
وتی: هێشتا له عیشقا کاڵی مەجنوون

لەسەر هەر گۆڕێ تۆزێ گڵ جیا که
بەیادی عیشقەوە بۆنی پیا که

لەهەر خاکێ که بۆنی مەیلی لێهات
وەسەر که خاکوخۆڵ ئەو جێیە جێگات

□هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٨٤ و ٢٨٥.

□بوی عشق

شنیدستم که مجنون دل افگار
چو شد از مردن لیلی خبردار

گریبان چاک زد با آه و افغان

بسوی تربت لیلی شتابان

در آنجا کودکی دید ایستاده
به هر سو دیده‌ی حسرت گشاده

نشان قبر لیلی را از او جست
پس آن کودک بخندید و بدو گفت

تو ای مجنون ترا گر عقل بودی
ز من کی این تمنا می‌نمودی

میان قبرها را جستجو کن
ز هر مرقد کفی از خاک بو کن

ز هر خاکی که بوی عشق برخاست
یقین کن تربت لیلی همان جاست

تو هم "واقف" در این دیر جگرسوز
رموز عشق از آن کودک بیاموز

ملا پناه واقف

کەری کوڵ

کەرێکی بێ کلک و کوڵ
زۆر پەژارەی کەوتە دڵ

ڕووی نەبوو لە هیچ دەران
بچتە ناو کۆڕی کەران

کەری دێز و کەری شین
قاقا پێی پێدەکەنین

گرتی ڕێگای دەشت و چۆڵ
بە زەڕەزەڕ بە سمکۆڵ

هەرگیز نەدەلەوەڕا
هەر بۆ کلکێک ئەگەڕا

ڕێگای کەوتە بەر پاڵێک
کەوتبووە سەر خەیاڵێک

دەیگوت: بەڵکوو لەو ناوە
شەتڵە کلک چەقاوە

دەیڕوانی و بۆنی دەکرد
هەر بیری کلکی دەبرد

خاوەن زەوی پێی زانی
دەست بە تێلای گاوانی

کەری کوتا خوری شۆر
لەخۆین سوور بوو ملی بۆر

سەر بەرەژێر لێی خوڕی
دوو گوێی لە بندا بڕی

کەری بێچارەی زەبوون
کلک نەبوو گوێشی چوون

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٣٢ و ٢٣٣.

□آرزوی خر دُم بریدە

بوده است خری که دُم نبودَش
روزی غمِ بی دُمی فُزودَش

در دُم‌طلبی قَدَم همی زد
دُم می‌طلبید و دَم نمی‌زَد

یک رَه نه زِ رویِ اختیاری
بُگذشت میانِ کِشتزاری

دهقان مَگَرَش زِ گوشه‌ای دید
بَرجَست و از او دو گوش بُرید

بیچاره خر آرزویِ دُم کرد
نایافته دُم دو گوش گُم کرد!

□ دیوان ایرج میرزا، دکتر محمد جعفر محجوب، ص ۱۵۸.

□ دەمی نایگاتێ

هێشووی ترێ بە دارەوە
ڕێوی دەیدی لە خوارەوە

دەیزانی دەمی نایگاتێ
ئارەزوو، تڕێی ناداتێ

پێ‌هەڵچونیش بۆی ناکرێ
دەیگوت: زۆر ترشە ناخورێ

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ۲٤۲.

پەندی پێشینیان:
ــ ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ! دەیکوت: پەککوو ترشە.

روباه و انگور

رفت روباهی به تاکستان سبز
بی‌جواز و بی‌بیلیت و فیش و قبض!

خوشه‌ها از شاخه‌ها آویخته
شهدها از حبّه‌هایش ریخته

خوشه‌ها بالای دیواری بلند
در امان از دست دزد و از کمند

گفت روبه: ای خدا یاری بکن
[تا خورم انگور را کاری بکن]

هیچ چیزی بهتر از انگور نیست
واقعاً شد ثمره‌ی انگور بیست

روبهک با آن دهان بس گشاد
زیر پایش یک عدد آجر نهاد

بود کوته دست او با این همه
ماند حسرت در دلش یک عالمه

گفت روبه: کاش دستم بود بیل
دست ما کوتاه و خرما بر نخیل

روبهک عاجز شد و قدری گریست
گفت چیزی بدتر از انگور نیست

شاعر: ؟

ضرب‌المثل :
ــ گربه دستش به گوشت نمی‌رسد، می‌گوید بو می‌دهد!
ــ روباه، دستش به انجیر نمی‌رسد می‌گوید کپک زده است.

دەسەڵاتی خودا

باڵندە چۆن فڕین دەبن؟
هەڵفڕین و جووکەجووک
هێلانەچۆن ساز دەکا؟
چۆلەکەی دەنووک بچووک

هەورەکان چۆن یەک دەگرن؟
بارانە چۆن دەبارێ؟
مانگ و ڕۆژ چۆن بێوچان
دێن سبەینێ و ئێوارێ؟!

بە زەینم دا دێ بە پۆل
پرسیار، شەپۆل ـ شەپۆل
کێ ئاوا سازی کردوون؟
ئاو و ئاگر، شنە و خۆڵ!

پرسیم لە مامۆستاکەم
بۆ جوابم ئاوای فەرموو:
دیاردەی قودرەتی خودان
ژیان و جیهان هەموو

وەرگێڕ: سەعدەددین خوسرەوی
@saadkhosravi

نشانەهای خدا

گنجشک ناز و کوچک

پرواز از که آموخت؟
آن بلبل خوش‌آواز
آواز از که آموخت؟

آن ابر را که آورد؟
باران چگونه بارید؟
کی ماه رو صدا زد
وقتی که رفت خورشید؟

در ذهن کوچکم بود
صد پرسش و معمّا
تا گفت در جوابم
آموزگار دانا

خورشید و ابر و باران
پرواز و ماه و لبخند
هر یک نشانه‌ای است
از قدرت خداوند

□ نسرین صمصامی

□هاوڕێی خراپ

قەڵەباچکەیەک لە گەڵ بوڵبوڵێ
بوون بە دراوسێ لە باخچەی گوڵێ

کە وەختی بەیان تلووع دەرئەکەوت
بوڵبوڵی هەژار ئیتر نە ئەسرەوت

بە ئاوازی خۆش بە نەغمەی حەزین
دار و دیواری ئەهێنا گرین

وەک ئازیزمردوو لە سەر پەڕەی گوڵ
سەدای چەهچەهەی ئەیدا لە ناودڵ

هەر تاوێ دەنگێ، هەر سات مەقامێ
هەر کاتێ شێعرێ، هەر دەم کەلامێ

موختەسەر بوڵبوڵ بە گریە و زاری
پیاوی سەوق ئەکرد بۆ بێقەراری

قەلەباچکەکە زۆر پێی ناخۆش بوو
لەداخی بوڵبوڵ دایم بێهۆش بوو

ئەیوت: ئەی خوا بەختم بۆ وایە؟
بۆ بووم بە هاوڕێی ئەم بێحەیایە؟

ئەگەر بەدبەختی و بێشانسی نەبێ!
ئاخۆ من لە کوێ و ئەم سازنە لە کوێ؟

خوایە نامەوێ هێلانەی ناو گوڵ
بەو شەرتە نەبم بە هاودەم بوڵبوڵ

لایەق شەئنی من گەر خودا بیدا
کەرێ بتۆپێ لە قەراخ دێدا

لە بەین سەگەل دا کوتێ بڕفێنم
تا دەمم ئەگرێ بۆ خۆم بقڕێنم

بوڵبوڵیش ئەیوت: خوای بانی سەر
مردن خۆشترە لە ڕەفیقی کەر

خۆزگەم بەو کەسەی بۆ خۆی مردووە
لە هاوڕێیی کەر نەجاتی بووە

چەن خۆشە کە من نەغمە بخوێنم
دەماری خەفەت لە دڵ دەربێنم

ڕەفیقەکەیشم یا خوێندەوار بێ
یاخۆ عەوامێ ژیر و هۆشیار بێ

ئێستە ئەم کەرەم چۆن بۆ تێبگات؟
چۆن تێی گەیەنم لە ئەدەبییات؟

چۆن تێی گەیەنم کە ئەدیب چاکە؟
کە پیاوی ئەدیب خادم بە خاکە

هەر بە ئەدیبە لاچوونی میحنەت
هەر بە ئەدیبە هۆشیاری میللەت

هەر قەومێ قەدری ئەدیبی زانی
ئەگاتە مەقسەد زۆر بە ئاسانی

گەر ئەدیب نەبێ میللەت مردووە
هەر بژی ئەدیب، ئەدیب زیندووە

□ دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: خەلیفە شوکڕوڵڵا دووهاڕووت، لاپەڕە ١٠٣ و ١٠٤. لاپەڕە ٢٥٥ و ٢٥٦.

□حکایت طوطی و زاغ

طوطی ای با زاغ در قفس کردند و از قُبح مشاهدهٔ او مجاهده می‌برد و می‌گفت این چه طلعت مکروه است و هیأت ممقوت و منظر ملعون و شمایل ناموزون!
یا غُرابَ البَینِ یا لَیتَ بَینِی و بَیْنَکَ بُعدَ المَشرِقَینِ!: [ای زاغ فراق! کاش میان من و تو به دوری مشرق و مغرب بود].

علی الصّباح به روی تو هر که برخیزد
صباح روز سلامت بر او مسا باشد

بداختری چو تو در صحبت تو بایستی
ولی چنین که تویی در جهان کجا باشد

عجب آنکه غُراب از مجاورت طوطی هم بجان آمده بود و ملول شده، لاحول کنان از گردش گیتی همی نالید و دست‌های تغابن بر یکدیگر همی مالید که: این چه بخت نگون است و طالع دون و ایّام بوقلمون! لایق قدر من آنستی که با زاغی به دیوار باغی بر خرامان همی رفتمی.

پارسا را بس این قَدَر زندان
که بود هم طویلهٔ رندان

بلی! تا چه کردم که روزگارم به عقوبت آن در سلک صحبت چنین ابلهی خود رأی ناجنس خیره درای به چنین بند بلا مبتلا گردانیده است!

کس نیاید به پای دیواری
که بر آن صورتت نگار کنند

گر ترا در بهشت باشد جای
دیگران دوزخ اختیار کنند

این ضرب‌المثل بدان آوردم، تا بدانی که صد چندان که دانا را از نادان نفرت است، نادان را از دانا وحشت است.

زاهدی در سماعِ رندان بود
زان میان گفت شاهدی بلخی

گر ملولی ز ما تُرُش منشین
که تو هم در میان ما تلخی

جمعی چو گل و لاله به هم پیوسته
تو هیزمِ خشک در میانی رَسته

چون باد مخالف و چون سرما ناخوش
چون برف نشسته‌ای چون یخ بسته

 سعدی، گلستان، باب پنجم، حکایت ۱۳.

ڕێوی بەفیشاڵ

سەر لەبەیان تاو هەڵات
مام ڕێوی لە کون دەرهات

لە سێبەری خۆی ڕوانی
بەدرێژایی و بە پانی

خۆی ئازا هاتە بەر چاو
دەستی کرد بە چاووڕاو

گوتی: وا بۆ ڕاو ئەڕۆم
هیچ نەبێت شێرێک ئەخۆم

گەڵێ کردی ملۆمۆ
تا ڕۆژ هاتە نیوەڕۆ

سێبەر گەییە بەرسنگی
هیچی نەکەوتە چنگی

دیتی زۆری برسییە
دەیگوت: تەماح باش نییە

هەر مشکێکم دەس کەوێ
بەسمە و زگم دەسرەوێ

خەیاڵ جێی نان ناگرێ
شێر بە ڕێوی ناخورێ

□هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٣٥ و ٢٣٦.

□ڕوباە و سایەاش

صبحگاه، که خورشید طلوع می‌کرد، روباهی از لانه‌اش بیرون آمد و به سایه‌اش نگریست و با تعجب گفت: «امروز شتری را خواهم خورد!» سپس به راهش ادامه داد و تا ظهر به دنبال شتر گشت.
اما ظهر دگر بار به سایه‌اش نگریست و گفت: «آری، یک موش برایم کافی است«!

□هەژار، هەر هەژارە

مێشوولەیێکی لاواز، لە بەخت و ژین نەڕازی
ڕووی کردە لای سلێمان بە نیازی دادخوازی

هاوار و داد لەدەس با، مەودا بە ئێمە نادا
زۆرداڕە پێی بفەرموو با "با" لە ئێمە لادا

فەرمووی گلەی بەتەنیا لای ئێمە سوودی نابێ
پێویستە هەردوو لا بێ، بڵێ بە با کە بابێ

مێشوولە چوو لە دووی با، با هات و پێشی ڕادا
بە ویزەویز ئەنالّی لە کاتی گیانەڵادا

بێزۆر لە ڕاستی زۆردار ڕەواشی نارەوایە
هەتا جیهان جیهانە مێشولە دیلی بایە

هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ۲۷۵ و ۲۷٦.

داد خواستن پشّه

پشّه آمد از حَدیقه وز گیاه
وز سلیمان گشت پشّه دادخواه

کای سلیمان مَعدلت می‌گستری
برَ شیاطین و آدمَی‌زاد و پری

مرغ و ماهی در پناه عدل توست
کیست آن گُم‌گشته کِش فضلت نجُست

داد دِه ما را که بس زاریم ما
بی‌نصِیب از باغ و گلزاریم ما

مشکلات هر ضعیفی از تو حل
پشّه باشد در ضعیفی خود مثل

داد دِه، ما را ازین غم کن جدا
دستَ گیر ای دست تو دست خدا

پس سلیمان گفت: ای انصاف‌جو!
داد و انصاف از که می‌خواهی؟ بگو

گفت پشّه: دادِ من از دست باد
کو دو دستِ ظَلم بر ما بر گشاد

ما ز ظلم او به تنگی اندریم
با لب بسته، از او خون می‌خوریم

پس سلیمان گفت: ای زیبا دَوی
امرِ حق باید که از جان بشنوی

حق به من گفت است: هان! ای دادور
مشنو از خصمی تو، بی خصمی دگر

تا نیاید هر دو خصم اندر حضور
حق نیاید پیش حاکم در ظهور

خصم تنها، گر بر آرد صد نفیر
هان و هان! بی خصم قول او مگیر

من نیارم رو ز فرمان تافتن
خصم خود را رو بیاور سوی من

گفت: قول توست برهان و درست
خصم من باد است و او در حکم تست

بانگ زد آن شه که: ای باد صبا
پشّه افغان کرد از ظلمت، بیا

هین! مقابل شو تو و خصم و بگو
پاسخ خصم و بکن دفع عدو

باد چون بشنید، آمد تیز تیز
پشّه بگرفت آن زمان راه گریز

پس سلیمان گفت: ای پشّه! کجا؟
باش تا بر هر دو رانم من قضا

گفت: ای شه مرگ من از بودِ اوست
خود سیاه این روز من از دودِ اوست

او چو آمد، من کجا یابم قرار؟
کو برآرد از نهادِ من دِمار

□ مولوی، مثنوی معنوی، دفتر ۳.

□گۆڕە یان ماڵە

تەرمی هەژارێک دەچوو بەرەو گۆڕ
کوڕ بۆی ئەگریا هاوار و گابۆڕ:

باوە گیان! دەتبەن بۆ کونێکی تەڕ
نە چرای لێیە و نە حەسیر نە بەڕ

نە نان و نە ئاو نە هاوەەم نە یار
تەنگ و تاریک و پڕ لە مشک و مار

منااڵێک بیستی و بەهەڵەداوە
ڕایکردە ماڵ و بانگی کرد: باوە

سەرباری دەرد و ژیانی تاڵمان
کەلاکە مردووش ئەهێننە ماڵمان!

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ۲٦۵.

□قصهٔ جوحی و کودکِ پدرمرده

کودکی در پیش تابوتِ پدر
زار می‌نالید و بر می‌کوفت سر

کای پدر! آخر کجاآت می‌برند؟
تا ترا در زیر خاکی بفشرند

می‌برندت خانه‌ای تنگ و زَحیر!
نی درو قالی و نه در وی حصیر

نی چراغی در شب و نه روز نان
نه درو بوی طعام و نه نشان

نی درِ معمور، نی بر بام راه
نی یکی همسایه کو باشد پناه

چشم تو که بوسه‌گاهِ خلق بود
چون شود در خانه‌یی کور و کبود؟

خانه‌یی بی‌زینهار و جای تنگ
که درو نه روی می‌ماند نه رنگ

زین نَسَق اوصافِ خانه می‌شمرد
وز دو دیده اشکَ خونین می‌فشرد

گفت جوحی با پدر: ای ارجمند
وَاللهَ این را خانهٔ ما می‌برند

گفت جوحی را پدر: ابله مشو
گفت ای بابا نشانی‌ها شنو

این نشانی‌ها که گفت او یَک به یَک
خانهٔ ما راست بی تردید و شک

نه حصیر و نه چراغ و نه طعام
نه درش معمور و نه صحن و نه بام

□ مولوی، مثنوی معنوی، دفتر ۲، ابیات ۳۱۲۷ ـ ۳۱۳۸.

ەکەر و گا

شەوێ گا وتی بە کەر:
وەرە بمکە چارەسەر

بێوچان و سانەوەم
پەیتا لە چرووسانەوەم

هەر وەرد و شێو بڕینە
جەرگی زەمین دڕینە

سێ گاسنە و چاندنە
ئەمجا دەبمە گای بنە

خۆ لەبەر تۆزی گێرە
چاوم پرووش و کوێرە

کەر وتی: خۆ نەخۆش کە
خۆت کرووشمە و پەرۆش کە

ئەگەر خێو هاتە گەوەڕ
دەمت مەبە بۆ لەوەڕ

خێو دیتی گا ناسازە
نالەوەڕێ و لاوازە

تێگەیی فیکی کەرە
بۆ تەنبەڵی ڕێبەرە

کەری کێشایە بەر نیر
با ماندوو بێ کەری پیر

تا ئێوارە بە تێڵا
زەوی ڕەقیان پێ کێڵا

هاتەوە شل و شەکەت
ها ئێستا ببێ سەکەت

گا پرسی: چۆنی کاکە؟
وتی: دڵم خەمناکە

ئەمڕۆ ئاغا دەیفەرموو
ئەگەر گا هەر نەخۆش بوو

ناچارم سەری ببڕم
گاجووتی دیکە بکڕم

گا ڕاپەڕی زۆر لە گۆڕ
ماشتی قەسەڵی ئاخوڕ

پرزە و گزرە و کا گشتی
کلکی نایە سەر پشتی

چاپک لە ڕەوت و بازا
ساغتر لە گوێزی ئازا

گایان دەردەکردە چۆڵ
ورتەی بوو کەر لەسەر مۆڵ:

لەو هەڵەوەڕیەم گەڕێم
دەشنووم و دەشلەوەڕێم

گا دەیگوت لە هێڵی شێو:

چەند بە نرخە وتەی خێو

ژیان بۆ کارکردنە
تەنبەڵ بەشی مردنە

هەژار بۆ کوردستان،لاپەڕە ۲۳۱ و ۲۳۲.

خر و گاو

یکی بود یکی نبود غیر از خدا هیچکی نبود. یک روستایی یک خر و یک گاو داشت که آنها را با هم در طویله می‌بست خر را برای سواری نگاه می‌داشت اما گاو را به صحرا می‌برد و به خیش می‌بست و زمین شخم می‌زد و در وقت خرمن کوبی هم گاو را به چرخ خرمنکوبی می‌بست و به کار وا می‌داشت.
یک روز که گاو خیلی خسته بود وقتی به خانه آمد هی با خود حرف غرولند می‌کرد .
خر پرسید: «چرا ناراحتی و با خود حرف می‌زنی؟» گاو گفت: «هیچی، شما خرها به درد دل ماها نمی‌رسید، ما خیلی بدبخت‌تریم.» خر گفت: «این حرف‌ها کدام است. تو بار می‌بری ما هم بار می‌بریم بهتر و بدتر ندارد و فرقی نمی‌کند.» گاو گفت: «چرا، خیلی هم فرق دارد. خر را برای سواری و می‌خواهند ولی دیگر هیچ کاری با شما ندارند ولی ما باید زمین شخم بزنیم، موقع خرمن هم چرخ خرمنکوبی را بگردانیم، چرخ عصار را هم بچرخانیم، شیر هم بدهیم، تازه آخر سر هم سروکارمان با قصاب می‌افتد.
همین امروز اینقدر شخم زده‌ام که پهلوهایم از فشار گاوآهن درد می‌کند، نمی‌دانم چه گناهی کرده‌ام که این طور گرفتار شده‌ام.» خر دلش سوخت و گفت: «حق با تو است. می‌خواهی یک کاری یادت بدهم که دیگر تو را به صحرا نبرند و از خیش زدن راحت بشوی؟» گاو گفت: «نمی‌دانم، می‌گویند خرها خیلی نفهمند و می‌ترسم یک کار احمقانه‌ای یادم بدهی و به ضرر تمام شود.» خر گفت: «نه داداش، ما آنقدرها که مردم می‌گویند خر نیستیم و براي همین است که ما را به خیش زنی و چرخ‌گردانی نمی‌برند. حالا تو یک دفعه نصیحت مرا امتحان کن ببین چه می‌شود. تا آنجا که من می‌دانم مردم کارهای سخت را به گردن گاوهای زورمند و سالم می‌گذارند و تو هم هر چه بهتر کارکنی بیشتر ازت کار می‌کشند. به عقیده من باید خودت را به بیماری

بزنی و آه و ناله کنی و از راه رفتن خود داری کنی، هیچ کس هم به زور نمی‌تواند از کسی کار بکشد «.
گاو گفت: «خوب، آن وقت چوب را بر می‌دارند و می‌زنند.» خر گفت: «به عقیده من کمی کتک خوردن از بسیاری کارکردن بهتر است. اصلاً پیش از راه رفتن باید جلوش را گرفت. صبح که می‌آیند تو را به صحرا ببرند باید یک پهلو روی زمین دراز بکشی و باع باع را سربدهی. چهار تا هم ترکه بهت می‌زند و وقتی دیدند از جایت تکان نمی‌خوری ولت می‌کنند.» گاو گفت: «راست می‌گویی، با همه نفهمی اینجا را خوب فهمیدی «.
فردا صبح گاو پهلو روی زمین دراز کشید و شروع کرد به آه و ناله کردن. هر قدر هم مرد روستایی کوشش کرد نتوانست او را سرپا بلند کند. ناچار از طویله بیرون رفت تا فکر دیگری بکند. خر گفت: «نگفتم! دیدی چه کار خوبی یادت دادم؟ باز هم بگو خرها نمی‌فهمند!» چند دقیقه گذشت و مرد دهقان که گاو دیگری پیدا نکرده بود به طویله برگشت و دهنه و افسار را به سر خر زد و او را بیرون برد. خر وقتی داشت بیرون می‌رفت به گاو گفت:«فراموش نکن که تو باید تا شب همین طور خودت را بیمار نشان بدهی وگرنه ممکن است وسط روز بیایند تو را به صحرا ببرند«.
گاو گفت: « از راهنمایی شما متشکرم. خداوند عمر و عزّت شما را زیاد کند.»
مرد روستایی آن روز خر را به جای گاو به صحرا برد و به خیش بست و تا شب زمین شخم زد. خر با خودش فکر کرد: «آمدم برای گاو ثواب کنم خودم کباب شدم، راستی که عجب خری هستم. یک کسی به من بگوید نانت نبود، آبت نبود، نصیحت کردنت چه بود.» خر قدری کار می‌کرد و هر وقت به یاد گاو می‌افتاد و از کار خسته می‌شد از راهنمایی خود پشیمان می‌شد و با خود می‌گفت«عجب خری هستم من». نزدیک ظهر خیلی خسته شد و باخود گفت خوب است حالا خودم هم به نصیحت خودم عمل کنم. همان جا گرفت خوابید و عرعر خود را سرداد .
مرد دهقان رفت یک تکه چوب برداشت و آمد شروع کرد به زدن خر و گفت: «خر نفهم، می‌بینی گاو مریض است تو هم حالا تنبلی می‌کنی؟ گاو را برای شیرش رعایت می‌کنم اما تو را با این چوب می‌کُشم. نه شیرت به درد می‌خورد نه گوشتت، پس آن کاه و جو را برای چه می‌خوری، اگر این یک روز هم کار نکنی نبودنت بهتر است.» خر دید وضع خیلی خطرناک است بلند شد و اول کمی با ناراحتی و بعد هم گرم کار شد و تا شب کارش را به

انجام رساند و هی با خود می‌گفت: «عجب خری هستم من، عجب کاری دست خودم دادم، باید بروم با یک حیله‌ای دوباره گاو را به صحرا بفرستم «.
شب شد خر آمد به طویله و با اینکه نمی‌خواست گاو خسته شدن او را بفهمد با وجود این زیر لب همان طور که عادت کرده بود داشت می‌گفت: «عجب خری هستم، عجب خری هستم.» گاو این را شنید و گفت: «نه خیر شما هیچ هم خر نیستی و مخصوصاً این کاری که امروز به من یاد دادی خیلی خوب بود.» خر گفت: «تو همه چیز را نمی‌دانی و همین خوابیدن توی طویله را فهمیده‌ای، ولی امروز یک چیزی فهمیدم که به خاطر تو خیلی غصه خوردم.» گاو گفت: «هان، اگر به صحرا رفته باشی حالا می‌دانی که چقدر شخم زدن زمین مشکل است.» خر گفت: «ولی برعکس، من رفتم و دیدم که کار مشکلی نیست، خیلی هم راحت بود.
اما از یک موضوع دیگر غصه خوردم که می‌ترسم به تو بگویم ناراحت بشوی«.
گاو پرسید: «هان! چه موضوعی؟ بگو نترس من ناراحت نمی‌شوم.» خر گفت: «هیچی، صاحب ما امروز بعد از ظهر به رفیقش می‌گفت که برای کار صحرا خر خیلی بهتر است. گاو هم بیمار است و می‌ترسم از دست برود، می‌خواهم فردا گاو را به قصاب بفروشم تا دست کم گوشتش حرام نشود.» خر به دنبال حرف خود گفت: «ولی باور کن من خیر تو را می‌خواستم و قصد بدی نداشتم که گفتم استراحت کنی.
من نمی‌دانستم که او به فکر قصاب می‌افتد، حالا هم اگر صلاح می‌دانی چند روز استراحت کن.» گاو ترسید و گفت: «نخیر، همین یك روز بس است، من می‌دانستم که راهنمایی خر به درد گاو نمی‌خورد. فردا می‌روم کارم را می‌کنم.» خر نفس راحتی کشید و گفت: «به هر حال من حاضرم تا هر وقت که تو دلت بخواهد به صحرا بروم، صحرا خیلی خوب است، خیش و چرخ خرمن‌کوبی هم خیلی عالی است.» گاو گفت: «من خودم می‌دانستم، تو مرا فریب دادی، من می‌دانستم که صحرا و خیش و گاو خیلی بهتر از قصاب است.» خر گفت: «حالا بیا و خوبی کن! من می‌دانستم که شما گاوها قدر خوبی را نمی‌دانید «.
فردا صبح مرد روستایی گاو را به صحرا برد و به پسرش گفت: یک خیش هم تو بردار و با این خر کار کن. یک تکه چوب هم دستت بگیر تا به فکر تنبلی نیفتد«.

گروه: افسانه‌ها و فرهنگ توده.
نویسنده: مهدی آذر یزدی.

هەویری بەموو

ڕێویەکی پیری بەفێڵ
وتی بە یەکی جحێڵ:

تاژییەک هەیە ئاشنامە
وا بۆم نووسیوە نامە

بیبە و وەڵامی بێنە
سەد کەوم لێ بستێنە

جوانە ڕێوی پێکەنی
گوتی: بەڵێ ئەزبەنی

هەویرت بێ موو نیە
چەقاڵتەت بێلوو نیە

کرێی زۆر وکاری کەم
من خۆم دەبێ تێی بگەم

تۆ گۆشت کەو نادەی بە من
گۆشتم دەدەی بە دوژمن

هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ۲۳۵.

یە امّایی درش هست

روزی موش‌ها دور هم جمع می‌شوند تا نامه‌ای برای گربه بفرستند که آنها را اذیّت نکند .

به موشی می‌گویند این نامه را ببر و صد تومان هم حق‌الزّحمه بگیر.
موش کمی فکر می‌کند و می‌گوید :
من نمی‌برم.
می‌گویند چرا؟
می‌گوید: راه به این نزدیکی ؛ کرایه به این سنگینی؛ یه امّایی درش هست...
]
وەرگێڕاوی چوارینەکانی خەییام؛ ماموّستا گۆران

ئەم گۆزە وەک من دڵدار بووە
گیرۆدەی زوڵفی نیگارێ بووە
ئەو دەستەی ئێستا قوڵفە لە ملیا
سەردەمێک دەستی مل یارێ بووە

این کوزه چو من عاشق زاری بوده است
در بند سر زلف نگاری بوده است
این دسته که بر گردن او می‌بینی
دستی است که برگردن یاری بوده است

خیام

بەر لە من و تۆ ڕۆژگارێ بووە
خولخواردنی چەرخ بۆ کارێ بووە
ها سووک پێدانێ لەسەر خاکی ڕەش
ڕەشێنەی چاوی نیگارێ بووە

پیش از من و تو لیل و نهاری بوده است
گردنده فلک نیز به کاری بوده است

هرجا که قدم نهی تو بر روی زمین
آن مردمک چشم‌نگاری بوده است

خیام

ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە
لەسەر ڕێی گەشتی شەو و ڕۆژمانە
بەزمێکە لە سەد جەمشید جێماوە
سەد بەهرام هات و چوو لەم وێرانە

این کهنه رباط را که عالم نام است
و آرامگه ابلق صبح و شام است
بزمی‌ست که وامانده صد جمشید است
قصری است که تکیه‌گاه صد بهرام است

خیام

ئەو کۆشکەی بەزمی تیا گێڕا بارام
بۆ ئاسک و ڕێوی بوو بە جێی ئارام
بارام کە گۆڕی ئەگرت تا مابوو
نەتدی گۆڕ ئەوی چۆن گرت سەرئەنجام

آن قصر که جمشید در او جام گرفت
آهو بچه کرد و روبه آرام گرفت
بهرام که گور می‌گرفتی همه عمر
دیدی که چگونه گور بهرام گرفت

خیام

شێت و زەنجیر

شەو بە زەنجیری دەگوت شێتێک لە بەندیخانەدا
عاقڵان دیارە لە تاپۆی شێتەکان دەسڵەمنەوە

خۆزگە دەیپرسی کەسێ، چەندێکە نرخی ئاقڵان؟
من دەژیم ئەم کۆت و زنجیرەی کە پێی دەمبەستنەوە

شەو لە نێو گیرفانما دەیشارمەوە چەن ورکەبەرد
سەیرە پێم، تا پێدەزانم ئاقڵان دەیدزنەوە

ژیر و وریان بۆ دزینی دار و بەردی شێتەکان
هەر ئەوەندە تێگەیشتوون ئەقڵ و فام هەڵگرنەوە

بەو هەموو زانین و فامە ئەقڵی خۆیان ئاقڵان
دەیخەنە نێو تای تەرازووی بیر و فامی ئەمنەوە

شێتی وەک منیان نەدیوە چونکە خۆیان ئاقڵن
زۆر کەڕەت بۆ پێکەنین و دیتنم کۆدەبنەوە

هەر کە گرتیان دەور و پشتم، پێم گوتن شێتن هەموو
گەرخراپە، بۆ ئەوان ئەم ناوەیان نا بەمنەوە؟!

هێندە شێتن پێکەنینیان دێ بە گۆرانیم، کەچی
هەڵپەڕیون زۆرکەڕەت خۆیان، لە زۆر جێ بە ژنەوە

من وەکوو ئاوێنەیەک وام و لە مندا شێتەکان
خۆ دەبینن پێکەنینیان دێ بە خۆیان لە بنەوە

ئاوی جۆگەم خواردەوە پێیان گوتم: پەست و چروک!
گەرچی خۆیان دەم دەنێنە نێو دڵی پیرێژنەوە

بۆش و خاڵین ئەو سەرانەی وا بە بەردی من شکان
بۆ لە من تووڕەن؟ خەتای بەردن کە لێم بەردەبنەوە

غەیری ئەم زنجیرە بێژن چیی کەتان بەخشیوە پێم
بێمنەت بن پێشکەشی خۆتان ئەوەش، بیسەننەوە

تازە من لەم کاتەوە پرسیاری کەس نادەم وەڵام

چونکە بێ هۆیە ئەوەی وا ئاقڵان دەیپرسنەوە

دوێ شەوێ تێڵاکەمم شاردۆ لە ترسی ئاقڵان
هەر لە کازیوە هەتا شەو هەڵخوڵێن نایدۆزنەوە

ئێمە ناپۆشین لە هیچ کەس عەیبی خۆ، ئەمما ئەوان
عەیب و عاریان لێ دەبارێت و هەموو دەیشارنەوە

شووڕەیی داپۆشی نێو چاوی پەڕە و تۆماری وان
بۆیە دەخوازن کە تۆمارمان لە ژین داسڕنەوە

ئێمە سووکین، هەڵخلیسکێین، بشکەوین، چارمان نییە
ئاقڵان بەو قورسییە کەوتوون، چلۆن هەڵدەستنەوە؟!

 وەرگێڕ: ئەمین گەردیگلانی.

 دیوانه و زنجیر

گفت با زنجیر، در زندان شبی دیوانه‌ای
عاقلان پیداست، کز دیوانگان ترسیده‌اند

من بدین زنجیر ارزیدم که بستندم بپای
کاش میپرسید کس، کایشان به چند ارزیده‌اند

دوش سنگی چند پنهان کردم اندر آستین
ای عجب! آن سنگها را هم ز من دزدیده‌اند

سنگ می‌دزدند از دیوانه با این عقل و رای
مبحث فهمیدنی‌ها را چنین فهمیده‌اند

عاقلان با این کیاست، عقل دوراندیش را
در ترازوی چو من دیوانه‌ای سنجیده‌اند

از برای دیدن من، بارها گشتند جمع
عاقلند آری، چو من دیوانه کمتر دیده‌اند

جمله را دیوانه نامیدم، چو بگشودند در
گر بد است، ایشان بدین نامم چرا نامیده‌اند

کرده‌اند از بیهشی بر خواندن من خنده‌ها
خویشتن در هر مکان و هر گذر رقصیده‌اند

من یکی آئینه‌ام کاندر من این دیوانگان
خویشتن را دیده و بر خویشتن خندیده‌اند

آب صاف از جوی نوشیدم، مرا خواندند پست
گر چه خود، خون یتیم و پیرزن نوشیده‌اند

خالی از عقلند، سرهایی که سنگ ما شکست
این گناه از سنگ بود، از من چرا رنجیده‌اند

به که از من باز بستانند و زحمت کم کنند
غیر ازین زنجیر، گر چیزی به من بخشیده‌اند

سنگ در دامن نهندم تا در اندازم به خلق
ریسمان خویش را با دست من تابیده‌اند

هیچ پرسش را نخواهم گفت زین ساعت جواب
زانکه از من خیره و بیهوده، بس پرسیده‌اند

چوب دستی را نهفتم دوش زیر بوریا
از سحر تا شامگاهان، از پیش گردیده‌اند

ما نمی‌پوشیم عیب خویش، اما دیگران

عیب‌ها دارند و از ما جمله را پوشیده‌اند

ننگ‌ها دیدیم اندر دفتر و طومارشان
دفتر و طومار ما را، زان سبب پیچیده‌اند

ما سبکساریم، از لغزیدن ما چاره نیست
عاقلان با این گرانسنگی، چرا لغزیده‌اند

□ پروین اعتصامی.
□هەژارەکان

تاکوو کەی مانوو لەبەر قرچەی هەتاو کاکی هەژار،
هەڵڕژێ بۆ نان، لەڕووت عارەق بە تاو کاکی هەژار؟

لەو هەموو سەرکۆنە دەیبینی لە خۆر و خۆڵ و با
مافی تۆ چەس غەیری ژان و تاویاو کاکی هەژار؟

تۆکە مافت زەوت ئەکەن، دەنگ هەڵبڕە، ترست نەبێ،
قەت لە خانی ورگ و ڕوومەت هەڵمەساو کاکی هەژار

ڕاپەڕە و بڕژێنە خوێنی ئەو کەسانەی وەک زەروون
دەست و پێت سوور کە بە خوێناوی ڕژاو کاکی هەژار

بیگرە دێوی تەماح و خۆپەرەستی و بیخە بەند
با هەور لاچێ لەسەر گۆنای هەتاو کاکی هەژار

قازییەک بەرتیل وەرەگرێ و نابەجێ فتوا دەدا
دادی بێدەست و هەژار نادا جواو کاکی هەژار

ئەو کەسەی واخۆی بە خاوێن و حەڵاڵخۆر دادەنێ
خواردنی منداڕە وەک داڵ و قەڵاو کاکی هەژار

گەر منالّی تۆ شەوێ بێشێو دەنوون، سەرمایەدار
خوانی ڕەنگینە بە گۆشتاو و پلّاو کاکی هەژار

گەر پشووی باهۆزی گەردوون نایەلّێ بگرێ چرات
خەم مەخۆ مانگ دێتە ڕووی ئاسمانی ساو کاکی هەژار

خوێندن هەر بۆ دەوڵەمەندانە و منالّانی ئەوان
چی دەزانی تۆ لە پێنووس و پەڕاو کاکی هەژار

پیاو ئەوانەن وا لەڕازی ڕامیاری شارەزان
کاری تۆش هەر مەینەتە و داخ و عەزاو کاکی هەژار

هەر کەسێ تەڕپۆش بوو لای خەڵکی بەڕێز و گەورەیە
سووکی تۆ بەو بەرگی پێناوی و دڕاو کاکی هەژار

جل شڕ و بۆر هەڵگەڕاوی هێندە تۆز نیشتۆتە ڕووت
بۆیە خۆت لێ لادەدەن خاوەن دراو کاکی هەژار

هەرچی بینووسن ڕەوایە حاکمان لەم بارەوە
هیچ کەسیش خۆ نایەوێ لێیان حەساو کاکی هەژار

 وەرگێڕانی: ئەمین گەردیگلانی.

ای رنجبر

تا بکی جان کندن اندر آفتاب ای رنجبر
ریختن از بهر نان از چهر آب ای رنجبر

زین همه خواری که بینی زآفتاب و خاک و باد
چیست مزدت جز نکوهش یا عتاب ای رنجبر

از حقوق پایمال خویشتن کن پرسشی

چند می‌ترسی ز هر خان و جناب ای رنجبر

جمله آنان را که چون زالو مکندت خون بریز
وندران خون دست و پائی کن خضاب ای رنجبر

دیو آز و خودپرستی را بگیر و حبس کن
تا شود چهر حقیقت بی حجاب ای رنجبر

حاکم شرعی که بهر رشوه فتوی می‌دهد
کی دهد عرض فقیران را جواب ای رنجبر

آنکه خود را پاک می‌داند ز هر آلودگی
می‌کند مردار خواری چون غراب ای رنجبر

گر که اطفال تو بی شامند شب‌ها باک نیست
خواجه تیهو می‌کند هر شب کباب ای رنجبر

گر چراغت را نبخشیده است گردون روشنی
غم مخور، می‌تابد امشب ماهتاب ای رنجبر

در خور دانش امیرانند و فرزندانشان
تو چه خواهی فهم کردن از کتاب ای رنجبر

مردم آنانند کز حکم و سیاست آگهند
کارگر کارش غم است و اضطراب ای رنجبر

هر که پوشد جامهٔ نیکو بزرگ و لایق اوست
رو تو صدها وصله داری بر ثیاب ای رنجبر

جامه‌ات شوخ است و رویت تیره رنگ از گرد و خاک
از تو می‌بایست کردن اجتناب ای رنجبر

هر چه بنویسند حکام اندرین محضر رواست
کس نخواهد خواستن زیشان حساب ای رنجبر

□ پروین اعتصامی.

□هەر لە بیرمە

ئەوێستاش ئەو شەوەی دەتگوت: «مەبادا
فەرامۆشم بکەی ها»، هەر لە بیرمە

ئەوێستاش ئەو هەموو فرمێسکە ڕشتت
لە چاوی مەست و شەهلا هەر لە بیرمە

ئەوێستاش ئەو شەوەی من هەر لە پێت ڕا
بە ماچ ماڵیم لەشت تا ... هەر لە بیرمە!

ئەمن شەیدا و سەراپا هەستی ویستن
ئەتۆش غەرقی تەمەننا هەر لە بیرمە

منی شاگەشکە هەر ماچم دەکردی
بڵێم چی بووی ...خودایا؟ هەر لە بیرمە

قەرار و وەعدە وو سوێند و بەڵێنی
لە بیرت چوون و ئەمما هەر لە بیرمە

گەڵێ ساڵ تێپەڕی لەو ساوە، ئێستاش
گرفتاری ئەتۆم تا.... هەر لە بیرمە!

□ کـ.د.ئازاد، ساوان ـ ١٣٦٥/٨/٢٧

□یادم آید

هنوز آن چشم شهلا یادم آید
هنوز آن روی زیبا، یادم آید

هنوز آن لعل خندان نگه‌سوز
هنوز آن چشم گویا، یادم آید

هنوز آن ژاله‌ها کآنشب فشاندی
ز چشم مست شهلا، یادم آید

که من نوشیدم‌ات اشک و تو گفتی
بنوش آری گوارا، یادم آید

هنوز آن شب که سر بر دامن من
نهاده بودی آنجا یادم آید

هنوز آن شب که افشاندی به رویم
دو زلف غالیه‌سا، یادم آید

هنوز آن شب که می‌بوییدم‌ات موی
چنان شب بوی بویا، یادم آید

هنوز آن شب که می‌گفتی: مبادا
فراموش کنی ها! یادم آید

هنوز آن شب که می‌گفتم : جوانی
تو می‌گفتی دریغا، یادم آید

سخن می‌گفتم‌ات تا از جدایی
تو می‌گفتی: مبادا! یادم آید

همی افشردم‌ات در پیکر خویش
بر و دوش فریبا، یادم آید

همی افکندمت در چشم پرناز
نگاه پرتمنا، یادم آید

منت گیسوی بر رخ می‌فشاندم
تو می‌گفتی: خدایا، یادم آید

هنوز آن روزها کامید دیدار
می‌افکندی به فردا، یادم آید

که می‌گفتی چو می‌رفتم ز سویت:
مرو یا زود بازآ ، یادم آید

که می گفتم چو می‌رفتی ز سویم:
مرو، بازآ، خدا را! را یادم آید

که می‌پرسید در پایان هر هجر
لبت حال لب ما، یادم آید

هنوز آن دست در دست تو گشتن
به باغ و دشت و صحرا، یادم آید

قرار و وعده و سوگند و پیمان
فراموشت شد اما یادم آید

حساب سال و ماهم نیست امّا
گرفتار توأم تا یادم آید.

□ مظاهر مصفا

□ زەنگی مشکان

کۆوەبوون مشکی ماڵان
لە نەنک و مام و خاڵان

کلک باریک و چاوزیت
لمبۆز دریژ و گوێ قیت

بیریان گەڕ و گزی بوو
زەنگۆڵێکیان دزیبوو

گوتیان: بێ هەست و چرپە
دەیخەینە کلکی گورپە

هەر کاتێ دەرچێ بۆ ڕاۆ
زەنگوڵە دەیکا بە قاو

بە خۆ شاردنەوە فێرین
گورجێ خۆمان وەشێرین

لەبەر ئەو دەنگە زەنگە
مام گورپە کاری لەنگە

ناتوانێ مشکێ بگرێ
بۆ خۆی لە برسان دەمرێ

ئیتر دەژین وەک پاشا
لە کەندووی نیسک و ماشا

هەڵمەت ئەبەین وەک شێران
بۆ بژیوی جووتێران

هەمبانان دەدڕێنین
کەشک و نان دەقرتێنین

ئەگەر نەما پشیلە
مشکان تلی لی‌لی‌لە

مشکێ چاویلکە لە چاو
زۆر جیهاندیدە و گەڕاو

سمێڵی سپی و درێژ
وریا و زۆرزان و کەمبێژ

دار گۆچانێ لە دەستا
هەستا لە کۆڕ هەڵوەستا

وتی: ئەی برا و خوشکان
پیر و ڕیش سپی مشکان

مێشکوو کۆن و ڕزیوە
بۆ ئەو زەنگەو دزیوە؟

ئێستا کێ وا ئازایە
خۆ باوێتە بەڵایە

بیخاتە کلکی پسیک
ئیتر نە خرتە و نە جیک

مشکان کردیان بڵاوە
زەنگیش لەو ناوە ماوە

کەوتە دەستی منداڵان
کوتیان: تاڵان هەی تاڵان

هەرکارێ دەست پێدە کرێ

بیری دواڕۆژی نەبڕێ

وەک زەنگی مشکی لێ دێ
داخوا بەهرەی بۆ کێ بێ؟!

□بۆ کوردستان هەژار، لاپەڕە ٢٣٣ و ٢٣٤.
نوسینەوەی: نەسرین ڕەحمانی.

□گربە و زنگولە

موش‌های زیادی در خانه بودند. صاحب خانه گربه‌ای را آورد. گربه شمار زیادی از موش‌ها را کشت.
سپس موش پیر گفت: تمام موش‌ها باید امشب به خانه‌ی من بیایند تا ما فکر کنیم که برای این گربه چه کار بکنیم. خیلی از موش‌ها آمدند. خیلی از موش‌ها حرف می‌زدند اما هیچ کدام نمی‌دانستند که باید چه کار بکنند. سرانجام موش جوانی ایستاد و گفت: ما باید زنگوله‌ای به گردن گربه بیندازیم. سپس وقتی که گربه به ما نزدیک می‌شود ما صدای زنگ رو می‌شنویم و فرار می‌کنیم و خودمان را مخفی می‌کنیم. بنابراین گربه نمی‌تواند هیچ موشی را بگیرد. سپس موش پیر پرسید: چه کسی زنگوله را در گردن گربه می‌اندازد؟ هیچ موشی جواب نداد. صبر کرد اما هنوز هیچ کس جواب نداد. سرانجام او گفت: این مهم نیست که چیزی را بگوییم؛ مهم این است که این کار را چگونه انجام بدهیم و چه راهکاری برای انجام آن داشته باشیم.

□داوەڵ

لە داوەڵێکم پرسی:
بۆچ دەنوێنی مەترسی؟

چوێلەکان هەڵدەفڕێنی
چ سوودێک وەگیر دێنی؟

گوتی: هەرکەس وەکو من
پەڕۆ و پاڵە سەر و بن

مێشک و دڵی کڵۆشە
ترساندنی پێخۆشە

دیمەوە ساڵی دوایی
لەو چۆڵە بە تەنیایی

پشتی بە خەم چەمابوو
فیشاڵی لا نەمابوو

تیتاڵ بڵاو گێلانە
بۆ قەل ببووە هێلانە

ڕادەژا و دەلەراوە
ورتەی بوو بە دەم باوە:

خۆم بەختەوەر دەزانم
پەناگای هەژارانم

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ۲۳۶و۲۳۷.

□مترسک

یک بار به مترسکی گفتم « لابد از ایستادن در این دشتِ خلوت خسته شده‌ای؟» گفت « لذتِ ترساندن، عمیق و پایدار است، مَن از آن خسته نمی‌شوم«.
دَمی اندیشیدم و گفتم «درست است؛ چون که من هم مزهٔ این لذت را چشیده‌ام«.
گفت «فقط کسانی که تن‌شان از کاه پر شده باشد این لذت را می‌شناسند«.

آنگاه من از پیشِ او رفتم، و ندانستم که منظورش ستایش از من بود یا خوار کردنِ من.
یک سال گذشت و در این مدت مترسک فیلسوف شد.
هنگامی که باز از کنارِ او می‌گذشتم دیدم دو کلاغ دارند زیرِ کلاهش لانه می‌سازند.

□ نوشتەی: جبران خلیل جبران.
□ برگردان: نجف دریابندری.

ڕێوی و کەڵەشێر

ئێوارەیەکی درەنگی بەهاری
کەڵەشێرێکی پۆپەمشاری

لە کەلاوەیەک دەیخوێند قووقوو
ڕێویەکی برسی گوێی لەدەنگی بوو

خێرا بەپەلە خۆی گەیاندە لای
بە ماتەماتە ڕویشت، چووە پەنای

وتی: کەڵەشێر بابت دۆستم بوو
تۆش دەنگت خۆشە وەک خوالێخۆش بوو؟ !

ڕێویت بەقوربان! جارێک بخوێنە
هەتا دەتوانی دەنگت هەڵێنە

کەڵەشێر چاوی لێکنا بخوێنێ
دای لە شەقەی باڵ دەنگی هەڵێنێ

ڕێوی قۆڕگی گرت قیڕەی لێبڕی
سەگەل زانیان ڕێویان هەڵبڕی

کەڵەشێر زانی بەفێڵی ڕێوی
گوتی: پێت دەڵێم فریای خۆت کەوی

بڵێ: بەهەڵە ڕووم کردە ئێرە
هی دێی ئێوە نیە ئەم کەڵەشێرە

ڕێوی تاوەکوو دەمی کردەوە
کەڵەشێرەکەی لەدەم بەربۆوە

چوو دەست بەئەژنۆ دانیشت لەولاوە
بە خەفتباری ئاوڕێکی داوە

وتی: وریا بووی! کایەت بردەوە
ناوادە دەمت بەمن کردەوە

ئەمجارەش کاڵەی فێڵم دڕاوە
لەعنەت لەو دەمەی ناوادە کراوە

کەڵەشێرەکە ئاوای جواب داوە:
لەعنەت لەو چاوەی بە فێڵ بەسراوە.

□ سەعدەددین خوسرەوی.

□روباە و خروس

روزی روباهی از کنارِ دهی می‌گذشت. چشمش به خروسی افتاد. پیش رفت و سلام کرد و گفت: رَفیق، پدرت بسیار خوش‌آواز بود. تو چه طور می‌خوانی؟
خروس گفت: اَکنون می‌بینی که من هم مانند پدرم خوش‌آواز هستم.
خروس این را گفت و فوری چشم هایش را بست و آواز بلندی سَر داد.
روباه برجَست و او را به دندان گرفت و فرار کرد.

سگ هایِ ده او را دُنبال کردند. خروس به فکر چاره افتاد. به روباه گفت: اگر می‌خواهی از دستِ سگ‌ها آسوده شوی، فریاد کن و بگو که این خروس را از دهِ شما نگرفته‌ام.

روباه با آن همه زیرَکی فَریب خورد. تا دهان باز کرد، خروس از دهانش بیرون جَست و به بالای درختی پرید.

روباه با ناأُمیدی به خروس نگاهی کرد و گفت: نِفرین بر دهانی که بی‌موقع باز شود!

خروس هم گفت: نِفرین بر چشمی که بی‌موقع بسته شود!

□ فارسی دوّم دبستان، سال (۱۳۷٤ هـ ش.)

»□وێنە «

هەور کامێرا
بروسکە فلاش
نمنمەی باران
بۆ شووشتنەوە و
دڵی منیش
قاپ
ئای نیشتمانم
هەتا یەک چرکە
بۆ لێوەکانت
بزە قەرزکە

□مارف ئاغایی

»□تصویر«

دوربین ابر و
تندر فلاش
نم‌نم باران
برای شستشو

دل من هم
قاب
هان ای وطن
دمی
لبانت را
تبسّمی واگیر

□ وەرگێڕ: جەلال مەلەکشا.

□ئەبێ بەخشندە

ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا، لە ڕاستی موچەخۆری خۆی
سوراحی بۆ پیاڵە سەر فرو دێنێ کە تێکا بۆی

کە ئاو داری لەسەر سەر گرتووە، ئەزانی چی تیایە؟!
لە لای نەنگە کە پەروەردەی نوقم کا گەورەیی وایە

لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بێ ئەرکی بەرد و دار
پەڵی بەرد بۆ پەلی بەرزە، لەقەیشە بۆ لقی بەردار

لە دەردی دووریا ئەمەند زارم، بێزار و بێزراوم
ئەجەل دێ بمکوژێ، نامناسێ، چی بکەم، نامرم ماوم

لەبەر ئاشووبی خێڵم، هیچ شەوێ خەو نایەتە چاوم
خەوی ناخۆش ئەبینم، بەم پەریشان خاویە، خاوم

ئومێدی سەر لەسەر دەرکەن، ئەوانەی ڕاست و ڕووناکن
قەڵەم هەر سەر قەڵەم، مۆم بۆ مقەستە، هەر بۆ ئەویش چاکن

ئەڵێن مورغی سلێمان ئاو لە ژێر خاکا ئەبینێ ئەو
منیش حەوت ساڵەڕێ دوور بێ، بە چاوی دڵ ئەبینم ئەو

چرا ڕووناکی بۆ ژێر خۆی نییە ڕەحمەت لە بابی با
ئەوی ڕووناکی کەچ بینانە، گۆڕە ڕەنجی با بیبا

بە جووت پەروانە وو ماسی کە دڵدادەی چرا و گۆڵن
نزیکی ئەم ئەیسووتێنێ، لە دووری ئاو ئەوان حۆڵن

□ دیوانی پیرەمێرد، ئومێد ئاشنا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ۳۵۸و۳۵۹.

چون قدح در دل نمی‌آید مرا الا که می
چو صراحی سر نمی‌آرم فرو الا به جام

□ سلمان ساوجی.

چوب را آب فرو می‌نبرد سرّش چیست؟!
شرمش آید ز فرو بردن پروردهٔ خویش

□ صائب تبریزی.

فروتن بود هوشمند گزین
نهد شاخ پر میوه سر بر زمین

□ بوستان سعدی.

آن شاخ که سر بر کشد و میوه نیارد
فرجام بجز سوختنش نیست سزاوار

□ پروین اعتصامی.

نبینی که چون کارد بر سر بود
قلم را زبانش روان‌تر بود

ازان مرد دانا دهان دوخته‌است
که بیند که شمع از زبان سوخته‌است

□ سعدی.

نوبت هدهد رسید و پیشه‌اش
و آن بیان صنعت و اندیشه‌اش

گفت ای شه یک هنر کان کهترست
باز گویم گفت کوته بهترست

گفت بر گو تا کدامست آن هنر
گفت من آنگه که باشم اوج بر

بنگرم از اوج با چشم یقین
من ببینم آب در قعر زمین

□ مولوی، مثنوی معنوی.

چراغ به پای خود روشنایی ندهد.

□ ضرب‌المثل.

عشق یکرنگی تقاضا می‌کند این روشن است
ورنه شمع آتش چرا زد همچو خود پروانه را
□ جامی.

پروانه بر آتش زند از بهر تو خود را
ای شمع تو هم حرمت پروانه نگهدار
وحشی بافقی.

نیست پروا تلخ‌کامان را ز تلخی‌های عشق

آب دریا در مذاق ماهی دریا خوش است

□ صائب تبریزی.

پس کلوخ خشک در جو کی بود
ماهیی با آب، عاصی کی شود

□ مولوی.

□سواری مار

بێهێز ببوو ماری پیر
نەیتوانی بچتە نێچیر

سۆمای چاوی نەمابوو
باوی ڕاوی نەمابوو

خشی بە وردە لۆقان
تا گەییە ئاغای بۆقان

دەستی ئاغای ڕامووسی
دایبەستە زمان لووسی:

ئاغای گران و گەورە!
کێ وەک تۆ سایە چەورە

بۆقی وەک تۆم نەدیوە
جیهان بێتۆ هەتیوە

ئەز گۆری گەرچی مارم
هەر بێ فەڕی بوو کارم

بەڵام لەمڕۆ بەولاوە
گەزندەییم نەماوە

ڕاوی جانەوەر ناکەم
بەدڵ بە نیازی چاکەم

دااڵدەم بدە لەلای خۆت
بمخە ژێر خاک و پای خۆت

بیکە سندووقی سەرت
بمکە بە بارەبەرت

سوارم بە بۆ سەفەرێ
با گوناهم هەڵوەرێ

بۆقاغا بەو هەڵدانە
هەڵمسا وەک هەنبانە

بۆقەتی لەبیرنەما
لە دڵیا گەڕا سەما

وتی: ئافەریم، زانای!
جێم لە لای خۆم بۆ دانای

تۆ ماری خانەدانی
دام و دەستوور دەزانی

چیت نیازە با وابێ
ئاغاش با دڵاوابێ

تۆ بێیتە بەر ئاوزەنگیم
ببی بە ئەسپی جەنگیم

ئەبێ هێزت تیابێ
ئەمەش بێ بژیو نابێ

مووچەت دوو بۆقی قەڵەو
یەکت بۆ ڕۆژ و یەک شەو

مار بوو بە ئەسپی ئاغا
بۆ گەشت و گەڕ لە باغا

ڕووی لە هەر شوێنێ ئەکرد
بۆق کڕنووشیان بۆ ئەبرد

بە قیڕ و هۆڕ لە پێشا
هوڕایان بۆ ئەکێشا

بۆقاغا سواری مارە
چینی بۆق باری بارە

بۆ مار هەڵکەتبوو هەل
ژینی خۆش، تێر و تەسەل

لە سەر دوو بۆقەی مزی
لەولا و لەم لاش ئەیدزی

هێدی هێدی لێی خوڕی
تا قڕەی لە بۆق بڕی

ئەوسا وتی: ئاغای خۆم
کەست نەما تۆ ئەخۆم

جیقە و فیقەی پێناوێ

ژیان لە دڵ دەراوێ

بۆقاغا تا پێی زانی
مار کەوتبوە قووت دانی

لە مردنا بێچارە
دەیقیڕاند: مار هەر مارە!

□ هەژار بۆ کودستان، لاپەڕە ۲۳۸و۲۳۹.

□مار پیر

آورده‌اند که پیری رد ماری اثر کرد و ضعف شامل بدو راه یافت چنانکه از شکار بازماند، و در کار خویش متحیر گشت، که نه بی قوت زندگانی صورت می‌بست و نه بی قوت شکار کردن ممکن می‌شد. اندیشید که جوانی را بازنتوان آورد و کاشکی پیری پایدارستی .
و از زمانه وفا طمع داشتن و بکرم عهد فلک امیدوار بودن هوسی است که هیچ خردمند خاطر بدان مشغول نگرداند، چه در آب خشکی جستن و از آتش سردی طلبیدن سودایی است که آن نتیجه صفراهای محترق باشد .
گذشته را بازنتوان آورد، و تدبیر مستقبل از مهمات است، و عوض جوانی اندک تجربتی است که در بقیت عمر قوام معیشت بدان حاصل آید. و مرا فضول از سر بیرون می‌باید کرد و بنای کار بر قاعده کم آزاری نهاد. وا ز مذلتی که در راه افتاد روی نتافت، که احوال دنیا میان سرا وضرا مشترک است .

نی پای همیشه در رکابت باشد
بد نیز چو نیک در حسابت باشد

وانگاه بر کران چشمه ای رفته که درو غوکان بسیار بودند و ملک کامگار و مطاع داشتند، و خویشتن چون اندوه‌ناکی ساخته بر طرفی بیفگند. غوکی پرسید که: ترا غمناک می‌بینم ! گفت: کیست به غم خوردن از من سزاوارتر، که مادت حیات من از شکار غوک بود، و امروز ابتلایی افتاده است که آن بر

من حرام گشت است و بدان جایگاه رسیده که اگر یکی را ازیشان بگیرم نگاه نتوانم داشت. آن غوک برفت و ملک خویش را بدین خبر بشارت داد. ملک از مار پرسید که: به چه سبب این بلا بر تو نازل گشت؟ گفت: قصد غوکی کردم و او از پیش من بگریخت و خویشتن در خانه زاهدی افگند. من براثر او درآمدم، خانه تاریک بود و پسر زاهد حاضر، آسیب من به انگشت او رسید، پنداشتم غوک است، هم در آن گرمی دندانی بدو نمودم و برجای سرد شد. زاهد از سوز فرزند در عقب من می‌دویدو لعنت می‌کرد و می‌گفت: از پروردگار می‌خواهم تا تو را ذلیل گرداند و مرکب ملک غوکان شوی، و البته غوک نتوانی خورد مگر آنکه ملک ایشان بر تو صدقه کند. و اکنون بضرورت اینجا آمدم تا ملک بر من نشیند و من بحکم ازلی و تقدیر آسمانی راضی گردم. ملک غوکان را این باب موافق افتاد، وخود را دران شرفی و منقبتی و عزی و معجزی صورت کرد. بر وی می‌نشست وبدان مباهات می‌نمود. چون یک چندی بگذشت مار گفت: زندگانی ملک دراز باد، مرا قوتی و طعمه‌ای باید که بدان زنده مانم و این خدمت بسر برم. گفت: بلی، بحکم آنکه در آن تواضع منفعتی می‌شناخت آن را مذلت نشمرد و در لباس عار پیش طبع نیاورد.

دشمن را برفق و مدارا نیکوتر و زودتر مستاصل توان گردانید که بجنگ و مکابره. و از اینجا گفته‌اند «خرد به که مردی ». که یک کس اگر چه توانا ودلیر باشد، و در روی مصافی رود ده تن را، یا غایت آن بیست را، بیش نتواند زد. اما مرد با غور دانا بیک فکرت ملکی پریشان گرداند و لشکری گران و ولایتی آبادان را در هم زند و زیر و زبر کند. و آتش با قوت و حدت او اگر در درختی افتد آن قدر تواند سوخت که بر روی زمین باشد.

و آب با لطف و نرمی خویش هر درخت را که از آن بزرگتر نباشد از بیخ برکند که بیش قرار نگیرد. قال النبی (ع): «ما کان الرفق فی شیء قط الا زانه، و ماکان الخرق فی شیء الا شانه. »: [مدارا در هر چه باشد آن را زینت دهد و از هر چه دور شود آن را خوار کند].

□ نصرالله منشی، باب البوم والغراب.

پەشیمانی پینەیە

ڕانکە شڕێکم هەبوو
لا بوزگوڕێکم هەبوو

کوڵکەی بزنە شینە بوو
پڕی پەڕۆ و پینە بوو

هەموو ڕەنگی تیابوو
کەمتر شینایی مابوو

نێفەک تەنگ و دەلینگ فش
هەر دەجووڵام جڕ و خش

قۆشێک لەو دراوێ لەم
سەریەکم نا زۆر و کەم

ڕانکێکی تازەم کڕی
بۆخۆم ئەندازەم بڕی

زۆر تەرزو و ڕێک و لەبار
نیوەی چوو ناوی هەژار

بەنیازی چۆغە و کەوا
شەوێک نوستم، لەخەوا

ڕانکی گۆرین هاتە لام
پاشی شەو باش و سەلام

وەک قەرەچ و سازندە
ملی نا لە گازندە:

چاکەت لە چاوا نەبوو
کەی کاری پیاوانەبوو؟

چەند ساڵێک هەواڵت بووم
یاری ڕۆژی تاڵت بووم

با تۆزێکیش دڕاو بام
با کەمتر لەبەر چاو بام

بە پینە چارم هەبوو
کەڵکی هەژارم هەبوو

بەڵام خۆت بلەوەز بووی
لە دروونەوەم وەڕەز بووی

چوومە لای بەرگدروو
کونبڕ کرام بە پنوو

بوومەوە ڕانکی لە نوێ
وەستاژن بەمن دەنوێ

وەرە بەشکوو بمکڕی
پێم خۆشە تۆ بمدڕی

ئیتر ئەوجار وەک پێشان
نامە مایەی سەر ئێشان

وتم ڕانکی ڕەگەز شین!
کۆنە هەواڵی پێشین

تۆش وەک هەواڵی مرۆ
دەستم مەبەستە بە درۆ

یارن بە چەوت و لاری

چالاکن لە بێبارى

وەک تۆ شڕ و کون کونن
سەر دۆستى بن دوژمنن

کە خۆمیان لێ دەبوێرم
هى تازە هەڵدەبژێرم

دێن دەڵێن: پەشیمانین
وەک دیوتە ئێستە وانین

شڕەى کۆنە هەواڵم
پێت وانەبێ منواڵم

شڕێ پینە وەردەگرێ
چۆن وەکوو ساغ بەر دەگرێ

چى بە پەڕۆ و پینەیە
ماڵى کەس نەبینەیە

پنوو کە چوە سەر بووزوو
لە بیر ناچێ شڕ بوو زوو

پینەدار عەیبدارە
ناچار بەرگى هەژارە

□ هەژار بۆکوردستان، لاپەڕە ٢٤٠و٢٤١.

□ نووسینەوەى: نەسرین ڕەحمانى.

کوردى فارسى

بزگوڕ: نوار باریک از قماش کهنه.
کوڵکه: پشم و مو.
قۆشه: واحد پول خرد.
گۆرین: یارو، فلان چیز.
سازنده: سرنانواز، نوازنده، کنایه از بی شرم و زبان دراز.
بلەوەز: سرسخت، حرف نشنو.
پنو: پینه.
بێبار: دمدمی مزاج.
بووزوو: شال دستباف محلی.

دەم بینی که خەمبار و کز و داماوم
وا بیر مەکەوە له مەرگ و کەس ترساوم
مردن که له ڕێمه، هەر دەبێ، ناترسم
ژاکاوی ئەوەم به ئارەزوو نەژیام

□ مامۆستا هەژار.

تا ظن نبری کزآن جهان می‌ترسم
وَز مردن و از کندنِ جان می‌ترسم
چون مرگ حق است، من چرا ترسم از او؟
چون نیک نزیستم، از آن می‌ترسم

□ بابافضل کاشانی.

□هەر تیرەیەکن

گۆڕهەڵکەن و کفن فرۆشن
له مەیخانه هەرتک سەرخۆش

دەیانگوت بەدەم پێکەنین:
بەیانیش گۆڕ هەڵدەکەنین

جاویش بۆ کفن دائەدڕین
مەزە و بادەی تریش ئەکڕین

ژنی خاوەنی مەیخانە
دەیگوت: چەند باشن ئەمانە

یاخوا بازاڕیان گەرم بێ
گۆڕستان هەر پڕ تەرم بێ

میوانی وام زۆر بێتە لا
کوڕیژگەم ئەکەم بە مەلا

هەریەکن کا و چەت و کڵۆش
بێجیاوازین بۆ خاوەن هۆش

□ هەژار بۆ کودستان، لاپەڕە ٢٤٢و٢٤٣.

□آرزو

سە مرد در میخانەای گرد آمدند. یکی بافندە بود، دیگری نجار و نفر سوم گورکن.
بافندە گفت: امروز یک کفن کتان خوب بە دو سکە زر فروختم. بیایید هر چە میخواهیم شراب بنوشیم.
نجّار گفت: من هم امروز بهترین تابوتم را فروختم. یک پارەی بزرگ گوشت بریان با شرابمان میخوریم.
گورکن گفت: من فقط یک گور کندم، ولی مشتری دو برابر مزد داد. بیایید نان عسلی هم بخوریم.
آن شب کار میخانه گرم بود، زیرا کە مشتریان دمادم دستور شراب و گوشت بریان و نان عسلی میدادند و سرخوش بودند.
میخانەدار هم دستهایش را بە هم میمالید و بە زنش لبخند میزد، زیرا کە مشتریان خوب خرج میکردند.

هنگامی که می‌رفتند ماه در اوج آسمان بود و آن سه مرد در راه با هم آواز می‌خواند و عربده می‌کشیدند.
میخانه‌دار و زنش در درگاه میخانه ایستاده بودند و با نگاه آنها را دنبال می‌کردند.
زن گفت: آه! چه آقایانی! چه گشاده‌دست و چه سرخوش! ای کاش هر روز این بخت را برای ما به ارمغان می‌آوردند. آن گاه پسر ما نمی‌بایست میخانه‌دار شود و این همه کار کند. می‌توانستیم او را به مدرسه بگذاریم تا کشیش شود.

جبران خلیل جبران.

کوردستان بەهەشتە

زستان ڕۆیی سەرما نەما
دەرچووین لەناو مژ و تەما

سەری کوێستان خاڵ بەڵەکە
جێژنی مام ڕێوی و دەڵەکە

قاو و قیژە لەو بڵندە
بەکۆمەڵ دەفڕن باڵندە

بەبێوچان بە بێوستان
گشتیان دێنەوە کوردستان

پرسیمان لە قوڵینگ و قازان
هۆی لالۆی گەڕیدەی چازان!

ئیوە زەوی زۆر گەڕاون
لەزۆر جێگادا زۆر ماون

لە هەوار و شار و دێیان

کوێ خۆشترە لەگشت جێیان؟

پێیان گوتین: کەسی خاڵان
شەکەت بووین لەلاق و باڵان

جیهانمان گشت پشکنیوە
وەک کوردستانمان نەدیوە

جێ نین خۆشتر لە نیشتمان
کوردستانە بەهەشتمان

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٤١و٢٤٢.
□ ئامادەکردنی: نەسرین ڕەحمانی.

□لە مەرد ئەگەڕێ

فەیلەسووفێ هەبوو لە یۆنانا
ڕۆژ چرای هەڵدە گرت بە کۆڵانا

دە گەڕا درز و قوژبنی عەرزی
وەک یەکێک ون بکا بە شەو دەرزی

تازە لاوێک بە گاڵتە پرسی لێی:
مامە بەچرا و بەڕۆژ لە چی دەگەڕێی؟!

گوتی: ڕۆڵەم بە خۆم و بە چراکەم
دەگەڕێم بەشکە مەردێ پەیداکەم

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٤٧.

□نسانم آرزویت

دی شیخ با چراغ همی‌گشت گرد شهر
کز دیو و دد ملولم و انسانم آرزوست

گفتند یافت می‌نشود جسته‌ایم ما
گفت آن که یافت می‌نشود آنم آرزوست

□ مولوی، دیوان شمس.

□حکایت راهب

آن یکی با شمع برمی‌گشت روز
گِردِ بازاری، دلش پر عشق و سوز

بُوالفُضولی گفت او را کای فلان!
هین! چه می‌جویی به سَوی هر دکان؟

هین! چه می‌گردی تو جویان با چراغ
در میانِ روز روشن؟ چیست لاغ؟

گفت: می‌جویم به هر سو آدمی
که بود حَی از حیاتِ آن دَمی

هست مردی؟ گفت: این بازار پُر
مردمان‌اند آخِر ای داناىِ حُر!

گفت: خواهم مَرد، بر جادهٔ دو رَه
در رهِ خشم و به هنگامِ شَرَه

وقتِ خشم و وقتِ شهوت، مرد کو؟
طالبِ مردی، دَوانَم کو به کو

کو درین دو حال مردی در جهان؟

تا فدایِ او کنم امروز جان

□مولوی، مثنوی معنوی، ابیات ۲۸۸۹ ـ ۲۸۹۶.

•مولانا در این ابیات اشاره به فردی دارد به نام دیوژن(Diogenes) ، فیلسوفی که در طول روشنایی روز چراغ به دست می‌گرفت و در شهر می‌چرخید و وقتی از او سئوال می‌کردند چرا در روشنایی روز چراغ به دست داری می‌گفت که دنبال انسانم!
دیوژن یک فیلسوف تمام عیار بود و زندگی بسیار ساده‌ای داشت.
او به قدری به زندگی کردن ساده معتقد بود که در یک بشکه روزگار می‌گذراند.
از او نقل شده که در پاسخ این که دنیا چه زمانی روی خوش به خود خواهد دید گفت: وقتی که پادشاهانش فلسفه بخوانند و یا فیلسوفانش پادشاه بشوند.
درباره دیوژن کلبی بیشتر بدانید.
دیوژن یا دیوجانس کَلبی (حدود ۴۱۲ - ۳۲۳ پیش از میلاد) در سینوپ در آسیای صغیر زاده شد. او در جوانی به آتن رفت و به تحصیل فلسفه پرداخت. وی از مبلغین ساده‌زیستی بود. به طوری که گفته می‌شود، سرمایهٔ او یک عصا، یک بالاپوش و یک کاسه (کوزه) بوده‌است. حکایات زیادی از ایشان نقل شده که نشان دهندهٔ ستایش وی از زندگی به شیوه سگ (کلب) می‌باشد. فیلسوف یونانی که پابرهنه و ملبس به ردایی - که از زندگی دنیایی تنها دارایی‌اش بود زندگی ساده‌ای را می‌جست و چنان بی‌قید و نسبت به تعلقات دنیوی بی‌تفاوت بود که آزادانه، در بشکه‌ای می‌زیست. او که مادیات برایش بی‌ارزش بود؛ تنها برای معاش خود در قبال پند و اندرز حکمت‌آمیزی که به مردم می‌داد به قرص نانی بسنده می‌کرد. از این رو او را فیلسوف گدا نیز می‌گویند. دیوژن دارای طنزی گزنده و بی‌اعتنا به مقام‌های دنیوی و افتخارات زمانه بود. چنانچه زمانی که اسکندر مقدونی که به دیدار دیوژن رفته بود؛ از او پرسید که آیا نیاز به چیزی داری؟ دیوژن در پاسخ گفت: «بلی، خواهش می‌کنم از جلوی آفتاب من کنار برو.» اسکندر به همراهانش که از خشم می‌خواستند دیوژن را مورد آزار قرار دهند، گفت: «اگر اسکندر نبودم دوست داشتم دیوژن باشم».

ئەم گۆزە وەک من دڵدارێ بووە
گیرۆدەی زوڵفی نیگارێ بووە
ئەو دەسکەی ئێستا قوڵفە لە ملیا
سەردەمێک دەستی مل یارێ بووە

این کوزه چو من عاشق زاری بوده است
در بند سر زلف نگاری بوده است
این دسته که بر گردن او می‌بینی
دستی است که برگردن یاری بوده است

بەر لە من و تۆ ڕۆژگارێ بووە
خول خواردنی چەرخ بۆ کارێ بووە
ها سووک پێ دانێ لەسەر خاکی ڕەش
ڕەشێنەی چاوی نیگارێ بووە

پیش از من و تو لیل و نهاری بوده است
گردنده فلک نیز به کاری بوده است
هرجا که قدم نهی تو بر روی زمین
آن مردمک چشم نگاری بوده است

ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە
لەسەر ڕێی گەشتی شەو و ڕۆژمانە
بەزمێکە لە سەد جەمشێد جێماوە
سەد بەهرام هات و چوو لەم وێرانە

این کهنه رباط را که عالم نام است
و آرامگه ابلق صبح و شام است
بزمی‌است که وامانده صد جمشید است
قصری است که تکیه‌گاه صد بهرام است

ئەو کۆشکەی بەزمی تیا گێڕا بارام
بۆ ئاسک و ڕێوی بوو بە جێی ئارام

بارام که گۆڕی ئەگرت تا مابوو
نەتدی گۆڕ ئەوی چۆن گرت سەرئەنجام؟!

آن قصر که جمشید در او جام گرفت
آهو بچه کرد و روبه آرام گرفت
بهرام که گور می‌گرفتی همه عمر
دیدی که چگونه گور بهرام گرفت

□ وەرگێڕاوی چوارینەکانی خەییام، مامۆستا گۆران.

لە هەر دەشتێکا کە گوڵزارێکە
ڕەنگی گوڵ خوێنی شەهریارێکە،
وەنەوشەی مۆری لە گڵ دەرهاتوو
خاڵێکی جوانی ڕووی نیگارێکە!

در هر دشتی که لاله‌زاری بوده‌است
از سرخی خون شهریاری بوده‌است
هر شاخ بنفشه کز زمین می‌روید
خالی‌است که بر رخ نگاری بوده‌است

هەی داخ دەستمایە لە چنگمان دەرچوو
لەدەست مەرگ گەلێ جگەر کونکون بوو
خۆ کەس لەو دنیا نایە لێی پرسم
ئەنجامی کاری زووتر کۆچ کردوو

افسوس که سرمایه ز کَف بیرون شد
در پایِ اَجَل بسی جگرها خون شد!
کس نامد از آن جهان که پرسم از وی:
کاحوالِ مسافرانِ دنیا چون شد.

ئەفسوس! تۆماری جوانیمان تەی بوو
بەهاری تازەی شادیمان (دەی) بوو

ئەو مەلە مەستەی جوانی بوو ناوی
هەی داد، نەمزانی کەی هات و کەی چوو

افسوس که نامه جوانی طی شد
و آن تازه بهار زندگانی دی شد
آن مرغ طرب که نام او بود شباب
افسوس ندانم که کی آمد کی شد

یارانی هاوەڕم هەموو لە دەست چوون
لە ژێر پێی مەرگا یەکیەک پێشێل بوون
لە بەزمی عومرا یەک (مەی)مان نۆشی
ئەوانی زووتر خست جامی گەردوون!

یاران موافق همه از دست شدند
در پای اجل یکان یکان پست شدند
خوردیم ز یک شراب در مجلس عمر
دوری دو سه پیشتر ز ما مست شدند

□ وەرگێڕاوی چوارینەکانی خەییام، مامۆستا گۆران.

افسوس که نان پخته، خامان دارند
اسباب تمام، ناتمامان دارند
آنان که به بندگی نمی‌ارزیدند
امروز کنیزان و غلامان دارند

□ شیخ بهایی.

هەر کەس کە تەواوە ناتەواوی ماڵە
کێ خێوی کوڵاو و کاڵە بۆ خۆی کاڵە
خوێنتاڵە هەتا ملاڵن لە ناو شیرنایی
کێ ڕووگەش و خوێن شیرنە ژینی تاڵە

□مامۆستا هەژار، چوارینەکانی خەییام.

□درۆ بە درۆ

ئاغا دەتگوت کۆڵەوەژە
خوار و ڕەش و بەگرێ و تەژە

دەستی ڕژد و نان نەدەر بوو
میوان بۆ ئەو دەردی سەر بوو

باتووی کەر و باینجانی
لە نەزانی یەک ئەزانی

شاعیر شیعری بۆ دانابوو
بەرەو ئاوەژووی ڕانابوو:

مانگ لە جوانیت شەرمەزارە
نانخۆرت هەزار هەژارە

بەژن و باڵات سەوڵی تازە
چاوت چاوی سەقر و بازە

کەس لێتان وریاتر نیە
زیرەک و زاناتر نیە

ئاغا زۆر لێی خۆش هات ئەمە
کەوتە بەزم و گەپ و گەمە

وتی: فەرموودەت دڵگیرە
دەمخۆشانەت هەزار لیرە

شاعیر هەر ما و پارە نەبوو

هاوار نەبێ چارە نەبوو:

ئاغا لیرەکان پێم ناگەن
فەرمووی پێم سەیرە تێم ناگەن؟

تۆ دڵخۆشت کردم بە درۆ
منیش لەو ماڵە دام بە تۆ

درۆمان بە زۆران داوە
دراو بێ ناوە لەو ناوە

نرخی درۆ هەر درۆیە
وەرامی گڵمەت کڵۆیە

□هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە٢٤٣.

ئەڵێن لە بەهەشت حۆری جوان هەیە
مەی و هەنگوینی سپی شان هەیە
بۆچ یارپەرستی و مەینۆشی نەکەم
مادام ئەنجامی کار هەمان هەیە؟!

گویند بهشت و حورعین خواهد بود
آنجا می و شیر و انگبین خواهد بود
گر ما می و معشوق گزیدیم چه باک
چون عاقبت کار چنین خواهد بود

گەردوون هیچ گوڵێک لە گڵ دەرناکا
تا نەیڕزێنێ دیسان لە خاکا
لە جێی ئاو خاکی هەڵگرتایە هەور
هەر خوێن ئەباری بەسەر خاشاکا

گردون ز زمین هیچ گلی برنارد

کش نشکند و هم به زمین نسپارد
گر ابر چو آب خاک را بردارد
تا حشر همه خون عزیزان بارد

هەور دیسان هات گیای شت بە گریان
بێ مەیی گوڵڕەنگ چۆن بژین باران؟
ئێستا سەیرانگای ئێمەیە سەوزە
ئەی سەوزەی خاکمان کێی دێتە سەیران؟!

ابر آمد و باز بر سر سبزه گریست
بی بادهٔ گلرنگ نمی‌باید زیست
این سبزه که امروز تماشاگه ماست
تا سبزهٔ خاک ما تماشاگه کیست

هەر گیایەک لە گوێ ئاوێک ڕوواوە
ئەڵێی مووی لێوی تازە خەت داوە
نەکەی گیا هەرگیز بێباک بشێلی
لە گڵی لەشی وەک گوڵ خەملاوە

هر سبزه که برکنار جویی رسته است
گویی ز لب فرشته‌خویی رسته است
پا بر سر سبزه تا به خواری ننهی
کان سبزه ز خاک لاله‌رویی رسته است

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

هوشیار بم نەشئەم لێ پەنهانیە
کە مەست بم عەقڵم لە نوقسانیە
حاڵەتێک هەیە بەینی ئەم و ئەو
بە بەندەی ئەبم زیندەگانیە

تا هشیارم طرب ز من پنهان است

چون مست شدم، در خردم نقصان
است
حالی‌است میان مستی و هشیاری
من بندهٔ آن، که زندگانی آن است

ئەی دڵ زەمانە پیشەی خەم دانە
هەرکاتێک دی بۆی مردی، گیانە
سا پێش ڕوانی سەوزە لە خاکت
خۆش بژی لە دیار ئەم سەوزە جوانە

ای دل چو زمانه می‌کند غمناکت
ناگه برود ز تن روان پاکت
بر سبزه نشین و خوش بزی روزی چند
زان پیش که سبزه بردمد از خاکت

کە هەوری نەورۆز ڕووی گوڵی تەر کرد
بە عەزمی بادە هەڵسە دەستوبرد
ئەم سەوزە گیایەی سەیرانگای تۆیە
سبەی لە خاکی تۆ ئەڕوێ ورد ورد

چون ابر به نوروز رخ لاله بشست
برخیز و به جام باده کن عزم درست
کاین سبزه که امروز تماشاگه توست
فردا همه از خاک تو برخواهد رست

ئەڵین دۆزەخە جێی پیاوی سەرخۆش
هەی قسەی بێجێی دوور لە عەقڵوهۆش
گەر عاشق و مەست گشت بچنە دۆزەخ
بەهەشت ئەبێتە ناو لەپێکی بۆش

گویند مرا که دوزخی باشد مست
قولی‌است خلاف، دل در آن نتوان بست

گر عاشق و میخواره بدوزخ باشند
فردا بینی بهشت همچون کف دست

چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

مەی بخۆ، لەژێر گڵا ئەنوی زۆر
بێکەس، بێهاوڕێ، بێهاودەنگی گۆڕ
بـا ئەم ڕازەشـت لا نـهێنی بـێ:
گوڵ سیس بێ، گەشە ناکا لەبەر خۆر

می خور که به زیرِ گِل بسی خواهی خفت،
بی مونس و بی رفیق و بی همدم و جفت؛
زنهار به کس مگو تو این رازِ نهفت:
هر لاله که پَژْمُرد، نخواهد بِشْکفت

ئەوانەی دەریای فەزڵ و هونەر بوون
لە کۆڕی عیلما چرا و ڕابەر بوون
لەم شەوەزەنگە ڕێیان دەر نەکرد
ئەفسانە بێژی خەو لە خۆ خەر بوون

آنانکه محیط فضل و آداب شدند
در جمع کمال شمع اصحاب شدند
ره زین شب تاریک نبردند برون
گفتند فسانه‌ای و در خواب شدند

هەندێ دەستخەڕۆ دووی غوروور کەوتن
هەندێک شوێن کۆشکی پڕ لە حوور کەوتن
کە پەردە لاچوو ئاشکرا ئەبێ
ئەمانە لە تۆ ئێجگار دوور کەوتن

قومی ز گزاف در غرور افتادند
جمعی ز پی حور و قصور افتادند

معلوم شــود چو پرده‌ها بردارند
از کوی تو دور دور دور افتادند

هەندێک لە بیر دان بۆ مەزهەب و دین
هەندێک دوودڵی گومان و یەقین
لە لابەلاوە لە پڕ دەنگێ دێ
ئەڵێ: کام گومان کام بڕواو ئایین؟!

قومی متفکّرند اندر رهِ دین
قومی به گمان فتاده در راه یقین
می‌ترسم از آن که بانگ آید روزی
کِای بی‌خبران راه نه آن‌است و نه این

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

لە هاتنمان و چوونمان سوو کوانێ؟
بۆ تەونی هیوا تای دەزوو کوانێ؟
لەناو چەمبەری چەرخا هەزاران
گیان سووتا و خۆڵی بە با چوو کوانێ؟

از آمدن و رفتن ما سودی کو
وز تار امید عمر ما پودی کو
چندین سر و پای نازنینان جهان
می‌سوزد و خاک می‌شود دودی کو

مەلێکم بینی لەسەر قەڵای تووس
لەبەر دەمیا بوو کەللەی کەیکاووس
ئەیوت بە کەللە: ئەفسوس، سەد ئەفسوس
کوانێ دەنگی زەنگ؟ کوانێ ناڵەی کووس؟

مرغی دیدم نشسته بر بارهٔ طوس
در پیش نهاده کلهٔ کیکاووس

با کله همی گفت که افسوس افسوس
کو بانگ جرس‌ها و کجا نالهٔ کوس

نەکەی تۆبە کەی لە مەی تا هەیە
تۆبە سەد تۆبەی بە دوادا هەیە
گوڵ کراس بدڕێ و بلبل بخوێنێ
لە کاتی وادا تۆبە کوا هەیە؟!

توبه مکن از مِی اگرت مِی باشد
یکبار کنی، هزار در پی باشد
گل جامه‌دران و بلبلان نعره‌زنان
در وقت چنین، توبه روا کی باشد

گوڵ بەربەیانێک ژاکاو هەڵوەری
ڕازی خۆی هەڵڕشت بۆ با و هەڵوەری
کەمشەرتی چەرخە کە گوڵ بە دە ڕۆژ
ڕوا و پشکووت و ژیا و هەڵوەری

گل صبحدم از باد برآشفت و بریخت
با باد صبا حکایتی گفت و بریخت
بد عهدی عمر بین، که گل ده روزه
سر برزد و غنچه گشت و بشکفت و بریخت

چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

بڕوانە دڕی با پەردەی ڕووی گوڵ
سەرگەرمی عەشقە بلبلی سەر چڵ
لە بن گوڵباخا دانیشە، گوڵباخ
زۆر جار ڕواوە و بۆتەوە بە گڵ

بنگر ز صبا دامن گل چاک شده،
بلبل ز جمال گُل طَرَبناک شده؛

در سایهٔ گل نشین که بسیار این گل،
از خاک برآمده‌است و در خاک شده!

ئیتر بەیاخی نیفاق پەی ئەکەم
بە مووی سپیوە ڕوو لە مەی ئەکەم
ژمارەی پێکی عومرم حەفتایە
ئێستا بەدمەستی نەکەم، کەی ئەکەم؟!

فردا علم نفاق طی خواهم کرد،
با موی سپید قصد می خواهم کرد،
پیمانهٔ عمر من به هفتاد رسید،
این دم نکنم نشاط، کی خواهم کرد؟

چەندێک منالّ بووین قوتابی زانا
چەندێکیش خۆمان بووین بە مامۆستا
ئەنجام بڕوانە چێمان بەسەرهات
وەک ئاو هاتین و بۆی دەرچووین وەک با!

یک چند به کودکی به استاد شدیم
یک چند به استادی خود شاد شدیم
پایان سخن شنو که ما را چه رسد
از خاک در آمدیم و بر باد شدیم

چ دەستەی تازە، چ پیرانی کۆن
هەموو یەک بە یەک، وەک هاتوون ئەڕۆن
دنیا نامێنێ تا سەر بۆ کەسیان
چۆن هاتن و چوون، ئەبێ بێن، بڕۆن!

آن‌ها که کهن شدند و این‌ها که نوند
هر کس بمراد خویش یک تک بدوند
این کهنه جهان بکس نماند باقی
رفتند و رویم دیگر آیند و روند

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

□بەلاف پێک نایە

پووشێ کەوتە سەر میزی کەر
مێشوولەیەکی پەڕیە سەر

دەیوزاند: گەمیوان خۆمم
مەلەوانی هەزار گۆمم

لە دەریای بێ بن دەگەڕێم
ناترسم گەردلو بێتە ڕێم

کوا "ماجەلّان" و "دێ جاما"؟
کێ ئازایە بێ بەلاما

"کریستۆفەر" شاگردم بوو
گەمیەکەشی دەسکردم بوو

خۆی هەڵکێشا لەبەر خۆوە
تا میزە کەر وشک بۆوە

لە تووندیان دەگەڕا بێئاو
بڵاوەی کرد خەیاڵی خاو

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٤٣و٢٤٤.

□زیافتِ تأویلِ رکیکِ مگس

آن مگس بر برگ کاه و بول خر
همچو کشتیبان همی افراشت سر

گفت: من دریا و کشتی خوانده‌ام
مدّتی در فکر آن می‌مانده‌ام

اینک این دریا و این کشتی و من
مرد کشتی‌بان و اهل و رای‌زن

بر سر دریا همی راند او عَمَد
می‌نمودش آن قدر بیرون ز حد

بود بی‌حد آن چَمین، نسبت بدو
آن نظر، که بیند آن را راست، کو؟

عالَمش چندان بود کش بینش‌است
چشم چندین، بحر همچندینش‌است

صاحب تأویل باطل، چون مگس
وهم او بول خر و تصویر خس

گر مگس، تأویل بگذارد به رای
آن مگس را بخت گرداند همای

آن، مگس نبود کش این عبرت بود
روح او، نه در خور صورت بود

□ مولوی، مثنوی معنوی، دفتر ۱، ابیات ۱۰۹۰ ـ ۱۰۹۸.

ڕەندێکم بینی دانیشتووی ڕووی خاک
مەگەر هەر ئەوم دیبێ وا بێباک؛
بەرامبەر بە کوفر، ئیسلام، دنیا، دین

حەق، گومان، یەقین، ڕێی خراپ و چاک

رندی دیدم نشسته بر خِنْگ زمین،
نه کفر و نه اسلام و نه دَنیاَ و نه دین،
نی حق، نه حقیقت، نه شریعت نه یقین،
اندر دو جهان کرا بُوَد زَهرهٔ این؟

گەردوون جامێکە سەرنیگوون کەوتوو
ژیران لەناویا گشت زەبوون کەوتوو
سرنج لە دۆستیی شووشە و پیاڵە بەن
دەم لە دەمان و خوێنی یەک خواردوو!

این چرخ چو تاسی است نگون افتاده
در وی همه زیـرکان زبون افتاده
در دوســتی شـیشـه و ســاقــی بـنگر
لب بر لب و در میانه، خون افتاده

کفر و دین بەینیان یەک هەناسەیە
یەقین تا گومان یەک هەناسەیە
ئەم هەناسەیە بە خۆشی بژی
مادام خۆی ژیان یەک هەناسەیە

از عالم کفر تا به دین یک نفس است
وز منزل شک تا به یقین یک نفس است
این یک نفس عزیز را خوار مدار
کاین حاصل عمر ما همین یک نفس است

ئەی دڵ لە دنیا ئیحسانت ئەوێ؟!
لە چەرخی گەردوون سامانت ئەوێ؟
دەرمان داوا کەی دەرد گران ئەبێ
لەگەڵ دەرد هەڵکە و دەرمانت نەوێ

ای دل ز زمانه رسم احسان مطلب
وز گردش دوران سروسامان مطلب
درمان طلبی درد تو افزون گردد
بـــا درد بساز و هیچ درمان مطلب

چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

من زیندووم

ئەگەر دێوی دزێوی مردن
بە پێکەنینی ناحەزی هەمیشەییەوە
بە سەرما بدا
گیان و دڵی پڕ خەمم لە ناو بچێ
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم

ئەگەر چرای ژینم
لەسەر سەرینی سەرەمەرگم
پڕشنگی ساردی دوایی بدا
وە دوا تریفەی بێ
وا مەزانن من مردووم من زیندووم

ئەگەر زەنگی کلیسا
بانگەوازی مەرگم بکا
عفریتی مردن بەقاقا بکەوێتە شوێن تەرمی سارد و سڕم
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم

ئەگەر پیاوانی نزاکار
وە ژنانی شینگێڕ و خۆ داپۆشیو
لە دوای دارە تەرمم
پڕمەی گریانیان بێ
وە داری عوود بسووتێنن
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم

ئەگەر بە ئەسرین و فرمێسکی چاوی کەژاڵی دەزگیرانم
بە ئاوی چاوی کەسوکار و دۆست و هاواڵم
گیای گۆڕم بخووسێ
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم

بەڵام ئەگەر گۆڕی من بێ ناونیشان
لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانەدا داکەوێ
وە بیرەوەریم لە یادی خەڵکا بێ ڕەنگ بێ
ئاخ! ئەو کاتەیە کە من... ئەمرم.

□سواره ئیلخانی‌زاده.

□مرگ من

گر رنگ باخته، عفریت مرگ
با لبخندی ابدی فرود آید،
درد و روحم فنا شوند،
بدانید هنوز هم زنده‌ام.

گر بالین مرگم
چونان نزار شمعی میرا
انوار سرد بیافشاند،
بدانید هنوز زنده‌ام.

گر با پیشانی تدهین از اشک،
تنم را چون صخره‌ای سرد،
کفن‌پوش در تابوتی سیه نهند،
بدانید هنوز زنده‌ام.

گر با طنین غم‌بار ناقوس‌ها
آن خنده‌های مرتعش و بیرحم مرگ،

تابوتم سنگین گام ره بسپرد،
بدانید هنوز هم زنده‌ام.

گر آن مردان رثاگوی
سیه‌جامه، گرفته‌روی
به هر سوی دعا و دود کندر افشانند،
بدانید هنوز زنده‌ام.

گر مزار را بیارایند،
و با ناله و سوگی جانکاه،
عزیزانم از من جدا شوند،
بدانید همیشه زنده‌ام.

لیک گر بی‌نشان ماند
در گوشه‌ای زین جهان گور من،
و بپژمرد یادگارهایم،
آه ... آن زمان من خواهم مرد.

□پطروس دوریان، شاعر ارمنی.
□مترجم: آرسن دانیلیان.

□وێرانەیە یان ماڵە؟

پارسەکێک خۆی کوتایە هەیوانێک
وتی: برسیم لەڕێی خودا نانێک

خاوەنی ماڵ گوتی بڕۆ نیمە
وتی: سا چۆڕە ئاوێ تووندە

گوتی: ئاومان نەماوە لاچۆ بڕۆ
وتی: بۆ پینە بزگوڕێک لە پەڕۆ

گوتی: نیمە وتی: کوتێک بەن و داو
گوتی: بەس بای بدە خەیاڵی خاو

وتی: وام زانی ماڵە ئێرانە
لێم گەڕێ با بڕیمە وێرانە

من لە لام وابوو خاوەنی ماڵی !
تۆش لە وێرانە زگ ئەکەی خاڵی

تووڕێ هەڵبگرە داینێ ئەم پۆزە
وەرە وێکڕا بچینە دەریۆزە

□هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٤٤.
□نووسینەوەی: نەسرین ڕەحمانی.

□چە کسی مفلس تر است؟

فقیری درب خانەای را کوبید و گفت: نانی به من بدهید که گرسنه هستم. اهل خانه گفتند: امروز نان نپختەایم. فقیر گفت: میوەای برای من بیاورید. آنها گفتند: هنوز میوه نخریدەایم. فقیر گفت: تشنه هستم قدری آب به من بدهید.
گفتند: امروز سقا آب نیاورده است. فقیر گفت: قدری رنگ و روغن برای موهای سرم بدهید .اهل خانه گفتند: روغنمان کجا بود. روغن نداریم.
فقیر گفت: ای مفلسها! پس چرا در خانه نشستەاید؟ برخیزید تا به اتفاق همدیگر به درب خانهها بگردیم و گدایی کنیم.

گایەک لە ئاسمان ناوی پەروینە
گایەکیش ئەڵێن لەژێر زەمینە
سا چاو بگێڕە ئەی خاوەندی هۆش
لە ناو دوو گادا کەرگەل ببینە

گاوی است بر آسمان قَرینِ پروین،

گاوی است دگر نهفته در زیر زمین؛
گر بینایی، چشمِ حقیقت بگشا:
زیر و زَبَرِ دو گاو مشتی خر بین.

وەک گوڵ پیاڵە بەرمەدە لە دەست
لەگەڵ گوڵڕەنگی چاو و برۆ مەست
شەراب بنۆشە، ئەم چەرخە شینە
هاکا تۆیشی کرد بە وێنەی گڵ پەست!

چون لاله به نوروز، قدح گیر به دست
با لالەڕُخی، اگر تو را فُرصت هست
می نوش به خرّمی! که این چرخ کهن
ناگاه تو را چو خاک گرداند پست

دڵ نابێ داری خەمی تیا بڕوێ
خۆش کتێبێکە لە خۆشی بدوێ
مەیْنۆشین باشە و کام هێنانەدی
خۆ دیارە ژینت چەن کەم بۆ ئەلوێ!

مگذار که غصه در کنارت گیرد
واندوه و ملال روزگارت گیرد
مگذار کتاب و لب جوی و لب کشت
زان پیش که خاک در کنارت گیرد

شووشەم ئەشکێنی بە قەستی، خودایە!
ڕێی نەشئە و بەزمم ئەبەستی، خودایە!
شەرابی ئاڵم ئەڕێژیتە خاک،
هەی خاکم بە دەم بۆچ مەستی، خوایە[١]

ابریق می مرا شکستی ربّی!
بر من در عیش را بستی ربّی
من می خورم و تو می‌کنی بدمستی!

خاکم به دهن مگر تو مستی ربّی!

□چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

]١ [ئەگەر دەسپاکی نەبا هەرگیز ئەم چوارینە بێمانایەم نەدەنووسی!!
بەڕاستی خۆم بە تاوانبار دەزانم لە نووسینەوەی ئەم چوارینەیە. داوا لە خوای گەورە دەکەم بمبەخشێ. پێم سەیرە مامۆستا گۆران لەچاو ئەو هەموو چوارینەیە، بۆ ئەوەیانی وەرگێڕاوە کە هەموو خەییام ناسە گەورەکان ڕەتی دەکەنەوە لەوەکە ئەم چوارینەیە هی خەییام بێ؟!
بۆ وێنە قسەی سادقی هیدایەت لەمەڕ ئەم چوارینەیە؛
"ولی مشکل دیگری که باید حل بشود این است که می‌گویند خیام به اقتضای سن، چندین بار افکار و عقایدش عوض شده، در ابتدا لاابالی و شراب‌خوار و کافر و مرتد بوده و آخر عمر سعادت رفیق او شده راهی به سوی خدا پیدا کرده و شبی روی مهتابی مشغول باده‌گساری بوده؛ ناگاه باد تندی وزیدن می گیرد و کوزهٔ شراب روی زمین می‌افتد و می‌شکند. خیام برآشفته به خدا می‌گوید:

ابریقِ می مرا شکستی رَبّی
بَر منِ درِ عیش را ببستی
من می خورم و تو می‌کنی بدمستی؟!
خاکم به دهن مگر تو مستی ربی؟

خدا او را غضب می‌کند، فوراً صورت خیام سیاه می‌شود و خیام دوباره می‌گوید:

ناکرده گناه در جهان کیست؟ بگو
آن‌کس که گنه نکرده چون زیست؟ بگو
من بد کنم و تو بد مکافات دهی!
پس فرق میان من و تو چیست؟ بگو

خدا هم او را می‌بخشد و رویش درخشیدن می‌گیرد، و قلبش روشن می‌شود. بعد می‌گوید: «خدایا مرا به سوی خودت بخوان!» آن وقت مرغ روح از بدنش پرواز می‌کند!
این حکایت معجزآسای مضحک بدتر از فحش‌های نجم‌الدین رازی به مقام خیام توهین می‌کند، و افسانهٔ بچگانه‌ای است که از روی ناشیگری به‌هم بافته‌اند".

سۆزی دڵ

به تەنیا گیانەکەم! سۆزی دڵم پەروانە دەیزانێ

خەمی دڵ بولبولێکی بێگوڵ و بێلانە دەیزانێ

وەها پابەندی بسکی شێتوپێتم بێخەبەر ماوم

لە خۆم و حاڵوباڵم، حاڵی من دێوانە دەیزانێ

لە ڕازی بسکی پڕ پێچوخەمی عالەم سەراسیمەن

دەزانی ئەو تەلەسمە موبەموو هەر شانە دەیزانێ؟

مەپرسن دۆستان! هەرگیز لە حاڵی دەستزەدەم، چونکە

لە خۆم من بێ هەواڵم، حاڵی من جانانە دەیزانێ

»ئیمامی« ناوی گەورە و شاری وێرانە کە تێفکرێ

لە مەعنای شێعرەکانم هەر دڵی وێرانە دەیزانێ

ماموّستا سەیید کامیل ئیمامی، ئاوات.

سوز دل

فقط سوز دلم را در جهان پروانه می‌داند
غمم را بلبلی کاواره شد از لانه می‌داند

نگریم چون ز غیرت، غیر می‌سوزد به حال من
ننالم چون ز غم، یارم مرا بیگانه می‌داند

به امیدی نشستم شکوهٔ خود را به دل گفتم
همی خندد به من، این هم مرا دیوانه می‌داند.

به جان او که دردش را ز جان هم دوست‌تر دارم
ولی می‌میرم از این غم که داند یا نمی‌داند؟

نمی‌داند کسی کاندر سر زلفش چه خون‌ها شد
ولیکن موبه مو این داستان را شانه می‌داند

نصیحتگر، چه می‌پرسی علاج جان بیمارم!
اصول این طبابت را فقط جانانه می‌داند

□ ابوالقاسم لاهوتی، اسلامبول، ۱۹۱۸.

□لەبیرم مەکە

وەهام بیستووە سەردەمی پێشوو
لە گەورە شارێک نازدارێک هەبوو

کچێکی قیت و قۆز و کەڵەگەت
شاکاری دەست و نەخشی تەبیعەت

شۆخ و لەبار و جوان و ڕەزا سووک
لەڕاست ڕووی دەچوو ئابڕووی گوڵووک

دڵتەڕ، مەشرەف خۆش، زار بەپێکەنین
شل و مل، ئەسمەر، ناسک، نازەنین

دیدەکاڵ، لێوئاڵ، بسک سێ بەنگی
خاڵی سەر کوڵمەی ڕەشتر لە زەنگی

مەمک خڕ و توند، سینە نەرم و پان
گەردن درێژ و چەنە کورت و جوان

کەی گەزۆ شیرن وەکوو دەمی بوو
کەنگێ بەڕەزا وەک پەرچەمی بوو

مانگ لە ئاست هەنیەی شەرمەزار بۆوە
برۆی دی هیلال خۆی لەبیر چۆوە

جەرگی دەبڕین تیری بژانگی
دڵگر بوو بسکی، لووس بوو، لاجانگی

زەندی گۆشتن و شووش و نەرم و نۆڵ
بەلەکی خڕ و پڕ و سپی و سۆڵ

چەنەگەی خڕی وەکوو گۆی زێو بوو
بەرخەبەبەکەی وەک شەکرەسێو بوو

خەڵفی شۆڕەبی و مەندۆک و بیزا
لەبەر ئەو باڵا بەرزە دەفیزا

ناز و کریشمە و لەنجە و لارەکەی
پڕی کردبوو هەموو شارەکەی

جوانی وا کەم بوو لەسەر زەمینێ
کەم دایک کیژی وا جوان دەبینێ

لە شارا هەچی هەبوون کوڕ و کاڵ
لەدووی ئەو شۆخە ببوونە عەوداڵ

لێیان گرتبوو گوێسوانە و ڕێباز
کڕیار گەلێکە بۆ کڕینی ناز

وەک مانگی جێژن لێیان دەڕوانی
پێیان هەڵدەگوت بەستە و گۆرانی

بەڵام لە هەموان داوخوازتر لاوێک
بوو، کە نەدەژیا بەبێ ئەو تاوێک

گیرۆدەی کردبوو بەبسکی خاوی
دێوانەی کردبوو بەسیلەی چاوی

ئاوڕی ئاوری لە دڵ بەردابوو
نازی وەرهەمی پێ هەڵێنابوو

وەختابوو بمرێ بۆ ماچی لێوی
یا وەکوو شێتان ڕوو بکاتە کێوی

نەیمابوو هۆش و هەدادان و خەو
ئۆقرەی بڕابوو بەڕۆژ و بەشەو

قسەی دڵسۆز و دۆستی نەدەبیست
لە دنیای ڕووناک هەر ئەوی دەویست

لە دڵی بەربوو ئاگری بێ ئامان
دەستی بەردابوو لە ماڵ و سامان

شێت و شەیدا بوو، هۆشی نەمابوو

ئاگای لە حاڵی خۆشی نەمابوو

شین و گریان و ڕۆڕۆ بوو پیشەی
هەر بیری ئەو بوو یادی هەمیشەی

ناهومێد نەبوو دەستی بەرنەدا
تا ئەو نازدارەی بۆ هاتە ڕەدا

بەهار بوو دیسان خەملّی وەک بەهەشت
مێرگ و لاپاڵ و بەندەن و پێدەشت

کانی وەک دیدەی ئاواران پڕ جۆش
شنە وەک پشووی نازداران بۆنخۆش

گوڵ پشکووت، بلبل وەورینگە کەوت
کەو لەسەر ڕەوەز هەڵی گرت ڕەوت

مێلاقە بادەی ئاونگی دەمشت
شللێر فرمێسکی شادی هەڵدەڕشت

خونچە دایدڕی بەرۆکی کراس
لە خیز هاتە دەر چووزەڵە ڕێواس

بۆن و بەرامە و هەوای بەهاری
عیشق و هەوەس و مەستی لێ باری

بەهار کە بەزمی تەبیعەت گەرمە
دڵی نازداری بێ بەزەش نەرمە

بەڵێنی پێ دا کیژۆڵەی چاوجوان
لە دەری شاری بۆی بچێتە ژوان

لاوی دڵسووتاو گەیشت بەئاوات
کە ئەو نازدارەی بۆ لە ژوانێ هات

ئاوێزانی بوو، گرتی لە ئامێز
گووشی بەباهۆی مەردانەی بەهێز

ڕایموووسی لێوی شیرنتر لە قەند
لە دەستی هاڵاند کەزی وەک کەمەند

گووشی مەمکۆڵەی وەک زەردە لیمۆ
بڕا، لاکەوە، مەکە، ئەیەڕۆ

دەیانکرد یاری و دەسبازی و گەنگەڵ
یەکتریان دەگرت لە مێز و باخەڵ

درێژ دەبوون و هەڵدەستانەوە
لەناو شێنکەدا دەتلانەوە

لاوی تامەزرۆ، کیژی گەردن کێل
سوێسنە و بەیبوونیان دەکردن پێشێل

ڕێکتر دەکەوتن بۆ ئەم لا و ئەولا
قانەقدیلەی یەکتریان دەدا

سێبەر شۆڕ ببوون، ئێوارە داهات
ئاخ لە خۆشیدا زوو ڕادەکا کات

هەرچەند لە دینی یەکتر تێر نەبوون
ناچار بوون هەستن بەرەوماڵ ببزوون

شل شل داگەڕان بۆ دەم ڕووباری
تا پێش تاریکان بچنەوە شاری

لەسەر کەندی چۆم ڕاوەستان تاوێ
کچ دیتی لەناو نێرینەی ئاوێ

چەپکە گوڵێکی وەکوو پتی خوێن
گوتی ئای جوانە! ئەوە گوڵی کوێن؟

بریا هی من با ئەو گوڵە سوورە
حەیفە کەوتە ناو ئەو شیت و شوورە

هێشتا قسەکەی نەکردبوو تەواو
کە دڵداری شێت خۆی خستە ناو ئاو

بە پەلەقاژە گوڵی هێنا دەست
هاویشتی بۆ لای کێژی دیدەمەست

گوتی ئەی یاری ژیکەڵە و ژیرم
هانێ گوڵەکەت مەکە لە بیرم

گێژاو لوولی دا، شەپۆڵ نوقمی کرد
خوڕێنی چۆمی کەلاکیشی برد

تۆماری ژینی کورتی پێچراوە
ئەو تەنیا ڕۆژە خۆشەی بۆ ماوە

ساردی کردەوە چۆمی سارد و سڕ
دڵی پڕ هەست و پڕ بڵێسە و گڕ

کە ئەوەی بینی کێژی شەنگ و شۆڕ
لەوێ ڕانیشت و کردیە زیڕ و هۆڕ

قژی ڕنینەوە دای لە سینگی خۆی

بەرۆکی دڕی قوڕی پێوا بۆی

لەوێ هێند گریا هەتا بوو شەڵاڵ
بە دارەمەیت بردیانەوە ماڵ

هەتا ماوەیەک دژ و وەڕەز بوو
کەم کەم دڵداری پێشووی لەبیر چوو

یەکی تری گرت لە کوڕانی شاری
سەرلەنوێ دەستی کرد بەدڵداری

ژین ڕاناوەستێ، هەوەس نامرێ
دڵداری لەگەڵ مردوو ناکرێ

زیندوو پێویستی بەهاودەم هەیە
بۆ مردوو مردن، هەر ئەفسانەیە

تا خوێن ببزوێ، تەزووی بێ، هەوەس
بێ جووت دژوارە ژیان بۆ گشت کەس

کە ویستت دڵی جوانێک ڕابگری
دەبێ بۆی بژی، نابێ بۆی بمری

ژن پیاوی دەوێ، پیاو دەیەوێ ژن
هەزارانی واش بێ سەروشوێن بن

بۆ ژین پێویستە لەشی گەرم و گوڕ
نەک ئاڵا و کێل و گڵکۆ و بەرد و قوڕ

لە یەسکی ڕزیو وەرناگیرێ کاو
بێ کاو دژوارە ژینی ژن و پیاو

تێ نەگەیشتبوو دڵداری بێ هۆش
کە کچ زوو کوڕان دەکەن فەرامۆش

هیچ کەس بەو کارە نالێ ئازایی
خۆ بەکوشت بدا پیاو بەخۆڕایی

خۆی بە ئاو دادا بۆ هەوەسی چووک
پێی وابێ پاش ئەو کچ نابێ بە بووک

کەسێک دەیەوێ قەت نەکرێ لە بیر
ناوی لاپەڕەی مێژوو بکا داگیر

خەڵک بەمەردی و ئازایی و پیاوی
هەتا هەتایە هەر بەرن ناوی

ببێ بەمایەی سەربەرزیی کۆمەڵ
بۆی دروست بکەن پاش مردن کۆتەڵ

لە ڕیزی گەوران ناوی بنووسرێ
سەت شێعری باشی پێ هەڵبگوترێ

جێی شانازی بێ بۆ نەتەوەی خۆی
گۆڕی مەزار بێ، کڕنووش بەرن بۆی

خۆ فیدا بکا بۆ گەل و خاکی
ناوی نەمرە بەپاکی و چاکی

□ مامۆستا هێمن، بارگەی یاران، لاپەڕە ١٦٣ـ١٦٩.

□هدیۀ عاشق

عاشقی محنتِ بسیار کشید

تا لبِ دِجله به معشوقه رسید

نشده از گُلِ رویش سیراب
که فَلَک دسته گُلی داد به آب

نازنین چشم به شَط دوخته بود
فارغ از عاشقِ دلسوخته بود

دید در رویِ شط آید به شتاب
نوگُلی چون گُلِ رویش شاداب

گفت بَه‌بَه چه گُل رَعنایی‌است
لایقِ دستِ چو من زیبایی‌است

حیف از این گل که بَرَد آب او را
کند از منظره نایاب او را

زاین سخن عاشقِ معشوقه پَرَست
جَست در آب چو ماهی از شَست

خوانده بود این مثل آن مایهٔ ناز
که نکویی کُن و در آب انداز

خواست که آزاد کند از بندش
اسمِ گل بُرد و در آب افکندش

گفت: رو تا که ز هجرم بِرَهی
نامِ بی مِهری بر من نَنَهی

باری آن عاشقِ بیچاره چو بَط
دل به دریا زد و افتاد به شَط

دید آبی‌است فراوان و دُرُست
به نَشاط آمد و دست از جان شُست

دست و پایی زد و گل را بربود
سویِ دلدارش پرتاب نُمود

گفت کای آفت جان سُنبلِ تو
ما که رَفتیم، بَگیر این گُلِ تو

بِکُنَش زیبِ سَر، ای دلبرِ من
یادِ آبی که گذشت از سرِ من

جز برای دلِ من بوش مَکُن
عاشقِ خویش فراموش مکن

خود ندانست مگر عاشقِ ما
که ز خوبان نتوان خواست وفا

عاشقان را همه گر آب بَرَد
خوبرویان همه را خواب بَرَد

□دیوان ایرج میرزا، مثنوی‌ها، ص ۱۴۹.

در روزنامهٔ " اقدام" چاپ تهران مسابقه‌ای تحت عنوان "هدیهٔ عاشق" به مسابقه گذارده می شود که دربارهٔ " گل فراموشم مکن" که یکی از قصه‌های اروپایی است می‌باشد.

خلاصهٔ قصه چنین است: عاشق و معشوقی در کنار رود دانوب مشغول تفریح و دلدادگی بودند که ناگهان معشوق، گلی را در رودخانه می‌بیند و با نگاهش می‌فهماند که چقدر مشتاق آن دسته‌گل است. عاشق بدون ملاحظه، خود رابه آب می‌اندازد و گل را به سوی معشوقش می‌اندازد و می‌گوید "فراموشم نکن" و خود به دیار نیستی می‌رود، از آن پس، آن گل را "گل فراموشم مکن" می‌نامند.

در این مسابقه بزرگانی مثل"رشید یاسمی" و "وحید دستگردی" شرکت می کنند ولی برندهٔ مسابقه ایرج میرزا می‌شود که این شعر را می‌سراید.

ورچی نه کوژراو مەفرۆشە!

دوو کەسی ڕاوکەر چووبوونە جەنگەڵ
یەکێ ترسەنۆک، یەکێکی تەنبەڵ

ترسەنۆک وتی: ورچێ ڕاو ئەکەین
های کەوڵی ورچ! لە شار قاو ئەکەین

بەنرخی ورچە زۆر کوتاڵ ئەکڕم
بۆ تۆش کراسێک لە جاو دائەدڕم !

ورچێک دەرکەوت لەسای نزارێ
ترسەنۆک ڕای کرد پەڕیە سەر دارێ

تەنبەڵ لێی کەوت وات ئەزانی مرد
ورچەی هاتەسەر بۆنی پێوە کرد

بە مردووی زانی و هێشتی بێ گێچەڵ
کابرای لە سەردار گوتی بە تەنبەڵ:

ورچە چی ئەگوت؟ بەخوا زۆر ترسام
وتی: دوو پەندی زۆر باشی دادام

لەگەڵ ترسەنۆک مەبە بە هاوکار
تۆ بەجێ دێڵێ و خۆی دەچتە سەر دار

دۆشت پێ خۆش بی بەران مەدۆشە
ورچی نەکوژراو پێستی مەفرۆشە

□هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ۲۵۸و۲۵۹.

□خرس و صیّادان

یکی خِرِس بودست در جنگلی
دَرَندە هیونی، قوی هیکلی

دو صیاد استاد چالاک و چُست
یکی آلَفِرد نَام و دیگر اُگُست

نمودند بر یک رِباطی ورود
کە بر جنگلِ خرس نزدیک بود

سخن آمد از خرس اندر میان
بر ایشان نمودند تعریفِ آن

کە در جُثّە بی‌حد بزرگ‌است او
بود پوستش پر بها و نکو

بسی آمدند از شکار آوران
کە عاجز بماندند از صیدِ آن

اُگُست آن زمان گفت کە ما دو یار
بە زودی نماییم او را شکار

از آن جانور ما نداریم باک
کە صیّادِ این جا بود ترسناک

بە جنگل برفتند آن دو جوان
پیِ خرس گشتند هر سو روان

قـضـا را نـمـودنـد هـر جـا گـذر
نـديـدنـد آن روز از خـرس اثـر

ز جـنـگـل سـوِي خـانـه بـاز آمـدنـد
بـدين حال بودنـد خود روزِ چـنـد

بـمـانـدنـد يـک هـفـتـه در آن رِبـاط
ز هـر قـسـم مأکـولـشـان در بِـسـاط

خـريـدنـد از مـيـزبـان نـان و آب
نـدادنـد وجـهِ طـعـام و شـراب

نـمـودنـد بـا او قـرار و مـدار
که سازيم چون خرس را ما شکار

فـروشـيـم پـس جـلـدِ آن خـرس را
نـمـاييـم مـر قـرضِ خـود را ادا

همان قـسـم روزی بـه جـنـگل شـدند
پـيِ خـرس هـر سو شتابـان بـدنـد

بـديـدنـد تـا مِـتـر مـارتَـن رسـيـد
بـغـرّيـد از دور چـون آن دو ديـد

دو صيّادِ بـا جـرأت و خـودپـسـنـد
که ناکُشـتَـه‌اش پـوسـت بـفـروختـنـد

در آن دم کـه ديـدنـد آن پـيـل‌تـن
نـمـودنـد گُـم جـرأتِ خـويـشـتـن

فُـتـاد آلـفـرِد را تـفـنـگش ز دسـت
ز بـيمش بـه بـالای شاخـی بـجـسـت

اُگُست آن زمان خفت چون مردگان
نیاورد بیرون نفس از دهان

چو نزدیک شد متر مارتن بر او
بسی کرد مر گوش و بینی‌اش بو

وَرا مُرده پنداشت، زو بر گذشت
چو از چشمِ ایشان بسی دور گشت

اُگُست از زمین جَست شوریده‌بخت
بشد آلفرد بر زمین از درخت

بگفتا بر او با لبِ نیم خند
چه در گوشَت آن خرس بنهاد پند؟

چنین داد پاسخ که این گفتِ اوست
چو ناگُشته‌ای خرس مفروش پوست

چه خوش گفت فردوسیِ بی‌قرین
به شهنامه در جنگِ خاقانِ چین

فرستاده گفت ای خداوند رَخش
به دشت آهویِ ناگرفته مَبخش!

□ دیوان ایرج میرزا، مثنوی‌ها، ص ۱۴۳و۱۴۴.

کێیە بێ گونای ڕووی دنیا، بڵێ؟!
بێ گونا کردن چۆن ژیا، بڵێ؟!
کە من بەد بکەم، سزای تۆیش بەد بێ
تۆ و من جیاوازین لە چیا، بڵێ؟!

ناکرده گناه در جهان کیست؟ بگو
آن‌کس که گنه نکرده چون زیست؟ بگو
من بد کنم و تو بد مکافات دهی!
پس فرق میان من و تو چیست؟ بگو

ئای که زۆر گەڕاین بە دەر و دەشتا
دنیامان بێزا لە گێڵ و گەشتا
لەم ڕێگای چوون و نەهاتنەوەدا
کەسێک توش نەبووین لە بازگەشتا

بسیار بگشتیم به گِرْدِ در و دشت،
اندر همه آفاق بگَشتیم به گشت؛
کس را نشنیدیم که آمد زین راه
راهی که برفت، راهرو بازنگشت!

پیاڵەی ئەجزا جۆش‌خواردووی بێ‌گەرد
مەست دڵی نایە قەت بیدا لە بەرد
ئەی سەر و مل و ساق و دەستی جوان
کێ لێکیان ئەداو ئەیانکا بە گەرد؟!

اجزای پیاله‌ای که درهم پیوست،
بشکستنِ آن روا نمی‌دارد مست،
چندین سر و ساقِ نازنین و کفِ دست،
از مِهرِ که پیوست و به کینِ که شکست؟

هەر چەن بە ڕەنگ و بۆی جوان ڕازاوم
وەک گوڵ، بە باڵایش سەروی سەراوم
بەڵام نەمزانی وەستای نیگارکێش
لە گاڵتەخانەی خاک بۆ داینناوم؟! [١]

هرچند که رنگ و روی زیباست مرا،

چون لاله رخ و چو سَرْو بالاست مرا،
معلوم نشد که در طَرَبخانهٔ خاک
نقّاشِ ازل بهرِ چه آراست مرا؟

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕانی: مامۆستا گۆران

]١ [فازیل:

هەرچەند ڕەنگ جوان، بۆنیشم خۆشە
باڵا وەک سەرو، ڕووم‌ەت بەنەوشە
بۆم مەعلووم نەبوو لە بازاڕی خاک
بۆچی خوا کێشای ئەم ڕەنگ و نەقشە

□براساس زبان لکی صورت درست این ابیات چنین است:

گر اَژ رَز اَورنهی دیوارته از گل
نه پرچینش کری وانوشه و ول

گر اَو پشتش نهی آن دار شمشاد
گر اَو رویش کری آواج بلبل

سرنجامان بشی پیا به هر زی
یای ته گور وی ماوای ته گل

□بابا تاهیری هەمەدانی.

معنی بدین صورت است:
بیت اول: اگر دیوارت از گل رز و پرچینش از بنفشه باشد
بیت دوم: اگر در ورای آن دیوار درخت شمشاد بکاری و برآن درخت آواز بلبل تعبیه کنی.
بیت سوم: و یا در آخر مردی شوی به هر پوششی درایی جایت گور است و مأوایت خاک.

□رضا حسنوند (شوریده لرستانی .(

تەلارێ گەر لە زێڕ هەڵخەی بە جێی گڵ
بە پەرژین کەی وەنەوشە و سەرتەڵی گوڵ

بنێی بۆ سێبەرت لەو داری شمشاد
لە هەر لا بژنەوی ئاوازی بوڵبوڵ

سەرەنجامت دەڕۆیت و جێی دەهێڵی
بەرەو گۆڕێ دەچی و بن خاکە مەنزل

□چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی، وەرگێڕانی: ڕەحیم لوقمانی.

•ئەمە یەکێ لەو شێعرانەیە لە حەنتیکەخانەی "قونیە"ی سەر گۆڕی مەلای ڕۆمی دۆزراوەتەوە. ئەو شێعرانە لە ساڵی ٨٤٨ کـ م نووسراونەوە. ئەو نامیلکەیە هەشت چوارینە و دوو قەتعەی سێ بەیتی و شەش بەیتی تێدایە.

□در حقّ من همان کنند.

زارجَم دی و دایِ مورجان خَورد
مورجانی دو دستی وّ خُدا دَرد

ناگهان بامَدَند بازِ وداری
زارَجَش کُشت و مُوران زارِج ادخورد

دالِ جالوندَ کُوهان گَرد پَرواز
بازَش بَکُشت و خونَش پاک ادخورد

بِمد نچّیروان دَر دین ود آئین
بَو کدَش تیر و دال اژکار بدّرد

بشه نچّیروان دستَت وچا دست
چهَ منّت بد کره اژکار بدّرد

فنامی نشّه أینی که مَن کرد
بَمَنَ هَر آن کَرَند هَر وَد که مَن کرد

□بابا تاهیری هەمەدانی.

"□زارج" ژارژ یا ژرژ است که در زبان دلفانیان لک زبان به معنای کبک است.
"□مورج" + ان جمع که همان میروج یا میروژ یا مروج لک زبانان و همان مورچه زبان فارسی است.
"□وداری" که درست آن ئو داری است و به معنی از روی درختی و یا از فراز درختی.
»□جالوند» است که این واژخ مرکب از دو قسمت «جه » یعنی از و دیگری همان کوه الوند و به قیاس عام کوه بلند.

بابا طاهر می‌گوید: کبکی را دیدم که به شتاب مورچه‌ها را می‌خورد و مورچه‌ها درد خود را با دودستی – از ته دل – به محضر خدا عرض کردند. ناگهان بازی از روی درختی فرود آمد و کبک را کشت و مورچه‌ها کبک را خوردند. عقابی از کوه الوند پرواز کرد و باز را کُشت و خونش را به تمامی خورد. نخجیربان اندوهگینی آمد و تیری افکند و عقاب را از پای درافکند. ای نخجیربان! دست مریزاد که این بدکار را از پا درافکندی. بدکاری من فنا نمی شود و هر بدی که از من سر زند، در حقّ من همان کنند.

□رضا حسنوند (شوریده لرستانی.(

□نەکەی خەراپە بکەی!!

کەوێ دندووکی لە مێرووله دا
نزای مێرووله چوو لێی بۆ خودا

باز کەوی دڕی، هێندەی پێنەچوو
مێرووله دەمیان دە کەو نا هەموو

هەڵۆش بازی گرت، خوێنی هەڵدەمشت
کە ڕاوچییەک هات خوێنی هەڵۆی ڕشت

بڵەی کێ ئەویش دەخوێنێ وەردا؟!
لە هیچ خەراپێ خۆش نابێ خودا

گەر چاکە بکەی چاکەت دێتە ڕێ
نەکەی خەراپە! ئاهێ دەتگرێ

□وەرگێڕانی: کەماڵ ڕەحمانی.

•ئەمە یەکێ لەو شێعرانەیە لە حەنتیکەخانەی "قونیە"ی سەر گۆڕی مەلای ڕۆمی دۆزراوەتەوە. ئەو شێعرانە لە ساڵی ٨٤٨ کـ م نووسراونەوە. ئەو نامیلکەیە هەشت چوارینە و دوو قەتعەی سێ بەیتی و شەش بەیتی تێدایە.

لە پێشا چەرخی شین خستنە کار
دوایی تێکدانی بنچینە و دیوار
ناکێشرێ هەرگیز بە تەرازووی عەقڵ
پێوانەی نایە بە مەتر و پەڕگار [١]

آغاز روان گشتن این زرین تاس
پایان و فنای یک چنین نیک اساس
دانسته نمی‌شود به معیار عقول
سنجیده نمی‌شود به مقیاس قیاس

شاد بژی مایەی عومرت دەمێکە
هەر گەردێک لە خاک "کەی" و "جەم"ێکە
چۆنیەتی دنیا و ئەسڵی ئەم عومرە
خەوە و خەیاڵە و تەفرە و تەمێکە! [٢]

شادی بطلب که حاصلِ عمر دمی است
هر ذرّه ز خاکِ کیقبادی و جَمی است
احوالِ جهان وَ اصلِ این عمر که هست
خوابیَ و خیالی و فریبی و دمی است

ساقی! قەدەحێک، ژیان یەک دەمە
هەر بە خۆشی بێ ئەو دەمەش بەسمە
چۆنت بۆ لوا بسازە، چەپگەرد
سووڕانی بەپێی دڵخواز زۆر کەمە

ساقی، قدحی که کار عالم نفسی‌است
گر شادی آن یک نفس، آن نیز بسی‌است
خوش باش به هر چه پیشت آید کـه جـهان
هــرگــز نشود چنانــکه دلخواه کسی است

بەر لەوەی گەردوون تووشمان کا بەوەی
وەرە! با خۆمان تێراو کەین لە مەی
چونکه چەرخی کۆن کاتی ڕۆیشتن
ماوەی ئاو نادا لێوی پێ تەڕ کەی [٣]

برخیز ز خواب تا شرابی بخوریم
زان پیش که از زمانه تابی بخوریم
کاین چرخ ستیزه‌روی ناگه روزی
چندان ندهد زمان که آبی بخوریم

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕانی: مامۆستا گۆران.

]١" [فازیل" ئەم چوارینەیەی ئاوا وەرگێڕاوە

ئەوەڵ ناردنی ئەم ئاسمانە
ئاخر تێکدانی ئەم قوببە جوانە

به میعیاری عەقڵ قەت نازانرێ
به مەنتیق ئەسلەن ناکرێ کێشانه

]٢[دیسان فازیل:

به شادی بژی، ژیان دەمێکه
زەرەیه له خاک جێگەی جەمێکه
موقتەزای دنیا و بناغەی عومر
خەو خەیاڵ و تەفره گەلێکه

]٣ [فازیل:

بەر لەمەی غەمێ له زەمان بخۆین
پێکەوه ئەمڕۆ شەڕابێ بخۆین
وەختێ لەم چەرخه که هەڵساین بڕۆین
وچانمان نادا قومێ ئاو بخۆین

گایەک له ئاسمان ناوی پەروینه
گایەکیش ئەڵێن لەژێر زەمینه
سا چاو بگێڕه ئەی خاوەندی هۆش
له ناو دوو گادا کەرگەل ببینه

گاوی است بر آسمان قَرینِ پروین،
گاوی است دگر نهفته در زیر زمین؛
گر بینایی، چشمِ حقیقت بگشا:
زیر و زَبَرِ دو گاو مشتی خر بین.

وەک گوڵ پیاڵه بەرمەده له دەست
لەگەڵ گوڵڕەنگی چاو و برۆ مەست
شەراب بنۆشه، ئەم چەرخه شینه
هاکا تۆیشی کرد به وێنەی گڵ پەست!

چون لاله به نوروز، قدح گیر به دست
با لاله رُخی، اگر تو را فُرصت هست
می نوش به خرّمی! که این چرخ کهن
ناگاه تو را چو خاک گرداند پست

دڵ نابێ داری خەمی تیا بڕوێ
خۆش کتێبێکە لە خۆشی بدوێ
مەیْنۆشین باشە و کام هێنانەدی
خۆ دیارە ژینت چەن کەم بۆ ئەلوێ!

در دل نــتوان درخت اندوه نشاند
هــمواره کتاب خرمی باید خواند
مِی باید خورد و کام دل باید راند
پیداست که چند در جهان خواهی ماند

شووشەم ئەشکێنی بە قەستی، خودایە!
ڕێی نەشئە و بەزمم ئەبەستی، خودایە!
شەرابی ئاڵم ئەڕێژیتە خاک،
هەی خاکم بە دەم بۆچ مەستی، خوایە[١]

ابریق می مرا شکستی ربّی!
بر من در عیش را بستی ربّی
من می خورم و تو می‌کنی بدمستی!
خاکم به دهن مگر تو مستی ربّی!

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا گۆران.

]١ [ئەگەر دەسپاکی نەبا هەرگیز ئەم چوارینە بێمانایەم نەدەنووسی!! بەڕاستی خۆم بە تاوانبار دەزانم لە نووسینەوەی ئەم چوارینەیە. داوا لە خوای گەورە دەکەم بمبەخشێ. پێم سەیرە مامۆستا گۆران لەچاو ئەو هەموو چوارینەیە، بۆ ئەوەیانی وەرگێڕاوە کە هەموو خەییام ناسە گەورەکان ڕەتی دەکەنەوە لەوەکە ئەم چوارینەیە هی خەییام بێ؟!

بۆ وێنە قسەی سادقی هیدایەت لەمەڕ ئەم چوارینەیە؛
"ولی مشکل دیگری که باید حل بشود این است که می‌گویند خیام به اقتضای سن، چندین بار افکار و عقایدش عوض شده، در ابتدا لاابالی و شراب‌خوار و کافر و مرتد بوده و آخر عمر سعادت رفیق او شده راهی به سوی خدا پیدا کرده و شبی روی مهتابی مشغول باده‌گساری بوده؛ ناگاه باد تندی وزیدن می گیرد و کوزهٔ شراب روی زمین می‌افتد و می‌شکند. خیام برآشفته به خدا می‌گوید:

ابریقِ می مرا شکستی رَبّی
بَر منِ درِ عیش را ببستی
من می خورم و تو می‌کنی بدمستی؟!
خاکم به دهن مگر تو مستی ربی؟

خدا او را غضب می‌کند، فوراً صورت خیام سیاه می‌شود و خیام دوباره می‌گوید:

ناکرده گناه در جهان کیست؟ بگو
آن‌کس که گنه نکرده چون زیست؟ بگو
من بد کنم و تو بد مکافات دهی!
پس فرق میان من و تو چیست؟ بگو

خدا هم او را می‌بخشد و رویش درخشیدن می‌گیرد، و قلبش روشن می‌شود. بعد می‌گوید: «خدایا مرا به سوی خودت بخوان!» آن وقت مرغ روح از بدنش پرواز می‌کند!
این حکایت معجزآسای مضحک بدتر از فحش‌های نجم‌الدین رازی به مقام خیام توهین می‌کند، و افسانهٔ بچگانه‌ای است که از روی ناشیگری به‌هم بافته‌اند".

هەر بەربەیانێک ڕووی ئاسمان شین بێ
ئەبێ لەسەر دەست پیاڵەی ڕەنگین بێ
ئەڵێن لە دەما تامی مەی تاڵە
مەی حەقە و کێ دی کە حەق شیرین بێ؟!

هر گه که طلوع صبح اَرزَق باشد
باید به کَفَت مـی مُروَّق باشد
گـــویند در اَفَواه که حق تلخ بود
باید که بدین دلیل مِی حق باشد

ئەم کۆشکەی لووتی لە ئاسمان بوو
شاهان ئەیاننا بۆ بەردەرگای ڕوو
دیمان کۆترێک لێوی دیواری
گرتبوو کز کز ئەیوت: کوو کوو کوو!

آن قصر که بر چرخ همی‌زد پهلو،
بر درگهِ او شهان نهادندی رو،
دیدیم که بر کنگره‌اش فاخته‌ای
بنشسته همی‌گفت که: «کوکو، کوکو؟«

ئەوانەی زووتر بۆی دەرچوون، ساقی!
خاکی غوروورە تیا نووستوون، ساقی!
مەی بخۆ و ڕاستی هەر لە من ببیە:
با بوو لە هەرچی دوابوون، ساقی!

آنان که ز پیش رفته‌اند ای ساقی،
در خاکِ غرور خفته‌اند ای ساقی،
رو بادهِ خور و حقیقت از من بشنو:
باد است هر آن‌چه گفته‌اند ای ساقی.

بێ مەی گووزەران کردن ناتوانم
بێ جام باری لەش بردن ناتوانم
بەندەی ئەو دەمەم ساقی ئەڵێ: ها
جام و، من ئیتر گرتن ناتوانم!

من بی می ناب زیستن نتوانم،

بی بادە، کشیدِ بارِ تن نتوانم،
من بندۀ آن دَمَم کە ساقی گوید:
»یک جام دگر بگیر« و من نتوانم

 چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕانی: مامۆستا گۆران.

هەڵە لە چیدایە؟

یەکێ لای قازییەک شکایەتی کرد
بۆ سمێڵ چەوری کووپە ڕۆنی برد

کووپە تا مل لە مشکی ئاخنراو
چنگە ڕۆنێک لە لای سەروو بەرچاو

نیازی پێک هات و نامەیان دایە
قازی لایە و کەسی دەڕۆست نایە

کووپە ڕۆن دەرکەوت فڕوفێڵە
سەرەوەی ڕۆنی ڕووت و بن لێڵە

ڕایسپارد نامەکەی هەڵەی تێدا
بێنێ پاکی دەکەم پەڵەی تێدا

وتی: عەرزی کەن ئەم هەڵە و پەڵەیە
نە لەلای ئێمەیە، لە کووپەڵەیە

هەر زلێکی بە چەوری دەسبڕ بێ
چاکە ورگی لە خۆڵەمێش پڕ بێ

 هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٤٤و٢٤٥.

ئەو کەسەی زەوی و ئاسمانی دانا

بەشی دڵ داغی گرانی دانا
زۆر لەعلی لێو و میسکی ئەگریجەی
نایە چاڵ، خاکی لە بانی دانا!

آنکس که زمین و چرخ و اَفلاک نهاد
بس داغ که او بر دل غمناک نهاد
بسیار لب چو لعل و زُلفین چو مُشک
در طبل زمین و حُقّهٔ خاک نهاد

سەردەستەی دنیای مەعانی عەشقە
شابەیتی شیعری جوانی عەشقە
ئەی بێئاگایی لە عالەمی عەشق
ژیان خۆی ئەبێ بزانی عەشقە

سردفتر عالم معانی عشق است
سربیت قصیدهٔ جوانی عشق است
ای آنکه نداری خبر از عالم عشق
این نکته بدان که زندگانی عشق است

وەک خەمم عومری درێژ بێ نازدار
ئەمڕۆیش دڵنەرمی خۆی خستەوە کار
چاوێکی لوتفی بڕییە چاوم:
چاکەی هاویشتە ناو ئاوی ڕووبار

معشوقه که عمرش چو غمم بـاد دراز
امـــروز به من تلطّفی کرد آغاز
بر چشم من انداخت دمی چشم و برفت
یعنی که: نکویی کُن و در آب انداز!

یەک قوم مەی مولّکی کەیکاووس دێنێ
تەختی قوباد و بەختی تووس دێنێ
لەبەربەیانا ئاخێکی سەرخۆش

سەد نوێژی سۆفی زمانلووس دێنێ

یک جرعهٔ می ز ملک کاووس به است
از تخت قُباد و مُلکت طوس به است
هر ناله که رندی به سحرگاه زند
از طاعت زاهدان سالوس به است

 چوارینەکانی خەییام، مامۆستا گۆران.
پیرەهەڵۆ

کزەی سەرمایە پاییزێکی سەختە
سروشتیش، ڕو بە پیرێ نەختە نەختە

گەڵا زەرد و گژوگیا چرچ و سیسن
قوڕاوێ بەژنی سەوزیان، تڵخ و پیسن

خەزەڵوەر هاتەوە جێژوانی جاران
لەبەر خۆ دادەماڵن جلکی داران

هەور وا تەپڵی شەڕ دەکوتێ بە تۆندی
سپاهی تەرزەیی ناردۆتە دوندی

لە دەشتێ هێرشی با و گێژەڵوکە
دەماڵێ دڕکودااڵ و هەرچی سوکە

گەڵا و قانگەلاشک و پووشی پووچەڵ
دەیانبینی لە ناو گۆڕی بە کۆمەڵ

شەویش وا دەستەڵاتی گرتە دەستی
هەتاویش پێشی گیراوە بە خەستی

هەوا تاریکە، ڕوناکی لە شوێنێ

بەدی ناکەی، کە ئاسۆ ڕەنگی خوێنێ

تروسکەی شەوێ گوڵ شەختە بردی
گوڵیش، ئارام سەری کردۆ وە بەردی

لە ترسی زوڵمەتی سەرما و تەمی شەو
بەرەو گەرمێن فڕیون سوێسکە و کەو

ئەوەی تەنیایە، هەر پیرەهەڵۆیە
دەگەڵ خۆی وا خەریکی گفتوگۆیە

لە ناو گێژی خەیاڵی لاوەتی خۆی
وەبیری دێتەوە ئازایەتی خۆی

ژیانی ویش نزیکە بۆ خەزانی
دەزانێ دوور نیە، مەرگونەمانی

هەزار پرسیاری پێن، لەو چەرخە کۆنە
دەڵێ ئاخۆ جیهانی دیکە چۆنە؟

دەڵێ، ئاخۆ لەپاش ژینم چەڵێتر
وەکو گیا بێمە دەر، بمبێ هەڵێتر؟

چەلێکیتر چریکەم بێ لە ئاسمان
وەکو ئەفسانە بێ چیرۆک و باسمان

بڵێی جارێکی دیکە باڵ بگرم
لە بەرزایی ڕەوەز دا ماڵ بگرم؟

گەڵێ سەختە، بەرەو مردن فڕینم
لەمێژە عاشقی کانیاوی ژینم

وەبیری هاتەوە، قەل زۆر ژیاوە
لەمێژ ساڵە، کە هەر بەم جۆرە ماوە

کوتی: با بچمە لای ئەو تا بزانم
هەتاکوو پێم بڵێ ڕازی ژیانم

چیای بەرزی بەجێ هێشت بەو دڵی تەنگ
دەگەڵ خۆی گفتوگۆی بوو، جاروبار جەنگ

لەدەوری پەین و پاڵی گوندی گەورە
قەلی دی، وا خەریکی چەرخ و دەورە

لە لای قەل نیشت و ئارام مەرحەبای کرد
لە دڵ دا، قەل کوتی: ئۆخەی خەتای کرد

بەسەرسەنگی وڵامی دایەوە قەل
شکور دیارە، کەوا کەوتویە نێو زەل

خەبەردارم، گەلێک پیری و دەترسی
خەبەردارم کە دەتوێ چی بپرسی

کزەی زریانی گوێی گرتبوو بەیانی
دەگەڵ خۆت گفتوگۆت بوو، نەتدەزانی

هەواڵی تۆی بە ئێمە ڕاگەیاندۆ
گوتی: پیرە هەڵۆ، داماو و ماندۆ

بە دووی ڕازی ژیاندا ئێستە وێڵی
دەتوانی ژینی کوێستان جێ بهێڵی؟

وەرە با پێت نیشان دەم ئەو ژیانە
کە خووی پێ بگری لای خۆت چەندە جوانە

لەسەر پەینی قەراغ دێ و لای شیاکە
پڕی ڕیخۆڵە و ورگی کەلاکە

بزانە کامە کەر نیزیکە بمرێ
مەهێڵە پێشی تۆ کەس نۆرە بگرێ

بە قەولی مام هەژار، شەو دەوری گۆمان
بە قیڕەی بۆق بنوو نیزیک لە خۆمان

دەزانی چەندە خۆشە دەوری ماڵان؟
گەڕانی وردە وردەی زبڵ و زاڵان؟

بەڵێ ژینی درێژ ڕازی وەهایە
دەگەڵ ئەو ژینە کورتەی تۆ جیایە

هەڵۆ گوێی گرتبو، ئەمما وا لە دڵدا
دەرونی ئاگراوی پڕ لە کڵدا

کوتی: ئێرە شیاوی مانەوەم نێ
ئیتر بیری دوبارە ژیانەوەم نێ

وەبیرم دێ زەمانێ بابی پیرم
کوتی ئەی ڕۆڵەیی دڵبەند و ژیرم

ئەگەر نامەرد بڵێندت کا مەهێڵە
بەهەشتی پیاوی نامەرد پڕ لە فێڵە

چ بەرزە کەم ژیان و کەڵ ژیانم!
مەرگ پیرۆزە نەک داوەڵ ژیانم

نەمان ئەوجارە وا بیری هەڵۆ بوو

ئەلەو بارە خەریکی گفتوگۆ بوو

چریکەی ئاسمان و کێوی داگرت
لە سینەی دا چیا زریانی ڕاگرت

سپاهی گێژەڵوکە و تەرزە وەستان
لە ئاست بەرزی هەڵۆدا گشتی هەستان

هەڵۆ ڕۆیی بەڵام بوو بە ئەونە
کە مردن جاری وا باشتر لە بوونە

□ خاڵە قازی ، ٢٠١١ سلێمانی.

•دیارە شێعری پیرەهەڵۆ لە داستانێکی ڕوسی دایە لە کتێبی (دختر سر وانتس) بە نوسەری الکساندر پوشکین، یەکەم جار دوکتور پەرویزی خانلەری کردویە بە شێعر بە زمانی فارسی، ئینجا ماموستا هەژار و کاک سوارەی ئیلخانیزادە و کاک عەبدوررەحمانی قازی، کردویانە بە کوردی و منیش بە شوێن ئەوان دا شتێکم نوسیوە کە لە بەر چاوە. دەگەڵ ڕێزم. خاڵەقازی

□دەقە فارسییەکەی زۆرە؛ لە بەرەوە دووبارە نەمهێناوە. لە سەرەتای کانالّدایە، لەوێ ببینین. کەماڵ ڕەحمانی.

من کە ڕەمەزان ڕۆژووم ئەشکان
لە بێخەبەریم نەبوو، بێگوومان
ڕۆژوو بەرچاوی تاریک کردبووم
لای خۆم بۆ پارشێو تیکەم ئەگەلان!

من در رمضان روزه اگر می‌خوردم
تا ظن نبری که بی‌خبر می‌خوردم
از محنت روزه روز من چون شب بود
پنداشته بودم که سحری می‌خوردم
□ سراج‌الدین قمری.

که مردم خاکم به با بێژن
بۆ عیبرەت نەکەن لاشەم بنێژن
لە گڵم قوڕێک بە مەی بشێلن
خشتی سەر کووپەی لێ دابڕێژن!

چون مُرده شوم، خاکِ مرا گُم سازید،
احوالِ مرا عبرتِ مردم سازید؛
خاک تن من به بادە آغشته کنید،
وَز کالبدم خشتِ سَرِ خُم سازید.

با سەر پڕ سەودای بتی وەک حوور بێ
جامی دەست کەیلی شەڕابی سوور بێ
خەڵق ئەڵێن تۆبەت قوبووڵ ئەکا خوا
ئەو نەیکا و منیش تۆبەم لێ دووربێ!

در سر هوس بتان چون حورم بـاد
بـر دست همیشه آب انگورم باد
گویند کسان خدا تو را توبه دهـد
او خود ندهد؛ من نکنم؛ دورم باد

ئەی هاوەمەکان مەیم کەن بە قووت
ڕووی کارەبایم بکەن بە یاقوت
کە مردم لاشەم بە شەڕاب بشۆن
لە مێو هەڵبەستن بۆم تەختەی تابووت!

ای هم‌نفسان مرا ز مِی قوت کنید
این چهره ی کهربا چو یاقوت کنید
چون درگذرم به باده شویید مرا
وَز چوب رَزَم تخته ی تابوت کنید

□ چوارینەکانی خەییام، مامۆستا گۆران.

نووستبووم ژیرێک لەخەوما فەرمووی:
کێ بە خەو پشکووت غونچەی ئارەزووی
خەو برای مەرگە تا زیندووی مەمرە
کە مردی لەژێر خاکا تێر ئەنووی

در خواب بُدم، مرا خردمندی گفت:
کز خواب کسی را گُل شادی نشکُفت
کاری چه کنی که با اجل باشد جفت؟
می خور! که به زیر خاک می‌باید خفت!

چەرخی ئاسمانی بێ بنی پڕ هەور
جامێک لە بەزمیا چەرخ ئەدا بە دەور
نۆرەت هاتە سەر، بێ ئاخ هەڵکێشان
بینی پێوەنێ، دەورە، نەوەک جەور!

در دایره‌ی سپهر ناپیدا غَور
جامی‌ست که جمله را چشانند به دَور
نوبت چو به دور تو رسد، آه مکن!
می نوش به خوشدلی، که دَور است نه جَور

ئەم یەک دوو ڕۆژەی عومر چوو بەسەر
وەک ئاوی ناو چەم، وەک بای دەشتودەر
لە ڕۆژان هەرگیز خەم ناخۆم بۆ دوو:
ئەوەی تێپەڕی و ئەوەی دێتەدەر

این یک دوسه روزه نوبت عُمر گذشت
چون آب به جویبار و چون باد به دشت
هرگز ز غم دو روز مرا یاد نگشت
روزی که نیامده‌است و روزی که گذشت

لە گشت ڕۆیشتووی ئەم شەقامە ڕێ

کێ گەڕایەوە، ڕاستی وت بەکێ!
لەم دوو ڕێیانەی هەڵپە و هیوادا
ناگەڕێیتەوە، هیچ مەهێڵە جێ!

از جملهٔ رفتگان این راه دراز
بازآمده‌ای کو که به ما گوید راز
پس بر سر این دوراههٔ آز و نیاز
تا هیچ نمانی که نمی‌آیی باز

یاران بە ڕێکەوت کە کۆمەڵتان بەست
بیرتان بێ دۆستی لەناو گڵا پەست
لە کۆڕی بەزما نۆرە پیاڵەی ئەو
قڵپ کەنەوە و گڵەکەی کەن مەست!

یاران به موافقت چو دیدار کنید،
باید که زِ دوست یاد بسیار کنید؛
چون بادهٔ خوشگوار نوشید به هم،
نوبت چو به ما رسد نگونسار کنید. [۱]

]۱ [سپاس بۆ خوا چوارینەکانی مامۆستا گۆران کە شێستویەک دانەن، تەواو بوون. بەڕاستی دیتنەوەی هاوتا فارسییەکانیان کاتێکی زۆری گرتم؛ لە بەرەوەی هەیان بوو چوارینەی شاعیرانی تر بوون بە نێوی خەییام نووسراون.

□ چوارینەکانی خەییام، مامۆستا گۆران.

□سەرچاوە سوێرە

میری کۆر دیتی جلشڕێ دژوێن
میری گرتۆتە بەر، بەتووک و جوێن:

خوایە دەور و دووکانی وەرگێڕی
چی لەدەس نایە میری وا خوێڕی

کوڕی دارۆغەییّکی لێیداوم
خوا هەڵینەگرێ زۆری لێکراوم

پرسی: جا مووچەخۆر بە میری چی؟
دۆ تراوە و ترش، بە شیری چی؟

لە وەرام ئەو هەژارە دڵژیرە
وتی: زنجیرەیە و لەیەک گیرە

دەستوپێ جۆیە، میرە سەر چاوە
تامی ئاو هەر یەکە لە هەر لاوە

ئاوی کانی کە شیرن و خۆشە
گەر لە ناو جۆشە خۆشە بینۆشە

ئاوی جۆ تاڵ و بۆگەن و سوێرە
دیارە سەرچاوە پیس و بێخێرە

میر تکاندی لە چاوی ئاوی سوێر
مەرجە فەرمووی نەمێنێ میری کوێر

□ هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٤٥.

□آب از سرچشمه گل‌آلود است.

شرح: ضرب‌المثل "آب از سرچشمه گل‌آلود است"، ریشه این ضرب المثل مصداق بی‌کفایتی و تدبیر نادرست شخصی که در رأس امور می‌باشد، سرچشمه می‌گیرد، چرا که تا آب از سرچشمه گل‌آلود نباشد، تیرگی به آن راه نمی‌یابد و زلالی و روانی آن حفظ می‌شود.
گویند که خلفای اموی جمعا ۱۴ نفر بوده‌اند، که ازسال ۴۱ تا ۱۳۶ هجری در سرزمین پهناور اسلامی خلافت می‌کرده‌اند. در میان ایشان هیچ یک در مقام

فضیلت و تقوی همتای خلیفه هشتم، عمر بن عبدالعزیز، نبوده است. این خلیفه تعالیم اسلامی را تمام و کمال اجرا می‌کرده است. دوران کوتاه خلافتش توأم با عدل و داد بود و بدون تکلف و تجمل زندگی می‌کرد. روزی این خلیفه از عربی شامی پرسید: عاملان من در دیار شما چه می‌کنند و رفتارشان چه گونه می‌باشد؟
عرب شامی با تبسمی رندانه بگفت: "اذا طابت العین، عذبت الانهار": چون آب در سرچشمه صاف و زلال باشد، در نهرها و جویبارها نیز صاف وزلال خواهد بود.
میرخواند این سخن را از افلاطون می‌داند که گفت: پادشاه مانند جوی بسیار بزرگ آب است که به جوی‌های کوچک منشعب می‌شود. پس اگر آن جوی بزرگ، شیرین باشد، آب جوی‌های کوچک را بدان منوال توان یافت و اگر تلخ باشد، همچنان.
فریدالدین عطار نیشابوری این سخن را به عارف عالی قدر ابوعلی شقیق بلخی نسبت داده، که چون قصد کعبه کرد و به بغداد رسید، هارون‌الرشید او را بخواند و بگفت: مرا پندی ده! شقیق ضمن مواعظ حکیمانه پاسخ داد: تو چشمه‌ای و عمال جوی‌ها. اگر چشمه روشن بود، تیرگی جوی‌ها زیان ندارد، اما اگر چشمه تاریک بود، به روشنی جوی هیچ امید نبود.

بەبێ تۆ، گوڵ لە باخا خوایە نەڕوێت
ئەگەر هات و ڕووا بێ ڕەنگ و بۆ بێت
بەبێ تۆ هەرکەسێ لێوی بزەی بێ
لەڕووی خۆی، خوێنی دڵ، تاماوە نەسڕێت

بی ته یارَب! به بُستان گُل مَرویا
اگر رویا، کَسَش هرگز مَبویا
بی‌ته هر کس به خنده لبِ گشایه
رُخَش از خون دل هرگز مَشویا

دڵێکم لایە کڕیاری موحیبەت
کەهەر بەو گەرمە بازاڕی موحیبەت
جلێکم کردە بەر باڵای دڵی خۆم
کەوا پۆی مەینەتە و تاری موحیبەت

دلی دیرم خریدار محبّت
کز او گرم است بازار محبّت
لباسی بافتم بر قامت دل
ز پود محنت و تار محبّت

لە دەستی چاو ودڵ هەردووکی فەریاد
ئەوەی چاو دی، دڵم کردوویەتی یاد
دروست کەم خەنجەرێ نووکی لە پۆڵا
لە چاوی خۆمی بەم تا دڵ بێ ئازاد

ز دست دیده و دل هر دو فریاد
که هر چه دیده بیند، دل کند یاد
بسازم خنجری نیشش ز پولاد
زنم بر دیده تا دل گردد آزاد

بەبێ تۆ، دڵ لە کوێ خۆشی ئەبینێ
لە ڕووی تۆدا ئەبینم خەم ڕەوێنێ
ئەگەر دەردی دڵم دابەش بکەم کەی
لەدنیادا دڵێ بێ دەرد ئەمێنێ؟

بی‌تە یکدم دلم خرّم نمانی
اگر رویت بوینم غم نمانی
اگر درد دلم قسمت نمایند
دلی بی غم درین عالم نمانی

بەڵایە دڵ، بەڵایە دڵ، بەڵایە
گوناهبار چاومە و دڵ موبتەلایە
ئەگەر چاوم سەرنجی خۆی نەگێڕێ
دڵم چوزانێ جوان وا لە چ لایە؟

بلا بی دل، خدایا! دل بلا بی

گنه چشمان کرو، دل مبتلا بی
اگر چشمان نکردی دیده‌بانی
چه دانستی دلم خوبان کجابی؟

□ چوارینەکانی بابە تایەری هەمەدانی، وەرگێڕانی: کاکەی فەلاح.

لە دەریا سەیر ئەکەم، هەر تۆ ئەبینم
لە سارا سەیر ئەکەم، هەر تۆ ئەبینم
لە هەر لا سەیر ئەکەم دەشت و دەر و کەژ
هەمووی هەر بەژنی تۆیە نازەنینم

به صحرا بنگرم، صحرا ته وینم
به دریا بنگرم، دریا ته وینم
به هر جا بنگرم، کوه و در و دشت
نشان از قامت رعنا ته وینم

دڵم زار و حەزینە، چۆن نەناڵم؟
ژیانم ئاگرینە، چۆن نەناڵم؟
ئەڵێن پێم: بۆچ و تاکەی هەر ئەناڵی؟
کە مەرگم لە کەمینە چۆن نەناڵم؟

مو که افسرده حالم، چون ننالم؟
شکسته پر و بالم، چون ننالم؟
همه گویند: فلانی! ناله کم کن
تو آیی در خیالم، چون ننالم؟

مەگەر شێر و پڵنگی؟ ئەی دڵ! ئەی دڵ!
لەگەڵما هەر بەجەنگی، ئەی دڵ! ئەی دڵ!
ئەگەر دەستم کەوی خوێنت ئەڕێژم
بزانم تاچ ڕەنگی، ئەی دڵ! ئەی دڵ!

مگر شیر و پلنگی؟ ای دل! ای دل!

به مو دایم به جنگی، ای دل! ای دل!
اگر دستم رسد، خونت بریجم
بوینم تا چه رنگی، ای دل! ای دل!

وەرن ئەی دڵ سووتاوان! با بنالێین
لە دەستی یاری بێ پەروا بنالێین
بچین بلبل لە باخا گەر نەنالێ
لەباتی بلبلی شەیدا بنالێین

بورە سوتەدلان! تا ما بنالیم
ز دست یار بی‌پروا بنالیم
بشیم با بلبل شیدا به گلشن
اگر بلبل ننالە، ما بنالیم

درەختی خەم لە گیان کردوویە ڕیشە
لە دەرگای خوایە نالەی من هەمیشە
عەزیزان! بایەخی یەکتر بزانین
ئەجەل بەردە و مرۆڤیش چەشنی شووشە

درخت غم به جانم کرده ریشه
به درگاه خدا نالم همیشه
عزیزان! قدر یکدیگر بدانید
اجل سنگاست و آدم مثل شیشه

چوارینەکانی بابە تایەری هەمەدانی، وەرگێڕانی: کاکەی فەلاح.

لە دووری تۆ، پەژارە و دەرد هەتا کەی؟
جگەرسووتان، هەناسەی سەرد هەتا کەی؟
دەڵیی: بەینێکە لەم کۆڵانە دیار نی
لە کۆڵانان، بە ڕەنگی زەرد هەتا کەی؟

ز وصلت تا به کی فرد آیم و شم؟

جگر پرسوز و پر درد آیم و شم
به مو گویی: که در کویم نیایی؟
مو تا کی با رخ زرد آیم و شم؟

دڵم وەک شووشە درزی دا لە سەد شوێن
دڵی وا هەر بە ئاهێک ڕەنگە بشکێن
کە فرمێسکم هەمووی خوێناوە، هەقمە
من ئەو دارەم ڕەگم ڕۆچۆتە نێو خوێن

دلی نازک به سان شیشه دیرم،
اگر آهی کشم اندیشه دیرم
سرشکم گر بود خونین عجب نیست
مو آن نخلم که در خون ریشه دیرم

به کافر بم که بڕوانم به گوڵدا
به کافر بم که بیچێنم لە گڵدا
به کافر بم ئەگەر ناوی بەرم ناو
کە دووسەد داغی لالەم وا لە دڵدا

کافرم گر منی آلاله کارم
کافرم گر منی آبش بدارم
کافرم گر منی نامش برم، نام
دو صد داغ دل از آلاله دارم

دڵم شەیدایە، وێڵی دەشتودەر ما
به بای عیشقت، نه باڵم ما، نه پەڕ ما
به من ئێژی سەبووریت بێ سەبووری
سەبووری کردی ئەم هەڕگە بەسەرما

غم عشقت بیابون پرورم کرد
هوای بخت بی‌بال و پرم کرد
به مو گفتی: صبوری کن، صبوری

صبوری طُرفه خاکی بر سرم کرد

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

که دڵ گریا، زمان ناڵەی نەهێنا
موژەم تەڕبوو، بەڵام ژاڵەی نەهێنا
شەوێک یار نایە ببینم بە خەونیش
لە بەختم چاوی من لالەی نەهێنا

ز دل بیرون به بختم ناله نایی
ز مژگونِ ترِ مو ژاله نایی
شوی نایه که مو خوابت بوینم
به بخت مو به چشمم لاله نایی

بەڵا، - ئەی جوانێ!- ڕەمزێکە لە باڵات،
جنوون وەسفێکی سەرپایی لە سەودات
گومانی وەم لە سەنعەتکاری تۆیە
بە پەنهان چاوی دەبڕێتە تەماشات

بلا رمزی ز بالای ته باشه
جنون قسمی ز سودای ته باشه
به صورت آفرینم این گمانه
که پنهان در تماشای ته باشه

که بمکووژی، بە پەیکانت، چ پەروات؟
دەرم کەی گەر لە کۆڵانت، چ پەروات؟
لەتێکم دڵ هەیە، قەت نیمە پەروا
دڵی عالەم لە دامانت، چ پەروات؟

کُشیمان آر به زاری از که ترسی
برونی آر به خواری از که ترسی
مو با این نیمه دل از کس نترسم

دو عالَم دل ته داری از که ترسی

ئەرێ دەردی من و دەرمانی من، دۆست!
ئەرێ وەسڵی من و هیجرانی من، دۆست!
چەقۆ بێنن کەوڵ کەن گەر لەشی من
جودا نابێ ئەبەد لە گیانی من، دۆست!

بود درد مو و درمانم از دوست
بود وصل مو و هجرانم از دوست
اگر قصّابم از تن واکره پوست
جدا هرگز نگردد جانم از دوست

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

بەهار هات، گوڵ بەخێر دێنێ بە بای وەشت
سەرت خۆش بێ، سەرێک هەڵبێنە بۆ گەشت
گەڵێک چوون و گەڵێک ماون، گەڵێک دێن
هەمان کێوە، هەمان سەحرا، هەمان دەشت!

خُرَم کوهان و خرم صحرا، خرم دشت
خرم آنان که این آلالیان کشت
وسی هند و وسی شند و وسی یند
همان کوه و همان صحرا، همان دشت

دڵێکم هەس دەمێ بێغەم نەبوو قەت
غەمێکم هەس بە زەڕە کەم نەبوو قەت
هەموو جوانی جیهان دادم دەپرسن
کە یاری بێوەفام هاوەدم نەبوو قەت

دلی دیرم دمی بی‌غم نمی‌بو
غمی دیرم که هرگز کم نمی‌بو
خطی دیرم مو از خوبان عالم

که یار بی‌وفا همدم نمی‌بو

به گیانمدا گەڕا سێ دەرد به یەکجار
غەریبی بوو، ئەسیری بوو، غەمی یار
غەریبی و ئەسیری چارەیان دێ
غەمی یار و غەمی یار و غەمی یار!

سه دردِ آمو به جانم هر سه یکبار
غریبیِ و اسیریِ و غم یار
غریبیِ و اسیری چاره دیره
غم یار و غم یار و غم یار

خودا بیباتەوە بۆ خۆی دڵی زار،
له دەستم نایه من تیماری بیمار.
ئەمن نەمزانی لەعلی لێوی بۆچی
به خوێنم تینووە خۆی هێنده ئاودار

خدایا! دل ز مو بستان به زاری
نمی‌آید ز مو بیمار داری
نمی‌دونم لب لعلش به خونم
چرا تشنه است با این آبداری؟

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

هەڵاڵەی کۆهسارانم ئەتۆی یار
وەنەوشەی جۆکەنارانم ئەتۆی یار
هەڵاڵەی کۆهسار وا هەفتەیەک بوو
ئومێدی ڕۆژگارانم ئەتۆی یار

الاله کوهسارانم تەیی یار
بنوشه جو کنارانم تەیی یار
الاله کوهساران هفتەیی بی

امید روزگارانم تەیی یار

لە دڵ نەخشی جەمالّت لانەچێ یار!
خەیاڵی خەتت و خاڵّت لانەچێ یار!
لە دەوری چاو، موژەم کردووە بە پەرژین
لە بەرچاوم خەیاڵّت لانەچێ یار!

ز دل نقش جمالت در نشی یار
خیال خط و خالت در نشی یار
مژه سازم به دور دیده پرچین
که تا وینم خیالت در نشی یار

من ئەو ڕەندەم کە پێم ئێژن قەلەندەر
نە ماڵم هەس، نە حاڵم هەس، نە لەنگەر
کە ڕۆژ دادێ لە دەوری ماڵەکەی تۆم
کەشەو دادێ وە خشتێکی دەکەم سەر

مو آن رندم که نامم بی‌قلندر
نه خان دیرم نه مان دیرم نه لنگر
چو روج آیو بگردم گرد کویت
چو شو آیو به خشتی وانهم سر

سپێدەی زوو کە گورگان دێنە سەر مێش
کەزێکانت پەرێشان کە! وەرە پێش
بدە ماچێک لە کونجی لێوەکانت
بڵێ: خێربوو، لە ڕێی خوا دامە دەرۆیش!

شو تار است و گرگان می‌زنند میش
دو زلفونت حمایل کن بوره پیش
از آن کنج لبت بوسی به مو ده
بگو راه خدا دادم به درویش

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

دڵ دەردەچێ لە دەستم، توخوا بڵێن بە یاران
حەیفێ کە ئاشکرا بوو ڕازی دڵم لە شاران

دانشتووانی کەشتین، ئەی بامرادە بشنە
تا ئەو چەلیش ببینین دیداری یاری جاران

بڕوانە دەوری گەردوون، دوو ڕۆژە هاتن و چوون
داچێنە تۆوی چاکەی، بیکە بەراو بەیاران

دوێشەو لە نێو گوڵ و موڵ، بە چریکە خوێندی بولبول:
ئامادە کەن سەبووحی، ئەی کۆڕی مەیگوساران

ئاوێنەیی سکەندەر، جامێک شەڕابی کۆنە
بیخۆوە تا ببینی، هەرچی وڵاتی داران

ئەی خاوەنی کەڕامەت، شوکری لەشی سڵامەت
ئاوڕ بەخێر بە چەلچەل، بۆ بێنەوا و هەژاران

ئاسوودەیی دوو دنیا، مانایە لەو دوو پیتە
شایانی دۆست و دوژمن، پێکهاتن و مودارانە

بۆ کووچەکانی چاکان، ڕێگەی مەیان نەداوە
گەر تۆ پەسەندی ناکەی، بیگۆڕە کار و باران

ئەو ئاوە تاڵە سۆفی، نێوی خراپی لێنا
شیرین و خۆشە بۆ مە، وەک ماچی گوڵعوزاران

وەختێکی تەنگدەستی، خۆ باوێ کۆشی مەستی
چونکە گەداش بی هەستی، قاڕوون دەکەی بە پاران

لاڕێ مەبە لە دڵبەر، چونکێ لە دەستی ئەودا
وەک مێوی نەرم و نۆڵن، تاشەی پەنا پەساران

جوانانی فارسی وێژ، لەنوێ تەمەن دەبەخشن
ساقی بەرە بەشارەت، بۆ پیری تۆبەکاران

"حافز" مەگەر بە خۆی بوو، خەرقەی بە مەی لەنوێژ چوو
ئەی شێخی تۆبەدادەر، بڕوانە ئیختیاران

□مامۆستا حەقیقی، شەونم، لاپەڕە ۳۰.

دل می‌رود ز دستم صاحب دلان خدا را
دردا که راز پنهان خواهد شد آشکارا

کشتی شکستگانیم ای باد شرطه برخیز
باشد که باز بینیم دیدار آشنا را

ده روزه مهر گردون افسانه است و افسون
نیکی به جایِ یاران فرصت شمار یارا

در حلقهٔ گل و مل خوش خواند دوش بلبل
هاتِ الصَّبوحَ هُبّوا یا اَیُّهَا السّکارا

ای صاحبِ کرامت شکرانهٔ سلامت
روزی تفقّدی کن، درویشِ بی‌نوا را

آسایشِ دو گیتی تفسیرِ این دو حرف است
با دوستان مروّت با دشمنان مدارا

در کویِ نیک‌نامی ما را گذر ندادند
گر تو نمی‌پسندی، تغییر کن قضا را

آن تلخ‌وش که صوفی اُمّ‌الخَبائث‌اش خواند
اَشهی لَنا وَ اَحلی مِن قُبلَةِ العُذارا

هنگامِ تنگدستی در عیش کوش و مستی
کاین کیمیایِ هستی، قارون کند گدا را

سرکش مشو که چون شمع از غیرتت بسوزد
دلبر که در کفِ او موم است سنگ خارا

آیینهٔ سکندر جامِ می‌است، بنگر!
تا بر تو عرضه دارد احوالِ ملکِ دارا

خوبانِ پارسی گو بخشندگانِ عمرند
ساقی بده بشارت رندانِ پارسا را

"حافظ" به خود نپوشید این خرقهٔ می‌آلود
ای شیخِ پاکدامن معذور دار ما را

□حافظ شیرازی

بە قوربانی پەچە و زولفی ڕەشی تۆ
دڵم قوربانی ڕووی مانگی گەشی تۆ
بەتاڵان چوو بە دەستت دینی "شاهۆ"
مژۆڵی ڕەش سوپاهی سەرکەشی تۆ

به قربون خم زلف سیاهت
فدای عارض مانند ماهت
ببردی دین فائز را به غارت
تو شاهی خیل مژگان را سپاهت

ئەگەر ئەبرۆت دەڵێ لاچۆ لەبەر چاو
بەڵام چاوانی شەهلات پێم دەڵێن باو

ددان و لێو و زولف و خاڵە؛ "شاهۆ "
کە خەتمی شەڕ بە جارێکی دەکەن قاو

اگر در عهد، ابروت منکر ماست
ولی تصدیق تو چشمان شهلاست
لب و دندان و زلف و خال، فایز
مرا زین چار شاهد قطع دعواست

مەبەستی تۆ چییە بێژە بەمن ڕاست
دەمێ زولفت کەجە و تاوێکی دی ڕاست
لە خۆفی دوژمنم ئیستێکە "شاهۆ "
کە مار و عەقرەبم هەر دوو لەوی خواست

چه مقصود است از این، جانا بگو راست
گهی کج می‌نهی زلفت گهی راست
بگفت: از بهر بیم خصم فایز
که یعنی مار و عقرب هر دو ما راست

لە دونیا دا غەمی من بێژمارە
لەبەر یاران دڵم پڕ ئێش و زارە
لەتۆ ناکەم سکاڵا! یاری "شاهۆ "
سکاڵاکەم لە ژینی بێبەهارە

در این عالم غمم از حد فزون است
دلم از بهر خوبان غرق خون است
گله از تو ندارم یار فایز!
شکایت‌ها ز بخت واژگون است

□ چوارینەکانی فاییزی دەشتستانی، وەرگێڕانی: سەید ئیسماعیل شاهۆیی.

بوتی نامیهرەبانت دی کەچی کرد
ئەمن چاکە و لەتەکما ئەو بەدی کرد

کەسێ پرسی لە یاری تەرزی "شاهۆ "
بەناحەق حوکمی قەتڵی مەی بەچی کرد

بت نامهربان دیدی چها کرد
وفا کردیم و او باما جفا کرد
کسی از دلبر فایز نپرسید
که ناحق حکم قتل ما چرا کرد

لەڕێی عەشقت دەبێ گیانە حەزەر کەی
هەوەڵ هەنگاوی ڕێگە تەرکی سەر کەی
نە ڕێگەی هەر کەسە ئەو ڕێیە "شاهۆ"
دڵی شێری دەوێ بێتوو سەفەر کەی

ره عشق‌است باید ز آن حذر کرد
به اول گام باید ترک سر کرد
نه راه هرکس است این راه فایز
خوشا آن شیردل کاو این سفر کرد

بوتم پەنجەی بزاوت و بوو بە هەنگاو
زەمین و ئاسمان لەرزین لە ناکاو
کە ڕووبەندی وەلانا یاری "شاهۆ "
بەچەشنی بووکی ڕۆژ خەملێ لەبەرچاو

بتم سرپنجه با لوح و قلم زد
زمین و آسمان از نو به هم زد
پس پرده درآمد یار فایز
چو خورشیدی که از مشرث علم زد

□ چوارینەکانی فاییزی دەشتستانی، وەرگێڕانی: سەید ئیسماعیل شاهۆیی

مەلێکم من لە نێو گردام سەروماڵ
دەسووتێ عالەمێک گەر لێک بدەم باڵ

نیگارکێش گەر بکا نەخشم لە دیوار
لە تەئسیرم دەبێ گوڵشەن بە زووخاڵ

منم آن آذرین مرغی که فی‌الحال
بسوځم عالمی گر بر زنم بال
مصوّر گر کشد نقشم به دیوار
بسوځم عالم از تأثیر تمثال

خودایە خەستە و زارم لە دەست دڵ
شەو و ڕۆژ گیان بە ئازارم لە دەست دڵ
لە دەست دڵ من، لە دەست من دڵ دەنااڵێ
نەبێ یارەب! کە بێزارم لە دەس دڵ

خدایا! خسته و زارم ازین دل
شو و روزان در آزارم ازین دل
مو از دل نالم و دل نالد از مو
ز مو بستان، که بیزارم ازین دل

کە شەو دادێ، من ئەستێرەژمارم
لە چەشنی شەو درێژە ئینتیزارم
لە پاشی نیوەشەو گەر تۆ نەهاتی
هەور دێنم، دەگرمێنم، دەبارم

شوان استارگان یک‌یک شمارم
به راهت تا سحر در انتظارم
پس از نیمه شوان که ته نیایی
بورانِ اشک از دیده ببارم

من ئەو زامدارەکەی بێماڵ و حاڵم
من ئەو مارانگەزی ڕۆژگاری تاڵم
ئەمن ئەو دڕکودااڵی وشکی دەم "با"م
بە دەم زریانەوە سەحرا دەماڵم

مو آن آزردهٔ بی‌خانمانم
مو آن محنت نصیب سخت جانم
مو آن سرگشته خارم در بیابون
که هر بادی وزد پیشش دوانم

□ دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

شەوان نالّە، شەوی شەوگیر دەنالّم
لەدەستی یاری بێ تەگبیر دەنالّم
دەمێ چەشنی پڵنگی تازەپێکراو
دەمێ وەک شێری ناو زنجیر دەنالّم

شبی نالم شبی شبگیر نالم
ز دست یار بی تدبیر نالم
گهی همچون پلنگ تیر خورده
گهی چون شیر در زنجیر نالم

پەڕیشانە کە حالّم، چۆن نەنالّم
شکاوە پەڕڕ و بالّم، چۆن نەنالّم
خەڵک ئێژن فلانی بەسیە نالّین
کە تۆ دێیە خەیالّم، چۆن نەنالّم

مو که آشفته حالم چون ننالم؟
شکسته پر و بالم، چون ننالم؟
همه گویند: فلانی! ناله کم کن
تو آیی در خیالم، چون ننالم؟

لە خێڵ سووتەدڵانم چۆن نەنالّم
لە هۆز بێ حاسڵانم چۆن نەنالّم
لە سەر گوڵ نیشتووە بولبول دەنالّێ
کە لێم دوورن گوڵانم، چۆن نەنالّم

مو کز سوتەدلانم، چون ننالم؟
مو کز بی حاصلانم، چون ننالم؟
نشستە بلبلان با گل بنالند
مو کە دور از گلانم، چون ننالم؟

قەڵەم دادەم لە سەختەی ئێسکەکانم
مەرەککەب بێ لە خوێنی نێو ڕەگانم
لە پەردەی دڵ پەڕی کاغەز دەهێنم
کە بینووسم لە یاری میهرەبانم

قلم بتراشم از هر استخوانم
مرکّب گیرم از خون رگانم
بگیرم کاغذی از پردهٔ دل
نویسم بهر یار مهربانم

□ دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

ئەرێ ئەی تووتیی یی دەنگبێژی ئەسرار،
کە وا شەکرت بەتا دەڕژێ لە گوفتار!

سەرت سەوز و دڵت خۆش بێ هەتا هەی
چ خۆش نەقشی دەکەی خاڵ و خەتی یار!

قسەت سەربەستە بوو تۆ بۆ حەریفان
وەرە بدڕێنە پەردەی ڕازی ئەغیار!

بوتی چینی دڵ و دینی بە با دام
خودا! دین و دڵم دەرکەی لە ئازار !

بە ڕەنگێ شۆخی ساقی مەی دەگێڕێ
حەریف کەوتوون، نە سەر ماوە نە سەردار

چلۆن موتریب هەوای لەو پەردە هێنا
کە سەرچۆپی دەکێشن مەست و هوشیار؟

لە ڕووی ئێمە بپڕژێنە گوڵاوێک
خەواڵووین و سڕین، ئەی بەختی بێدار!

وەرە گوێ بگرە دەردی دەردەداران
بە لەفزی هێندە کورت و مەعنیی یەکجار!

عەقڵ هەرچەندە نەغدی کائیناتە
عیشق کیمایە، ئەو پووڵێکی ژەنگار

کە ئاوی ژین بە ئەسکەندەر نەبەخشن
بە شمشێر و دراو سەر ناگرێ کار

بە مەستووران مەڵێ ئەسراری مەستی
قسەی دڵ کوا دەزانێ نەقشی دیوار؟

لە سایەی ڕایەتی باڵایی تۆیە
کە "حافز" هەڵدەکا ئاڵایی ئەشعار!

□ وەرگێڕ: ناسری حیسامی.

الا ای طوطی گویای اسرار
مبادا خالیت شکّر ز منقار

سرت سبز و دلت خوش باد جاوید
که خوش نقشی نمودی از خطِ یار

سخن سربسته گفتی با حریفان
خدا را زین معمّا پرده بردار

به رویِ ما زن از ساغر گلابی
که خواب آلوده‌ایم ای بخت بیدار

چه ره بود این که زد در پرده مطرب
که می‌رقصند با هم مست و هشیار

از آن افیون که ساقی در می‌افکند
حریفان را نه سر ماند نه دستار

سکندر را نمی‌بخشند آبی
به زور و زر میسر نیست این کار

بیا و حال اهل درد بشنو
به لفظ اندک و معنی بسیار

بت چینی عدوی دین و دل‌هاست
خداوندا دل و دینم نگه دار

به مستوران مگو اسرار مستی
حدیث جان مگو با نقش دیوار

به یمن دولت منصور شاهی
علم شد "حافظ" اندر نظم اشعار

□حافظ شیرازی.

ئەگەر دوورم لە دیدارت حەبیبم
نەخۆش و دەردەدار و بێ تەبیبم
کە "شاهۆ" دووره لێت نەک بێ وەفایە
بەمەجبووری لە باڵات بێ نەسیبم

اگر از روی تو مهجورم ای دوست
ز دردِ دوریت رنجورم ای دوست
جدا فَایز ز تو نَز بی وفایی‌است
خدا داند که من مجبورم ای دوست

گەڵێ چاکی و لە چاکە بێ نیازی
تۆ سەروی، گوڵپەری، چاو پڕ لەنازی
ئەگەر ڕووڕاستە یارت دڵ نەکەی مەند
گوولّت شابازە "شاهۆ" تۆش کە بازی

تو خوبی او ز خوبی بی نیاز است
تو سروی! آن پری‌رخ سرو ناز است
مرنج از راستی دلدار فایز
تو بازی آن نکورخ شاهباز است

ئەگەر نیتە هەواڵێکی لە حاڵم
لە چاوی تەڕ لە زاری وشک و تاڵم
دەمێ ئاسوودەیە "شاهۆ" لە مەوتەن
کە بێتە ماڵەکەی من یاری کاڵم

تو که هیچت زحال ما خبر نیست
خبر زین کام خشک و چشم تر نیست
بود اندر وطن آسوده، فایز!
کسی کش دلنوازی در سفر نیست

لە من وەسیەت بە خێڵ و چینی یاران
لە مەڵبەند و لە زێدی چاو خوماران
بە شانان هەڵگرن تابووتی "شاهۆ"
بەرن جەستەم بەرەو زێدی نیگاران

مرا یاران وصیت این چنین است
که در هر جا که آن جانان مکین است

به دوش آن جا برید تابوت فایز
که جای تربتم آن سرزمین است

□ چوارینەکانی فاییز دەشتستانی، وەرگێڕانی: مامۆستا سەیید ئیسماعیل شاهۆیی.

لە گۆشەی لێوی تۆیە وردە خاڵێ
ڕەشە چەشنی شەوی زیندانی ماڵێ
بدە ماچێ لە لێوانت بە "شاهۆ"
ئەگەر نەیدەی لە ئەستۆتە وەباڵێ

به لب خال سیاهت جایگاه‌است
شب من بدتر از خال سیاه‌است
به فایز بوسه‌ای زان لب عطا کن
که گر محروم می‌سازی گناه‌است

لەپڕ ناڵەی نەیەکی دەنگی داوە
وەکوو من ئەو لەزێدی هەڵبڕاوە
لە ناڵەی بێنەوایە چەشنی "شاهۆ"
کەسێکە دوور لە خزمانی کراوە

دگر از نو نوای نی بلنداست
مگر چون من ز هجران گله‌منداست
چو فایز ناله‌اش بی‌موجبی نیست
کسی دور از نیستان‌اش فکنداست

بڕۆ قاسید کە سەبرم لێ بڕاوە
بەتووندی تێ پەڕە حاڵم نەماوە
نەکەی گیر بی بڕۆ بێژە بەیارم
کە "شاهۆ" دوور لە تۆ بێ تین و تاوە

بروقاصد که در رفتن ثواب‌است

به تعجیلی برو حالم خراب‌است
به تعجیلی برو در پیش دلبر
بگو فایز دمادم در عذاب‌است

دڵم پێکاوی غەمزەی تیر و داوە
نە مەجبورم دڵم خۆی تاوی داوە
لە سینەی "شاهۆ" تۆ تیر دەر نەکێشی
کە تیرت یادگاری دەست و چاوە

دلم را تیر مژگانت شکاراست
نه مجبوری‌است دل خود خواستاراست
مکش از سینهٔ فایز خدنگت
که این زآن دست و بازو یادگاراست

□ چوارینەکانی فاییز دەشتستانی، وەرگێڕانی: ماموّستا سەیید ئیسماعیل شاهۆیی.

گوڵستان جێگەتە ئەی نازەنینم
لە گوڵخەندام و خاکستەرنشینم
چ گوڵشەن بێ، چ گوڵخەن بێ، چ سەحرا
کە دەڕوانم، ئەمن هەر تۆ دەبینم

گلستان جای ته، ای نازنینم!
مو در گلخن به خاکستر نشینم
چه در گلشن، چه در گلخن، چه صحرا
چو دیده واکرم، جز ته نوینم

لە خۆشاوی ترێ خۆشە هەناوم
لە یاری نازەنین بۆ هەڵبراوم؟
کە من بێبەش لە تینی ئاگرت بم
ئەدی بۆ دووکەڵی دەرد بێتە چاوم؟

مو که مست از می انگور باشم
چرا از نازنینم دور باشم؟
مو که از آتشت گرمی نوینم
چرا از دود محنت کور باشم؟

غەمم هەر غەم بوو، غەمخۆری دڵم غەم
غەمم، هەم موونس و هەم یار و هەمدەم
بە جێم ناهێڵێ غەم هەرگیز بەتەنیا
بژی، هەی بارەکەڵڵا، مەرحەبا غەم!

غمم غم بی و همراز دلم غم
غمم هم‌صحبت و همراز و همدم
غمت مهله که مو تنها نشینم
مریزا، بارک الله، مرحبا غم

ئەمن بێدۆست و تەنها ڕوو لە کوێ کەم؟
ئەمن بێماڵ و مەئوا ڕوو لە کوێ کەم؟
لەهەر جێیە دەرم کەن دێمە لای تۆ
کە تۆ ڕامنەگری ئەوسا ڕوو لە کوێ کەم؟

به این بی آشنایی بر کیان شم؟
به این بی خانمانی بر کیان شم؟
همه گر مو برونن، وا ته آیم
ته از در گر برونی، بر کیان شم؟

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

نەکەی زولفی پەرێشانت بە شانە
نەدەی ڕووبەند لە ڕووی ئەو مانگە جوانە
دڵی "شاهۆ" لەوێدا نیشتەجێیە
نە تارێنی مەلی عەشقت لە لانە

مزن شانه به زلف پر شکن را
میوش از سنبل تر یاسمن را
دل فایز وطن دارد در آن زلف
مکن دور از وطن اهل وطن را

سەرم سوڕما لە زولف و بسکی خاوی
کە تێیدایە هەزار شەیدا لەناوی
بوتی "شاهۆ" نەکەی زولفت بە شانە
نەکەی وێرانە لانەی پڕ لە تاوی

عجب دارم از آن زلف چلیپا
که دارد صد هزاران دل در آن جا
بت فایز! مزن شانه برآن زلف
مکن ویرانه خود آن آشیان‌ها

بەهار هات و بە گوڵ خەملّی گوڵستان
هەموو سەرخۆش و شەیدا کۆڕی مەستان
جەوانیش خۆزگە "شاهۆ" چەشنی گوڵزار
هەموو سااڵێ لەنوێ بڕوێ لە بێستان

بهار آمد گلستان شد مطرا
شدند از نو عنادل مست و شیدا
جوانی کاش فایز! بُد چو گلشن
که هر ساله شدی سرسبز و خضرا

بە مەندی وردە هەنگاوت هەڵێنە
ئەلەو داوە دڵی ئێمەش دەڕێنە
ئەگەر زانیوتە "شاهۆ" نیوەگیانە
توخوا بستێنە ڕووحم دامەمێنە

بتا آهسته تر بردار پا را
از این دام بلا بردار ما را

سراغ نیمەجان داری ز فایز
بیا بستان سر منت خدا را

 چوارینەکانی فاییز دەشتستانی، وەرگێڕانی: ماموّستا سەیید ئیسماعیل شاهۆیی.

گەرەکتە گەر بسووتێ ئەم جەهانە
لە ڕووت لادە کەمێ ئەو کەزیە جوانە
لە "شاهۆ" گاز کە ئەی جوانێ بە ئەبرۆت
بکووژە دەی ئەوەی پیر و جەوانە

اگر خواهی بسوزانی جهان را
رخی بنما بیفشان گیسوان را
بت فایز اشارت کن به ابروت
بکش تیغ و بکش پیر و جوان را

بە ئەگریجەت جەمالّت دادەپۆشی
کەزێی ڕەشمار لەسەر مانگت دەجۆشی
نەبینراوە کە "شاهۆ" مانگ و دووپشک
لەلای یەک بسرەون هەر دوو بەخۆشی

به رخ جا دادەای زلف سیه را
به کام عقرب افکندی تو مه را
که دیده عقرب جراره فایز؟
زند پهلو به ماه چهارده را

هەتا دۆێنێ کە جەننەت بوو مەکانم
بەلّام ئەورۆ لە دۆزەخ دایە ژیانم
کە دوێ ڕابرد نەما ئیمرۆکە شاهۆ
خوداوەندا دەبێ چۆن بێ بەیانم

مرا خلد برین دِی بودیم جا

کنونم دوزخ است امروز مأوا
نمانده دی، نماند فایز امروز
خدا داند چه باشد حال فردا

□ چوارینەکانی فاییز دەشتستانی، وەرگێڕانی: مامۆستا سەیید ئیسماعیل شاهۆیی.

بە دەستی ئەو بوتی تاووسی ڕەعنا
لە فیتنەی، کۆڕی دڵداران کە شێوا
هەموو دەم ئەو دڵەی "شاهۆ" بەترسە
بکوژرێم و بمێنێ یاری ڕیسوا

به دست آن بت طاووس زیبا
میان عاشقان شد فتنه برپا
دل فایز همیشه در هراس است
که ما کشته شویم و یار رسوا

لە ژێر پەردە تریفەی ڕووی دلارا
بەوێنەی نووری فانۆسە لە دەریا
وەکوو پەروانە شاهۆ دێتە دەوری
لەپێناوی بسووتێ زار و تەنیا

به زیر پرده آن روی دلارا
بود چون شمع در فانوس پیدا
دل فایز چو پروانه به دورَش
مدامش سوختن باشد تمنّا

تەتەر بابێ پەیامی پێیە بۆمان
ببا بۆ دڵبەران پەیغامی خۆمان
هەر ئەو ساتەی دەبینن یاری "شاهۆ"
بکەن یادێ لە شێتی چۆم و گۆمان

بگو آن قاصد نیکو لقا را
ببر بر دوستان پیغام ما را
همان ساعت که دیدی یار فایز
به خاطر آوری این بینوا را

□ چوارینەکانی فایيز دەشتستانی، وەرگێڕانی: مامۆستا سەييد ئیسماعیل شاهۆیی.
قەدەر وابوو نە سەر بێنم نە سامان
پەرێشان هاتمە دنیاوە، پەرێشان
پەرێشانی جیهان گشت چوونە ژێر خاک
لە خۆڵی وان قوڕی من هاتە شێلان

مرا نه سر، نه سامان آفریدند
پریشانم، پریشان آفریدند
پریشان خاطران رفتند در خاک
مرا از خاک ایشان آفریدند

پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمان
دەڵێم هەستم بڕۆم بارکەم لە لاتان
نەبوو ئەم کەونە دنیا قەت بە هاوڕێم
هەتا هات کۆڵی تازەی خستمە سەرشان

پشیمانم، پشیمانم، پشیمان
کاروانی بوینم تا بشیمان
کهن دنیا به هیچ کسی نمانده
به هر ره کوله‌باری می‌کشیمان

موحیببەت وا گڕی بەردایە نێو گیان
هەتا مەحشەر بڵێسەی بێ لەدامان
عەجەب بەرگێک ئەتۆ دەبڕی بەباڵام
کە خەییاتی ئەجەل بیکا دروومان

محبّت آتشی در جانم افروخت
که تا دامان محشر بایدم سوخت
عَجَب پیراهنی بهرم بُریدی!
که خیّاط اجل می‌بایدش دوخت

بەوان خۆزگەم کە پێ و سەر نەپرسن
وەکوو شوعله له وشک و تەڕ نەپرسن
کەنشت و کەعبە وو بوتخانە و دەیر
چ جێ بێ، غەیری دڵبەر هەر نەپرسن

خوشا آنان که پا از سر ندونند
میان شعله خشک و تر ندونند
کِنشت و کعبه و بتخانه و دیر
سَرایی خالی از دلبر ندونند

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

ئەوەندە خۆشە زێدی دڵبەری من
بەگوڵ خەملّیوە شوێنی گوڵپەڕی من
بوتی شاهۆ لەهەر کوێ بێ بەهەشتە
لە هیند و تورک، لە ڕۆگەی سەروەری من

خوش آن ملک و خوش آن دلبر خوش آنجا
خوش آن جایی که دلبر کرده مأوا
بت فایز بود هرجا بهشت است
چه ترکستان چه هندوستان چه بطحا

بەچەشنی شۆڕەسوارەێ مەستم ئیمشەو
بەرەو یارم دەڕۆم ناوەستم ئیمشەو
وەکوو شاهی حەبەش شاهۆ لەخۆشیان
نەقیمێکە جیهان بۆ دەستم ئیمشەو

سوار خدنگ خوش‌رفتارم امشب
روانه جانب دلدارم امشب
چو سلطان حبش فایز ز شوقش
جهان زیر نگین پندارم امشب

دڵم مەیلی لەلای یارانە ئیمشەو
مەلی برژاوی دڵ پڕ ژانە ئیمشەو
دڵی شاهۆ لە شیش دەن بۆ کەبابی
کە سەروی نازەنین میوانە ئیمشەو

دلم در نزد جانان‌است امشب
چو مرغ نیمه‌بریان‌است امشب
کبابی از دل فایز بسازید
که سروناز مهمان‌است امشب

شنەی سرۆیکی رووحپەروەر دێ ئیمشەو
بەرامەی کەزیەکەی دڵبەر دێ ئیمشەو
لەمن سوورە بەڕێوە یاری شاهۆ
دڵی شەیدام بە باڵوپەڕ دێ ئیمشەو

نسیم روح پرور دارد امشب
شمیم زلف دلبر دارد امشب
گمانم یار در راه‌است فایز!
که این دل شور در سر دارد امشب

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائز دەشتستانی، وەرگێڕانی شاهۆ موکریانی.

سەحەر کاتێ گەمێی زێڕینی مەهتاو
لەنێو بەحری سەما خنکا لەنێو ئاو
بوتی شاهۆ لە ئاسۆی سەر دەرێنا
هەڵات مانگەشەوی یاران لە بەرچاو

سحرگه زورق سیمین مهتاب
چو در دریای اخضر گشت غرقاب
بت فایز ز هامون سر برآورد
دوباره شد شب مهتاب احباب

بڵێن با دڵبەری تەرسا بێ ئیمشەو
چبوو گەر ئەو لە خۆف رەخسابێ ئیمشەو
بەڕەحمەت بێت و لێوی وشکی شاهۆ
بە لێوانی تەڕی خووسابێ ئیمشەو

بگو بادلبر ترسایی امشب
چه می‌شد گر که بی‌ترس آیی امشب
لبان خشک فایز را ز رحمت
برآن لعل لبِ تر، سایی امشب

بوتم تاکەی دەبرژێنی دڵی من
نەهێزم ما نە تاقەت ئەی گوڵی من
دەگەڵ شاهۆ ئەگەر مەیلت هەبێ تۆ
کە وشیارم وەرە، ئاسکی سڵی من

صنم تاکی دل مارا کنی آب
دل نازک ندارد این قدر تاب
اگر تو راست می‌گویی فایز
به بیداری بیا پیشم نه در خواب

تەواوی ئاسمان بێ دەنگە ئیمشەو
بەیانیش! بێ بزەت بێ ڕەنگە ئیمشەو
سەری شاهۆ لە دەرگای پڕ ئەوینت
لە نەینووکی فەلەک پڕ ژەنگە ئیمشەو

خروس عرش بی‌غوغاست امشب
طلوع صبح ناپیداست امشب

سر فایز به بالین تو ای یار!
نمی‌دانم چه واویلاست امشب

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

زەلیل بێ یارەبی! هەر کەسته دوژمن
لە سینەی هەڵچەقێ، خەنجەر هەتا بن
سەری شەو بێمە لای، ئەحوالّی پرسم
سبەی بێنن لە قەبرانی بنێژن

الهی دشمنت را خسته وینم
به سینه‌اش خنجری تا دسته وینم
سر شو آیم احوالش بپرسم
سحر آیم مزارش بسته وینم

دوو چاوی تۆ پیاڵەی پڕ لە مەی بوون
کەزێکانت خەراجی ملّکی "ڕەی" بوون
هەر ئەمڕۆ بۆ سبەینێ بوو بەڵێنیت
"سبەینێ"ی تۆ گوڵم نەمزانی کەی بوون

دو چشمانت پیالهٔ پر ز می بی
دو زلفانت خراج ملک ری بی
همی وعده کری امروز و فردا
ندانم مو که فردای تو کی بی

کە شەو بێتۆ سەرم باوێمە باڵین
وەکوو نەی ئێسکەکانم دێنە نالّین
شەوی دووری، لە جێی ئەسرین دەبینی
لە برژانگم بڵێسەی گەرمی پڕ تین

بی ته هر شو سرم بر بالش آیو
چو نی از استخوانم نالش آیو

شب هجران به جای اشک چشمم
ز مژگان پاره‌های آتش آیو

وەرن سووتەدڵان هەروا بنالّین
لەدەستی یاری بێپەروا بنالّین
لەگەڵ بولبول بچینە سەیری گوڵشەن
چلۆن بولبوڵ دەنالّێ وا بنالّین

بوره سوته‌دلان تا ما بنالیم
ز دست یار بی‌پروا بنالیم
بشیم با بلبل شیدا به گلشن
اگر بلبل ناله ما بنالیم [۱[

چ دڵ چەشنی دڵی پڕژانی من نین
چ غەم چەشنی غەمی هیجرانی من نین
ئەگەر دەریایە، گەر هەوری بەهاران
حەریفی چاوی پڕگریانی من نین

دلی همچون دل نالان مو نه
غمی همچون غم هجران مو نه
اگر دریا اگر ابر بهاران
حریف دیدهٔ گریان مو نه

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

]۱[مامۆستا ئەم چوارینەیەی دو جار وەرگێڕاوە.

دڵم! ئێستا کە جێگەت ماڵی یارە
لە ماڵی دڵ شەو و ڕۆژت هەوارە
ئەگەر مەیلت نەبوو هەرگیز بە شاهۆ
بە من بێژە لەگەڵ ئێمەت چ کارە

توکه ای دل مکان درکوی یار است
توکه روز و شبان آنجا قرار است
توکه با فایزت نبود علاقه
بگو دیگر تو را با ما چه کار است؟

نیگارا شەربەتی لێوان بنێرە
گوڵاوی کوڵمەکەی سێوان بنێرە
بۆ سورمەی چاوی شاهۆ، ئەی گوڵی من
لە تۆزی پێت کەمێ زێوان بنێرە

نگارا شربت از لب‌هات بفرست
گلاب از گوشهٔ چشمات بفرستت
برای توتیای چشم فایز
کف دستی ز خاک پات بفرست

سەری زولفت بەچەشنی لام و میمە
وەکوو ئیعجازی ڕەحمان و ڕەحیمە
لە حەفتا وو دوو میللەت ڕایە جوانیت
لە دووریت پشتی کۆمم چەشنی جیمە

سر زلف تو جانا لام و میم است
چو بسم الله الرحمن الرحیم است
به هفتاد و دو ملت برده حسنت
قدم از هجر تو مانند جیم است

کە هۆی ژینم بەرامەی خۆشی یارە
هەموو کاتم بەبێ ئەو چەشنی ژارە
کە شاهۆ ماوە گیانی نیوەماوی
بەچاوی دڵ بەڕێوە ئینتزارە

مرا این زندگانی از بوی یار است
وگرنه جان بدین پیکر چه کار است؟

کنون که هست فایز زنده زآنست
دو چشم و دل به راه انتظار است

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بوتی من دەی وەرە لادە نیقابت
نەبادا کەس ببینێ ئافتابت
گوڵم داپۆشە ڕوخسارت دەترسێم
نەیارێ دین بکا هەنیەی عەنابت

بتا بر طرف معجر کن نقابت
مهل بی‌پرده مانند آفتابت
بت فایز بپوشان رخ که ترسم
شبی نامحرمی بیند به خوابت

ئەسیر و دیلی دوو چاوانی مەستم
ئەمن کوژراوی پەنجە و نازی شەستم
هەزار خۆزگە گەدایی کەم لەلای تۆ
کە دەستی تۆ ببێ ئەوسا لە دەستم

اسیرم کرده چشم مستت ای دوست
قتیلم کرده تیر شستت ای دوست
خوشا فایز رود اندر گدایی
ولی دستش بود در دستت ای دوست

ڕوخت ماڵی خودا، میحڕابە ئەبرۆت
سەفا وو مەڕوەیە دوو چاوی پشکۆت
تەوافی ڕووی بەچەشنی حەججە شاهۆ
حەجەر خاڵی هەنێی دڵدارەکەی خۆت

رخ تو کعبه و محراب، ابروت
صفا و مروه این چشمان جادوت

طواف کوی حسنت حج فایز
حجر آن خال باشد کوست بر روت

دڵی وەک ڕۆستەمم پڕ تین و تاوە
وەکو موڵکی سەڵ ئیمڕۆ خراوە
ڕەقیب گەرسیوەز و شاهۆ، سیاوەش
فەرەنگیس یار و دڵ ئەفراسیاوە

دل من همچو رستم در عتاب‌است
چو توران ملک سلم از او خراب‌است
رقیب گریسوز و فایز، سیاوش
فرنگیس عشق و دل افراسیاب‌است

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دڵم هێلانەکەی لێوی بەسۆیە
زەمانێکی لە نێو خاچی برۆیە
دڵی شاهۆ دەمێ ئەبرۆ پەرەستە
دەمێ مەجنوونی مانگ و تاوی تۆیە

گهی دل مسکن‌اش در کنج لبهات
گهی در حلقهٔ زلف چلیپات
دل فایز گهی بر پشت ابروت
گهی در زیر نرگس‌های شهلات

دەزانی مەحشەریش گشتی درۆیە
ئەوەی پرسیارە بۆمە چەشنی سۆیە
گوڵم هیندەی دەتوانی هەر جەفا کە
کە شاهۆ بێکەسێکی ڕەنجەڕۆیە

اگر دانی که فردا محشری نیست
سؤال و پرسش و پیغمبری نیست

بتاز اسب جفا تا می‌توانی
که فایز را سپاه و لشکری نیست

ڕوخت ئاگر، دوو زولفانت وەکوو چەم
لە بێمیهریت دەسووتێم هەر وەکوو شەم
کە شاهۆ نیوەگیانە بۆ کەمێ ئاو
بەمن چی گەر خوڕەی دێ چەم لەسەر چەم

رخ تو آتش و زلف تو دود است
مرا زین سردمهری‌ها چه سود است؟
چو فایز در بیابان تشنه جان داد
چه حاصل در صفاهان زنده‌رود است

ئەگەر ڕووبەندەکەت لادەی لە ڕوخسار
دەنوێنی چەشنی مانگێکی دە وو چوار
ڕوخت بۆیە لە شاهۆ دادەپۆشی
کە کەس وەک من نەبێ شێت و گرفتار

اگر از رخ براندازی نقابت
کنند مردم خیال آفتابت
از این پوشیده‌ای رخ یار فایز
که ترسی شب کسی بیند به خوابت؟

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بکەم مەدحی خەمی ئەبرۆت یا ڕووت
بە لیوی تۆ چ بێژم قووت، یاقووت
لەمن سووڕە دەبووژێ ڕووحی شاهۆ
بەرامەی تۆ بگاتە قەڵشی تابووت

کنم مدح خم ابروت یا روت
نهم نام لبت یاقوت یا قوت

یقینم هست فایز زنده گردد
رسد برتختهٔ تابوت تا بوت

هەتا شەوقی جەمالّت هەس لە بەرچاو
ئەمن پێم وایە زیندووم ئەی گوڵی تاو
بەڵام کاتێ کە ڕۆیی یاری شاهۆ
بەکێ بسپێرم ئەوسا قەلبی سووتاو

رخت تا در نظر می‌آرم ای دوست
خودم را زنده می‌پندارم ای دوست
ولی چون تو برفتی یار فایز
بگو این دل به کی بسپارم ای دوست

ئەوەی عاشق بە گوڵ بێ ڕەنگی زارە
دەمی وشک و دوو چاوی زۆر خومارە
ئەوەندە سستە شاهۆ وەک بەڕۆژوو
کە تیری وێکەوێ خوێنی نەدیارە

هر آن کس عاشق است از دور پیداست
لبش خشک و دو چشم‌اش مست و شیداست
بود فایز مثل روزه‌داران
اگر تیرش زنی خونش نه پیداست

گوڵم ئیمشەو نە وەختی دەنگ و بێژە
نە کاتی خوێندنەوەی نەقڵی بەچێژە
بەدڵ بڕوانە شاهۆ خێڵ لە دووی خێڵ
هەموو ئاهەنگی کۆچێکی درێژە

دلا امشب نه وقت قال و قیل است
نه هنگام حکایات طویل است
ببین فایز! قوافل در قوافل
به هرجانب صدای الرحیل است

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

خوداوەندا دەمی لاویم بەسەر چوو
درەختی کامەڕانیم بێسەمەر چوو
هەمو موددەی ژیانی کورتی شاهۆ
بەشەو هات و دەمی بانگی سەحەر چوو

خداوندا جوانیم به سر رقت
درخت شادکامی بی‌ثمر رفت
درخت شادکامی عمر فایز
سر شام آمد و بانگ سحر رفت

جیهان ڕۆیی و جەوانی و چەمەن چوو
گوڵی نەسرین و سەرو و یاسەمەن چوو
لە پاشی من دەڵێن یاران مەخابن
کە شاهۆ شاعیری ژیر و ڕەبەن چوو

جهان رفت و جوانی و چمن رفت
گل نسرین و سرو و یاسمن رفت
پس از من دوستان گویند «افسوس
که آخر فایز شیرین سخن رفت«

پەچەی لوولت شەوێکە چەشنی یەڵدا
لە گەردنی تۆ گزینگی ڕۆژی تێدا
دەڵێن شاهۆ شەو و ڕۆژی تۆ وایە
لە ڕوخسارت بە جوتن هەر دوو پەیدا

سر زلف و سیاهت شام یلداست
طلوع صبح در جیب تو پیداست
شب و روز تو فایز همچنین است
خوشم کاین هر دو نعمت قسمت ماست

نە باڵم هەست کە بفرم ڕوو بە ئاسۆ
نە لاقم هەست کە من بێنێ بەرە و تۆ
دەبێ چارەی چبێ شاهۆ خودایە
بوەستێ و نەمێنێ ئەو لە ڕێی تۆ

نە پر دارم کە پروازم بە کویت
نە پا دارم گذار آرم بە سویت
خدایا! چارۀ فایز همین است
نشیند تا بمیرد ز آرزویت

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.
لە بۆ جەستەم گوڵم دڵ پادشایە
ئەوەی فەرمان و ئەمرە لەو ڕەوایە
لە هەر شوێنێ بڕوا شاهی شاهۆ
چ کەس دەتوانێ بێژێ ڕێگە لایە

به دارالملک تن دل پادشاهست
جوارح در اطاعت چون سپاهست
به هر جا عزم دارد شاه فایز
که را یارا که گوید این نه راهست

هەر ئێستاش بۆنی ئەگریجەی لەلامە
هەر ئێستاش چێژی لێوانی بەتامە
بڵێی شاهۆ لە کوێ ناڵەی نەمێنێ
لە ژێر خاکا کە بێدەنگ و کەلامە

هنوزم بوی زلفش در مشام است
هنوزم ذوق لب‌هایش به کام است
کجا فایز شود از ناله خاموش
مگر آن دم که در خاکش مقام است

گوڵم ڕۆیی و منیشی بێبەری کرد
خەیاڵیشی دەقەلبم دا سەری کرد
جەفاکارە دەگەڵ شاهۆ گوڵی من
چ جەورێکی دەگەڵ من گوڵپەری کرد

برفت آن یار و از ما مهر برداشت
خیالش هم مرا آسوده نگذاشت
به فایز آنچه کرده آن جفاجو
نه باور کرد دل نه عقل پنداشت

چ حەوجێیە دڵی ژیرم تەتەر بێ
چ موحتاجە که پەیغام و خەبەر بێ
دەزانێ حاڵی شاهۆ چۆنە یاری
ئەگەر حاڵێ لە ئەحواڵم بەسەر بێ

دل آگه چه محتاج برید است
چه حاجتمند پیغام و نوید است؟
خبر از حال فایز یار دارد
چه لازم دیگرش گفت و شنید است؟

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بە ڕێیەک دا دەڕۆم پڕداو و کێشە
دڵم لەو ڕێگەیە پڕخۆف و ئێشە
بڕۆ شاهۆ بەبێ خۆف و مەترسی
لەوێ حوکمی خوداوەندت لە پێشە

مرا در پیش راهی پر ز بیم است
از این ره در دلم خوفی عظیم است
برو فایز میندیش از مهابت
که آنجا حکم با رب رحیم است

لە دڵ ناچێتەدەر یەک دەم خەیاڵت
لە بیر ناکەم هەتا مردن ویسالت
مەعازەڵڵا بکا شاهۆ فەرامۆش
ڕوخ و زولف و ددان و لێو و خاڵت

نه از دل می‌رود بیرون خیالت
نه از یادم رود یک دم وصالت
معاذالله رود از یاد فایز
رخ و ذلف و لب و دندان و خالت

ئەگەر مەیلت بە سەودایە گوڵی من
ئەمن سەوداگەر و ماڵیش دڵی من
وەرە ئەی گوڵ دەبا سەودا نەشێوێ
وەرە بگرە بە پەنجانت تلی من

گرت با ما نگارا میل سوداست
منم بایع! مبیعت این دل ماست
بت فایز مکن دیگر اقاله
که ما را هم شهود و هم سجل‌هاست

قژی لوولی بە سەر گۆنای ڕژاوە
تەواوی نێو دڵم پڕ تین و تاوە
دەزانی بۆ ڕەشە زوولفانی، شاهۆ؟
هەموو دەم ئەو بەسەر ڕۆژێ کشاوە

به رویش زلف اندر پیچ و تابست
همان این اضطراب از التهابست
از آن فایز سیه‌فام است زلفش
که دایم در جوار آفتابست

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لە دەس جوانان دڵی من کەوتە سە رخاک
هەموو جەستەم لە دووری مات و خەمناک
کە پێکاوە بە تیری غەمزە شاهۆ
لە تیری لۆمەیی دووژمن چ کەم باک

دلم از دست خوبان چاک چاک‌است
تنم از هجرشان اندوهناک‌است
چو فایز خورده باشد تیر غمزه
ز تیر طعنهٔ دشمن چه باک‌است؟

گوڵم تۆرا و پەشیمانە لە کاری
کە نەشکێنێ ئیتر پەیمان لە یاری
بە غەم هەستاوە شاهۆ دووژمنی تۆ
کە تۆی بینی لە کاتی بەزم و یاری

زمن ببرید جانان باز پیوست
شکست عهد کهن آیین نو بست
بحمدالله غمین برخاست دشمن
به بزم دوست فایز شاد بنشست

نەوەک مانگەشەوە هەرچی لە بانە
نە هەر کوچک و گڵێ دوڕێکی جوانە
نە هەر کەس شێعر بێژێ بۆتە شاهۆ
نە هەر ئەفراسیاوێ پاڵەوانە

نه هر بالانشینی ماهتاب‌است
نه هر سنگ وگلی در خوشاب‌است
نه هرکس شعر گوید فایز است او
نه هر ترکی زبان افراسیاب‌است

چ چاوێکە کە نەیدیبێ چەمانی
چ گوێیەکە کە نەیبیسبێ بەیانی

لە شاهۆ پرسە حوسنی سەر هەتا پێی
گەڵێ شەو ڕەنجی کێشا تا بەیانی

نە چشم است آن کە چشمانش ندیدەاست
نە گوش است آن کە صوتش ناشنیدەاست
ز فایز پرس حسناش پای تا سر
کە شبها رنج بیخوابی کشیدەاست

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

کە ڕووبەندت لە سەر ڕوخساری لادا
تەواوی ڕەنجی عالەم چوو بە بادا
وەرە ئەی مانگی شاهۆ ڕووت بپۆشە
کە نوورت عالەمێکی بەر فەنادا

ز هم بگسستهای بند نقابت
کە بنمایی بە مردم آفتابت
مە فایز! بپوشان رخ اگر تو
ز قتل عام باشد اجتنابت

سەرم پڕ شۆر و شەیدای تۆیە بەسە
دڵم داغی تەمەننای تۆیە بەسە
چ حەوجێیە کە شاهۆ بێتە گوڵزار
ئەسیری بەژن و باڵای تۆیە بەسە

سرم پر شور شیدای تو کافیاست
دلم داغ تمنای تو کافیاست
بە سیر گلستان فایز چە حاجت؟
خیال قد و بالای تو کافیاست

نەکەی دەنگت هەڵێنی یارە لێرە
گوڵی پەیکەروەشی عەییارە لێرە

بەدڵ بڕوانە بەژنی یاری شاهۆ
کە سەروی دەسکری داداره لێرە

سخن آهسته‌تر گو دلبر این جاست
بت حوراوش مه‌پیکر این جاست
نگر! قد و جمالت یار فایز
گل این جا، سرو این جا، عبهر این جاست

بەهەشتە ئەم زەوێ یا زێدی یارە
کە خاکی هەر وەکوو میشکی تەتارە
لەلای شاهۆ بەهەشتی پڕ لە حۆری
تەماشای گەردن و ڕوخساری یارە

بهشت است این زمین یا کوی یار است
که خاکش نافهٔ مشک تتار است
حدیث سلسبیل و حور فایز!
بیان صورت و لب‌های یار است

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

نە هەر سەرچاوەیەک ئاوی زوڵاڵە
نە هەر لالەڕوخێ خاوەن کەماڵە
نە هەر چارەڕەشێ هاوتاتە شاهۆ
نە هەر کەس بێت و بانگ بێژێ بیلالە

نه هر چشمه‌ای آب زلال‌است
نه هر لاله‌رخی صاحب کمال‌است
نه هر برگشته بختی هست فایز
نه هر گلدسته خوان مثل بلال‌است

سکاڵامە لە بێ میهری و وەفاکەت
بە کەس ناڵێم چبوو جەور و جەفاکەت

ئەگەر هەنگاو بنێتە ماڵی شاهۆ
دەکەم گیانم فیدای تۆزی ڕێگاکەت

بتا از کجرویهایت شکایت
ولی با کس نگویم این حکایت
اگر در کلبهٔ فایز نهی گام
کنم جانم نثار خاک پایت

نەکەی باسی جودایی ئەی نیگارم
که توێژ داوێم و چەشنی سوججه مارم
نەما شاهۆ که کوژراوه به هیجران
نەدەی ئازاری جەستەی پڕ له ژارم

مبر نام جدایی ترسم ای دوست
که همچون مار بیرون آیم از پوست
مکش فایز که هجران کشت او را
تن مقتول آزردن نه نیکوست

بەچی مەعلومه دڵ ماوه و نەماوه
له من جیایه و به دڵدارم بڕاوه
گلەی چیته له دڵ شاهۆ! که پیری
لەپێی خستی و ئیتر کارت تەواوه

خبر از دل ندارم نیست یا هست
برید از ما و با دلدار پیوست
گله از دل مکن فایز که پیری
تو را از پا فکند و رفت از دست

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دڵم دابوو به چاوانت ئەمانەت
ددان و لێوی تۆ کردیان خەیانەت

دڵی شاهۆ بە زنجیری دوو زولفت
ئەسیرە و ڕەحمی پێ ناکەی تەنانەت

بە چشمان تو دل دادم امانت
لب و دندان تو کرده خیانت
دل فایز به زنجیر دو زلفت
گرفتی خود چرا کردی جنایت

شەوێکی هەورە دونیا چەندە تارە
خەیاڵم پاسەوانی ماڵی یارە
بکووژە نەفسی شاهۆ با نەمێنێ
دە هەستە دڵبەرم وەختی شکارە

شب‌ابر است و دنیا تیره و تار است
خیالم پاسبان کوی یار است
پلنگ نفس فایز سینه بر خاک
بکش جانا که هنگام شکار است

خەدەنگی مەهـ جەبینان دڵنشینە
وەرە جێ زامی تیری وان ببینە
نەبوو شاهۆ دڵی لەو داوە ڕزگار
سەری زولفی گوڵم حەبلولمەتینە

خدنگ مه جبینان دلنشین است
جفای نازنینان نازنین است
نشد رسته دل فایز از این دام
سر زلف بتان حبل‌المتین است

لە بەرچی تۆ دەخوازی بچمە غوربەت
لە بەرچی من بکێشم ڕەنج و مەینەت
درێژی عومری شاهۆ بوو بە هۆی وەی
کە لەعنەت کا لە عومری وا بە زیللەت

چرا خواهی که من آیم به غربت
چرا باید کشم این رنج و محنت
درازی عمر فایز این چنین شد
که لعنت بر چنین عمری به ذلت

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دڵی پێکام کەوانی خستە سەرپشت
کە نازانم چ کەس بوو تۆی لەوێ کوشت
لە تۆ سوور و عەیانە قەتڵی شاهۆ
کە خوێن دەتکێ لە سەرپەنجە و سەری گوست

بە تیرم زد کمان افکند در پشت
کە یعنی من ندانم کی تو را کشت
تو خود اثبات کردی قتل فایز
بە خونم کردەای رنگین سرانگشت

دەگەڵ غەم هاودەمم تاکوو بەیانی
دەخۆم خوێنی جگەر بێوەی بزانی
دەبم سووتێنە خوایە با بزانێ
کە شاهۆ بێ ئەسەر نێ ناڵەکانی

انیس من بە جز آە سحر نیست
غذای من بە جز خون جگر نیست
خداوندا بسوزش تا بداند
کە آە زار فایز بی اثر نیست

وەرە گیانە کە دونیا بێ وەفایە
ئەوە ماڵێکی بێخۆشی و بەقایە
لە دونیا هەرچی تۆ دیتوتە شاهۆ
بە غەیری نەقشی پێ باقی هەوایە

بیا جانا که دنیا را وفا نیست
جوی راحت در این محنت‌سرا نیست
در این ره هرچه فایز دیده بگشود
ز همراهان اثر جز نقش پا نیست

دڵم دیتت که یار پەیمان شکێنە
بەجێم دێڵێ و دەڕوا لەو زێد و شوێنە
ئەتۆش شاهۆ لە جەوری بێ وەفایان
هەتا ڕۆژی جەزایە دەس بسوێنە

دلا دیدی که دلبر عهد بکشست
ز ما ببرید و با اغیار پیوست؟
تو فایز از جفای بی وفایان
بسایی تا قیامت دست بر دست

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لە گوڵزار تا لە گوڵ ماوە نیشانە
حەدیسی بولبول و گوڵ هەر جەوانە
دەمێنێ تا قیامەت شێعری شاهۆ
دەبێتە نەقڵی کۆڕی عاشقانە

به گلشن تا ز گل نام و نشان‌است
حدیث بلبل و گل در میان‌است
جهان تا هست ذکر شعر فایز
میان دوستان این داستان‌است

بە تینی عەشقی تۆ سووتا هەناوم
هەتا مردن لە داوی بسکی خاوم
لە خۆتم هەڵبڕی سووڕە کە دەمرم
وەکوو ماسی وەفادارێک بە ئاوم

بتا عشقت به جانم آتش افروخت
که تا صبح قیامت بایدم سوخت
گر از آبم برون آری بمیرم
وفاداری ز ماهی باید آموخت

ئەمن چبکەم دڵم وا بێ قەرارە
هەموو ڕۆژم بە چەشنی زوڵفی یارە
دەبێ من ڕازی خۆم بۆ کێ ببێژم
کە شاهۆ چاوەکەی هەوری بەهارە

ندانم چون کنم دل بی قرار است
به چشم روز روشن شام تار است
ندانم راز دل با کی بگویم
دو چشم فایز اینک اشکبار است

وەکوو مانگە گوڵم هەنیەت بە جارێ
منیش ڕەنگ زەردی تۆم ئەشکم دەبارێ
لەگەل شاهۆ گوڵم بەستووتە پەیمان
گوناهە بێ بەڵێنی تاقە یارێ

رخ تو دلبرا مانند ماەاست
رخ من از غمت چون برگ کاەاست
به فایز عهد یاری بسته بودی
مگر نه عهد بشکستن گناەاست؟

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دەمێک ئاسوودە نیم بێرەنج و زەحمەت
هەموو سات و دەمم پڕ ئێش و مەینەت
ئەویندارى دەکا شاهۆ بە پیرى
کە ڵرفەى دێ وەکوو لۆکى بەتاقەت

ندارم راحتی جز زجر و زحمت
به جز خواری و دشواری و محنت
دل فایز به پیری کرده پرواز
به باغ گلرخان چون اشتر مست

ئەگەر گەردوون خولی بمخاته بەر با
ئەگەر دووریت هەموو جەستەم لەپێ خا
نەکەی باوەر که شاهۆ زولف و چاوی
له بیر ناچێ هەتا گەردوون خولی ما

اگر دوران دهد بربادم ای دوست
وگر هجران کَنَد بنیادم ای دوست
مکن باور که فایز چشم و زلفش
رود از خاطر و از یادم ای دوست

له ڕووی تۆ ئارەقەی گوڵ یا گوڵاوە
وەیا ئەستێرە ڕۆژە ڕووی له تاوە
که دەتکێ زێوی ڕووی ڕوخساری یارم
به چەشنی ئاو له ڕووی ئاگر تکاوە

عرق بر چهره‌ات گل یا گلاب‌است
و یا پروین به روی ماهتاب‌است؟
نشانده یار فایز نقره بر آل
و یا بر آتش تر خشک آب‌است؟

نه هەر کاول دڵێک جێگەی ئەوینە
نه هەر سینەی قەفەز پێگەی ئەوینە
دڵێکی چەشنی قەلبی سووری شاهۆ
شیاو و گیانفیدای ڕێگەی ئەوینە

نه هر ویرانه دل مأوای عشق‌است

نه هر سینه که بینی جای عشق‌است
دلی همچون دل فایز بباید
که او اندرخور سودای عشق‌است

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لە سەر ڕووی گوڵ دەکا پرچی پەڕیشان
دەباڕێ تیری غەمزەی چەشنی باران
لە سەر ئەبرۆی وەلاچوو هەور شاهۆ
کە ماشەڵڵا لە ڕوخساری گوڵی جوان

به گل سنبل فروهشته که گیسوست
کشیده تیغ چشمانش که ابروست
مترجم کرده ابرو یار فایز
که بسم‌الله اینک مصحف روست

لە دوو چاوت دەترسم مەستی مەستن
کە مەستن خەنجەری کینەش بە دەستن
بە ئاماژەی برۆی دڵداری شاهۆ
نە یارانی بەخۆشی ڕادەوەستن

من از چشم تو می‌ترسم که مست است
که هم مست است و هم خنجر به دست است
بت فایز به ایمای دو ابروش
چرا با راست‌بازان کج نشسته است؟

دڵم جێگەی لە گۆشەی چاوی تۆیە
هەتا مردن ئەسیری داوی تۆیە
دڵی شاهۆ گەڵێکی جێگە خۆشە
کە ئەو میوانی شەوقی تاوی تۆیە

دلم در گوشهٔ چشم‌اش مکین است

نشسته تا ابد منزل گزین است
دل فایز گرفته خوش مقامی
بلی خوشدل دل کوثرنشین است

لە چینیش گوڵ وەکوو تۆ پڕبەها نێ
سەهوویان کرد ئەگەر بێژن وەها نێ
دە ڕووبەندت وەلانێ یاری شاهۆ
نەبێژن مانگی هەردیش وەک حەوا نێ

بتا مثل تو اندر شهر چین نیست
خطا گفتند لیکن این چنین نیست
بت فایز ز صورت پرده بردار
نگوید تا کسی مه در زمین نیست

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لە سەرشانی ڕژاوە زولفی چین چین
گەلێ شیاوە بە باڵای بەرزی سیمین
کەوانی دڵبەرن هەر تاڵی شاهۆ
بە پەیکانی دەبا هۆش و دڵ و دین

به دوشش گیسوان خوش دلپسند است
که این مخصوص آن قد بلند است
حمایل‌های گیسو یار فایز
تو گویی جنگجویی با کمند است

نە هەر ئەستێرەیەک چەشنی هەتاوە
نە هەر پێغەمبەرێک خاوەن کیتاوە
نە هەر مەعشووقەیەک شیرینە شاهۆ
نە هەر ئاوێ کە دەیبینی گوڵاوە

نه هر رخشنده کوکب آفتاب‌است

نه هر پیغمبری صاحب کتاب‌است
نه هر شیرین شود معشوقه، فایز!
نه هر آب روان بینی گلاب‌است

نه هەر ئاسکێکی سڵ هی دەشتی چینە
نه هەر ماسێکی گەورەش عەنبەرینە
نه هەر یارێ وەفادارێکە شاهۆ
وەفاداری لە مەڵبەندی ئەوینە

نه هر آهوی دشت آهوی چین است
نه هر گاوی که بینی عنبرین است
نه هر یاری وفادارست فایز!
وفا در خطهٔ ارمن زمین است

بوتی گەمێ نشینم بێ بەڵا بێ
لە هەرچی دەردە خوایە دوور و لا بێ
لە ناو دەریایە شاهۆ! یاری ئەلیاس
لە چۆلگان حەزرەتی خزری لەلا بێ

بت زورق نشینم در امان باد
خدایش از بلایا حرز جان باد
به دریا باد فایز یارش الیاس
به صحرا خضر با وی هم‌عنان باد

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

سەحەر شەونم بەسەر کەزیەی دەکێشێ
بەرامەی عالەمێکی ڕادەکێشێ
هەزار خۆزگە کە شاهۆ چەشنی پرچی
پەڕێشانە و لە لای نازی دەکێشێ

سحر شبنم چو بر گیسویش افتاد

به عالم شورشی از بویش افتاد
خوش آن ساعت که فایز همچو گیسوش
پریشان حال در پهلویش افتاد

له دڵ موژده که یاری دڵبەری هات
بوتی سیمین وەشی گوڵ پەروەری هات
له پێناوی سەرت قوربان که شاهۆ
که شیرینت به لێوی شەکەری هات

بشارت باد ای دل دلبر آمد
به پیشات آن بت مه پیکر آمد
تو فایز جان شیرینت فدا کن
که شیرین با لب پر شکر آمد

نه پەیغام و نه پەیکی دڵبەرم هات
نه دوایی بەو شەوەی غەمپەروەرم هات
نه پەیکێ دێ له لای یاری تۆ شاهۆ
نه شازادێک له موڵکی سەروەرم هات

نه قاصد نه پیام دلبر آمد
نه شام غم نه عمر من سر آمد
نیامد پیکی از دلدار فایز
نه شاپوری ز ملک من در آمد

له من جیا بوویەوە ئەی سەروی ئازاد
نەبوو تاوێ بەبێ تۆ دڵ ببێ شاد
چ بوو تاوانی شاهۆ ئەی بوتی من
لەبیرت چوومەوە و ناکەی له من یاد

ز من گشتی جدا ای سرو آزاد
نبودم یک زمانی بی تو دلشاد
چه کردم ای مه فایز که هرگز

نە یادم کردی و نە رفتی از یاد

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

وەرە تا پەلکی گوڵ نەیبرد نەشەی با
گوڵێ بچنین و دانیشین لەمەو دوا
بوتی شاهۆ دە لەز کە! ماوە کورتە
کە عومری ئادەمی دەڕوا بە دەم با

بیا تا برگ گل نارفتە برباد
گلی چینیم و بنشینیم دلشاد
بت فایز مکن تأخیر چندان
کە تعجیل است عمر آدمیزاد

هەر ئەو کاتەی کە بەخشیان دڵ بە جەستەم
ئەوینی گوڵپەری هاتۆتە دەستەم
دڵی شاهۆ بوتان بردیان بە تاڵان
لەنێو خۆیان بەشیان کرد ما بە ئەستەم

مرا تا دل بە تن تسلیم کردند
همی مهر بتان تعلیم کردند
دل فایز بتان بردند یغما
ببردند و بە هم تقسیم کردند

بوتێکی پێ بەناز دانێتە سەر دڵ
گەلێ جەورە کە پێ دانێتە سەر گڵ
تەمەننا و ویستی شاهۆ یاری تەرزی
کە پێ دانێتە سەر چاو و نەکا سڵ

بتی کز ناز پا بر دل گذارد
ستم باشد کە پا بر گل گذارد
تمنایی کە دارد یار فایز

به چشم ما قدم مشکل گذارد

ئەوەی بێتە تەنیشتی یاری دڵبەر
وە قەلبی وی کەوێ سەد نووکە خەنجەر
قەسەم بەخوا کە ڕازی نابێ شاهۆ
کە دانیشێ لەلای یاری پەیەمبەر

به جز من هر که با دلبر نشیند
الهی بر دلش خنجر نشیند
به والله که راضی نیست فایز
اگر با دوست پیغمبر نشیند

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

ئەگەر سەد تیری غەمزەی نازی تۆ بێ
نەکەی باوەڕ کە قەلبم پڕ لە سۆ بێ
لە دووی سەد ساڵ لە پاشی مەرگی شاهۆ
ئەوینی تو لە ژینم تام و هۆ بێ

اگر صد تیر ناز از دلبر آید
مکن باور که آه از دل براید
پس از صد سال بعد ازمرگ فایز
هنوز آواز دلبر دلبر آید

جەوانی چەشنی گەنجێکی خودا دای
هەزار خۆزگە بە گەنجێکی خودادای
بڕۆ شاهۆ جەوانی تۆ بەسەرچوو
نەکەی هاوار لە چارێکی خودا دای

جوانی هست چون گنجی خداداد
خوشا آن کس که این گنجش خدا داد
برو فایز! که این گنج از تو بگذشت

مزن دیگر تو از دست خدا داد

کەسێکی گەر لە حاڵم بێ خەبەر بێ
سەیر نێ گەر وتەی تاڵ و بە شەڕ بێ
کەسێ دیبێتی ڕووی جوانی پەری ڕوو
دەڵێ حەققە کە شاهۆ دەربەدەر بێ

کسی کآگه ز حال ما نباشد
گرم شُنعت کند بی جا نباشد
بداند هر که بیند آن پریرو
که فایز بی سبب رسوا نباشد

خەیاڵی تۆ نە با، دڵ چی دە کرد گوڵ؟
ئەگەر شەوقت نەبایە دڵ دەبوو سڵ
ئەگەر عیشقی نەبا شاهۆ دڵی تۆ
لە وێرانەی لەشت دوور بوو بە مەنزڵ

خیالت گر نبودی دل چه می‌کرد
وگر شوقت نبد حاصل چه می کرد؟
نبود ار عشق جانان فایز این جان
در این ویرانه تن منزل چه می کرد؟

شەفەق کاتێ گزینگی ڕۆژ کە دەرهات
نیگارم چەشنی مانگێکی لە دەر هات
لە فەیزی مەقدەمی دڵداری شاهۆ
بە شوکری خوا شەوی هیجران بەسەر هات

سحر چون زهره ازمشرق برآمد
نگارم همچو مه از در درآمد
ز فیض مقدم دلدار فایز
بحمدالله شب هجران سرآمد

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بەیانی جەژنی گوڵ گیران لە بەرزان
هەڵاڵە و شەشپەڕ و بەیبوون و ڕیحان
لە دەورەت ڕەشبەڵەک گیرابوو شاهۆ
بەڵام جێگەی بەتاڵ بوو بووکی زۆزان

سحرگاهان به گلشن انجمن بود
گل نسرین و سرو و یاسمن بود
همه گل‌ها به گلشن جمع بودند
ولی فایز! نه پیدا یار من بود

بە ئاسن دەوری یار بگرن بە پەرژین
لە چوار دەورەی برێژن سکڵی پڕ تین
دەگاتە دڵبەری شاهۆ ئەگەرچی
لە سەر ڕێگەی بوەستێ لەشکری چین

حصار دوست گر زآهن بر آرند
به دورش خندقی از اخگر آرند
رساند خود به یار خویش فایز
به راهش گر هزاران لشکر آرند

بەهار هات و زەوی خەملّی بە گوڵزار
بەرەو سەیران لە مەنزڵ دەرکەوت یار
هەتا بچنێ گوڵێکی یاری شاهۆ
بە دینی، گوڵ هەموو سیس بوون بە ناچار

بهار آمد زمین فیروزه‌گون شد
به عزم سیر دلدارم برون شد
به گل چیدن درآمد یار فایز
همه گل‌ها ز خجلت سرنگون شد

کوتم: ئەی دڵ نەکەی تۆ هیندە هاوار
نەدەی ئاگر لە خەرمانی دڵی زار
دەسووتێ جەستەکەی شاهۆ بە جارێ
وەیادی بێتەوە چاو و ڕوخی یار

به دل گفتم مکن این قدر فریاد
که اندر خرمن صبر آتش افتاد
بسوزد هستی فایز سراپا
گهی کان چشم شهلا آیدم یاد

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لەپڕ شەو هاتەوە گیانم بسووتێ
تەواوی گەنج و سامانم بسووتێ
لە پێناوی دڵی دڵداری شاهۆ
دەترسێم بەڵکە ئیمانم بسووتێ

دگر شب شد که تا جانم بسوزد
گریبان تا به دامانم بسوزد
برای خاطر دلدار فایز
همی ترسم که ایمانم سوزد

لەپڕ شەو هاتەوە دڵ بێ قەرارە
دوو چاوی نائومێدم توش و تارە
خودایە چەندە قورسە باری شاهۆ
لە سەر پاپۆری دانێی غەرقی چارە

دگر شب شد که دل بی تاب گردد
دو چشمم ناامید از خواب گردد
عجب باری‌است بر دوش تو فایز
که بر کشتی نهی غرقاب گردد

دڵی من بۆتە پەروانە لە تاوت
هەموو سووتاوە نێو جەرگم بە تاوت
دڵی شاهۆ وەکوو تەیرێکی بێبااڵ
گرفتارە بە تاڵی زولفی خاوت

دل من حالت پروانه دارد
زآتش سوختن پروا ندارد
دل فایز چو مرغ پر شکسته
به هر جا کو فتد پر، وا ندارد

هەوەڵ هەنگاو دەبێ گیانم فیدا کەم
لە شوێنت ڕووە لە گوڵزاری سەفا کەم
لە ڕێگەی عیشق شاهۆ نابێ جەستەم
لە تیر و خەنجەریش ساتێ ڕەها کەم

نخستین بار باید ترک جان کرد
سپس آهنگ روی گلرخان کرد
نباید در طریق عشق فایز!
حذر از خنجر و تیر و سنان کرد

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

چ بیورێ داری ئاواتی شکاندم
چ خاڵێ بوو چڕۆی ژینی وەراندم
چ کەس یاری لە شاهۆ هەڵبڕیوە
لەپڕ تیری خەدەنگی لێ وەشاندم

که بر نخل امید من تبر زد؟
که بر مبنای اقبالم حجر زد؟
جدا فایز که کرد از وصل جانان
که بر جانم خدنگ بی خبر زد

لە ڕووی تۆ مانگی چاردەش بێ نەوایە
گوڵم ئەستێرەکەی کۆ بێ هەوایە
تەمەن دەڕوا و خول ناخوا بەرەو دوا
دڵی شاهۆ بە دەم داغی جەفایە

مه ده چار پیشات مُضمَحل شد
سهیل از گوشهٔ چشمت خَجل شد
چو عمر رفته، رفتی، برنگشتی
که فایز تا قیامت داغدل شد

بەیانی کاتێ شەونم کەوتە سەر گوڵ
لە شەوقی تۆ دەخوێنێ بولبولی دڵ
بوتی شاهۆ بەیادی نەوگوڵی خۆی
هەزار جەوری لە دڵدا دێتەوە کوڵ

سحرگاهان که شبنم بر گل افتد
ز نو شور و فغان در بلبل افتد
بت فایز به یاد نوگل خویش
به جانش صد هزاران غلغل افتد

بەهارە و دەشت و چۆل دەریایی شینە
بە چەشنی مێرغوزاری دەشتی چینە
وەرە دانیشە لای شاهۆ دەمێکی
کە بولبول لای گوڵی جوان هاونشینە

بهار آمد زمرّدسان زمین شد
در و دشت و چمن، صحرای چین شد
بیا بنشین تو هم در پیش فایز
که بلبل با گل خود همنشین شد

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

هەمو ئێوە کە دانیشتون لەلای یار
نەکەن ئەو نێعمەتەی کەمبێننە ئەژمار
بریا شاهۆ لە ڕیزی ئێوە دابا
کە سەر دەسوێن لەبەر دەرگاهی دڵدار

شما که ساکنان کوی یارید!
چرا این نعمت آسان می‌شمارید؟
دریغا چون شما می‌بود فایز
که سر بر آستان یار دارید

پەتی سێدارەیە زولف و پەچەی ڕەش
لەنێو جوانان یەکەم جوانی گوڵی گەش
بوتی شاهۆ بەچەشنی ڕۆستەمی زاڵ
سەری دوژمن دەخاتە نێو گڵ و هەش

بتا! زلف تو سر از سرکشان برد
به میدان گوی حسن از مهوشان برد
بت فایز چو رستم پور دستان
که در میدان، "کُشانی" ره کشان برد

دەزانی من لە دووریت چم بەسەر هات
لە جەستەم ڕووحی شیرینم بەدەر هات
لە عالەمدا ئەوینت شاردرا بوو
بە شەوقت سڕ و ڕازی زوو وەدەر هات

خبر داری به من هجران چها کرد
دلم را ریش و جانم مبتلا کرد؟
زمردم عشق تو پوشیده فایز
ولی شوق تو رازش برملا کرد

گوڵاو دەتکێ لە کەزیەی یاری مەهوەش
دەپڕژێنێ لە گەرنی نووڕێکی گەش

مەگەر شاهۆ بە لێوان نێوی هێنا
کە لێوانی گوڵم شەربەت دەکەن بەش

دو زلف یار عنبر می‌تراود
جبین‌اش نور اظهر می‌تراود
مگر فایز! لبش را نام بردی
که از لب‌هات شکّر می‌تراود؟

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

□سەفەر

-ئەوە بۆ کوێ؟
کە وەها، گورج و بەتاڵووکە سەرت ناوە لە ڕێ؟

-پنجە دڕکێک بە شنەی بای بیابانی دەگوت -

-لێرە ئۆقرەی نییە دڵ، لێرە دەڕۆم
ئەدی تۆ پێم بڵێ لەم قاقڕە تا کەی دەتەوێ هەر هەڵکەی!
لە تەپوتۆزی بیابان بە تەما نی کە، سەری خۆت دەرکەی؟

-هەموو ئارەزوویە گیانم
چ بکەم کە پێ بە داوم!

-تۆ دەپرسی بە تەمای کوێم؟
کوێ کە ڕێگاکە بچێ، واوە دەچم!
دەچمە هەر جێگەیە، لەم ناوە نەبم!

ـ باشە وا بێ! کە دەڕۆی تۆ، سەفەری خێرت بێ
تۆ سەری برایەتیمان، کە لە سامی ئێرە دەرچووی
کە سەرت بە ساغی دەرکرد، کە گەیشتیتە هەواران
تۆ دوعا و سڵاوی ئێمەش، بگەیێنە دۆست و یاران:

به چرۆ، به سەوزەڵانی،
به نمەی زوڵاڵی باران!

□ وەرگێڕانی: ناسری حیسامی.

□سفر

به کجا چنین شتابان؟
گون از نسیم پرسید

ـ دل من گرفته زینجا
هوس سفر نداری
ز غبار این بیابان؟

ـ همه آرزویم امّا
چه کنم که بسته پایم

ـ به کجا چنین شتابان ؟

ـ به هر آن کجا که باشد
به جز این سرا سرایم

ـ سفرت به خیر! امّا
تو و دوستی خدا را
چو از این کویر وحشت
به سلامتی گذشتی
به شکوفه‌ها، به باران
برسان سلام ما را

□ محەممەد ڕەزا شەفیعیی کەدکەنی.

□سپاس بۆ کاک ناسیح مورتەزا، بەڕێزیان ئەم شێعرەی بە وەرگێڕاوەیەکەیەوە بۆ ناردین.

لەبەرچی نازەنین ناکەی لە من یاد
ڕەبی یادت بەخێر بێ ئەی پەریزاد
سەیر نابێ کە شاهۆ کەی فەرامۆش
فەرامۆشێ نەریتی ئادەمیزاد

نه یادم می‌کنی، نه می‌روی یاد
به خیری باد یادت ای پریزاد!
عجب نبوَد کنی فایز فراموش
فراموشی است رسم آدمیزاد

دوو چاوی تۆ کە ڕوانێ چاوەکانم
بە لێوت ڕەش بوو ڕوخسار و ژیبانم
نەکەی عیشوە لەگەڵ شاهۆ تۆ ئەی بوت
بەدەس تیغی برۆتە مەرگ و مانم

دوچشمت چون به چشمانم نگه کرد
لب لعل و رخت روزم سیه کرد
مکن عشوه دگر بر فایز زار
که ابروی کجت جانم تبه کرد

سەحەر شینی دەکرد قەلبی منی زار
کە خوێن دەڕژا لە دیدە چەشنی ڕووبار
سکاڵای بوو لە ئەییامی جەوانی
تەواوی دەربڕی شاهۆ بە یەکجار

سحر، دل ناله‌های زار می‌کرد
چنان که دیده را خونبار می‌کرد
شکایت‌های ایام جوانی
به فایز یک به یک اظهار می‌کرد

لە دووریت ئەو دڵەم گۆماوی خوێنە
سریشکم چەشنی ڕووت لالەبەزێنە
تەواوی ژین بە ئاواتم کە بێژی
کە شاهۆ چارەنووست دڵتەزێنە

دلم از فرقت روی تو خون شد
سرشکم چون رخ تو لاله‌گون شد
به عمری آرزو کردم که گویی
که ای فایز! سرانجام تو چون شد

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

شەوی دووریت دڵ و ڕووحی ستاندم
خولی گەردوون لە تاریکی خزاندم
شەوە و شاهۆ دڵی ماندوو دووبارە
بە یادی گۆڵ قەڵای بیری ڕماندم

شب هجران مرا جان بر لب آورد
فلک از گردش افتد کاین شب آورد
شب آمد فایز دل‌خسته از نو
به خاطر یارِ سیمین غبغب اورد

بە گیان بکرە گەلێ هەرزانە ئیمڕو
جەوانی گەر بە نرخی گیانە ئیمڕو
ئەگەر شاهۆ کە سەودا ڕەوتی وایە
بە بیری من ئەوا هەرزانە ئیمڕۆ

جوانی گر به نرخ جان فروشند
بده جان و بخر کارزان فروشند
اگر داد و ستد رسم است فایز!
نپندارم چنین ارزان فروشند

که ئیسرافیل شەوێ ڕووی له خوا کرد
له بۆ دڵداری مسکینی دوعا کرد
ڕەبی خوایه له عومری خێر نەبینێ
ئەوەی یاری له شاهۆ وا جودا کرد

خروس عرش دیشب التجا کرد
برای عاشق مسکین دعا کرد
الهی خیر از عمرش نبیند
هر آن کس یار از فایز جدا کرد

به باڵا بەرز و لێوت چەشنی قەندە
به من بێژە که ماچی تۆ به چەندە
به قوربانی وەفاداریته شاهۆ
دەکەم ماچی دەس و پێت سەد ئەوەندە

بلندبالا، بلند قدّ و لبت قند
بهای بوسه‌ای بر گو به من چند
به قربان وفایت یارِ فایز!
ببوسم دست و پایت قند در قند

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

جەوانیش خۆزگه بۆ سەودا ببایه
له سەودا گیانی شیرین بێ بەهایه
دەمی لاوی له هەر کوێ بێ بەهەشته
نزانم دووزەخێ پیری کو ڕایه

جوانی کاشکی بَیع و شِرا بود
که تا این جان شیرینش بها بود
جوانی خوش بهشتی بود فایز!
ندانم دوزخ پیری کجا بود؟

دڵم خوایە لە دینیش بێ بەری بوو
ئەسیری داوی زوڵفی گوڵپەری بوو
پەری دیت و پەڕیشان بۆوە شاهۆ
لە دین هەر کەس پەری دیبێ بەری بوو

خداوندا! دلم از دین بری شد
اسیر دام زلف آن پری شد
پری دید و پریشان گشت فایز
پری را هر که دید از دین بری شد

لە کەزیە و پرچی لول عەنبەر دەکا بار
بە کلچێوکی دەڕێژێ چاوی بێمار
موژە و تیر و کەوانی چاوی دڵبەر
هەمووی کوشتن وەکوو شاهۆ بە یەکجار

مسلسل زلف عنبر بار دارد
مکحّل نرگس خمّار دارد
ز ابروی کمند و تیر مژگان
چو فایز کشتهٔ بسیار دارد

دڵم تاڕاجی دەستی گوڵڕوخانە
بە چەشنی گۆ لە مەیدانی بوتانە
عیلاجی دەردی شاهۆ بێژە بۆمە
لە دووری گوڵروخان پشتم کەوانە

دلم تاراج روی گلرخان شد
به میدان بتان چوگان‌زنان شد
علاج درد فایز گوی بر ما
ز هجر گلرخان قدّم کمان شد

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بەهەشت ناگاتە جوانی ڕووی گوڵی تۆ
لە نێو حۆریان گوڵم ئاسکی سڵی تۆ
لە لەعلی لێو و مروارید شاهۆ
لە کەوسەر نێ لەوێنەی نەو گوڵی تۆ

بهشت از روی تو بهتر نباشد
ز حوران حسن تو کمتر نباشد
از آن لعل لب و دندان، فایز
یقین دارم که در کوثر نباشد

تەواوی دەست و پێ و ئەژنۆم دەکا ژان
هەموو جەستەم بە دەردی خۆم دەکا ژان
وشک بوو نەونەمامی داری شاهۆ
جەوانی ڕۆی و پشتی کۆم دەکا ژان

مرا هم ساق و هم زانو کند درد
کمر با ساعد و بازو کند درد
به هر عضو تو فایز! پیری آمد
جوانی رفت و جای او کند درد

گوڵم عیشقت وەکوو ئاورێکی نەمروود
بڵاوی کرد لە لەش هەم تار و هەم پوود
خەلیلە وا لەوێیە چەشنی شاهۆ
دە خوایە بێژە دامرکێ گڕ و دوود

صنم! عشق تو همچون نار نمرود
مرا در منجنیق عشق فرسود
خلیل‌آسا رود فایز در آتش
تو "قُلْ يَا نَارُ كُونِي بَرْد" کن زود

دە بابێ دڵبەری نازداری حۆرم

سپی و ناسکبەدەن لێوئاڵی جۆرم
کە کاتێکی دەڕوا تابووتی شاهۆ
بڵێن با پێ بنێتە لێوی گۆرم

بگو تا دلبر حورم بیاید
سفید و نازک و بورم بیاید
دمی که می‌رود تابوت فایز
بگو تا بر لب گورم بیاید

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

سوهەیلیش چەشنی دلدارێ دەسووتێ
وەکوو عاشق لە بۆ یارێ دەسووتێ
سوهەیلی ئاسمان هەر ساڵە جارێ
لە سوێ شاهۆ لە بەرچاوان دەسووتێ

سهیل اندر یمن بلغار سوزد
دل عاشق ز هجر یار سوزد
سهیل اندر یمن، سالی به یک بار
دل فایز دمی صد بار سوزد

لە کوێ ڕێزی هەیە چووک چەشنی بولبول
لە کوێ بۆنی هەیە لاولاو وەکوو گوڵ
لە بۆ شاهۆ بە غەیری نەسلی هاشم
نەیان بەخشی بە کەس بوراق و دوڵدوڵ؟

به صعوه، منصب بلبل ندادند
به نیلوفر، شمیم گل ندادند
چرا فایز! به جز اولاد هاشم
کسی را رفرف و دلدل ندادند؟

نە هەر قەلبێ شیاوی عیشقی پاکە

نە هەر پشکێ بە نێوی قەلبی چاکە
هەزاران دڵ دەبێ تاکو دڵێکی
وەکوو شاهۆ ڕەحیم و ڕوون و تاکە

نە هر دل عشق جانان قابل افتد
نە این قرعه به نام هر دل افتد
هزاران دل بیاید تا یکی دل
چو فایز در محبت کامل افتد

وەفا کاری بە دڵداری نەداوە
جەفای زۆریش ئیتر باوی بڕاوە
وەرە ئەی گوڵ برینی دڵ دەواکە
کە شاهۆ سەبری ئەییووبی نەماوە

وفا دخلی به محبوبی ندارد
جفا هم بیش از این خوبی ندارد
بتا! زخم دلم را مرهمی نه
که فایز صبر ایّوبی ندارد

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لە سۆزی ئاهی من دونیا دەسووتێ
تەواوی دەشت و کێو سەحرا دەسووتێ
ئەگەر شاهۆ لە دڵ هەڵکێشێ ئاهێ
لەمن سووڕە ملی دەریا دەسووتێ

اگر آهی کشم، افلاک سوزد
در و دشت و بیابان، پاک سوزد
اگر آهی کشد فایز از این دل
یقین دارم گِل نمناک سوزد

گوڵم خەمی ڕەسووڵ پێغەمبەرێ بوو

دڵم ڕووناکی شەوقی دڵبەرێ بوو
دوو مسقاڵی لە دڵ مابۆوە شاهۆ
ئەویش تاڵانی کەزییەی گوڵپەرێ بوو

بتا! ختم رسل پیغمبری شد
به من روشن صفات دلبری شد
دو مثقال دلی که داشت فایز
به تاراج سر زلف پری شد

دڵم تەنیا بە دەستی تۆیە دڵبەر
بە غەیری سۆزی تۆ نیمە لە نێو سەر
بە ئانقەست تۆ دڵی شاهۆ دەکەی تەنگ
کە جێگایەک نەبێ بۆ غەیری هاوسەر

دلم را جز تو کس دلبر نباشد
به جز شور توام در سر نباشد
دل فایز تو عمداً می‌کنی تنگ
که تا جای کسی دیگر نباشد

سەبا دوێشەو هەواڵی یاری هێنا
بەخۆشیت داری ژینت باری هێنا
بەپێی خۆی هات بەخێرێ یاری شاهۆ
لەلای خوا ڕەحمەتی بێ ژماری هێنا

صبا دوشم ز جانان این خبر داد
که هی هی نخل امّیدت ثمر داد
به پای خویش فایز! یارت آمد
خدایت دولت بی‌دردسر داد

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

وەیادی من نەخەی وەسڵی دڵ ئەی یار

وەناڵینم نەخەی وەک نەی بەهاوار
دە لادە خۆت لە ئەشک و ئاگری دڵ
بە دەم با دا نەدەی شاهۆ بە یەک جار

رفیق! از وصل جانانم مده یاد
میاور همچو نی بازم به فریاد
حذر کن زآب چشم و آتش دل
مده تو خاک فایز جمله بر باد

بەیان ئەنگووت و گوڵزاریش کپ و مات
نە بۆنی گوڵ، نە دەنگی بولبولێ هات
مژۆڵم کردە پردێکی لە بۆ یار
لە بۆ تێپەر نەبوو ئەو یارە هیچ کات

سحر شد، نالهٔ بلبل نیامد
فغان از عندلیب و گل نیامد
ز مژگان پل بسازد فایز زار
چرا دلبر به راه پل نیامد؟

شەفەق سونبول وەدرکەوت، لالە ڕابوو
لە زۆزان چیغی نێرگیس هەڵدرا بوو
ئەدی چۆن نامرێ شاهۆ لە داخان
بە نێرگیس تاجی سوڵتانی درابوو

سحر سنبل دمید و لاله سر زد
که نرگس خیمه بر کوه و کمر زد
چرا فایز از این غصّه نمیرد
که نرگس تاج سلطانی به سر زد؟

لە غەڵفی هەنگە هەنگوین دێتە خوارێ
لە کێوی توور کەلاموڵڵا دەبارێ
ئەگەر نەتبیستووە گوێ بگرە شاهۆ

موحەمەد! قەبرەکەت نوورە بەجارێ

عسل از معدن زنبور خیزد
کلام‌الله ز کوه طور خیزد
اگر نشنیده‌ای، بشنو تو فایز!
به قبرت یا محمّد! نور خیزد

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بەرەو یاران بەرن تاوێ سڵاوم
کەمێکی ماوە هێز و تین وتاوم
لەپێ کەووتووم و حەوجێی لوتفی ئێوەم
منم شاهۆ بە عیشقی ئێوە ماوم

پریرویان سلام از من رسانید
که ای سیمین تنان! تا می‌توانید
ز پا افتاده‌ای را دست گیرید
چو فایز بی‌دلی از در مرانید

سەحەر ناڵەی دەکرد قەلبی منی زار
بەچەشنێکی کە ناڵەی بوو بە هاوار
وەکوو مۆمێ دەسووتێ قەلبی شاهۆ
دەکەوتە بیری لاوی، مات و غەمبار

سحر دل خود به خود فریاد می‌کرد
از این فریاد خاطر شاد می‌کرد
سراپا شمع‌سان می‌سوخت فایز
مگر عهد جوانی یاد می‌کرد

وەها گریا بەیانی ئەو دڵەم زار
کە خوێن دەڕژا لە دیدە چەشنی ڕووبار
سکاڵای تێپەڕینی کاتی لاوی

هەموو ی درکاند بە شاهۆی دڵگرفتار

سحر دل ناله‌های زار می‌کرد
چنان که دیده را خونبار می‌کرد
شکایت‌های ایّام جوانی
به فایز یک به یک اظهار می‌کرد

لە دەستی تۆ فەلەک دڵ گۆمی خوێنە
غەمی من بێ سنوور و زێد و شوێنە
نە هەر ئێستایە زوڵمی یاری شاهۆ
تەواوی ژین لە دەستی دڵتەزێنە

فلک! از جور تو دل پر ز خون بود
غم و اندوه من از حد فزون بود
نه اکنون‌است ظلمش یار فایز
ز هنگام تولّد تا کنون بود

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دڵم چەشنی پەپوویە و ڕووی لە شارە
خەیاڵم وەک سولەیمان ڕووی لە یارە
کە بڵقیس هاتە بەرچاوانی شاهۆ
وەکوو ئاسف لەبەرچاوان دیارە

دل من همچون هدهد در سبا شد
خیالم چون سلیمان در قفا شد
دل فایز ز استحضار بلقیس
مثال آصف بن برخیا شد

فەلەک شێوا بە کەزیەی زولفی خاوت
هەزاران پیر و لاو کەوتوونە داوت
هەر ئێستا هەوەڵی دوونیایە شاهۆ

قیامەت ڕابوو فیتنەی کەوتە ڕاوت

سر و زلف تو آشوب جهان شد
اسیر زلف تو پیر و جوان شد
هنوزم اوّل دنیاست، فایز!
که برپا فتنهٔ آخر زمان شد

هەموو چیرۆکی من لەو ڕۆژە تاڵە
کە کارم کەوتە دەستی ئەو جەماڵە
لە کۆمەڵ تانە و خێریش لە شاهۆ
تەواوی ڕەنجی بێهودە و بەتاڵە

مرا زآن روز قصّه مشکل افتاد
که کار من رجوعش با دل افتاد
ملامت‌های خلق و خیر فایز
همه بی‌صرفه و بی‌حاصل افتاد

قەدی سەرویش وەکوو باڵات بەرز نێ
گوڵاڵەش چەشنی تۆ جوان و تەرز نێ
لە جەننەت یا لە باغی قەڵبی شاهۆ
لە وێنێکی گوڵی سووری ئەرز نێ

سهی سرو این قد و بالا ندارد
گل احمر چنین سیما ندارد
نه در جنّت، نه باغ خلد فایز!
خدا حوری چنین زیبا ندارد

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

محمد علی دشتی متخلص به فایز

محمد علی دشتی متخلص به فایز در سال ۱۲۵۰ هـ ق برابر ۱۲۰۹ هـ ش در روستای کُردَوان از توابع شهرستان دشتی دیده به جهان گشود. تحصیلات مقدماتی را ابتدا در روستای کُردَوان و سپس در روستای بردخون زیر نظر مدرسین مکتب‌خانه‌ها فرا گرفت. بعد از اتمام تحصیلات مقدماتی، دوباره به کردوان بازگشت و نزد یکی از مشایخ آن ولایت که در زبان و ادبیات فارسی و عربی تسلط داشته به نام شیخ احمد فرزند شیخ عاشور مشغول به کسب علم و ادامه تحصیل گشت. ایشان در دربار محمد خان دشتی که خود نیز طبع شاعری داشت و مشغول به ترویج علم بود و کتابت می کرد، مشغول به شعر گفتن و ترویج علم شد. پس از کشته شدن محمد خان فایز را به گزدراز، روستایی نزدیک به خورموج، تبعید کردند. به هر ترتیب فایز شاعر شروه سرای دشتی پس از پشت سر گذاشتن هشتاد سال زندگانی در سال ۱۲۸۹ هـ ش برابر با ۱۳۳۰ هـ ق در گزدراز وفات یافت و جسدش را پس از چند ماه امانت بنا به وصیت‌اش به نجف منتقل نموده و در آنجا دفن کردند.

□ ترانه‌های فایز، عبدالمجید زنگویی.

خۆ ناساندن

من سەیید سماییل شاهۆیی کوڕی سەیید متەللیب، ساڵی (١٣٣٦ی کـهـ) لە سەردەمی ستەمی پاشایەتی، لە شاری مەهاباد چاوم بە دونیا پشکووت. خوێندنی سەرەتاییم لە مەهاباد و لە قوتابخانەی سەعادەت، دەست پێکرد و خوێندنی دوا ناوەندیشم لە دەبیرستانی پەهلەوی و هەر لەم شارە تێپەڕ کرد و پاشان لە دانیشسەرای موقەددەماتی شاری "خۆ" درێژەم بە خوێندن دا و ئەمجار چوومە سەربازی وەکو سپای دانیش لە گوندی "مێرگەساری" هەورامان سەر بە شاری کامیاران، خەریکی خزمەت بووم و دوای سەربازی وەکوو مامۆستای قوتابخانە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە گوندی "شێخانی" لە ناوچەی سۆمابرادۆست بۆ منالانی بێبەشی نەتەوەکەم دەرسم گوتەوە و پاشان توانیم درێژە بە خوێندن بدەم و فەوقی دیپلۆمەکەم وەرگرت. ساڵی ١٣٦٠ زەماوەندم کرد و ئێستا خاوەنی دوو کوڕ و کچێکم. خانەنشین بووم و خەریکی کاری دامەزراوەی(تأسیسات) لوولەکێشیم.

ساڵی ١٣٦٩ بە شێوەی ڕەسمی دەستم بە کاری نووسین کرد. جگە لە دیوانی "شاهۆی سەر بەتەم" توانیومە وەرگێڕانی دووبەیتییەکانی فایزی دەشتستانی کۆتایی پێ بێنم و ئێستا شانامەی فیردەوسیم لە بەر دەست دایە و بەشێکم لێ وەرگێڕاوەتەوە و ئەگەر تەمەن مەودا بدا ئەویش تەواو دەکەم.
بەم ئاواتەم ئەوەندە بمێنم کە تیشکی ڕووناکی هەتاوی ئاواتی گەلەکەم بە چاوان ببینم و تەم لە سەر شاهۆ نەمێنێ و بە ئۆخەی و لە وڵاتێکی سەربەستدا سەر بنێمەوە.

□ مەهاباد ـ سەید سماییل شاهۆیی.

شەوە و دێنێتە یادم وەسڵ و ناوی
دەدا تۆزم بە دەم با زولفی خاوی
بە کڵپەی قین دەسووتا قەلبی شاهۆ
ئەگەر یاری نەکرد با ئاوی چاوی

شب آمد تا شب وصل آردم یاد
دهد خاک وجودم جمله بر باد
یقین می‌سوخت فایز زآتش خشم
نمی‌کردش گر آب دیده امداد

وەها بگریم کە دڵ هۆشی نەمێنێ
ئەوەی تیرە بەرەو ڕووی تۆی وەشێنێ
مەگەر شاهۆ دڵی تۆ گەوهەرێکە
کە هەر جوانێ دەخوازێ بترڤێنێ

دلا! گر زار گریم بر تو، شاید
که هر جا تیری آید بر تو آید
دل فایز! مگر داری تو گوهر
که هر گلرخ تو را خواهد رباید؟

بە لێشاو دێ لە دڵ شەو ئاهی سەردم
بە یادی کەزیەکەی نۆ بووکی هەردم

لە ڕێگەت ئینتزارە چاوی شاهۆ
کە یارم بێ بەرەو ڕوخساری زەردم

مرا شب سیل آه از دل بر آید
که یادم از دو زلف دلبر آید
نشیند چشم در ره فایز هر شب
که شاید یارم از سویی در آید

لە ئاو و ئاگر و هەم خاک و هەم با
خودا ڕوخساری جوانانی سەفا دا
کە چاوی کردەوە و پێی ڕوانی شاهۆ
خودا فەرمووی بە چاوانت نەزەر نا

ز آب و آتش و از خاک و از باد
خدا رخسار خوبان را صفا داد
چو چشم ما نظر بگشاد، فایز!
"غضوا ابصارکم" را کرد ارشاد

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لە عەتری کەزیەکەی یار دڵ دەتارێ
بریندارە و لە بۆنی گوڵ دەتارێ
دڵم ئیمڕۆ لە بێشێک نیشتەجێیە
کە شێری درۆ لە ئاسکی سڵ دەتارێ

دلم را عنبرین مو می‌گریزد
جراحت دارد از بو می‌گریزد
مرا در بیشه‌ای می‌پرورد عشق
که آنجا شیر ز آهو می‌گریزد

لە گەرمێن و لە لاریش کەس نەهاتەو
لە لایان گوڵعوزاریش کەس نەهاتەو

کەسێ نایە بپرسێ چۆنە شاهۆ
بۆ سەیری قەلبی زاریش کەس نەهاتەو

یکی از گرمسیر و لار نومد
یکی از جانب دلدار نومد
یکی نومد که احوالم بپرسد
ببیند بر سر فایز چه اومد

پەری مەگری دڵم وەستا لە تاوت
ڕەبی هەرم نەبینم ئەشکی چاوت
بەهیوا بووم لە پاشی مەرگی شاهۆ
هەور داپۆشێ چاو و زولفی خاوت

بتا! بیهوده منما گریه بسیار
هەیرم تا نبینم گریەات یار
امیدم بود جانا! بعد فایز
بگریی تا قیامت بر منِ زار

کەڵە شێر! بەس بکە بەو دەنگە هاوار
مەبادا ڕاپەڕێ ئەو شەو لە خەو یار
دەدەم سوێندت بە کەعبە و عەڕشی والّا
که هەر ئیمشەو نەدەی یاری من ئازار

خروس! از هرزەخوانی دست بردار
که گردد نازنین از خواب بیدار
به حقّ کعبه و عرش الهی
یک امشب حرمت فایز نگەدار

چەما پشتم بەڵام نەمدی ڕوخی یار
گوڵی لاوی لە بەرچاوم وەکوو خار
نەکەن هاواری شاهۆ! چاوخوماران
بە بێرەونەق که لاکەوتۆ لە بازار

شدم پیر و ندیدم روی دلدار
جوانی رفت، گل شد در نظر خار
به بزم گلرخان فایز مخوانید
تهیدستم ندارم میل بازار

وەکوو زنجیرە کەزیەی لوولی دڵدار
بە هەر تاڵێکی قەلبێکی گرفتار
دڵی شاهۆ بە داوی تاڵی زولفی
وەکوو تەیرێ لە نێو ئاڵقەی ڕەشی مار

مسلسل حلقه حلقه زلف دلدار
به هر تاری دلی گشته گرفتار
دل فایز اسیر دام زلفش
چو گنجشکان که گرد آیند بر مار

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بە جێی هێشتم بە زیزی لالەڕووخسار
لە نێرگیز ژالە دەتکاوە بەرەو خۆار
وتی: شاهۆ بەڵێنی تۆ وەها بوو
کە پەیمانت شکاند و چووی بە یەکجار

به هنگام وداع آن لالەرخسار
ز نرگس ریخت بر گل ژاله بسیار
به گریه گفت: "فایز! عهدت این بود؟
شکستی عهد و پیمانت به یکبار"

دەخوازی چون بکووژی ئەو دڵەی زار
بە تاڵی موت دەهۆنی عەقرەب و مار
مەگەر جادووگەری ئەی یاری شاهۆ
کە ناترسی لە مار و عەقرەب و ژار

به قصد کشتن این بیدل زار
کنی گیسو گهی عقرب گهی مار
مگر افسونگری ای یارِ فایز!
که از افعی و عقرب نیستت آزار؟

ئەتۆ ئەی خالەقی جەببار و قەهھار
کەریم و سابیر و سەتتار و غەففار
بکە ڕەحمێ بەحاڵی قەلبی شاهۆ
دەنا دۆزەخ بەشی من بێ هەزار جار

خداوندا! تو قهّاری و جبّار
تو ستّاری و صبّاری و غفّار
ز تو هرچه سزد با فایز آن کن
وگرنه من جحیمم را سزاوار

دوو کەزیەی لولی سەر شانی وەکوو مار
بە ئاماژە دەڵێ هەر دەم بە دڵدار
دەخۆازی گەر کە شاهۆ بێتە داوت
وەرە ڕووبەندەکەت لادە بە یەکجار

دو گیسویت فتاده چون سیه مار
اشاره می‌کنی هر دم به دلدار
اگر خواهی که فایز بنده گردد
نقاب از چهرهٔ مهتاب بردار

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

نەهات یار و منیش مردم لە سەرپەڕ
لە دووری گوڵ نەما جەستە و ڕوح و سەر
نەهات ئەو دڵبەرە خۆشڕەوتە شاهۆ
لە شوێنێ وێمکەوت دوو نووکی خەنجەر

نیامد دلبر و من مردم آخر
ز هجر یار جان بسپردم آخر
نیامد دلبر خوشخوی فایز
به یک پهلو دو خنجر خوردم آخر

سەحەر ئەو کاتە خۆشە تۆ بەرەو یار
بە بێوەی پێ بزانێ چینی ئەغیار
سەری شاهۆ لە سەر باسکی ئەوینی
دەکا تەسلیمی یاری قەلبی زامار

سحرگه خوش بوَد رفتن سوی یار
نهانی از رقیبان و ز اغیار
نهد بر آستینش چهره فایز
کند تسلیمِ جانان جان افگار

کەمەندی کەزیەکەی ڕوخساری دڵدار
وەکوو گەنجێکە پۆپەی داوە ڕەشمار
لە زولف و پەرچەمی شاهۆ! حەزەر کە
کە هەر تاڵێکی مووی ماریکە خوێنخوار

کمند زلف گرد چهرهٔ یار
تو گویی خفته بر گنجی سیه‌مار
حذر کن فایز! از این زلف و گردن
که هر تاری از آن ماری است خونخوار

بە ئاهێکی لە دووریت ڕابێ ئەی یار
دەسووتێن مولکی چین و ئەهلی تاتار
بووتم! شاهۆ لە وەسڵت نائومێدە
لە دڵ دەرکێشی هەر دەم ئاهی گوڵنار

اگر آهی کشم از فرقت یار

بسوزد ملک هند و اهل تاتار
بتا! فایز ز وصلت گشته محروم
کشد از دل همی آه شرربار

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

ئەتۆ پێت وایە گەر کەوتی لە من دوور
لە بیرم دەچنەوە دووچاوی مەخموور
زەمانێکی لە بیر شاهۆ دەچی تۆ
کە ئیسرافیل بتووڕێنێ لە ناو سوور

تو پنداری که تا گشتی ز من دور
ندارم در نظر چشم تو منظور
رود از سر خیالش فایز! آن دم
که آواز سرافیل آید از صور

نەخۆشێ گەر لە دووری یارە بێمار
عیلاجی چێ؟ مەزەی لێوی دەمی یار
ئەوەش دەرمانی دەردی تۆیە شاهۆ
حەکیمی من نەڕەنجێنی بە ئازار

مریضی کز جدایی گشته بیمار
علاجش چیست؟ عنّاب لب یار
همین باشد علاج درد فایز
مکش زحمت، طبیبم را میازار

لە ڕووگە دەرکەوت مانگی شەوی تار
شەفەق ڕوون بوو لە شەوقی دیمەنی یار
بەرامەی خۆشی ڕووی دڵداری شاهۆ
دەسووتێنێ جیهانێکی بە یەکجار

مهی از قبله آمد در شب تار

شفق روشن شده از حُسن دلدار
ز استشمام روی یار فایز
جهان یکسر بسوزد همچو بلغار

بوتم ئاگر لە تاوستان مەهێنە
ئەتۆ جامێ لەبۆ مەستان مەهێنە
نەدەی دەستت لە قەلبی شاهۆ ئەی گوڵ
لە مەڕ فیلێکی هیندوستان مەهێنە

بتا! اخگر به تابستان میاور
تو جام می برِ مستان میاور
مزن دست دل مجروح فایز
به یاد فیل، هندوستان میاور

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

به شەو تاکوو بەیانی دیدە غەمبار
خەوی نایە لە هیجرانی ڕووخی یار
شەو و ڕۆژێ لە دووری یارە شاهۆ
وەکوو بێهۆش نە خەوتوویە و نە بێدار

مرا شب تا سحر این چشم خونبار
نمی‌خسبد ز هجران رخ یار
شب و روز از فراق یار فایز
چو مدهوشان نه در خوابم نه بیدار

چ خۆشە سەردەمی لاوی دەگەڵ یار
لەگەڵ یاران بکەم سەیرانی گوڵزار
شەفەق شاهۆ بە دەستی زوڵفی یاری
وەکوو تەسبێح بە تاڵ و دانی ئەژمار

خوشا برنایی و نیسان و آذار

که بُد با گلعذارانم سر و کار
سحر در دست فایز زلف جانان
چو سبحه می‌نمودم تار با تار

سەفەر بۆ من هەڵبژێرە سەخت و دژوار
که دوور کەوتم لە ڕوخسار و گوڵی یار
لە کوێیە ئەو دڵەی خوێنینی شاهۆ
تۆ وەبزانە کە ڕۆیشتم بە ناچار

سفر بر من دگر سخت است و دشوار
که می‌بایست کردن پشت از یار
نمی‌آید دل خون گشته، فایز!
گرفتم آنکه خود رفتم به ناچار

بەیان ڕابووم لە خۆشی دیمە نی یار
گەیشتمە سەرسەرینی یاری نازدار
نەبوو زاتم کە ماچی کەم دووڵێوی
بەڵام ڕوانیم لە کەزیەی گوڵ بە ناچار

سحرگه ز آرزوی شوق دیدار
کشاندم خویش بر بالین دلدار
ادب نگذاشت فایز بوسدش لب
همی سودم به زلفش چشم خونبار

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

هەزار خۆزگە لە ناکاو یاری دلبەر
بەچەشنی مانگی خاوەر لێم بدا سەر
وەکوو مەستانە شاهۆ هەر لە تاوان
دەکا ماچی دەم و لێوانی نۆبەر

سحرگه بی‌خبر ای کاش دلبر

ز در چون ماه خاور می‌زدی سر
چو بی‌هوشان، خروشان فایز از شوق
گهی بوسد لبش، گه چشم عبهر

ئەگەر دوورم لە ڕوخساری تۆ ئەی یار
فەرامۆشم نەکەی ئەی یاری عەییار
بە پەیمانێ لە تەکما بەستی شاهۆ
وەفادارم ئەگەر تۆش بی وەفادار

اگر دورم من از تو ای پری‌وار
فراموشم مکن زنهار زنهار
همان عهدی که با تو بست فایز
وفادارم اگر هستی وفادار

لەژێر زولف و پەچەی دیارە ڕوخی یار
بەچەشنی مانگی پڕشەوقی شەوی تار
وەها نواندی بە چاوانی کە شاهۆ
مەلێکی گوڵ بەدەم نیشتۆ لەسەر زار

به زیر زلف مشکین عارض یار
نمایان چون قمر اندر شب تار
چنان جلوه کند بر چشم فایز
که زاغی برگ گل دارد به منقار

بە خەو دیتم بەیانێکی دڵی زار
سەرم دانا وەسەر داوێنی دڵدار
دڵی شاهۆ نەبوو ڕازی لە خەو بێ
هەتا مەحشەر دەمێنم زیت و بێدار

سحر در خواب دیدم با دل زار
که سر بنهاده‌ام در دامن یار
نبودم راضی از این خواب، فایز!

که تا محشر شوم واللهِ بیدار

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

به خێڵی بێوەفایانت نەبێ کار
ئەتۆ بگرە ئەوەی پاکە بە دڵدار
وەکوو شاهۆ لە دەس جەوری زەمانە
لە داوی گوڵپەری دابی گرفتار

دلا! از بی‌وفایان دست بردار
برو با نیکخویان کن سر و کار
که فایز از جفاهای زمانه
شده در دست مهرویان گرفتار

سەرم سوڕما لە زولف و قامەتی یار
کە میشک و لەعل و گەوهەر چۆن دەدا بار
دوو کەزیەی پڕ لە چینی میشکی نابە
دەمی لەعلەو ددانی دوڕی شەهوار

عجب دارم ز سرو قامت یار
که مشک و لعل و گوهر آورد بار
دو گیسوهاش فایز! مشک ناب است
لبانش لعل و دندان دُرِّ شهوار

بەسەرچوو عومری گوڵ ئەی بولبولی زار
بەچەشنی من بنالێنە بە هاوار
گوڵی تۆ دێتەوە هەر ساڵە جارێ
گوڵی شاهۆ ئیتر ڕۆیی بە یەکجار

گذشت ایّام گل ای بلبل زار!
بکن چون من ز هجران ناله بسیار
گل تو سر زند هر ساله از نو

گل فایز نمی‌روید دگر بار

بەیانی کاتێ دەرچوو مانگی خاوەر
کە ڕووناکی کرد سروشتی خوا سەراسەر
هەزار خۆزگەم بە ساتێ مانگی شاهۆ
لە خۆرئاوا سەری هەڵداوە ئەختەر

سحرگه چون ز مشرق ماه خاور
برون آید جهان گردد منوّر
خوس آن ساعت مه فایز ز مغرب
برون آید چو حوران بسته زیور

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دەمێکی دێتە یادم هاوەمی یار
ددان و لێو و چاو و زوڵفی ڕەشمار
دڵ و دین و قەرار و سەبری شاهۆ
لەنێو بەندی تەلیسم گیرن بە ناچار

گهی که یادم آمد صحبت یار
لب و دندان و زلف و چشم رخسار
دل و دین و قرار و صبر فایز
فکندند در طلسم چار در چار

تەمەن وا تێپەڕی و نەمدی ڕوخی یار
بە پیری چوومەوە سەیرانی گوڵزار
کە دیتم یاری شاهۆ وا لە باغا
گوڵ و خونچەی هەموو بینی وەکوو خار

شدم پیر و ندیدم روی دلدار
به پیری پا نهادم سوی گلزار
بدیدم یار فایز در گلستان

گل و سرو و صنوبر جمله شد خار

به جووت لیمۆی دیارن یاری دڵبەر
به زێڕ گیراوە دەورەی چەشنی گەوهەر
کەسێ دیتوویە یا بیستوویە شاهۆ
نەمامی عەرعەریش لیمۆ بدا بەر

به زیر پیرهن پستان دلبر
درخشان چون گوهر در حقهٔ زر
کسی نادیده و نشنیده فایز
که سرو ناز لیمو آورد بر

ئەگەر جەستەم هەموو شڕ کەن بە خەنجەر
لە تۆ چۆن دڵ دەگۆڕم سەروی دلبەر
مەعازەڵڵا کە شاهۆ هەڵگری دەست
گوڵم ئیمڕۆ و سبەینی و ڕۆژی مەحشەر

اگر صد پارەام سازی به خنجر
نمی‌گردم من از دلبر مکدّر
معاذالله کشد دست از تو فایز
بتا! امروز و فردا، روز محشر

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

شەفەق پرسیم لە بسک و زولفی دولبەر
کە تۆ خۆشبۆتری یا میشک و عەنبەر
کوتی: شاهۆ دەمەشکێنە دڵی من
لەکوێ میشکە لەگەڵ ئەو یارە هەمبەر

سحر پرسیدم از گیسوی دلبر
که: تو خوشبوتری یا مشک عنبر؟
بگفتا: فایزا! می‌رنجم از تو

مرا با مشک می‌سازی برابر؟

نە پێکاوی مژۆڵی چاوڕەشێکی
نە زاماری کەوانی چاوگەشێکی
کە دەردت نێ بە چەشنی دەردی شاهۆ
چ بێتەئسیرە نالەی بێبەشێکی

نە از مژگان‌سیاهی خورده‌ای تیر
نە از ابروی یاری زخم شمشیر
تو کە دردی نداری همچو فایز
ندارد نالەی بی‌درد تأثیر

گریمان بەختەکەم هاتۆتە یاری
دەخوێنێ وەک مەلی سەر پنجی داری
شکاوە قامەتی شاهۆ بە پیری
پەلێکی تێکشکابێ کوانێ باری

گرفتم آنکه اقبالم شود یار
شود این بخت من از خواب بیدار
شکسته قامت فایز ز پیری
دگر شاخ شکسته کی دهد بار؟

بەیانیم گەر خودا بیکا بە مەحشەر
بڵێن جەننەت لەبارە یا نە دڵبەر
دەڵێ شاهۆ بە دەنگی پڕ لە سۆزی
لەکوێ یارم دەگەڵ فیردەوسە هەمبەر

خدایم گر کند فردای محشر
مخیّر از بهشت و وصل دلبر
برآرد بانگ مشتاقانه فایز
که: "ما را وصل یار از هر چه بهتر"

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

هەوا گەرمە و لەسەر ڕوو ئارەقەی یار
وەکوو ڕووباری کەوسەر دێ بەرەو خوار
بەسەر شاهۆ ئەگەر بتکێ دڵۆپێ
جێڵێکە وەکوو چۆن بوو هەوەڵجار

ز تأثیر هوا خوی بر رخ یار
شده جاری چو در فردوس انهار
اگر از آن عرق یک قطره فایز!
چکد بر تو جوان گردی دگر بار

که تۆ دووری له من ئەی لاله‌ڕوخسار
دەمێکی بووت‌پەرەستم چەشنی کوففار
لەلایێ چاوی یار و لایێ کەزیەی
به داوی هێند و تورکا بووم گرفتار

فراق روی تو ای لاله‌رخسار!
برد گاهی به چینم گه به فرخار
به یک جا چشم و فایز! یک طرف زلف
میان ترک و هندویم گرفتار

به غەمباری دەگەل شەوبای بەیانی
وەکوو یاقووب به هاوڕازم دەزانی
له میسری لەش زولەیخا بێبەڵێنە
که یوسفی کرد به کۆیلەی خانومانی

سحرگاهان ز غم با باد شبگیر
کنم یعقوب‌سان این قصّه تقریر
به مصر تن زلیخای خیانت
گرفته یوسف دل کرده زنجیر

بەژن توبا، لەبت کەوسەر، ڕوخت حوور
بەغەیری تۆ لە جەننەت نیمە مەنزوور
بدە ئیزنێ بە شاهۆ بێتە لای تۆ
وەکوو ئادەم لە جەننەت من نەکەی دوور

لبت کوثر، قدت توبی، رُخت حور
به غیر از تو بهشتم نیست منظور
بهل فایز دمی پیشت نشیند
مکن چون آدمم از جنّتت دور

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

پەچەت پیرۆزە چەشنی لەیلەتولقەدر
ملت پڕ شەوقە چەشنی مەتلەعیلفەجر
مەلائیک پێت دەڵێن پیرۆزە شاهۆ
کە یاری تۆ بەنرخە چەشنی کەوسەر

دو گیسوی تو جانا! لَیلَةُالقَدر
بیاض گردن تو مَطلَع الفَجر
ملایک تهنیت گویند، فایز!
شب وصلت ز اَلف شهر بهتر

زەمانێکی وەبیرم دێ وتەی یار
دەم و لێو و ددان و زولف و ڕوخسار
زەوی خوسا بەئاوی چاوی شاهۆ
لە ئاهی من بسووتێ عالەمێک، زار

گهی که یادم آمد صحبت یار
لب و دندان و چشم و زلف و رخسار
زمین تر شد ز آب چشم فایز
بسوزد عالم از آه شرربار

له گەرنت شۆڕە زولفت چەشنی زنجیر
خەتاکارت منم زنجیر چ تەقسیر
لەگەرنت کەزیە و زنجیری لادە
نەکەی شاهۆ بەژانی ژینی یەخسیر

به گردن هشتهای زلف چو زنجیر
گنه من دارم این گردن چه تقصیر؟
به گردن زلف چون زنجیر بردار
مکن فایز ز جان و زندگی سیر

بوتی نامیهرەبان! یاری ستەمگەر!
ئەتۆ ئەی زاڵمی دڵبەردی بەدفەڕ!
له قەتڵی عاشقی زارت حەزەرکە
بکه بیری حیسابی ڕۆژی مەحشەر

بت نامهربان! یار ستمگر!
جفا جو! سنگدل! بیرحم! کافر!
بیا از کشتن فایز بپرهیز
بیندیش از حساب روز محشر

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

وەکوو زنجیرە پرچ و زولفی دلبەر
لەسەر کەزیەی بڵاوە بۆنی عەنبەر
دڵی شاهۆ بەتاڵی زولفی وێک هات
وەکوو ڕۆستەم له حەو لاوە دەکا شەڕ

مسلسل حلقه حلقه روی دلبر
دو گیسویش فتاده همچو عنبر
دل فایز فشرده تار زلفش
چو رستم در نبرد هفت لشکر

کوتم ئەی دڵ نەچێ کۆڵانی دڵبەر
وەکوو خۆت بەو لە سەودایە بچۆ دەر
مەگەر شاهۆ بەوێنەی ڕۆستەمی زاڵ
بەهێز و تین لە حەوتخانان دەکا شەڕ

به دل گفتم: مرو در کوی دلبــر
ره خود گیر از این سودا تو بگذر
دل فایز! مگر تو پور زالی
که داری تاب جنگ هفت لشکر؟

بەژن توبا، بەلێو کەوسەر، ڕوخت حوور
گەلێ جوانی و لەچاوی پیس ببی دوور
بوتی شاهۆ لەچاکە بێنیازە
تەواوی قامەتی نووری عەلا نوور

قدت طوبی، لبت کوثر، رُخت حور
از این حسن خدایی چشم بد دور
بتِ فایز ز خوبی بی‌نیاز است
بوَد سر تا قدم نور علی نور

چەنێ بۆن خۆشە زولف و بسکی دولبەر
گەلێ پاکە بەچەشنی ئاوی کەوسەر
لەبۆنی خۆشی زولفی یاری شاهۆ
لەگڵکۆ دێنەدەر مردوو سەراسەر

معنبر گیسوی مشکین دلبر
سحرگاهان ز شبنم چون شود تر
به استشمام زلف یار فایز
برآرد مردگان از خاکدان سر

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دەخوازی گەر جیهان بگری سەراسەر
دەبێ دەنگ دەی سوپای ئەگریجە بۆ سەر
بە فەرمانی مژۆڵت بێنە مەیدان
هەتا شڕ کەن لەشی شاهۆ بە خەنجەر

اگر خواهی جهان سازی مسخّر
بده جنبش ز گیسو چار لشکر
سپهسالار لشکر ساز مژگان
چو فایز عالمی از پا درآور

سەری هەڵدا بەیانی مانگی خاور
ئەسەف بۆ جارێکی لە منی نەدا سەر
دەمێکە ئینتزاری تۆیە شاهۆ
دەمێنم چاوەڕێ تا ڕۆژی مەحشەر

سحر چون ماه سر بر زد ز خاور
دریغا یار هم سر می‌زد از در
برای انتظار دوست، فایز!
نشینم منتظر تا روز محشر

لەحوسنی دیمەنت نەدراوی ئازار
ئەمن پیر و حەزین و مات و غەمبار
بۆتی شاهۆ لە ناکاو هاتە بەرچاو
گزینگی نووری توور دەپژێ سەروخوار

ز حسن رویت ای نادیده مهجور!
شدم پیر و حزین و زار و رنجور
بت فایز تجلّی کرد یک بار
همان نوری که بُد در وادیِ طور

دووچاوت مەست و بێباک و ستەمگەر
لە هیندوستان بەڕێوە چوار لەشکەر

تەمایانە کە شاهۆ تا بەیانی
بە شەو هێرش بەنە سەر شاری کەشمەر

دو نرگس مست و بی‌باک و ستمگر
ز هند و جمع کرده چار لشکر
بدان عزم‌اند فایز! تا سحرگاه
شبیخون آورند بر شهر کشمر

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

شەوەزەنگی بەسام و ڕێگەشم دوور
ڕەقیب دیارن لەلای خوار و لەلای ژوور
نە شاهۆ ڕێی هەیە بڕوا نە قاسید
دەبی چ بکا کە ئەو مەجبووڕە مەجبوور

شب دیجور و من مهجور ره دور
رقیبان در کمین و یار مستور
نه فایز می‌توان رفتن نه قاصد
چه باید کرد؟ المهجور معذور

لە هەر کوێ تێپەڕی تیشکی ڕوخی یار
لە دەرگا دین دەڕوا، ئیمان لە دیوار
دەخیلتم ڕووت بپۆشە یاری شاهۆ
بەشەوقی ڕوو نەکەی عالەم گرفتار

به هر جا بگذرد آن ماه‌رخسار
گریزد دین ز در، ایمان ز دیوار
دخیل ای یار فایز! رخ بپوشان
ز مردم روی خود پوشیده می‌دار

دەمی لاوی هەتاکوو سەردەمی پیر
لەپەیمانم نەکرد یەکزەڕە تەقسیر

لە بۆ شاهۆ وەفای کرد و جەفای دی؟!
لە بەختیڕەش دەکەم پرسیار و تەگبیر

من از عهد جوانی تا شدم پیر
نکردم در وفای دوست تقصیر
چرا فایز وفا کرد و جفا دید؟
کنم با کوکب بختم چه تدبیر؟

دڵی من کەوتە داوی زوڵفی خاوت
وەکو شێرێ گرفتارە بەداوت
بکە ڕەحمێ بە حاڵی قەلبی شاهۆ
مەگەر سووڕاوە ڕووگەی ئەو لە چاوت

دل من در خم زلفت گره گیر
چنان شیری که افتاده به زنجیر
ترحّم کن دمی با فایز زار
مگر در مذهبت کردم چه تقصیر؟

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دڵ و شەوق و خەیاڵ و مەیلە هەر چوار
بەرەو ژوانم دەبەن تا مەنزڵی یار
وەرە شاهۆ ئەوانە دووژمنی تۆن
لە داوی ناحەزانت خۆ کە رزگار

دل و شوق و خیال و میل هر چار
کشانندم همی تا منزل یار
تو را این چار، فایز! دشمنانند
از این خصمان به مردی خود نگەدار

سەرم سوڕما لە ئاوریشمی پەچەی یار
کە نارەنجێنێ لیمۆکانی دلدار

بڵێ شاهۆ چ کەس دیتی شڕۆڵێک
بە پۆشاکی عەزیزی بێ ئەوێندار

عجب دارم از این ابریشمین تار
که نآزرده چرا پستان دلدار
بگو فایز چَپانی را که دیده
که یابد پرورش از جامه‌ی یار

خەمی دونیا بخۆم یا حەسرەتی یار
وەیا بگریم وەکوو قەلبی ئەوێندار
نەکا شاهۆ بەدڵ ڕوو بکاتە کێوی
وەکوو مەجنوون بکا خانوو لە کۆسار

غـم دنیا خورم یا حسرت یـار
و یـا گـریـه کـنم مــن بـا دل زار
همی ترسم شود دیـوانه فـایز
چو مجنون رو نهم بر دشت و کُهسار

دەپێکێ تینی دڵ تاڵ و کەزێی تەڕ
بە ئازارە و لە چوار لاوە دەکا شەڕ
دڵی شاهۆ بە قوربان بسکی لوولی
لە پێناوی دەنێ گیان و دڵ و سەر

تو را دل می‌دمد کاین سنبل تر
معذّب داریش دایم در آذر
دل فایز فدای پیچ زلفت
که از حُکمت نمی‌پیچد گهی سر

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بەچەشنی مانگە ڕوخسار و هەنێی یار
شەوی تاریکە کەزیەی جوانی دڵدار

که شاهۆ گەرچی جێگەی بەرز و بانە
بە قوربان بسکی لوولی چەشنی ڕەشمار

که والشّمس الضّحی روی تو ای یار!
شب دیجور، گیسوی تو ای یار
که فایز با همه بالانشینی
فدای حلقهٔ موی تو ای یار!

ئەمن نەم وت نەکەی عەنبەر پژێنی
سوپای زەنگی بەرەو ماچین نەهێنی
دەترسێم لەشکری بێدینی؛ شاهۆ!
تەواوی مووکی دین سەرجەم بسێنی

نگفتم جا مده بر چهره عنبر؟
سپاه زنگ بر ماچین میاور؟
همی ترسم که جیش کفر، فایز!
نماید ملک دین یکسر مسخّر

شەوێکی هەورە بارانەش بەرەو خوار
سەگان خامۆش و نوستون چینی ئەغیار
شەوێکە گورگی دڕ مێگەل دەدا دڕ
ئەتۆش شاهۆ بڕۆ تا مەنزڵی یار

شب ابر است و باران گهربار
سگان خاموش و در خوابند اغیار
همین امشب برد گرگ از گله میش
تو هم فایز! رسان خود را به دلدار

خودا تەوبە کە تاڵی زولفی دڵدار
بە مووکی چین بدەم یا خاکی تاتار
ئەگەر مووکی خوتەن بێتە خەڵاتت
نەکەی شاهۆ خەساری تۆیە یەکجار

معاذالله دهم زآن زلف، یک تار
به ملک تبّت و ماچین و تاتار
اگر شهر ختن هم بر تو بخشند
مده فایز! زیانکاری، زیانکار

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

دڵم گیرۆدەیە و دوورم لە دڵبەر
بڵێی ببڕێتەوە ڕێگا لەمەوبەر
خودا ڕەنجی سەفەر سوک کەی بە شاهۆ
ببینم دولبەرم لامە و بەرامبەر

خودم اینجا دمْ در پیش دلبر
خدایا! این سفر کی می‌رود سر؟
خدایا! کن سفر آسان به فایز
که بیند بار دیگر روی دلبر

بەیانی بولبولی شەیدا لە گوڵزار
سەرم پڕشۆر ئەبوو دوو دیدە بێدار
بۆ هەر گوڵ بولبولی شاهۆ دەخوێنێ
چ خۆشە هاونشینی یار لە گەڵ یار

سحرگه از نوای مرغ گلزار
سرم پر شور گشت و دیده بیدار
به هر گل، بلبلی فایز! نوا خوان
چه خوش باشد نشستن یار با یار

نەدەی سورمە لەچاوی نازپەروەر
نەکەی ڕۆژم بەچەشنی زولفی دولبەر
بکە ڕەحمێ بەحالی زاری شاهۆ
وڵامت چی دەبێ بۆ ڕۆژی مەحشەر

مکش سرمه به چشم نازپرور
مکن روز مرا از شب سیه‌تر
نمی‌سوزد دلت از بهر فایز
چه خواهی گفت فردا، روز محشر؟

لە داوی بوت وەکوو بیژەن گرفتار
ئەگەر چەشنی مەنیژە هەی وەفادار
کەمەندی زولف باوێ وەک تەهەمتەن
دڵی شاهۆ لە چاڵی خەم کە رزگار

بتا! بیژن صفت در چَه گرفتار
منیژه‌وار اگر هستی وفادار
کمند زلف بگشا، چون تهمتن
تو فایز را ز چاه غم برون آر

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

کاش بزرگ نمی‌شدم
و نمی‌فهمیدم
پدرم به من دروغ گفت :
که هر چیزی را در خاک بکاری سبز خواهد شد،
و این از لطفِ خداوند است.

چرا کسی نمی‌فهمد
من سال‌های زیادی انتظار کشیدم
اما
مادرم سبز نشد!...

□ سابیر هاکا

خۆزگە گەورە نەبام

نەم فامیبا
بابم بەدرۆ دیوت:
هەرچی لەخاک بینێژی
بە لوتفی خوا ئەڕوێتەوە.
دەپێم بێژن ئەدی چۆنە
من ساڵهایە
هەر چاوەڕێم
بەڵام
دایکم ناڕوێتەوە

□وەرگێڕ: شاهۆ موکریانی.

لەبەندی کەزیەکەت ئەو قەلبە یەخسیر
وەکوو دیلێ ئەسیر و پێ بەزنجیر
بپرسن هۆگرانی قەلبی شاهۆ
کە من دیلم چییە تاوان و تەقسیر

دلم درحلقەی زلفش گره گیر
چو دزدانِ گرفتارِ به زنجیر
بپرسید ای هواداران فایز!
از آن زنجیربان، ما را چه تقصیر؟

دوو کەزیەت لوولی داوە هەر وەکوو مار
دەنوێنێ دەمبەدەم چوززەی بە دلدار
ئەگەر ویستت وەیە شاهۆ لەداو خەی
وەرە رووبەندەکەت لادە لە ڕوخسار

دو زلفانت فتاده چون سر مار
نمایان می‌کنی هر دم به دلدار
اگر خواهی که فایز بنده گردد
نقاب از چهره‌ی مهتاب بر دار

ئەسیر و زار و خارت کردم ئاخر
لەخۆشی ڕوژگارت کردم ئاخر
دەبەستی عەهد و پەیمانێ بە شاهۆ
بەرەو غوربەت لە شارت کردم ئاخر

ذلیل و خوار و زارم کردی آخر
پریشان روزگارم کردی آخر
به "فایز" بستی اول عهد و پیمان
به غربت رهسپارم کردی آخر

بە چەشنی بسکی تۆیە لەیلەتولقەدر
کە دای پۆشیوە ڕوخساری وەکوو بەدر
کە هەر کەس چاوی کەوتە یاری شاهۆ
بەدڵ بینی گزینگی مەتلەعولفەجر

بُدی زلف سیاهت لَیْلَةُالْقَدْر
شب وصلت ز اَلف شهر بهتر
هر آن کس یار فایز دید، گفتا:
سَلَامٌ هِیَ حَتَّیٰ مَطْلَعِ الْفَجْر

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٤٠
لە ڕوت لادە پەچە و زولفی موعەتتەڕ
مەسووتێنە بە ئاگر سونبولی تەڕ
لە شەوگاری ڕەشی شاهۆ بڕوانە
کە هەر زەڕگەر دەزانێ بایەخی زەڕ

منه بر رخ دو گیسوی معنبر
مسوزان اندر آتش سنبلِ تر
به افسرده شب فایز بیندیش
که سرما خورده داند قدر آذر

٢٤١
دەنووسێ کردەوەم میرزایەکی ژیر
گوناه و کردەوە و تاوان و تەقسیر
نەما شوێنێ لە بۆ عوزر و بەهانە
مەگەر هیوا بە ڕەحمی زاتی سابیر

شود فردا که منشیان تقدیر
نویسند جرم عصیانم به قطمیر
در آن محضر ندارد عذر فایز
بەجز امید عفو و رحم تقصیر
٢٤٢
دڵم ئیمشەو لە شەوقی تۆیە ڕووناک
هەمو لاوان لەتاوت مات و خەمناک
لە لێوانت بدە ماچێ بە شاهۆ
کە حەججی گەورەیە بۆ یاری دڵپاک

نەمن لۆکم لە سەر پشتم بێ بارت
نە ئەو مارەم سەرم پان کەی بە دارت
نە ئەو دارەم بە هەر بایێ بلەرزم
منم شاهۆ کە سووتاوم بە نارت

نه من لوکم که بر پشتم زنی بار
نه من مارم که بر فرقم زنی دار
نه من بیدم کز این بادها بلرزم
منم فایز که دارم داغ دلدار

صنم! صورت منوّر کردی امروز
جوانان جمله کافر کردی امروز
بیا بوسی بده بر عاشق زار
که گویا حجّ اکبر کردی امروز
٢٤٣
دەکەی عەنبەرپژانی ئەم جیهانە

پەچە و زولفت بە هەر لا پەڕێشانە
لە ناخی دڵ بکە هاوارێ شاهۆ
بەوێنەی گوڵ بەرۆک و سینە جوانە

جهان را عنبر افشان کرده‌ای باز
مگر کاکُل پریشان کرده‌ای باز؟
برآوردی فغان از جان فایز
که همچو گل گریبان کرده‌ای باز

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٤٤
بە ئاماژە دەڵێن دووچاوی پڕناز
بە تەنیا تۆی لە ژین دلدار و هەمراز
بەڵام شاهۆ مەترسیت بێ لە کەزیەی
کە خاوەن نەغمەیە وەک سازی ناساز

به ایما گفت چشمش با من این راز:
که هستم در نهانی با تو دمساز
ولی فایز! از این گیسو حذر کن
که هندویش رسن‌باز و غمّاز
٢٤٥
لەسەر گەردەن بڵاون پرچی پڕچین
کەمەندی پڕ لەقینە بۆ منی دین
گوڵم شاهۆ ئەسیری داوی تۆیە
وەفات بێ یا بکێشە خەنجەری قین

به گردن هشته این زلف دلاویز
که یعنی؛ از کمند من به پرهیز
بتا! فایز اسیر این کمند است
وفا کن یا بِکُش با خنجر تیز
٢٤٦

دەخیلت بم نەکەی زولفت بە شانە
بەدەم تیغی نەدەی ئەو کەزیە جوانە
مەبادا کەس ببینێ تاڵی پڕچت
نەڕەنجێنی دڵی شاهۆ بە تانە

دخیلا! شانه بر زلفت میاویز
مزن بر سنبل تر دشنه‌ی تیز
مبادا کس ببیند تار زلفت
ز آزار دل فایز بپرهیز

٢٤٧

لەدەس تیری مژۆڵی دەردەدارم
کە دەمپێکێ گەلێ بێمار و زارم
لەبەروەی پشتی شاهۆ کۆمە یاران
کە دەیبینێ خەمی زولفانی یارم

بە تیر ناوک مژگان دلدوز
هدف گشته دل صد پاره امروز
خمیده قامتت، فایز! سبب چیست؟
نظر بر زلف کج دارم شب و روز

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٤٨

لەبەر تەعزیمی یار و دلبەر ئیمڕۆ
لە ڕۆژئاوا نواندی خۆر سەر ئیمڕۆ
لە پێناو یاری شاهۆ دەی وەدەرخەن
لە کان زێڕ و لە دەریا گەوهەر ئیمڕۆ

پی تعظیم قدر دلبر امروز
ز خاور خور فرو آرد سر امروز
برون آرند بهرِ یارِ فایز
ز کُه زرّ و ز دریا گوهر امروز

٢٤٩
ئەمن نەم وت: لە کەزیەی ماری لادە
بریندارە و لە غەیری یاری لادە
دڵی شاهۆ بریندارە بە بسکی
شەوە زولفی لە داوی تاری لادە

نگفتم دل! از آن گیسو بپرهیز؟
تو زخم آلوده با غیری میامیز؟
دل فایز گرفته خو به زلفش
شب است این زلف و دل مرغ شباویز
٢٥٠
خەبەر دێنن کە دێ دڵدارت ئیمڕۆ
بەتەرزێ دێ گوڵی گوڵزارت ئیمڕۆ
کە شاهۆ دڵنیابی یارەکەت دێ
دەبێ ئاسودە قەلبی زارت ئیمڕۆ

دلا! دلدارت آمد باخبر باش
ز تشویش جدایی برحذر باش
دل فایز شده فارغ ز هجران
دلا! آسوده و بی‌شور و شر باش

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

هەڵاڵەی شاخ و کۆ هەر هەفتەیەک بوو
وەنەوشەی لێوی جۆ، هەر هەفتەیەک بوو
دەڕۆم هاوار دەکەم ئەمشار و ئەوشار
قەرار و عەهدی تۆ هەر هەفتەیەک بوو

آلاله کوهساران هفته‌ای بی
بنوشه جو کناران هفته‌ای بی
منادی می‌کرم شهرو به شهرو
وفای گلعذاران هفته‌ای بی

دڵم بولبوڵسفەت حەیرانی گوڵ بوو
دەروونم وەک درەختی پێ بە گڵ بوو
لە چەشنی ئەرخەوان خوێنینە بارم
درەختی ناڵە، باری خوێنی دڵ بوو

دلم بلبل صفت حیران گل بی
درونم چون درخت پی به گل بی
خونابه بار دیرم ارغوان‌وار
درخت نهله بارش خون دل بی

جیهانی بێوەفا زیندانی من بوو
گوڵی غەم قسمەتی دامانی من بوو
غەمی یەعقووب و، ژان و دەردی ئەییووب
هەموو گۆیا نەسیبی گیانی من بوو

جهان بی‌وفا زندان ما بی
گل غم قسمت دامان ما بی
غم یعقوب و محنت‌های ایوب
همه گویا نصیب جان ما بی

دڵم دایم ئەسیری ماتەمی تۆ
بە زنجیر بەستەیی دەرد و غەمی تۆ
دەپرسی: "بۆچی وا پشتت چەمیوە؟"
چەمی پشتم لە بەر پێچ و خەمی تۆ

دل مو دایم اندر ماتم ته
به دل پیوسته بی‌درد و غم ته
چه پرسی که: چرا قدّت ببو خم
خمه قدّم از آن پیچ و خم ته

□ دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

٢٥١
دەمێکی دێتە خەونم بەژنی بەرزی
کە دەخشێ کەزیەکەی جوانی لە ئەرزی
خەڵاتی کەن بە شاهۆ حۆری و کەوسەر
دەخوازێ هەر بەتەنیا یاری تەرزی

گهی در خواب بینم قدّ و بالاش
گهی یاد آورم زلف چلیپاش
اگر بخشد به فایز حور و کوثر
بەغیر از یار خود نبوَد تمنّاش
٢٥٢
لەشەوقی گوڵپەری دڵ دێتەوە جۆش
دەکەم شانە بە دەستم زولفی سەرکۆش
لە بۆنی عەتری کەزیەی یارە شاهۆ
دەمێنی تا ئەبەد ئەو دەستە بۆنخۆش

سحر از شوق جانان مست و مدهوش
رسانیدم همی دستم به گیسوش
ز بوی عطر زلف یارِ فایز
دو دستم تا قیامت می‌دهد بوش
٢٥٣
سەحەر تاوێ لەسەر جێکەت مێنە
دەترسێم چەکچەکیم بۆ لا مەهینە
بڵا شاهۆ دەمێ ئاسودە رازێ
دڵ و دیدەم بە تیغی غەم مەسێنە

سحر! امشب دمی بر جای خود باش
که من ترسانم از تو همچو خفاش
بهل فایز دمی آسوده خوابد
مَکش تیغ و دل غمدیده مخراش
٢٥٤

به خوێن بی دڵ نەدرکێنی لە ڕازی
بە کۆڵت دابدە تۆ کێوی نازی
لە نازی دڵبەرت شاهۆ نەرەنجێی
کە بێهۆ نێ بەهانە و ئیحترازی

دلا! خون شو مکن افشای رازش
بِکِش گر کوه باشد بارِ نازش
مرنج از نازِ دلبر، فایزا! خیز
که بی‌موجب نباشد احترازش

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.
٢٥٥
وەکوو زنجیرە کەزیەی زولفی خاوی
لەسەر شانی ڕژاوە بەند و داوی
بە پێنج حوسنی دەبا ئەو قەلبی شاهۆ
ڕوخ و ئەبرۆ و ددان و لێو و چاوی

مسلسل حلقه حلقه زلف خوشبوش
کمند آسا فکنده بر سر دوش
ربوده دل ز فایز پنج حسنش
رخ و چشم و لب و دندان و ابروش
٢٥٦
بە ناڵە دڵ دەکا یادی شەوی پێش
لەخزمەت یاری خۆم بێخۆف و ئەندێش
نەمەکگیر بی بە لیو و چاوی؛ شاهۆ
فەرامۆشی نەکەی دڵ دێتەوە ئێش

فغان از امشب و یاد از شب دوش
که با دلبر ببودم دوش بر دوش
نمک‌های لبت چشمش بگیرد
اگر فایز کند یک دم فراموش
٢٥٧

شەوی جەژنە و نەشە و خۆشی لە جێژوان
دەکەن یاری بە کەزیە و پەرچەمی جوان
بە تەنیا ماوە شاهۆ بێکەس و یار
دەڕێژێ خوێنی دڵ زار و پەرێشان

شب عید است و هر کس با عزیزش
کند بازی به زلف مشک‌بیزش
به جز فایز که دلداری ندارد
نشیند با دل خونابه‌ریزش
٢٥٨

لە ناکاو کەوتمە داوی چاوی مەستی
نەزان بووم دڵێشم دا بە دەستی
بە دەس زارۆکە شوشەی قەلبی شاهۆ
شکاندی شوشەکەی پڕ داغ و هەستی

شدم غافل اسیر چشم مستش
به نادانی بدادم دل به دستش
به دست طفل، فایز! شیشهٔ دل
چرا دادی؟ که تا دادی شکستش

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٥٩
لە دڵ ناچێتەدەر ساتێ خەیالی
لە بیر ناچێتەوە یەک دەم ویسالی
خودا تەوبە فەرامۆشی بێ شاهۆ
ددان و لێو و زولف و چاو و خالی

نه از دل می‌رود بیرون خیالش
نه از یادم رود یک دم وصالش
معاذالله رود از یاد فایز

لب و دندان و چشم و زلف و خالش
٢٦٠
هەڵات مانگ و لە هەنیەی تیشکی داوێ
وڵات روون بوو بە گرشە و تیشکی تاوێ
پەرێشانە پەچەی بۆ قەتڵی شاهۆ
بە خوێنم پەنجەکە ی سوورە و خەناوێ

درآمد یار از رخ نور ساطع
منور کرده آفاق از لوامع
پریشان مو برای قتل فایز
من الروناس مخضوب الصابع
٢٦١
لە هیجرت دڵ پەشێوە و مات و خەمناک
دەڕێژم ئەشکی خوێنینم لەسەر خاک
سەری شاهۆ نەکەوتە بەردی ئەلحەد
کە میهری ویت لە دڵ شردۆتەوە پاک

ز هجرت سینه و دامن کنم چاک
روان سازم سرشک از دیده بر خاک
هنوز سر بر لحد ننهاده فایز
که مهرش را ز دل بنموده‌ای پاک
٢٦٢
زرێت پۆشی و لە تەکما تۆ دەکەی جەنگ
هەمو دونیام بەجارێ لێ دەکەی تەنگ
بڕستی لێ برا شاهۆ بە پیری
لەشوشەی عومری پڕژانم نەدەی سەنگ

زره پوشیده‌ای با من کنی جنگ
کنی پهنای گیتی را به من تنگ
ندارد تاب جنگت فایز پیر
مزن بر شیشه‌ی عمر مرا سنگ

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٦٣
لە ئەسب کەوتومەخوار و کارم زارە
لە ڕووبەندی ڕەشی دوو دیدە تارە
لەژێر ڕووبەندی پێم ئێژێ بە مەندی
نەما شاهۆ بەڵام داغی دیارە

ز اسب افتادم و شد کار مشکل
سراپا معجری شد در مقابل
به زیر معجرش آهسته می‌گفت
که: فایز رفت و داغش ماند بردل

٢٦٤
دڵی پڕ ئێش و زارم ڕێنومایە
لە ڕێگەی چاری دەردی وەک چرایە
بە تیماری مەلا و شێخان دەزانێ
لەحاند شاهۆ بەبێ چار و دەوایە

تو که ملّای قرآن خوانی، ای دل!
تو که درد دلم می‌دانی، ای دل!
به بخت مردمانی شیخ و ملّا
به بخت فایزت نادانی ای دل!

٢٦٥
لەشم گەمیێ و دڵیشم ناخودایە
لە نێو پاپۆری لەش حوکمی ڕەوایە
بەرەو لێوار بڕو شاهۆ نەخنکێ
بەرەو کوێمان دەبا ئەو بێنەوایە

مرا تن زورق است و ناخدا دل
در این زورق بوَد فرمانروا دل
برَد فایز به ساحل یا شود غرق
ندانم می‌برد ما را کجا دل

٢٦٦
لە مەش چاو و برۆی یار دڵستێنە
لەب و زولف و ددانی دڵڕفێنە
بوتی شاهۆ بە ئاکاری لەباری
دڵی ئێمە دەبا ئەو چاوشەهێنە

ز ما آن چشم و ابرو می‌برد دل
لب و دندان و گیسو می‌برد دل
بت فایز ز وضع طرز و رفتار
نه من دل داده‌ام او می‌برد دل

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٦٧
هەزار خۆزگەم بە ڕۆژێ بولبول و گوڵ
کوتت: سەبرت ببێ و من خستمه سەر دڵ
ڕەبی شاهۆ نەمێنێ دوژمنی تۆ
کە لێکی هەڵبڕین هەر دوو لەسەر چڵ

خوشا روزی که گل بودی و بلبل
تو گفتی: "صبر کن" کردم تحمل
الهی دشمن فایز بمیرد
گل از بلبل برید و بلبل از گل
٢٦٨
لە لێواری دڵم گەمیەی ئەوینە
دەکا فەتحی دڵم بەو تاو و تینە
لەبەر شڵپەی غەمانە قلبی شاهۆ
خودا ئاکامی ژینی وا بە شینە

غراب عشق اندر بندر دل
علم زد بهر فتح کشور دل
از این فوج عرب، غم، فایز! آخر

خدا داند چه آرد بر سر دل
٢٦٩
بەویستی گوڵ سەحەر کاتێ لە گوڵزارێ
دەخوێنێ بولبولی شەیدا و خەمبار
بڵێ شاهۆ ئەوایە ڕەوتی دڵدار
دەخوازێ کێ بدا پەندی دڵی زار

سحرها در چمن با خواهش گل
نوازد ارغنون در سینه بلبل
بلی این است فایز! رسم معشوق
که خواهد پند عاشق در تزلزل
٢٧٠
سەری سوڕما لە یاری بێوەفا دڵ
دڵی خۆم خستە نێو دەرد و بەڵا دڵ
ئەگەرچی زۆر پەشیمانیشە شاهۆ
لەبەرچی حوکمی قەتڵی من دەدا دڵ

عبث دادم به یار بی وفا دل
به دست خود فکندم در بلا دل
کنون فایز پشیمان است و نادم
که با بی‌موجبی کشتن چرا دل

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٧١
قەدت گوڵ، دیمەنت گوڵ، کەوشی پێت گوڵ
وتەت گوڵ، خووخدەت گوڵ، ویست و ڕێت گوڵ
ئەوا شاهۆ دەروا بۆ گوڵ چنینێ
سەرت گوڵ، گەردنت گوڵ، ڕوو هەنیت گوڵ

قدت گل، قامتت گل، کفش پا گل
سخن گل، معرفت گل، مدّعا گل

به گل چیدن درآمد یارِ فایز
سر و گردن گل و نشو و نما گل
۲۷۲
ئەگەر لێنووس نەبێ تۆی پەردەکەی دڵ
ئەگەر پێنووس نەبێ تیکانی سەرچڵ
ئەگەر جەوهەر نەبێ ئەی یاری شاهۆ
بەخوێنی دڵ دەنووسم نامە بۆ گوڵ

اگر کاغذ نباشد پردەی دل
قلم هم گر نباشد، چوب فلفل
مرکّب گر نباشد، یارِ فایز
نویسم نامەای با دودەی دل
۲۷۳
بەغەیری بیری وەسڵی دڵبەر ئەی دڵ
نەکەی بیر و خەیاڵی هاوسەر ئەی دڵ
ڕەها کە ئەو دڵەت شاهۆ لە دوو لا
لە پێناوی بنێ رووح و سەر ئەی دڵ

به جز فکر وصال دلبر ای دل
مده راه خیال دیگر ای دل
دل فایز! رها کن هر دو گیتی
یکی گیر از دو عالم بگذر ای دل!
۲۷٤
بەیان تەک باغەوان بولبول لەسەر چڵ
ئەگەر مردم بەبێ وەی دڵ بکەی سڵ
لە پەلکی نەستەڕەن بدروو خەڵاتم
لەچاڵم خە لەژێر پەلکی لقێ گوڵ

سحر با باغبانی گفت بلبل
که: گر مُردم تو باری بی‌تأمّل
ز برگ نسترن بهرم کفن ساز
بکن دفنم به زیر شاخەی گل

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٧٥
بوتی جوانم که کەزیەت کرد پەڕێشان
دەمێکی بێرە لای من ئەی گوڵی جوان
نەکەی باوەڕ که شاهۆ تاکوو مەحشەر
دەمێ غافڵ له تۆ بێ ئەی ڕووح و گیان

بت گلرویِ سنبل مویِ خوشگل
بیا بنشین زمانی در مقابل
مکن باور که فایز تا قیامت
شود یک ساعت از یاد تو غافل
٢٧٦
ئەوەی جوانە دەچێتە نێو کەژاوە
عەزیزم جێی لەنێو قەلبم دراوە
که هاوڕێ بێ دەگەڵ تۆ یاری شاهۆ
هەتا مەحشەر له دووی یاری خولاوە

همه مه صورتان در برج محمل
بت من کرده جا در محمل دل
چو جانان همسفر، فایز! همان به
که تا محشر برم ره سوی منزل
٢٧٧
بەڵایە حوسنی ڕوخساری وەکوو گوڵ
نە تاوانی منە؛ سووچە له بۆ دڵ
که ڕشتیان خوێنی شاهۆ چاوخوماران
گوناهی کوشتەیە یا سووچی قاتڵ

بلا شد حسن مه رویانِ خوشگل
نه از من بود تقصیری نه از دل
بتان کشتند، فایز! کیست منصف؟

گنه مقتول کرده یا که قاتل؟
۲۷۸
له داخی خەم ڕووحم هاتۆته سەر لیو
هەتا کەی پڕ له خەم بم بێکەس و خێو
له دنیادا نەبوو جارێکی شاهۆ
بەغەیری خەم نەبێ خۆراکی من شێو

مرا جان بر لب آمد از غم دل
نشینم تا به کی در ماتم دل؟
نه در دنیا، نه مافیهاش، فایز!
نبینم عالمی جز عالم دل

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

یەکێ لەو چوارینانەی کە مامۆستایان سەلاح ئاشتی و ماجد مەردۆخ ڕۆحانی هاوتا فارسییەکەیان نەدۆزیبۆوە.

جوانی بە پەله و بەبێ نەوەستان ڕۆیی
ڕۆژگاری ژیان وەک شەوی مەستان ڕۆیی
ئەم ژینه که هەر دەمێکی دنیای دێنا
داخم که به بێهووده له دەستان ڕۆیی

□ چوارینەکانی خەییام، مامۆستا هەژار.

ماهیّ امیدِ عمرم از شَست برفت
بی‌فایده عَمرم چو شبِ مَست برفت
عمری که ازو دَمی به جانی ارزد
افسوس، که رایگانم از دست برفت!

□ کلیات سعدی، ویراسته ی: کاظم عابدینی مطلق، رباعیّات، در اخلاق و موعظه، ص۸۱۲.

۲۷۹
وەرە ئەی بولبولی وێرانە ماڵم
وەرە چەشنی دڵی تۆ من دەنااڵم
خەزانە بۆ دڵی شاهۆ هەموو دەم
بە ڕۆژ و حەوتە وو هەم مانگ و ساڵم

بنال ای بلبل شوریده احوال!
بیا یا من بنالم یا تو می‌نال
تو از بهر خزان، فایز ز هجران
بنالد ماه تا ماه، سال تا سال
۲۸۰
وەکوو مانگە هەنێی تەرزی نیگارم
بەوێنەی سەروە باڵای گوڵعوزارم
کە رادەبری بە لای شاهۆ بە مەندی
بسووتێنە کەمێکی قەلبی زارم

قمر طلعت! پری پیکر! نگارم!
شکر لب! سرو قد! سیمین عذارم!
چو حوری بگذری در پیش فایز
کمی سوزان تن زار و نزارم
۲۸۱
کەوتە خاکی ئەرمەن من گوزارم
لە بەر شیرین پەشێوە ڕۆژگارم
نەکەی شاهۆ ئیتر هاوار و نااڵە
لە دەستی گوڵ خەمین و بێ قەرارم

پس از قرنی به ارمن شد گذارم
پریشان کرد شیرین روزگارم
مکن فایز دگر افغان و زاری
که کردی از تن خود بی‌قرارم
۲۸۲
بە شەونم پەلکی گوڵ تەڕ بوو بە یانی

شنه ببزێوه کەزیه و بسکی جوانی
بەرەو شاهۆ بەرە عەتری کەزێی یار
بلاوێنه دڵم تاکوو دەتوانی

سحرگه برگ گل تر شد ز شبنم
نسیم! آهسته بگشا زلف از هم
بیاور عطر زلفش سوی فایز
مرا فارغ کن از غمهای عالم

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

هەڵەم بپۆشه، نەچی گیڤ ببی لە سەرکۆنەم
بترسه ڕۆژێ ئەتۆش تەڕببی، مەڵێ سۆنەم

پەڵەی هەڵە هەموو لا دەگرێ، کێیە بێ پەڵەیە؟
بڵاوە بیری مرۆ، هەر خودایە بێ هەڵەیە

گیڤ: ئامادە و تەیار.
سۆنە: مرغابی نر.

□ شەرەفنامە، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی سێهەم ٢٠٠٦، لاپەڕە ١١.

بپوش اگر به خطایی رسی و طعنه مزن
که نفس هیچ بشر خالی از خطا نبود

در آفتاب نظر کن که با بصارت خویش
مَمَرِّ او همه بر خط اِستِوا نبود

ممر
) مَ مَ رّ) [ع.] (اِ.) راه، جای عبور.

□ شرفنامه، امیر شرفخان بدلیسی، ویراستەی: محمد عباسی، ص ١٠.

٢٨٣
لە کێ پرسم لە کوێیە ماڵی یارم؟
گوڵی سیمین بەدەن، یاری لەبارم
لە تاریکی خزام چەشنی سکەندەر
لەکوێیە ئاوی ژینی ڕەستگارم

سراغ جانِ جانان از که پرسم؟
نشانِ ماهِ کنعان از که پرسم؟
چو اسکندر به ظلمت رفت فایز
گذارِ آبِ حیوان از که پرسم؟
٢٨٤
پەریوەش! ئەی بوتی عیسا پەرەستم
دڵت بردم بە نازێکی لە دەستم
وەرە دانیشە لای شاهۆ بەخۆشی
موسوڵمانێکی لادەر، مەستی مەستم

پری پیکر! بت عیسی پرستم!
به یک نظّاره دل بردی ز دستم
بیا بنشین به فایز مهربان شو
که من دین مسلمانی شکستم
٢٨٥
بەچی شێواوە ئیمڕۆ حاڵی زارم
چ قەوماوە لە من تۆراوە یارم
حەکیمی دەردی شاهۆ یاری تەرزە
لەبۆ ناپرسێ دەردی پڕ لە ژارم

ندانم از چه رو آشفته حالم
چه کردم کز من آزرده است یارم
طبیبم اوست، گاهی حال فایز
نمی‌پرسد که: من بیمار دارم
٢٨٦

به شەو موشتاقە هەردەم قەلبی سووڕم
دەکەم یادی پەڕیوە و دۆستی دوورم
نەسووتێ ئەی خودا کەس چەشنی شاهۆ
هەویرێکم لە نێو گرفەی تەنوورم

دگر شب شد که مشتاق حضورم
کنم یاد از رفیق گشته دورم
نسوزد هیچ عاشق مثل فایز
خمیرآسا گرفتار تنورم

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٨٧
ئەگەرچی زۆر بەژانە قەلبی پاکم
لە مردن من گەلێ بێ خۆف و باکم
یەقین ڕۆژی ئەزەل نوسراوە شاهۆ
بە ئاوی خەم بشێلن خۆڵ و خاکم

در این دنیا بسی اندوهناکم
که از مردن نباشد هیچ باکم
یقین روز ازل تقدیر فایز
به آب غم عجین گردیده خاکم
٢٨٨
هەوەڵ هەنگاو بەهشتت دا نیشانم
لە پاشان دووزەخت کردە مەکانم
بە شاهۆ تۆ بەڵێنی کەوسەرت دا
دەدەی ئاگر لە جەستەی پڕ لە ژانم

بهشتی، ای صنم! دادی نشانم
پس آنگه دوزخی کردی مکانم
به فایز آب کوثر وعده دادی
چرا آتش زدی آخر به جانم

۲۸۹
نە ئەفلاتۆن دەکا فکرێ بە حاڵم
نە جالینۆس دەزانێ ژینی تاڵم
کە بێ دەرمانە دەردی شاهۆ ئیمڕۆ
وەرە بولبول بناڵە تا بناڵم

نە افلاطون کند فکری به حالم
نه جالینوس داند من چه حالم
علاج درد فایز نیست درمان
بیا مطرب! بزن تا من بنالم
۲۹۰
بەهاری نەوجەوانیم تێپەڕیوە
غەمی دونیام لەبۆ قەلبم کریوە
لە شاهۆ تۆ بپرسە حالی پیری
کە غەیری دەرد و غەم چی دی نەدیوە

جوانی! رفتی و نایی به سویم
نمی‌دانم کجایت باز جویم
ز فایز پرس و جو احوال پیری
که تا با تو حکایت باز گویم

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

۲۹۱
کە سێ مانگی گەشم بینی بەجارێ
سێ گوڵغونچەی گەشی باغی بەهارێ
بە نازێکی دڵی شاهۆ لە دەس چوو
لە ژێر پێیان دڵم کەوتۆتە خوارێ

سه مەپیکر برون آمد به یک دم
سه حوراوش همه پشت سر هم
به یک جلوه دل از فایز ربودند

پریرویان مەسیمای اَهرَم
۲۹۲
گوڵم! پڕشنگی ڕوونی ڕۆژی عالەم
ئەتۆی هەیوی حەیا وەک زینەکەی مەم
لە پاشی مەرگی شاهۆ تۆ ئەوینت
لە گەڵ نامۆ نەبی هاوراز و هاوەم

بت لیلی‌وشم خورشید عالم!
مه برج حیا! بانوی اعظم!
تو بعد از فایز شیرین زبانت
مشو با مردم ناجنس محرم
۲۹۳
هەموو شەو تا بەیانی من دەنالّم
لە دەس بەختی ڕەش و ئەحوالّی تالّم
دەنالّم هەر وەکوو بەوری بریندار
بەچەشنی شێری دیلی داوی زالّم

به شب نالم به شب شبگیر نالم
گهی از بخت بی تدبیر نالم
بنالم چون پلنگ تیر خورده
گهی چون شیر در زنجیر نالم[۱]
۲۹٤
کە بیرت دێتە نێو جەغزی خەیالّم
دەسوتێنێ خەلەی ڕەنجی بەتالّم
کە شاهۆ ڕواڵەتی پیر و نەخۆشە
بە هۆی دووری لە تۆ گۆڕاوە حالّم

چو آید فکر یار اندر ضمیرم
بسوزد خرمن ماه از نفیرم
نه فایز پیرِ عمر ماه و سال است
غم هجران جانان کرده پیرم

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

]١[ئەو دووبەیتییە هی بابا تاهیرە:

شوی نامْ، شوی شوگیر نامْ
ز دست یار بی‌تدبیر نامْ
گهی همچون پلنگ تیرخورده
گهی چون شیر در زنجیر نامْ

□ترانەهای باباطاهر، شهرام رجب زاده، چاپ سوم، ص ١٣٣.

شەوان ناڵە، شەوی شەوگیر دەنالّم
لەدەستی یاری بێ تەگبیر دەنالّم
دەمێ چەشنی پڵنگی تازەپێکراو
دەمێ وەک شێری ناو زنجیر دەنالّم

□دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

شەوان هاوار، شەوی شەوگیر دەنالّم
لەدەستی یاری بێ تەگبیر دەنالّم
دەمێ هەر وەک پڵنگێکی بریندار
دەمێ وەک شێری ناو زنجیر دەنالّم

□چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ڕەحیم لوقمانی، لاپەڕە ٥٤.

٢٩٥
لەڕێی دۆستان بەدڵ من گیان لە مشتم
لە هەر شوێنێ ببی من پاڵ و پشتم
بە هیوای کێی ئەتۆ ئەی یاری شاهۆ
شوکر بۆ خوا بە ئاواتم گەیشتم

بە راە دوست دست از جان کشیدم

به همراهت به غربتها دویدم
به امّیدی که باشی یار فایز
بحمدالله به مطلبها رسیدم
٢٩٦
له دووری تۆیه بێحاڵ و نەخۆشم
ئەوینت بوو هەوێنی بیر و هۆشم
له تاوانت شەو و ڕۆژێ بەتاوم
که لێوانت به لێوم دابپۆشم

بتا! از دوریت حالی ندارم
ز عین و شین و قافت بی قرارم
به "ت" و "ب" گرفتارم شب و روز
بەغیر از "لام" و "ب" درمان ندارم
٢٩٧
خودایه بێکەس و بێ ئاشیانم
که ڕێگەی غوربەتت داوه نیشانم
دەبێ چم کردبێ شاهۆ منی ڕووت
که هاڕیوته تەواوی ئێسکەکانم

خداوندا! تو کردی لامکانم
تو دادی راه غربت را نشانم
چه بد کردم منِ مسکین، فایز!
که کردی پایمال این استخوانم؟
٢٩٨
ئەویندارانِ گرفتاری دڵم من
نەخۆش و زار و بێماری دڵم من
نەبو شاهۆ ئەوەندە گێژ و وڕ بێ
که ئێستە کۆیلەکەی کاری دڵم من

مسلمانان! گرفتار دلستم
ضعیف المال و بیمار دلستم
نبود این قدر فایز بی‌بصیرت

کنون در مانده در کار دلستم

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

۲۹۹
خوداوەندا بەرەو کۆچی نەمانم
نەکەی ڵاڵ کەی لە تاریفت زمانم
هەڵێ بەخشە بە شاهۆ بەلکە جارێ
گوزەر کەم من لە تاخی یاری جوانم

خداوندا که در نزع روانم
مگردان لال از ذکرت زبانم
به فائز این قدرها مهلتی ده
که تا خود را به کوی او رسانم
۳۰۰
ئەوە یاری منە هاتۆتە سەربان
دەپڕژێنێ بەرامەی باغی زۆزان
ئەگەر شاهۆ شیاوی لوتفی تۆیە
وەرە دانیشە لام سۆمایی چاوان

مگر یار آمده بر پشت بامم
که بوی جنّت آید بر مشامم؟
فرودآ، گرچه فایز نیست قابل
بیا بنشین نگه‌دار احترامم
۳۰۱
فیراقی مەهوەشان هۆشی بڕیوم
بڕست و هێز و خۆشی لێ بڕیوم
کە سەد ساڵ تێپەڕیبێ مەرگی شاهۆ
لەسەر گڵکۆم گوڵی داخی چنیوم

فراق لاله‌رویان ساخت کارم
ربود از کف عنان اختیارم

پس از صد سال بعد از فوت فایز
گل حسرت بروید از مزارم
۳۰۲
لە سوێ ئەو دڵبەرە بێ هیز و تاوم
وەکوو ئادەم لە جەننەت دەرکراوم
بەمەیلی دڵ نەبوو شاهۆ لە تۆ دوور
بە ئاوی مەینەتان هەڵشێلدراوم

چرا از دلبر حورا سرشتم
چو آدم دور از باغ بهشتم؟
به کام دل نشد فایز از او دور
بشد روز ازل این سرنوشتم

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

۳۰۳
چ مەعلومە کە خەوتووم یا نە بێدار
لە شەوقی دیمەنی ئەو شۆخە وشیار
دەڵێن شاهۆ لە باغی جوانی رزوان
دەبی هاوەدەم دەگەڵ یاری وەفادار

ندانم خواب یا بیدار بودم
ز شوقش مست یا هوشیار بودم
به باغ خلد فایز بود گویا
و یا سر در کنار یار بودم
۳۰٤
بەدڵ ڕوانیم لە سیمای ئەو جوانە
وەکوو دوڕڕە ئەوەی لیزگەی ددانە
دەمی وەک نونی تەنوینێکە شاهۆ
لە ئەژمار دێت و هێشتاکەش نیهانە

نشد ز آمد شد نظاره مفهوم

به لب دندان بُوَد یا دُرّ منظوم
دهانش نون تنوین است «نادم«
که آید در حساب و نیست معلوم[۱[
۳۰۵
خودا هاوار له یارم هەڵبڕاوم
له هاوده‌نگی عەزیزم دوور خراوم
شکا پێی و لەشی بێمارە شاهۆ
نەخۆش و بێکەس و بێ یار ماوم

فغان کز کوی جانان دور ماندم
ز فیض صحبتش مهجور ماندم
شکسته پا تن بیمار فایز
طبیبم دور و من رنجور ماندم
۳۰٦
له زیندانی خەفەت دڵ چۆن پەیاکەم
بەرەو کوێ من دەکێشێ ناخوداکەم
دەڕوا شاهۆ به ناچاری به ڕێدا
بەرەو شۆێنێ که دەخوازێ خوداکەم

ندانم در چه حالم، در کجایم
کجایم می‌کشاند ناخدایم
رود فایز چنین راهی به‌ناچار
برد آنجا که می‌خواهد خدایم

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

]۱[ملا محمّد فرزند غلامحسین متخلص و مشهور به «نادم»در روستای دَرْوِیی (دَرواهی) ـ شهر آب‌پخش کنونی ـ ازتوابع شهرستان دشتستان به دنیا آمده، به مکتب‌خانه رفته و بعد مکتب‌خانه دایر کرده و یکی از دو بیتی سرایان معروف گردیده است.
ایشان به سال ۱۲٦۱ هجری قمری پا به عرصه هستی گذاشت و در عصر ناصرالدین شاه قاجار و فایز دشتستانی روزگار گذراند. هر چند که در روزگار

شوکت خاندان شبانکاره در دستگاه اسماعیل خان ـ از خان‌های بزرگ منطقه ـ احترامی فراوان داشته است امّا سال‌های عمرش را با فقر و تنگدستی سپری نموده و از آنجایی که به متون شعر و شاعری کاملاً آشنا بوده، در انواع قوالب شعری طبع آزمایی نموده و به مناسبت‌های مختلف شعر می سراییده است. امّا متأسفانه به دیوان شعرش دسترسی نیست. ولی نادم را نیز همچون برادر همدردش فایز، با دوبیتی های شورآفرینش می شناسند؛ دو بیتی هایی که از درد و اندوه و فراق آکنده و با شادی و سرور بیگانه است و دلهره و اضطراب در جای جای آن موج می زند.

۳۰۷
گوڵم کەی دێی لە سینەت دەس وەرێنم
لە باغی سینە تا لیمۆ بهێنم
وەرە هێدی بە شاهۆ تا لە دڵبەر
بە لێوانم مەزەی لێوی بسێنم

بتا کی دست در پستانت آرم
فرا کی میوه در بستانت آرم
بگیر آرام فایز! این دلآرام
لبش زیر لب و دندانت آرم
۳۰۸
لە کاتێکی کە خونچەی گوڵ دەپشکوێ
بە ئیزنی خەندە لیوی من دەبزوێ
لەسای پشکۆی دەمی ئەو یارە شاهۆ
دڵی مردوو هەمیسان پێی دەبووژێ

اگر جانان به هنگام تکلّم
دهد بیجاده را اذن تبسّم
به شکرخنده‌ای فایز تواند
کند احیا همه اموات مردم
۳۰۹
دەمێ وێستم کە چاوانم لەخەو کەم
لەسۆی یارم دەسووتێم هەر وەکوو شەم

وەبیرم دێتەوە خونچەی دەمی یار
دەتارێنێ خەوی چاو هەڵمەتی تەم

گهی که سر نهادم تا بخوابم
همان دم دلبرم آمد به یادم
به یاد آورد فایز دلبر خود
نیامد خواب در چشم پر آبم
۳۱۰
نە هەر ئیمڕۆ بە دەس تۆوە ئەسیرم
نە هەر ئیمشەو بە داوی کەزیە گیرم
مەحاڵە شاهۆ بێ پەیمان شکێنێ
لە پێناوت دەبەخشم هەست و بیرم

نه من امروز پا بند تو هستم
که من پابست پیمان آلستم
که فایز! دست پیمانی محال است
برم این عهد در جایی که هستم

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

زەلیل و پەست و زارم وا لەدەس تۆ
پەرێشان ڕۆژگارم وا لەدەس تۆ
ئەگەر شاهۆ بەهەشتی بێتە دەستی
وەها بێ کار و بارم وا لەدەس تۆ

ذلیل و خوار و زارم، از تو هستم
پریشان روزگارم از تو هستم
اگر فایز فرستی سوی جنّت
وگر در کار مارم، از تو هستم

ئەلێرە تا بە سەرحەد لالە ڕواوە
سپی سێوێ لەنێو لالان نراوە

که لێرە تێپەڕی سێویێکی نەڕنی
که شاهۆ نێوی تەرزی هەڵکەناوە

از اینجا تا به سرحد لاله کاشتم
میان لاله‌ها سیبی گذاشتم
از این جا می روی سیبی نچینی
که اسم یار فایز روش نوشتم

فیدا و قوربانی پرچی پڕ له چینت
به قوربان ڕەنگی مانگی پڕ له تینت
ئەمن بیستم که شاهۆ بێخەوێکە
ڕەبی من ببمه قوربان چاوی شینت

فدای زلف پر تابت بگردم
فدای رنگ مهتابت بگردم
شنیدم فایزا! خوابت نمی‌برد
فدای چشم بی خوابت بگردم

گوڵی جوانم ئەبەد نادەم بەدەس کەس
کڕیومە گەوهەرێ ئی خۆمە وو بەس
بڵێ شاهۆ ئەوەش خۆ شانسی تۆ بوو
دەبێ دوور بێ له چاوی پەست و ناکەس

گلی دارم به دست کس نمی‌دم
خریدم گوهری را پس نمی‌دم
بگو فایز که اقبال خودت بود
نشان هر کس و ناکس نمی‌دم

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣١١
ئه له‌و کاته‌ی ده‌پشکوێ خونچه‌که‌ی لێو

شەکەر دێنێ لە بۆ خزم و کەس و خێو
دەترسم من کە ڕۆژێ یاری شاهۆ
بە ئیعجازی لە دونیا دەر بکا نێو

به هنگام تبسّم‌های جانان
شکر ریزد ز مروارید و مرجان
از آن ترسم که گوید یارِ فایز
که: من هم معجزی دارم نمایان
٣١٢
ڕوخ و زولف و ددان و لێوی جانان
گوڵێکن چەشنی لەعل و دوڕ و مەرجان
مژۆڵی چاو و ئە برۆی تیغە شاهۆ
دەبێ لادەی لە تیغ و تیر و پەیکان

رخ و زلف و لب و دندان جانان
گل است و سنبل است و درّ و مرجان
شنیدم در صدف فایز! بوَد دُر
که دُر دیده است در لعل بدخشان؟
٣١٣
لە کاتی مردنا گەر دولبەری من
لەسەر ڕانی وەفا دانێ سەری من
لە ئامێزی گرێ شاهۆ بە تۆندی
ڕوحم دفڕێ لە خۆشی گوڵپەری من

اگر هنگام مردن دلبر من
نهد از مهر بر زانو سر من
بگیرد یار، فایز را در آغوش
بسا آسان رود جان از تن من
٣١٤
خەمی ئەبرۆتە یا شمشێری بەهمەن
مژۆڵت نێزەیە و تیری تەهەمتەن
بوتی شاهۆ بەجارێ وەک مەنیژە

لە بەندی چاڵی خستم چەشنی بێژەن

خم ابروست یا شمشیر بهمن
مژه یا نیزه یا تیر تهمتن
بت فایز! منیژه سان به یکبار
به چاهم درفکن مانند بیژن

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣١٥
خەت و خاڵت بەوێنەی ئاسکی نەخشین
بە لار و لەنجە وو ڕەوتێکی سەنگین
لە کاتی پیریا مەجبووری شاهۆ
بە مەجنوونی وەلانێی دین و ئایین

ز کشت و پیچ این شلوار رنگین
خرامان رفتن و این وضع سنگین
کند مجبور فایز را در آخر
که مجنون وار خارج گردد از دین
٣١٦
گەلێ سەرخۆش لەجەوری مەهجەبینان
بەدڵ سەرمەستی زەجری نازەنینان
هەزار خۆزگەم بە وەرزی لاوی شاهۆ
کە هەمدەم بووی لە لای خەڵوەتنشینان

خوش از جور و جفای مەجبینان
خوش از زجر و عِتاب نازنینان
خوش از عهد جوانی‌های فایز
که بودم همدم خلوت‌نشینان
٣١٧
بەڕێوە جاروبار ڕووشت لەمن کە
جەوانێکی کە کوشتووتە کفن کە

که شاهۆت کوشت به برژانگی ئەوینت
به لێوت بەرگی ژینم پێ به تەن که

از این ره می‌روی، رویت به من کن
جوانی کشته‌ای، فکر کفن کن
تو فایز کشته‌ای با تیر مژگان
بنه لب بر لب و جانم به تن کن
۳۱۸
له بەر زولفی مەحاڵە قەت سرەوتن
ڕەهایی باشە نەک لەو بەندە کەوتن
نەکەی یاری به تاڵی زولفی شاهۆ
که ڕۆژێماری کەزیەی دێنە گەستن

دلا! نتوان به زلفش آرمیدن
از این زنجیر بهتر پا کشیدن
تو ای فایز! مکن بازی به زلفش
که این مار آخرت خواهد گزید

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

۳۱۹
خەیاڵت هەر به شەو لەشکر دەکێشێ
به شاتاڵی به چاکی ڕووح دەکێشێ
ڕەهێڵەی غەم که دێتە چاوی شاهۆ
شەوێک ئاو و شەوێک خوێن دەردەکێشێ

خیالت آورد بر من شبیخون
مرا بر خوان احسانت شبیخون
شبیخون زد به فایز لشکر غم
شبی آب آید از چشمم شبی خون
۳۲۰
له دووری تۆ دڵم ڕووباری خوێنە

چەمی چاوم بە گیانت دلتەزێنە
قەدی شاهۆ بە چەشنی عەرعەرێ بوو
لە دووری تۆیە ئەو بێ زێد و شوێنە

دمْ از هجر تو شد دجلەی خون
بشد آن دجله هم از دیده بیرون
قد رعنای فایز چون الف بود
بشد از هجر رویت همچنان نون
٣٢١
بەڕێوە دڵبەرم لێ هەڵبڕاوە
لە هیجری بەندی جەرگم لێ پساوە
بە تەنیا مایەوە یار ڕۆیی شاهۆ
بەرەو غوربەت دەڕوا ئەو مەستەچاوە

سر راهم دو تا شد، وای بر من
رفیق از من جدا شد، وای بر من
رفیق از من جدا شد رفت به غربت
به غربت آشنا شد وای بر من
٣٢٢
بە یەک دەم مۆمی کۆڕی ژین کوژاوە
تەواوی ڕەنجی ژین بێ بەهرە ماوە
کەسێ نازانێ دەردی زامی شاهۆ
بەغەیری دڵ کە سووتا وو بەتاوە

شده خاموش شمع محفل من
دریغا زحمت بی‌حاصل من
کسی از حال فایز با خبر نیست
به‌جز من دانم و داند دل من

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٢٣

ئەجەل کەی دێیە سەردانی سەری من
کە بستێنی ڕوحی ژانپەروەری من
دەمێکی وا بە لوتفی یاری شاهۆ
سەرم دانێتە سەر ڕانی پەری من

اجل! دانی کی آیی بر سر من؟
ستانی جانِ محنت‌پرور من؟
در آن ساعت که یار فایز از لطف
گذارد در کنار خود سر من
٣٢٤
تەمای وابوو کە بمکوژێ گوڵی جوان
چ دڵبەردێ گوڵی کردم پەشیمان
زەمانێ جەژنە بۆ شاهۆ بەقوربان
لەپێناوی عەزیزی بێتە قوربان

خیال کشتن من داشت جانان
کدامینِ سنگدل کردش پشیمان؟
ندانست عید فایز آن زمان است
که گردد در مِنای دوست قربان
٣٢٥
مەڕۆ ئەی ڕووحی شیرین! هێز و توانام
کەمێ ڕاوەستە دێ دڵداری زانام
بدە شاهۆ بە تاڵی گیانی شیرین
کە یاری نازەنینم دێ بە هانام

مرو ای جان شیرین! از بر من
توقّف کن که آید دلبر من
بده فایز! به تلخی جان شیرین
که جانانت بگیرد سر به دامن
٣٢٦
شەکەرلێو و موژەت دوژمن شکێنە
پەچە و کەزیەت لە داوێن دڵڕفێنە

له حوسنی جوانی دڵداری تۆ شاهۆ
له ئەرمەن دێنە خزمەت ئەو شەهێنە

لبت شکّرشکن، مژگان صف‌اشکن
فتاده گیسوانت تا به دامن
به حسن روی دلدار تو فایز!
به پابوس آیدش شیرین ز ارمن

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢٢٧
ببینه غەمزەکەی دوو چاوی مەستی
ببینه جوت برۆی خەنجەر بەدەستی
ئەسیر و بەندی زولف و تاڵە شاهۆ
ڕەهیڵەی لەشکری پێی دای شکستی

مُکمّل چشم مست کافرش بین
دو مژگان تیر و ابرو خنجرش بین
مسخر کرده فایز، چین زلفش
چو هندو فوج فوج لشکرش بین
٣٢٨
لەسەر بستوو دەکەم من سەیری عالەم
له جێی شایی دەگێڕم کۆڕی ماتەم
بگێڕن گەرمەشینی دەوری شاهۆ
سبەینێ زەحمەتیوە کەم دەکەم کەم

بلندی سیر عالم می‌کنم من
به جای عیش ماتم می‌کنم من
رفیقان! دور فایز جمع گردید
که فردا درد سر کم می‌کنم من
٣٢٩

وەها شینم دەگێڕا من لە هیجران
کە ڕەحمی پێ بزووت یاری خەرامان
بە کەزیە و زولفی جوانی هاتە لای من
لەنوێ بەستێوە شاهۆ عەهد و پەیمان

سحر از بس که نالیدم ز هجران
بر احوالم ترحّم کرد جانان
خرامان، مو پریشان، سویم آمد
به فایز بست از نو عهد و پیمان
٣٣٠
نە هەر چاوێ دەبا ڕووح و دڵ و گیان
نە هەر زولفێ دەکا قەلبم پەرێشان
نە هەر جوانێ بۆ شاهۆ دڵستێنە
کە ڕەمزی عاشقی ڕازێکە پەنهان

نه هر چشمی ز جسمی می‌برد جان
نه هر زلفی دلی سازد پریشان
نه هر دلبر ز فایز می‌برد دل
رموز دلبری سرّی است پنهان

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز،
وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٣١
دڵی من هەر یەکە و دەردی هەزارن
تەژی دەرد و خەم و تاڵاوی ژارن
نەکا شاهۆ بخوازی؟! چی لە خاکا
دەدا بەر با ئەوەی ئاواتی یارن

مرا یکدل بوَد مطلب هزاران
دریغا بود عمرم روزگاران
تو مطلب، مطلبِ فایز که این خاک

دهد بر باد مطلبهای یاران
۳۳۲
که چوومه سەیری باغ و دەشت و گوڵزار
گوڵێکم دی به چەشنی دیمەنی یار
ڕەبی خوایه ده کوێر بن چاوی شاهۆ
که دڵبەر هات و نەمناسی هەوەڵجار

به سیر باغ رفتم، باختم من
نظر بر نو گلی انداختم من
الهی دیدەی فایز شود کور
که دلبر آمد و نشناختم من
۳۳۳
بروسکەی ئاسمانی دێ بەرەو خوار
دەگرمێنم منیش هەر دەم به ناچار
له بارانی سریشکی چاوی شاهۆ
له نوێ دەڕوێن گوڵاڵەی دەشت و کۆسار

تو بر من بگذری چون برق رخشان
منت چون رعد اندر پی خروشان
ز باران سرشک چشم فایز
بروید لاله چون فصل زمستان
۳۳٤
له جێژوانێ که دیتم دیمەنی یار
بەمەرگی خۆم بەدڵ سەرخۆشم ئەمجار
له پاشی مەرگی شاهۆی بێنەوا تۆش
ببه شەمعێ له کۆڕ و بەزمی ئەغیار

پس از ببریدن و پیوند جانان
مرا خوش آمده از دادن جان
پس از مرگ جوانی همچو فایز
تو را خوش باد صحبت با رقیبان

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز،
وەرگێڕانی: ماموّستا شاهۆ موکریانی.

٣٣٥
له بەرزیڕا گوڵم سەیری نزم که
ئەتۆ ڕەحمێ بە ئەو جەستەی کزم که
غەریبی تۆیە شاهۆ لەو هەرێمە
وەرە ڕەحمێ بە حاڵی جارزم که

مه بالانشین! پایین نظر کن
به مسکینان کلامی مختصر کن
بُتا! فایز غریب این دیار است
مَحبّت با غریبان بیشتر کن
٣٣٦
بڵێی ڕۆژێ له جەستەم دەرکەوێ دڵ
دڵ و جەستەم بسووتێن بچنه ناو کڵ
دژی خەڵکی له مەنزڵ دووره شاهۆ!
دژی من هاوسەره و داییم له مەنزڵ

دمم ای کاش بیرون می‌شد از تن
دریغا دست برمی‌داشت از من
کسان دارند فایز! دشمن از دور
من مسکین بوَد در خانه دشمن
٣٣٧
نەدەی شانه له زولفی لولی پرچین
وەڕێخەی لەشکرت بۆ هیند و ماچین
دەترسێم من سوپاهی کوفر شاهۆ
که داگیر کا به جارێ مەوتەنی دین

مکش شانه به این زلفان پرچین
مران امواج هندو را به ماچین
همی ترسم سپاه کفر فایز!

در آرد در تصرّف کشورِ دین
۳۳۸
ئیتر تانەی ڕەقیب و جەوری دوژمن
چ دەتوانن بکەن ڕیسوا دڵی من
چ ڕوون و ئاشکرایە عەشقی شاهۆ
وەکوو ئێشی دەهۆڵکوت وایە لای من

دگر طعن رقیب و جور دشمن
نباشد باعث رسوایی من
به مردم گشته ظاهر عشق فایز
بعینه قصّەی کار دهل زن

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز،
وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

شێعرێکی ناتەواو

چ تاریکە خودا شەوگاری ژینم
چ زامارە دڵی پڕ هەست وتینم

چها داوەڵ لەسەڕ ڕێگەم چەقاوە
چها داو و تەڵەی لێچێندراوە

چ مژ گرتوویە ئاسۆی دووری ژیانم
چ بێ شەوقن ستێرەی ئاسمانم

چ بێدەنگی و کڕ و ماتێ لە زێدم
چ مژ گرتوویە تاوی پڕ ئومێدم

چ بێزارە دڵی سووتاو و زارم
چ قەوماوە کە گڕ دەردێ لە زارم

چ تینوویە دڵم بۆ تاو و تینێ
چ تامەزرۆیە ئەو بۆ سەوزە ژینێ

ئەی کام نەغمە بێ دڵ ڕاچڵەکێنێ
لە سەر داری خەمان خەم داتڵەکێنێ

گوڕەی کام نەعرەبێ ڕامانپەڕێنێ
تروسکەی کامە شەوق بێ شەو نەمێنێ

چ بێژێ ئەو دڵەی پڕ هەستی شاهۆ
تریفەی هەڵفڕین بێ بۆ من و تۆ

شاهۆ موکریانی

٢٣٩
جەفا هی تۆیە زووخاویش بەشی من
جەفای تۆ بوو بە هۆی ژینی ڕەشی من
چ دەروەستە کە شاهۆ شین دەگیڕێ
دڵ و دیدە و سەرێکی پڕ هەشی من

جفا از تو بتا! خون خوردن از من
ز تو جور و تحمّل کردن از من
تو را با گریەی فایز چه مطلب؟
دل از من، دیده از من، دامن از من
٣٤٠

لە گەرنی زولفە یا زەنجیری یارە
موژە یا تیری تیژی دەم بە ژارە
بە سورمەی ڕەنگ دەکا شاهۆ! دوو ئەبرۆی
وەیا تیغێکی شمشیری بەکارە

به گردن زلف یا زنجیرش‌است این

مژە یا زهر داده تیرش‌است این
به وسمه سبز کرده فایز ابروش
و یا خود جوهر شمشیرش‌است این

٣٤١

ڕوخ و لیو و ددان و زوڵفی گیانان
گوڵیشه سونبولیشه و دوڕ و مەرجان
لەنێو قاپی سەدەف دا دوڕە شاهۆ!
دوڕی کێ دی لەناو لەعلی بەدەخشان؟

رخ و زلف و لب و دندان جانان
گل است و سنبل است و دُرّ و مرجان
شنیدم در صدف فایز! بوَد دُر
که دُر دیده است در لعل بدخشان؟

٣٤٢

وەرە گیانه دەمێ تەرکی جەفا که
دڵی زامار و خوێنینم دەوا که
بزانه چۆنه پەروانه له گەڵ شەم
بوتی شاهۆ ئەتۆش ڕەحم و وەفا که

بیا جانا! دمی ترک جفا کن
دل خون گشته‌ی ما را دوا کن
ببین آمیزش پروانه با شمع
بت فایز! تو هم رحمی به ما کن

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز،
وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣١٢

ڕوخ و زولف و ددان و لێوی جانان
گوڵێکن چەشنی لەعل و دوڕ و مەرجان
مژۆڵی چاو و ئه برۆی تیغه شاهۆ
دەبێ لادەی له تیغ و تیر و پەیکان

٣١٢
رخ و زلف و لب و دندان جانان
گل‌است و سنبل‌است و لعل و مرجان
ز چشم و مژه و ابروش فایز
حذر کن ترک با تیر است و پیکان

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٤٣
بەیانی کاتێ گوڵ هاتە سەرینم
قەسەم بە خوا کە سارێژ بوون برینم
قیامەت ڕابوو کاتێ هات و دانیشت
هەتا مەحشەر بە چاوی خۆم ببینم

سحر دلبر چو آمد بر سر من
خدا داند چه آمد بر سر من
قیامت قامتِ فایز چو بنشست
ز نو برخاستَ شور محشر من
٣٤٤
لە پاش مەرگم ببێژە گولعوزاران
بە ڕەشپۆشی هەموو بێنە مەزاران
بە دابی خۆ بە گشتی شین بگێڕن
کە شاهۆ خۆی گەیاندە کۆڕی یاران

پس از مرگم بگو با گلعذاران
به خاکم بگذرند چون سوگواران
به آیین نوا این چامه خوانند
که: فایز رفت ملحق شد به یاران

٣٤٥
گوڵم کێ پێی وتی چاوان برێژی
لە لێوان شەکر و هەنگوێنی برێژی

بوتی شاهۆ دە لادە پەرچەمی ڕووت
هەتا عالەم بە جارێکی بنێژی

که گفته چشم شهلا سرمه سا کن؟
که گفته زیب رخ زلف دوتا کن؟
بت فایز! که گفته برقع از رخ
برافکن، عالمی را مبتلا کن؟
٣٤٦
نەکەی بێنێوە بیرم وەسڵی یاران
نەکا بێنێوە بیرم باغی رزوان
کە تێپەربوو زەمانی وەسڵ شاهۆ
چ سودێکی هەیە هاوار و گریان

مده یادم ز روز وصل جانان
مده بر یاد آدم باغ رضوان
گذشت ایّام وصل دوست، فایز
ندارد سود دیگر آه و افغان

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٤٧
لە بارمتەی ددان و لێوی جوانان
دەبەخشم مووکی ڕەی، شاری بەدەخشان
وەرە شاهۆ نەکەی بەم چەشنە سەودا
لە سەوداکەت دەبی ڕۆژێ پەشیمان

بهای این لب و دندان جانان
دهم ملک یمن، شهر بدخشان
چنین سودا مکن فایز! که روزی
از این سودای خود گردی پشیمان
٣٤٨
ئەمن ڕسواییێکی ڕێگەی ئەوینم

لە تاوی وەسڵی یاری نازەنینم
گوڵی شاهۆ وەکوو خۆرێ بزر بوو
لەژێر هەورە بلّێی ڕۆژێ ببینم

شدم رسوای عالم بهر جانان
ندیدم من ز وصلش غیر هجران
بت فایز چو قرص آفتابی
به زیر ابر رفت و گشت پنهان
٣٤٩
لە نێو دڵ تۆوی ویستی تۆ دەچێنم
بەری ئاواتی دڵ بۆ تۆ دەهێنم
بەڵام سووتا بەری بێستانی شاهۆ
نەما بار و خەڵە و مایە و هەوێنم

به دل تخم تمنّا کاشتم من
از این حاصل امیدی داشتم من
درو کردند محصول تو، فایز!
دریغا خرمنی نگذاشتم من
٣٥٠
بەبێ یاریش دڵی من ئێستێ ماوە
چەنێ سەختە چەنێ پڕ تین و تاوە
بەتیری دەردی دووری تۆ نەمردی
دەڵێی پۆڵا لە جەستەی تۆ کراوە

دلا! دیدی جدایی زیستی تو
نه فولاد و نه سنگی، چیستی تو؟
نمردی از خدنگ رستم هجر
نه‌ای رویین‌تن! آخر کیستی تو؟

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٥١

بەسە لولی مەکە پرچی بەچینت
مەکێشە کل لە چاوی نازەنینت
لە عالەم دا کە شاهۆ بوو بە ریسوا
نەکەی شەیدا جەهانێ بە ئەوینت

مسلسل زلف عنبرسا مکن تو
مکحّل نرگس شهلا مکن تو
تو فایز کردەای رسوای عالم
خلایق مثل من رسوا مکن تو

٣٥٢

لەمن دڵ، چاوی شەهلا، دڵبەر! ئی تۆ
لەمن لێوێکی وشک و کەوسەر ئی تۆ
منەتبارە بە لوتفت شاهۆ ئەی دڵ
لە من سینە و سەر و دەی خەنجەر ئی تۆ

دل از من، چشم شهلا، دلبر! از تو
لب خشکیده از من، کوثر از تو
بنه بر جان فایز منّت از لطف
سر از من، سینه از من، خنجر از تو

٣٥٣

ئەمن نەموت پەچەت لادە لە سەر ڕوو
مەسووتێنە بە ئاگر بەچکە هیندوو
گوڵی شاهۆ گومان کەم کافری تۆ
لە گەڵ ئاگرپەرەستان بوویە هەمخوو

نگفتم جا مده بر چهره گیسو؟
مسوزان اندر آتش بچّه هندو؟
بت فایز! گمانم کافرستی
که با آتش‌پرستی کرده‌ای خو

٣٥٤

لە دەستانت دەنالّم، دڵ! بە هاوار

پەکم کەوتۆ نەخۆشێکم بریندار
بەتۆ بەدنێوە شاهۆ لەم جیهانە
برۆ بەخوا لە تۆ بێزارم بێزار

دلا! تا چند در آزارم از تو؟
گهی نالان، گهی بیمارم از تو
تو فایز در جهان بدنام کردی
برو ای دل! که من بیزارم از تو

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٥٥
لە سەر شانت کە ئەگریجەت بڵاوە
وەکو جەیشی حەبەش پڕتین و تاوە
بە یادی چاو و زولف و دیمەنی یار
بە یەکدەم شاهۆ کاری تۆ کراوە

دو گیسو را به دوش انداختی تو
ز ملک دل دو لشکر ساختی تو
به استمداد چشم و زلف و رخسار
به یک دم کار فایز ساختی تو
٣٥٦
شنە ئیمشەو عەجەب دەفعی غەمی تۆ
لەمن سووڕە لە غەیری عالەمی تۆ
لە بۆنی خۆشی بسکی یارە شاهۆ
هەناسەی خۆشی عیسای مەریەمی تۆ

نسیم! امشب عجب دفع غمی تو
یقین دارم نه از این عالمی تو
شمیم زلف یار فایزستی؟
و یا زانفاس ابن مریمی تو؟
٣٥٧

چ خۆشە ئەو دەمەی بولبول بەیانی
لە خەو من ڕاپەڕێنێ دەنگی جوانی
لە باڵی دا و بخوێنێ شێعری شاهۆ
بڵێن ڕەحمەت لە ڕووحی پڕ لە ژانی

خوش الحان مرغکی وقت سحرگاه
مرا بیدار کرد از صوت دلخواه
زدی هی بال، خواندی شعر فایز
که بر تو باد رحمت بارک‌الله

٣٥٨

لەژێر کەزیەی دەنوێنێ بەرقی گواڕە
تەمەن وەک خەرمەنێکی بەر شەرارە
وەرە شاهۆ لەسەر ڕا ئاگری تووڕ
لە سەر موسا دەکا گڕشەی دووبارە

به زیر زلف برق گوشواره
زده بر خرمن عمرم شراره
بیا فایز! که از نو آتش طور
تجلّی کرده بر موسی دوباره

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٥٩

دڵم هینده له شوێنی تۆ گەڕاوە
لە ژێر پێڵاوی تۆ پێشێل کراوە
مەگەر کاتێ کە دەتڕشت خوێنی شاهۆ
پڕیشکی داو بە خاڵت هەڵگەڕاوە؟

دلم از بس که دنبال تو گشته
دل خون گشته پامال تو گشته
مگر در وقت مردن خون فایز
ترشّح کرده و خال تو گشته

٣٦٠
به برژانگم دەمالّم خۆڵی ڕێگا
که بەلکوو دڵبەری من بێ بەوێدا
دەپڕژێنێ به ئاوی چاوی شاهۆ
که تۆزاوی نەبێ دڵداری بێ تا

به مژگان خاک روبم زین گذرگاه
که شاید بگذرد دلبر از این راه
به آب دیده نم پاشیده فایز
که گرد راه ننشیند بر آن ماه
٣٦١
مەچۆ شوێن مامزێکی که ڕەوی بێ
مەچۆ شوێنی کەوێکی داوی دیبێ
بڕۆ شاهۆ دڵێکی دی پەیا که
که هەرگیز داوی ڕاوچیانی نەدیبێ

مرو دنبال آهوی رمیده
مرو دنبال کبک دام دیده
برو فایز! دلارامِ دگر جو
که هرگز دام صیّادان ندیده
٣٦٢
دەبینم دیمەنی مانگی خەرامان
بوتی غارەتگەری دین و دڵ و گیان
له من سووره که ئەو شاهۆ دەکووژێ
نیگاری کافری بێ دین و ئیمان

برابر ماه تابانم نشسته
بت غارتگر جانم نشسته
یقین بر عزم قتل فایز زار
نگار نامسلمانم نشسته

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٦٣
لە هەر کۆڕێ کە دڵبەر دادەنیشێ
پەریڕوویە بەرابەر دادەنیشێ
لەناو زینان بە تەنیا یاری شاهۆ
وەکوو مانگە و لەبان سەر دادەنیشێ

به هر محفل که آن دلبر نشسته
تو گویی حور با زیور نشسته
میان جمع خوبان یارِ فایز
چو مه در مجمع اختر نشسته
٣٦٤
گوڵم عیشقت منی دێوانە کردۆ
دڵی شەیدای تەرەی هێلانە کردۆ
لە هیجرت سینەیی پڕ ژانی شاهۆ
لە سەر گڕ ئەو دڵەی لەرزانە کردۆ

بتا عشقت مرا واله نموده
دلم را داغ چون لاله نموده
ز هجران سینه‌ی بیچاره فایز
بر آتش همچو جواله نموده
٣٦٥
دوو چاوانی خوماری خوێن دەڕێژێ
وەکوو شیرین بە پەرویزی دەنێژێ
ڵەشی شاهۆ وەکوو فەرهادی کۆکەن
کە دەردی نالّی شەودێزیش دەچێژێ

مکحل چشم شورانگیز کرده
چو شیرین عشوه با پرویز کرده
تن فایز چو فرهاد کمرکن
لگدکوب سم شبدیز کرده
٣٦٦

لە کێ فێر بووی کە کەزیەت تابەتا کەی
هەتاکەی هەر دەبێ کاری خەتا کەی
گوڵی شاهۆ لە بەر ڕۆژی قیامەت
چەنێ خۆشە کە ماچێکی عەتا کەی

که گفتت زلف بر رخ جابجا نه
به طرف یاسمین مشک ختا نه
بت فایز برای زاد عقبی
از آن لب منّتی بر جان ما نه

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٦٧
کەسێکی گوڵپەری و روخساری دیوە
لە ئەحوالّی دڵی من تێ گەییوە
پەری دیوە بە چاوی زاری شاهۆ
کەوا جلکی لەبەر سەد جێ دڕیوە

کسی که آن پری رخسار دیده
بر احوال دل من وا رسیده
پری دیده‌است آن دیوانه، فایز!
که بر تن جامه را صد جا دریده
٣٦٨
لە سەر ڕووی دڵبەرم سونبول پژاوە
بە سەر یار سێبەری سونبول کشاوە
بوتی شاهۆ لە ڕەوتی گفت و لفتی
بە بولبول دەنگی خۆشی پێ بڕاوە

به عارض طره سنبل فکنده
ز سنبل سایه‌ای بر گل فکنده
بت فایز ز وضع و طبع گفتار
نوا در قمری و بلبل فکنده

٣٦٩
خەمی تۆیە کە دڵمی پاک تەنیوە
لەوێوە دڵ بەرەو سەحرا ڕەویوە
ئەوەندە هۆگری دلدارە شاهۆ
ببینە چۆن لەمەش دەنگی بڕیوە

غمت در دل چنان مأوا گرفته
که دل زآنجا ره صحرا گرفته
دل فایز ز بس خو کرده با یار
ببین او کینه هم با ما گرفته

٣٧٠
کەزێی کردۆ بە هێلانەی دڵی من
لە عیشقی تۆ چ وێرانە دڵی من
بە خەنجەر بدڕە قەلبی زاری شاهۆ
ببینە چەند پەڕێشانە دڵی من

به زلفت مرغ دل مأوا گرفته
زعشقت در جهان غوغا گرفته
بکش خنجر دل فایز بکن چاک
ببین در دل چه واویلا گرفته

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٧١
گوڵی مانگت بە سەر غەبغەب کشاوە
هەوەڵ ڕۆژە و بە شەو کۆتایی داوە
بریقەی کەزیەکەی ڕەشمارە شاهۆ
وەکوو چووزەی دووپشک هیلالی داوە

سر و روی تو تا غبغب رسیده
در اول روز و آخر شب رسیده
به عارض زلف شبرنگ تو فایز

چو مه دنباله‌ی عقرب رسیده
۳۷۲
غەم و مەینەت بڕستی لێ بڕیوم
فیراقی دڵبەرم جەرگی دڕیوم
دەمی مەرگە و ئەجەل میوانە شاهۆ
بە تۆفانی مەرگ دەورەی تەنیوم

غم و غصّه تن و جانم گرفته
فراق یا دامانم گرفته
به کشتی اجل فایز سوار است
میان آب طوفانم گرفته
۳۷۳
پەریڕوویان دەکەن بۆمان ئیشارە
یەکیان مانگ و ئەوانی دی ستارە
کمانئەبرۆ بە تیری تیژی برژانگ
دەپێکن قەلبی شاهۆ بێ ژمارە

پریرویان به ما کردند نظاره
یکی چون ماه و باقی چون ستاره
کمان ابرو و مژگان تیر کردند
زدند بر جان فایز چون هزاره
۳۷٤
شنه هێمن وەرە کاتی بەیانی
بەرەو یارم برۆ ئەی یاری گیانی
لە ڕووی ببزێوە پرچی پڕ لە چینی
ببێژە چۆنە شاهۆ ژین و مانی

نسیم! آهسته آهسته سحرگاه
روان شو سوی یار از راه و بیراه
بجنبان حلقه‌ی زنجیر زلفش
ز حال زار فایز سازش آگاه

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

لەبەرچی دڵبەرم سارد و سڕی تۆ
دەکەی لوتف و لە ئاخر دا گڕی تۆ
بە عیشوە دێی بەرەو شاهۆ نیگارم
دەمێ نەرمی و دەمێکی زور چڕی تۆ

نگارا! سرسری چە؟ دلبری چە؟
محبّت کردن و یاغیگری چە
خرامان می‌خرامی سوی فایز
سلامی می‌کنی و می‌گذری چە؟

سەری بەرزم بەداوی گوڵ گرفتار
دوو چاوم چاوەڕێی عیشوەی گوڵی نار
کەسێ نامەی لەدەس دلبەر ستاندۆ
بە دەس شاهۆ بدا پەیغامی دلدار

سرم بونه دو پایم پلّه بونه
دو چشمم زانتظار یار خونه
هر آن کس نامه از دلبر گرفته
دهد بر دست فایز تا بخونه
٣٧٥
لە کوێ ماوە لە عالەم ئاشنایی
لە کەس نایە ئیتر بۆنی وەفایی
نەدەی شاهۆ بە وەسڵی گوڵڕوخان دڵ
کە دەتکووژن بە هیجرانی جودایی

نمی‌بینم ز مردم آشنایی
نمی‌آید ز کس بوی وفایی
مده فایز! به وصل گلرخان دل
که آخر می‌کشندت از جدایی
٣٧٦

گوڵم ئەی نازەنینی گوێ بەگواڕە
دەم و لێوت گوڵ و خونچەی بەهارە
دەدا موژدەی بە قەلبی پاکی شاهۆ
دڵت کانی سەفا و ئەفسوونی یارە

بتا! در گوش، گوش‌آویز داری
لبِ می‌گونِ شکّرریز داری
بشارت می‌دهد این دل به فایز
دلی در سینه مهرانگیز داری

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٧٧
گوڵم ئاسک و غەزاڵی کامە دەشتی
لە دەورانی جەوانی زۆر بە گشتی
لە ڕووی شاهۆ بەلەز وا تێپەڕی تۆ
وەکوو عومری فەنا هەروا لە گەشتی

ندانم ای غزالم! از چه دشتی
در ایّام جوانی خوش گذشتی
گذشتی از برِ چشمان فایز
چو عمر رفته، رفتی، برنگشتی
٣٧٨
بە باڵا مەزهەری سەروی خودایی
لەجوانی دڵڕفێن و دڵڕوبایی
بە بەژن و دیمەنی جوانی خودادا
مەخابن کە نموونەی بێ وەفایی

به قامت مظهر سرو رسایی
به طلعت دلفریب و جانفزایی
تو با این قامت و حسن خداداد
هزار افسوس ای مه، بی وفایی

۳۷۹
کەڵەشێر بەو شەوە تۆ هەرزە خوانی
دەم و کاتی سەحەر چۆن پێت نەزانی
لەخەو گەر ڕاپەڕێنی یاری شاهۆ
وە شابالّت کەوێ تیری نیهانی

خروس امشب بداده هرزه خوانی
مگر وقت سحر امشب ندانی؟
اگر بیدار گردد یار فایز
به بالت تیر تا شهپر نشانی
۳۸۰
بە مۆمی ڕووت دڵم سووتاو نە ترسای
بەناحەق خۆینت ڕشتم کیژی تەرسای
کە دیتت داوی زولفە یاری شاهۆ
ئەمن سووتام و تۆ چرکێک نە گیرسای

تو آتش رخ دلم پروانه کردی
ز خون ناحقم پروا نکردی
تو دیدی دام زلف یار فایز
چرا ای مرغ دل پروا نکردی

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

۳۸۱
وەرە گیانە کە کوشتوومی جودایی
لەسەر سەر تێپەڕیوە بێ وەفایی
مەبەستت قەتڵی شاهۆیە بە قوربان
بە ئاماژە و بە ئەنگوستی خەناوی

بیا جانا که مُردم از جدایی
ز حد بگذشت ظلم و بی وفایی
گرت که قتل فایز هست مقصود

اشارت کن به انگشت حنایی
۲۸۲
خوداوەندا دەخوڵقێنی گوڵی ناز
کەو و بولبول دەخوڵقێنی دەگەڵ باز
له بۆ شاهۆ ئەبەو دەردە نەدا گیان
که خوڵقاندت پەری و شاهێن و شاباز

خداوندا گل ناز آفریدی
تو کبک و بلبل و باز آفریدی
چرا فایز از این غصه نمیرد
پری رخسار و شهباز آفریدی
۳۸۳
زەمانێکی به کەزیەی پڕ له تاوی
بزێکی هات به لێوی پڕ گوڵاوی
که هەی هەی دووركەوه شاهۆ ئەلێرە
له بازاری جحێڵان ناشیاوی

صباحی دلبر گیسو بلندی
به زیر لب به من زد نیم‌خندی
که: هی هی دور شو فایز! از اینجا
به بازار جوانان ناپسندی
۳۸٤
گوناهم چەس که میهرت لێ بڕیوم
چ بێ میهریت له دوونیا پێوە دیوم
دەبی ڕۆژێ له کردارت پەشیمان
له بەرچی من بەدووی شاهۆ ڕەویوم

چه بد کردم؟ که مهر از من بریدی
نمی‌دانم بدی از من چه دیدی
پشیمان می‌شوی روزی دو صد بار
که در دنبال فایز می‌دویدی

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٨٥
دەکەی مەستم بە پەیمانە هەوەڵجار
بە دانە چۆن دەکا بولبول گرفتار
دەگەڵ شاهۆ دەبێوە هاودەم و ڕاز
دەنۆشی بێ ترس خوێنم بە یەکجار

در اوّل مستم از پیمانه کردی
چو مرغم آشنا با دانه کردی
گرفتی انس با فایز آمد ولیکن
به خون‌آشامیم پروا نکردی
٣٨٦
لە بان سەر گەر بڕوانی تاو دەبینی
گوڵی نیلوفەری سەرئاو دەبینی
بڕۆ شاهۆ کەتاوانت ئەوەندەس
لە خەونیشدا پەری گوڵناو دەبینی

به بالا بنگری مهتاب بینی
گل خوشبو کنار آب بینی
برو فایز! سزای تو همین است
پری مثل من اندر خواب بینی
٣٨٧
گوڵم سەر خێڵی جوانانی جیهانی
ئەتۆ مانگی زەوی نەک ئاسمانی
مەسیح دەی ژیاندەوە مردوو هەمیسان
ئەتۆ هەم گیاندەر و ئەستێنی گیانی

صنم! سرخیل ترسازادگانی
مهی امّا نه اندر آسمانی
مسیحا مردگان را زنده می‌کرد
تو هم جان می‌دهی هم جان ستانی

٣٨٨
شنە بۆنێکی خۆشت وا لە لایە
ئەوە بۆنێکی خۆشی ئاشنایە
لە دڵ بردت غەمی شاهۆ بەجارێ
بەرامەت بۆنی کەزیەی یاری لایە

نسیم عنبر شمیمی از کجایی
که آمد از تو بوی آشنایی
تو غمها از دل فایز زدودی
یقین از عطر زلف یار مایی

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٨٩
ئەوەندە من لە دونیا دا گەڕاوم
ئەمن نەمدی لە وێنەت گوڵ بە چاوم
لە خۆشی و شادمانی و عەیش شاهۆ
نەبوو غەیری وتووێژ تاکوو ماوم

به گیتی هر چه کردم جستجویی
به گلزارش ندیدم رنگ و بویی
ز اوضاع نشاط و عیش فایز!
ندیدم هیچ غیر از گفتگویی
٣٩٠
ئەگەر مانگی لە ژێر هەوری هەتا کەی
موسوڵمانی وەیا گەوری هەتا کەی
لەمن سووڕە کە شاهۆ هەر دەکوژرێ
بکوژە دەی ئیتر سەبری هەتا کەی

اگر ماهی، به زیر ابر تا کی؟
مسلمانی به دین گبر تا کی؟
اگر دانی که فایز کشتنی هست

بِکُش ای بی مروّت! صبر تا کی؟
٣٩١
دەخولقێنی خودایە زولف و گەردەن
لە من سووڕە دەخولقێنی لەبەر من
هەتا شاهۆ بسووتێنی بە جارێ
دەخوڵقێنی ئەوانەی شۆخی هەردن

خدایا! زلف و گردن آفریدی
یقین بهر دل من آفریدی
یقین بهر دل بیچاره فایز
بت پاکیزه دامن آفریدی
٣٩٢
دوو چاوانت هەیانە مەیلی یاری
بە دەس شیری برۆت دەمرم بە زاری
بە چرپە پێی کوتی کەزیەت بە گوێتا
یەقین شاهۆ دەکوژی زۆر بە خاری

دو چشمان تو دارند میل یاری
ولی زابروت می‌ترسم به زاری
شنیدم زلف در گوشت چه می‌گفت
تو فایز می‌کشی امّا به خواری

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٩٣
لە من خۆ ڕووی نەداوە یار خەتایی
ئەتۆ کردت لە گەڵ من بێ وەفایی
بوتی شاهۆ ئەوایە چارەنووسمان
دەبێ چبکەین دەگەڵ چارەی خودایی

نە از من سر بزد دلبر خطایی
نە از تو بود جانا بی‌وفایی

بت فایز مقدّر این چنین شد
چه باید کرد تقدیرِ الهی
٣٩٤
وەرە سەبری بڕیوم داخی دووری
هەتا کەی پیشە کەم ڕەنجی سەبووری
لەبەر چاوانی شاهۆ گەرچی دووری
لە نێو قەلبم هەموو دەم بەرحزووری

بیا کز حد گذشت ایّام دوری
کنم تا کی ز مهجوری صبوری
اگرچه دوری از چشمان فایز
ولی با دل تو دایم در حضوری
٣٩٥
لەبەر چاوم بزر بووی ئەی جەوانی
لەمن تاریک و توشە زیندەگانی
هەواڵت هەس کە شاهۆ پیری کوشتی
لە تۆڵەی من مەگەر خوێنم بسانی

ز پیشم رفتی ای عهد جوانی
مرا شد تیره بی‌تو زندگانی
خبر داری که پیری کُشت فایز
بیا کز وی مگر خونم ستانی
٣٩٦
خودا هەر تۆی کە ڕەحمان و ڕەحیمی
بە سیر و رازی قەلبی من عەلیمی
گوناهی بۆیە کرد شاهۆ دەزانێ
کە تۆ غەففار و سەتتار و کەریمی

خداوندا تو رحمان و رحیمی
به اسرار ضمیر من علیمی
از آن فایز گنه کرده که دانست
که تو غفّار ستّار و کریمی

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٣٩٧
زەلیل و زار و بێمارت نەکردم
لە ڕووی دوژمن نەوی و زارت نەکردم
کە ڕووبەندت وەلانا ڕوو بە شاهۆ
بە تاڵی موت گرفتارت نەکردم؟

ذلیل و زار و بیمارم نمودی
به پیش دشمنان خوارم نمودی
گرفتی برقع از رو پیش فایز
به تار مو گرفتارم نمودی
٣٩٨
لە سەر ڕووت بسکی لولت داوە جێگا
قەلێکت تۆ لە جەننەت داوە ڕێگا
کە جێگر بووی لە شانی یاری شاهۆ
ئەتۆش بوویە مەلێکی داری تووبا

سیەزلفان به رخ مأوا نمودی
تو زاغی چون به جنت جا نمودی؟
به دوش یار فایز کردەای جا!
مکان در شاخەی طوبی نمودی
٣٩٩
گوڵم گەر زیندە بای هەر فیتنە بووی تۆ
کە گیانت با دڵی دەستاندم ڕووی تۆ
بە ئیمان و قەرار و سەبری شاهۆ
بزەی گاڵتەی دەکرد هەردەم لە دووی تۆ

بتا! گر زنده بودی فتنه بودی
وگر جان داشتی دل می‌ربودی
به ایمان و قرار و صبر فایز

به لبخندی تمسخر می‌نمودی

٤٠٠

دڵت بردم عەزیزم دڵبەری تۆ
کەوانداری به تیر و خەنجەری تۆ
دڵی شاهۆی ڕفاندۆ چاوی شەهلا
نه ماوه باوی مامز ڕاوکەری تۆ

به دلبردن تو جانا! خوش دلیری
که دایم با کمان و تیغ و تیری
دل فایز ببرد آن چشم شهلا
نباشد رسم آهو شیرگیری

□ وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٤٠١

دەڵێن چاوت بەئەبرۆ فیتنەیی تۆ
کەج و خوار و به ڕازی سینەیی تۆ
برۆ شاهۆ له ئەبرۆی یار حەزەر که
له تیرهاوێژی تورکی وێنەیی تۆ

دو چشمان گفت ابرو فتنه‌جویی
همیشه کج‌نشین، رازگویی
بت فایز از این ابرو حذر کن
ز تیرانداز ترکِ تندخویی

٤٠٢

له دووی کۆچم نەکەن گریان و زاری
نه پرسه و شیوەن و نه تازیەداری
بڵێن شاهۆ که کوشتەی دەستی یاره
که بێ بەرخوێنه کوشتەی دەستی یاری

پس از مرگم نخواهم های هایی
نه فریاد و نه افغان و نوایی

بگویی: گشته فایز کشتەی دل
ندارد کشتەی دل خون بهایی
٤٠٣
وەرە گوێ بگرە بۆ باسی جودایی
حەدیسی سۆز و سەبری بێنەوایی
وڵامت نارد که شاهۆ دێمه لای تۆ
دەترسێم من بکووژێ بێوەفایی

بیا تا گویمت شرح جدایی
حدیث صبر و سوز و بینوایی
تو خود گفتی که: آیم سوی فایز
ولی ترسم بمیرم تو نیایی
٤٠٤
ڕوحم دەرچوو به ئازاری جودایی
بەرەو من بۆ نەهات جوانی خودایی
ئەتۆ ناترسی پاشی قەتڵی شاهۆ
به تۆ بێژن که یاری بێوەفایی

مرا جان بر لب آمد از جدایی
به سوی من نمی‌آیی کجایی
نمی‌ترسی که بعد از قتل فایز
بگویندت تو یار بی‌وەفایی

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٤٠٥
دڵم ئیمشەو لەسەر جێگەت نەماوی
بەرەو کوێ چووی له لای کێ دانراوی
دڵی شاهۆ به چەشنی چەپکەیەک گوڵ
له دەستان کەوتیه خوار و لێک بڵاوی

دلا! امشب نه بر جای خودستی

کجا رفتی بگو با کی نشستی
دل فایز چو گل در دست خوبان
فتاد و رفت از دستی به دستی
٤٠٦
لە دەستم چووی گوڵی باغی شەهێنی
لەناخی دووزەخی هیجرم دەچێنی
ئەتۆ نەتوت کە شاهۆ یاری من بوو
لە من دەبڕێی بەبێ سووچ و نهێنی

ز دستم رفتی ای حور بهشتی!
مرا در دوزخ هجران، بهشتی
نگفتی: فایزی هم داشتم من
بریدی بی‌سبب تخمی که کشتی
٤٠٧
لەمن ئەی ئاسمان چەوتیت چ دیوە
کەوا یارت لە قەلبم هەڵبڕیوە
دوو حەوتوو بوو لە وەسڵی یار شاهۆ
بەڵام عومرێک لە من داوت تەنیوە

الا ای آسمان! از من چه دیدی؟
که از کین یار من از من بریدی
دو هفته بود وصل یار فایز
تو عمری انتقام از من کشیدی
٤٠٨
وەها زارم لە هیجران و نزاری
نە نانّەم دی نە گریان و نە زاری
ئەگەر یار بێتە لای شاهۆ دەدا گیان
وەکوو نانّەی مەڵێکی مێرغوزاری

چنان زارم که از فرط نزاری
نه از من ناله می‌آید نه زاری
به کوی فایز ار آید دهد جان

نوای مرغ زار از مرغزاری

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٤٠٩
شەوە مانگێکی حووت و بورج و ماهی
جوانی، دڵڕفێنی، چەمسیاهی
لە تۆ دوور بن حەسوودان و ڕەقیبان
کە بۆ شاهۆ بەشێکی تاجی شاهی

شب مهتاب و حور و برج و ماهی
جوانی و بتِ مژگان‌سیاهی
جدا از حاسدان، دور از رقیبان
همین، فایز! به است از تاج شاهی
٤١٠
دەخوازم یارمەتیم دەی زاتی باری
لە دەستی من نەیە چەوتی و نەیاری
لە هەر دوو عالەمیش شاهۆ خەساری
بەجێی بێڵن بە گریان و بە زاری

خداوندا! تو یاری کن تو یاری
که از من بر نیاید هیچ کاری
بوَد فایز زیانکار دو عالم
اگر او را به جای خود گذاری
٤١١
ئەتۆ ڕۆژی وەیا مانگێکی خاسی
لە مانادا چ نابینم کەماسی
لە تۆ گەر دوور کەوێ شاهۆ دەفەوتێ
بە تۆ حەوجێ ترم وەک ئاو و ماسی

ندانم آفتابی یا که ماهی
من این معنی نمی‌دانم کَماهی

بمیرد فایز ار دور از تو باشد
به تو محتاج تر زآبم که ماهی
٤١٢
نەبوو جارێ لە پەیمانم قسووری
هەمودەم هەر بە ئارامی و سەبووری
جەفاشی هەرچی دی شاهۆ لە یاری
ئەمن نەمکرد تەنانەت تووکی دووری

نکردم در وفاداری قصوری
نه در صبر و شکیبایی فتوری
جفا هر چند دیدم فایز از یار
نکردم از جفاهایش نفوری

□وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

٢١٣
نامەوێ شاهی و تەختی سوڵتانی
نە شیرنی ئەرمەن بە ڕەوتی جوانی
شاهۆ ناخوازێ غەیری دڵداری
نە ئەسکەندەر و ئاوی حەیوانی

نه خسرو خواهم نه خسروانی
نه شیرین خواهم و حسن جوانی
نمی‌خواهد به جز دلدار فایز
نه اسکندر، نه آب زندگانی
٤١٤
لە دووی پیری کە بێ هێز و تەوانم
هەزار خۆزگە کە خۆم دیبا جەوانم
لەدەستت چوو جەوانی کاکە شاهۆ
بەسەرچوو، بێ جەوانی کاتی ژیانم

پس از پیری و ضعف و ناتوانی

دریغا باز می‌آمد جوانی
جوانی رفته از دست تو فایز!
نخواهم بی‌جوانی زندگانی
٤١٥
بە ڕواڵەت گەر لە چاوانم بە دووری
لەناخم هاونشینی قەلبی سووری
شەو و ڕۆژ ئەو پەری روخسارە شاهۆ
لەنێو پەردەی دڵی من بەرحزووری

به ظاهر گر ز چشمانم جدایی
به باطن همنشین جان مایی
شب و روز ای پری رخسارِ فایز
تو اندر پردەی دل می‌نمایی

گوڵی شاهۆ گرفتاری چ کاری
بدە دەسماڵی دەستت یادگاری
بدە دەسماڵی دەستت تاکوو بیشۆم
بە فرمێسکی چەم و سابوونی لاری

بت فائز! بفرما در چه کاری
بده دستمال دستت یادگاری
بده دستمال دستت تا بشویم
به آب زمزم و صابون لاری

چەماوە قامەتم دەستم بە دارە
نەماوە حوکمی چاوم، پەردە تارە
ئەوەی موژدەی بەهەشت و حۆرە شاهۆ
وتە و ڕاوێژی لێوی ئاڵی یارە

نه قامت، تازه سرو جویبار است
نه نرگس، چشم آهوی تتار است
حدیث سلسبیل و حور فایز

بیان صحبت لب‌های یار است

سەحر هاتۆ بناڵێنە بە تارت
هەتاکوو بژنەوم ئاوازی زارت
دەڵێن شاهۆ! لە خوا یەک ئارەزووت هەس
کە دانیشی لە رووگەی گوڵهەنارت

سحر برخیز گو لالای رودت
که تا من بشنوم صوت و سرودت
که فایز از خدا یک وایه داره
نشیند بار دیگر رو به رویت

خەنەی دەستت چەنێ جوانە بە قوربان
بۆلای قەننە نەچی چاوم! گوڵی جوان!
دەسووتێ دەستی جانانم بە قورئان
بۆ خۆم دەیهێنمە خزمەت جانی جانان

به قربان حنای پشت دستت
تو قلیان چاق مکن می‌سوزه دستت
تو قلیان چاق مکن از بهر فایز
خودم چاق می‌کنم می‌دم به دستت

سەرت بەرزکە و بنۆرە تەشقی بەرزان
لە قەلبی من بڕوانە ئەی گوڵی جوان
دڵی شاهۆ گڕووی گرتۆ بەجارێ
بەلالاییت دە بینوێنە پەریخان

سری بردار و سر بالا کن ای دوست!
نگاهی بر دمِ حالا کن ای دوست!
دل فایز چو طفل کر گرفته
بخوابانش ،کمی لالاَ کن ای دوست!

وەرگێڕاوی دووبەیتێکانی فائیز، وەرگێڕانی: مامۆستا شاهۆ موکریانی.

بە شوکرانەی زاتی پاکی خوا دەسپێکی وەرگێڕان ۰۱۳۸۰/۰۵/۰۱ وە لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ۱۳۸۱/۱۱/۳۰ بە یارمەتی خوا تەواو بوو.
سپاس و ڕێزی تایبەت بۆ هەموو ئەو ئازیزانەی دەو کارەدا هاندەرم بوون بە تایبەت مامۆستا سووتام، مامۆستای خۆشەویستم، وە هەر وەها مامۆستا کەمالّی ڕەحمانی کە ئەرکی نووسین و پێداچوونەوەی بۆ کردووم بێ ئەندازە ڕێز و پێ زانینم هەیە دەست و هەستی هەمووتان ماچ دەکەم.

چووکەتان سید سمایل شاهۆیی، شاهۆ موکریانی.

ڕووبار و تاوێر

کە بەفری سەر چیا تواوە بە تاوێ
بە لوزەو هاتە خوار لێشاوی ئاوێ

بە خوڕ هات و دە بەردێکی هەڵەنگوت
بە نەرمی دوا بە بەردی ڕهق ئەوەی گوت

گوتی: ڕێبواری بەرزی بۆ نشێوم
بە لەز ڕێگا بەرەو دەریا دەپێوم

دەزانم بەردی قایم، تۆش دەزانی
لە چۆلی ڕا، دەچم بۆ ئاوەدانی

دەچم تا گوڵ دە ئامێزم وەرێنم
لە دەوری گوڵ گوڵاڵان هەڵپەڕێنم

سەری ساڵە، بەهارە، خاکەلێوە

لە خاکی کوردەواریدا بە ڕێوە

دەچم تا دێوی زستانی شەکەت کەم
هەچی جوانیە، هەموویان یەک بە سەت کەم

بەڵێنیم داوە تا زووتر لە باران
بچم بۆ خزمەت و پابۆسی یاران

قەڵس بوو بەرد گوتی: ئاوی شڵومل
بەهی وەک تۆ ئەمن نادەم خولوتل

ئەگەر نەتبیستووە ئەو پەندە، غەدرە
هەتاکوو بەرد لە جێی خۆی بێ بەقەدرە

بەرامبەر هێرشی تۆ ڕادەوەستم
بە تۆ سەهلە، بە لافاویش دەوەستم

قەڵس بوو ئاو لە پڕ پۆنگاوی داوە
وڵامی بەردی ناهەمواری داوە:

ئەتۆ شاخ و ڕهوەز بووی ڕۆژگارێ
کە ئەو نی، ڕێگری ئەوڕۆکە جارێ

بەڵام من ڕێبواری دۆڵ و دەشتم
بەهاران هۆگری سەیران و گەشتم

لە هەر جێیەک ببینم لێو بە بارێ
بزەی دێتێ، کە هەبینێ بەجارێ

که زانی بەردی ڕهق خۆ نابزێوێ
بە سوچێدا بچێت و ڕێ بپێوێ

هەڵیماڵی لە داخان پیل و قۆڵی
بنی بەردی وەکوو چاڵێکی کۆڵی

تلیساوە بنی بەرد و تلاسا
لەپڕ ڕا هەڵقەنا، خەجڵاو و کاسا

بە شاتللۆرە هاتە پاڵ ڕهمەندێ
بەوردوخاشی کەوتە سەر زەمەندێ

لەت و پەت بوو، نەما ئیدی نیشانی
بە غەیری سەخت و ناڕێکی نیهانی

ئەتۆ ئینسان کە تامەزرۆی مەبەستی
هەتا ئەوکاتە زیندویو و بە هەستی

مەوەستە ڕێگە گەر سەخت و ڕهوەز بێ
دەبێ سەختی لە چەنگانت وەڕهز بێ

بە تێکۆشان بەجێ دێ، گیانە داوات
ئەوانەی بێ وڕەن ناگەن بە ئاوات

✍ڕەسوول ڕهشئەحمەدی "هەڵوەدا" ــ مەهاباد.

•سوژە و مانای ئەو شێعرەم لە (چشمە و سنگ)ی ملک‌الشعرای بهار وەرگرتووە و بە شێوەیەکی ئازاد کوردانداوومە.

چشمه و سنگ

جدا شد یکی چشمه از کوهسار
به ره گشت ناگه به سنگی دچار

به نرمی چنین گفت با سنگِ سخت:
»گَرَم کرده، راهی ده ای نیکبخت«

گران‌سنگِ تیره‌دلِ سخت‌سر
زدش سیلی و گفت: «دور ای پسر«!

»نجُنبیدم از سیلِ زورآزمای
که ای تو، که پیش تو جُنبم ز جای؟«

نشد چشمه از پاسخ سنگ، سرد
به کَندن در استاد و ابرام کرد

بسی کَند و کاوید و کوشش نمود
کزآن سنگِ خارا رَهی برگشود

ز کوشش به هر چیز خواهی رسید
به هر چیز خواهی گَماهی رسید

برو کارگر باش و امّیدوار
که از یأس جُز مرگ ناید به بار

گرت پایداری‌است در کارها
شود سَهل پیش تو دُشوارها

□ ملک‌الشّعرا «بهار»

گورگی ناخ

زانایەک وتی: گورگێکی زۆر هار
لە ناو دڵاندا خۆی داوە حاشار

شەڕێکی گەورە لە بەینی مە و ئەو
نابڕێتەوە بە ڕۆژ و بە شەو

بە هێزی دەستان ناکرێ چاری
هەر خاوەن عەقڵ دەکا باشاری

ڕەنگە کەسێکی بێهێزی فەقیر
دەستی لە تینووی گورگی بکا گیر

بەڵام زۆر کەسی خاوەن هێزی زۆر
وەک ئەو ماسیە بێ خرابێتە تۆڕ

هەر کەسێ گورگی بە عەرزی دادا
بە دوور نیە ببێ بە دۆستی خودا

بەڵام هەر کەسێ هەلکا لە گەڵی
نەجاتی نابێ کەس لە گێچەڵی

ئەوەی لە گورگی دایمە دەبەزێ
هەر وەکو گورگ خەلکی دەگەزێ

بە جحێڵی مرخی گورگی خۆت ببڕە
لە گەڵت پیر بێ حاڵت زۆر شڕە

لە کاتی پیری گەر وەکو شێر بی
زۆر سەختە لە ڕاست گورگەکەت نێر بی

خەلکی کەوا گشت دمیان تێک ناوە
گورگیان بە گەورە وە پێش خۆ داوە

بۆیە ئەو خەلکە تاڵی دەچێژن
هەموو بۆ گورگان وەک مەڕی گێژن

بۆیە ئەو خەلکە مەڕی بێشوانە
گورگ لە دنیا فەرمانڕەوانە

ئەو زاڵمانە بۆیە وا یەکن
گورگی دەروونیان نزیک لە یەکن

خەڵک دژی یەک، گورگەکان تەبان
خوایە هەر بۆ خۆت ڕەحم کە پێمان

✍کەماڵ ڕەحمانی ۹۳/۰۲/۲۲ میـراوێی سەردەشت.

گرگ درون

گفت دانایی که گرگی خیره‌سر
هست پنهان در نهاد هر بشر

لاجرم جاریست پیکاری سترگ
روز و شب مابین این انسان و گرگ

زورْ بازو چارهٔ این گرگ نیست
صاحب اندیشه داند چاره چیست

ای بسا انسان رنجورِ پریش
سخت پیچیده گلوی گرگ خویش

وی بسا زورآفرینْ مردِ دلیر
هست در چنگال گرگ خود اسیر

هر که گرگش را دراندازد به خاک
رفته رفته می‌شود انسان پاک

وان که از گرگش خورد هر دم شکست
گرچه انسان می‌نماید، گرگ هست

وان که با گرگش مدارا می‌کند
خلق و خوی گرگ پیدا می‌کند

در جوانی جان گرگت را بگیر
وای اگر این گرگ گردد با تو پیر

روز پیری گر که باشی همچو شیر
ناتواني در مصاف گرگ پیر

مردمان گر یکدیگر را می‌درند
گرگ‌هاشان رەنما و رهبرند

این که انسان هست اینسان دردمند
گرگ‌ها فرمانروایی می‌کنند

وان ستمکاران که با هم محرمند
گرگ‌هاشان آشنایان همند

گرگ‌ها همراه و انسان‌ها غریب
با که باید گفت این حال عجیب

✍فریدون مشیری.

تووتی کەچەل!

تووتییەکی هەبوو وردە فرۆشێک
چلۆن پێتۆڵێک؟ چۆن قسە خۆشێک؟

لەبەر گەچپارچی و گاڵتەی ئەو مەلە
کڕیار کومەڵ و کابرا بە پەلە

ڕێی دەستی نەبوو سەری بوخرێنێ
دراو بستێنێ و فرۆشراو بێنێ

ڕۆژێ مام دەرۆیش چوو بۆ مزگەوت
گورپەیەک ڕێگەی لە دووکان کەوت

کەڵپی چیڕ کردن لە تووتی خواردن
تووتی ڕاپەڕی بۆ خۆ وەشاردن

باز لە پشیلەو لە تووتی فڕە
ڕژایە سەریەک شاتاڵ و شڕە

شووشە ڕۆن بادام داکەوت و پژا
ڕۆن بادام بەسەر گراردا ڕژا!

خاوەن هاتەوە سەر ماڵی وێران
پەل و پلاری داویشت وەک کوێران

چەپۆکێکی دا لەسەری تووتی
توکی لێ وەری و سەر، ما بەڕووتی

مات و کڕ و کپ دەمی پێکادا
کۆمای کڕیاریش لە کابرای لادا

ئەهاتن تا گوێ لە قسەی خۆش بگرن
ئێستا بۆچیانە دەرۆیشی ورگن

خێو کە تووشی هات بازاڕی کەساد
پەژیوان ببوو کەوتە خودا داد

دەپاڕایەوە بە نالّە و ڕۆڕۆ

بەڵکوو مەل دیسان بێتە گفتوگۆ

هیچ بەهرەی نەما نزای زمانی
ناچار گایەکی کردە قوربانی

بەناو باژێردا گەڕا و بانگی هێشت:
هەر کەس هەژارە با بێتە سەر چێشت

کۆ بۆوە گەلێک تەنبەڵ و ڕووتەڵ
تووتیەکی دیت وەکوو خۆی کەچەڵ

بانگی کرد خاڵۆ کێ لێیدای بە مشت
تۆش دیارە وەک من ڕۆن بادامت ڕشت

تووتی کەوتەوە وتار وەک جاران
ئەمەش بوو بە پەند لە جەرگەی یاران:

هەر بیر لە خۆیە هەرکەس داخێوێ
لە هەنبانەی خۆی گوێزان دەپێوێ

✍هەژار بۆ کوردستان، لاپەڕە ٢٥٧و٢٥٨، چاپی نۆهەم.

حکایت بقال و طوطی

بود بقالی و وی را طوطیی
خوش‌نوایی سبز و گویا طوطیی

بر دکان بودی نگهبان دکان

نکته گفتی با همه سوداگران

در خطاب آدمی ناطق بدی
در نوای طوطیان حاذق بدی

خواجه روزی سوی خانه رفته بود
بر دکان طوطی نگهبانی نمود

گربه‌ای برجست ناگه بر دکان
بهر موشی طوطیک از بیم جان

جست از سوی دکان سویی گریخت
شیشه‌های روغن گل را بریخت

از سوی خانه بیامد خواجه‌اش
بر دکان بنشست فارغ خواجه‌وش

دید پر روغن دکان و جامه چرب
بر سرش زد گشت طوطی کل ز ضرب

روزکی چندی سخن کوتاه کرد
مرد بقال از ندامت آه کرد

ریش بر می‌کند و می‌گفت ای دریغ
کافتاب نعمتم شد زیر میغ

دست من بشکسته بودی آن زمان
که زدم من بر سر آن خوش زبان

هدیه‌ها می‌داد هر درویش را
تا بیابد نطق مرغ خویش را

بعد سه روز و سه شب حیران و زار
بر دکان بنشسته بد نومیدوار

می‌نمود آن مرغ را هر گون نهفت
تا که باشد اندر آید او بگفت

جولقیی سر برهنه می‌گذشت
با سر بی مو چو پشت طاس و طشت

آمد اندر گفت طوطی آن زمان
بانگ بر درویش زد چون عاقلان

کز چه ای کل با کلان آمیختی
تو مگر از شیشه روغن ریختی

از قیاسش خنده آمد خلق را
کو چو خود پنداشت صاحب دلق را

✍مولوی، مثنوی معنوی، دفتر اول.

سەندت لە دەسم خودا هەچی مۆڵکی منە
دات بەو تەرەسەی کەوا نە پیاوە و نە ژنە
لەم گەردشی چەرخە تێگەییم ئەی بێ باک
شیر لێدەر و دەفزەنت وەکوو یەک لە کنە

مەلا مەحموودی موفتی "بێخود."

یا رب ستدی مملکت از همچو منی
دادی به مخنثی، نه مردی نه زنی
از گردش روزگار معلومم شد
پیش تو چه دفزنی چه شمشیرزنی

لطف علی خان زند.

ئەوی رزگار ئەبین پێی ڕۆژی دوایی
یەکەمیان دڵبەجێهێنانی دایکە
خودا فەرمووی بە دەربانی بەهەشتی
ئەوی زانیت عەزیزی دایکە دای کە

پیرەمێردی نەمر.

ز اسباب نجات اندر قیامت
نخستین‌اش رضای مادران است
بلی این قصه را از خود نگویم
خدا گفته رضای ما درآن است

نالّەی دەروون، شێخ محەممەدی خاڵ، جزمی دووهەم، چاپی یەکەم ١٩٨٥ز، لاپەڕە ١٢٦و١٢٧.

من مِی خورم و هرکه چو من اهل بود
می خَوردن من به نزد او سهل بود
می خوردن من حق ز ازل می‌دانست

گر من نخورم علم خدا جهل بود

✍سراج‌الدین قمری.

مەی ئەخۆم، هەرکەس وەکوو من ئەهلە
مەی خواردنەوەی من لە لای ئەو سەهلە
خوا لە ئەزەلدا خواردنەوەی زانیم
گەر نەیخۆمەوە عیلمی خوا جەهڵە

✍شێخ محەممەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، جزمی بیست‌وحەوتەم، چاپی یەکەم، لاپەڕە٢٣٨.

خیام! جواب شبهه‌ات سهل بود
علم ازلی هم تبع فعل بود
با قطع نظر ز علم هر معلومی
واقع نشود علم کجا جهل بود؟

✍موفتی زەهاوی.

جوابی شوبهەی تۆ خەیام! ئاسانە
زانین لە شوێنی کردە ڕەوانە
تۆ واز لە زانین بێنە هەر چشتێ
گەر نەبێ، بۆچی زانین نەزانە؟

✍شێخ محەممەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، جزمی بیست‌وحەوتەم، چاپی یەکەم، لاپەڕە٢٣٩و٢٤٠.

بێهوودەیە بیر و خەم، دڵت خۆش کە برا
پرسیار نەکرا، بەشت درا هەرچی درا
تۆ هێشتە نەهاتوویە جیهان، ڕۆژی بەرێ

ئەو ڕۆژە دەبوو بچییە دەرێ، دیاری کرا

بر لوحْ نشانِ بودنی‌ها بوده‌است،
پیوسته قلم ز نیک و بد فرسوده‌است؛
در روز ازل هر آن‌چه بایست بداد،
غم خوردن و کوشیدنِ ما بیهوده است،

مردن چییە؟ کەس تێنەگەیی تا وێستا
تەوڕات و زەبوور، تا دەگەیە ئاوێستا
زۆر کەس لە ژیان دواوە زانایانە
بۆ باسی مەرگ گێل و نەزان ڕاوێستا

کس مُشکل اَسرار اَجل را نگشاد
کس یک قدم از دایره بیرون ننهاد
من می‌نگرم ز مُبتدی تا اُستاد
عجز است به دست، هر که از مادر زاد

بیستوومە بەهەشتێ هەیە حۆری تێدا
ڕووباری شەڕابی پاکی دەڕوا پێدا
من لێرە مەی و یارێ پەیا کەم چ دەبێ؟
دەسکەوتەکە هەر یەکن بە هەردووک ڕێدا

گویند بهشت و حورعین خواهد بود
آنجا مِی و شیر و انگبین خواهد بود
گر ما مِی و معشوق گزیدیم چه باک؟
چون عاقبت کار چنین خواهد بود!

بەس هەڵبخولێ بە دەوری پیس و پاکا

تا کەنگێ بە شوێن هەموو خراپ و چاکا
گەر زەمزەمی، یان دایبنێ ئاوی ژیانی
ناچاری دەبێ ڕۆچی بە سینەی خاکا

تا چند اسیر رنگ و بو خواهی شد؟
چند از پی هر زشت و نکو خواهی شد؟
گر چشمهٔ زمزمی و گر آب حیات
آخر به دل خاک فرو خواهی شد

ئەو ڕۆژە خودا سانی گیانی ڕانا
دەیزانی بە کردەوەم، خودایە و زانا
هەر خۆیەتی داینناوە هەڵە و سەرپێچیم
سووتانی جەهەندەمی لەبەرچی دانا؟!

ایزد چو گِل وجود ما می‌آراست
دانست ز فعل ما چه بر خواهد خواست
بی حُکمش نیست هر گناهی که مراست
پس سوختن قیامت از بهر چه خواست؟[١]

تیرێژ کە بە ڕۆژ و پێل بە دەریا دریا
لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی، بولبول گریا
خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمەش بەشمان
ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیا و بریا

آن روز که توسن فلک زین کردند
وآرایش مشتریّ و پروین کردند
این بود نصیب ما ز دیوان قضا
دردیّ و غمی، قسمت ما این کردند[٢]

]١ [وەپاڵ خەییام دراوە.

]٢ [ئەم شێعرەش وەپاڵ خەییام دراوە.

آن روز که مرکب فلک زین کردند
آرایش مشتری و پروین کردند
این بود نصیب ما زدیوان قضا
ما را چه گنه، قسمت ما این کردند
مهستی گنجوی

گریا گوڵێ بۆ گوڵاو سەر ئاگر نریا
ئەم بۆن و بەرامەیەم نەبووبا بریا
نرخی هونەر و جوانییە دەیبا گەردوون
کێ پێکەنی جارێکی، هەزار جار گریا

گُل گُفت به از لِقای من رویی نیست
چندین ستم گُلابگر باری چیست؟!
بُلبُل به زبان حال با او می‌گفت
یک روز که خندید، که سالی نَگریست[١]

لەو کۆشک و سەرایەدا کە جەم جامی گرت
ڕێوی تەرەکیوە، مامز ئارامی گرت
بارام کە هەموو ژیانی خۆی گۆڕی دەگرت
دیت بە چ جۆرێ گۆڕێ بارامی گرت؟!

آن قصر که جمشید در او جام گرفت،

آهو بچه کرد و روبَهْ آرام گرفت؛
بهرام که گور می‌گرفتی همه عُمر،
دیدی که چگونه گور بهرام گرفت؟!

گۆیا لە جەهەندەمن ئەویندار و مەست
بەم واتەیە پێکەنیم و گوستی خۆم گەست
جێی چەند کەری کوڵکنە ئەگەر وابێ بەهەشت
یان چۆڵ و بیابان و کپە وەک لەپی دەست

گویند مرا که: دوزخی باشد مست
قولی‌ست خلاف، دل در آن نتوان بست
گر عاشق و میخواره به دوزخ باشند
فردا بینی بهشت همچون کف دست

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

]١ [وەپاڵ خەییام دراوە.

ڕێم کەوتە گوڵستانەوە لای بولبولی مەست
بە چریکەیێ پێی گوتم گەلێ ڕاز و مەبەست:
تا گوڵ نەوەڕیوە تا لەشت نەبووە بە گڵ
وەک گوڵ بە دەمێ، دەم بە بزە و پیاڵە بە دەست

چون بلبل مست راه در بستان یافت
روی گُل و جام باده را خندان یافت
آمد به زبان حال در گوشم گفت:
دریاب! که عمر رفته را نتوان یافت

گێژی لە خەیاڵات و گلەی بەختی ڕەشت
ڕابوێرە هەتا بەجارێ نەبڕاوە بەشت
دەس بگرە بە بەندی سەر و پرچی جوانێک
تا هەڵنەوشێنراوە هەموو بەندی لەشت

زان پیش کە نامِ تو ز عالَم برود
مِی خور! کە چو مِی بە دل رسد، غم برود
بگشای سرِ زُلفِ بُتی بند ز بند
زان پیش کە بندبندت از هم برود

مەیگێڕ دە وەرە بەخێری چاوی کاڵت
دڵ تینووە جەرگم ڕەشە چەشنی خاڵت
وا تۆبە بەسەر یەکا شکا وەک پرچت
بۆم تێکە مەیەک لە ڕەنگی کوڵمی ئاڵت

برخیز وبده باده! چه جای سخن است؟
کامشب دهن تنگ تو روزیّ من است
ما را چو رُخ خویش مِی گلگون ده
کاین توبهٔ من چو زُلفَ تو پُر شکن است[١]

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

]١ [وەپاڵ خەییام دراوە.

بیرت دێ عەبای پێوەبوو جێ باری ملت؟
ئەو بیری لە دەریای ڕووپووچا نوقمت
ڕیشت لە دواوە هاتەدەر بوو بە کلک
نینۆکی دەس و پێت خڕوپڕ بوونە سمت

ای رفته و باز آمده و چُم گشته!
نامت ز میان نام‌ها گُم گشته!
ناخن همه جمع آمده و سُم گشته
ریش از پس پُشت آمده و دُم گشته[١]

ئەی شووشە بنازم بە دڵی خاوێنت
تاوم بدەرێ بە ئاوی خەمتاوێنت
دەستم بەر ئەدەم لە ئارەزووی دوور و درێژ
مەیگێڕ لەوەلا دەستی من و داوێنت

صبح است، دمی بر مِی گلرنگ زنیم،
وین شیشهٔ نام و ننگ بر سنگ زنیم،
دست از اَمَلِ درازِ خود باز کشیم،
در زلفِ دراز و دامنِ چنگ زنیم

هاتوومە جیهان چم بە چ کرد؟ تێگەی: هیچ
هەر بنج و بناوانی جیهان دەرخەی: هیچ
ڕووناکی‌دەرم، شەمم، کە فووم لێ کەی: هیچ
نەینووکی دەسی جەمم، لە بەردم دەی: هیچ!

بنگر ز جهان چه طَرْف بربستم؟ هیچ!
وَز حاصلِ عُمر چیست در دستم؟ هیچ!
شمع طَرَبم، ولی چو بنشستم، هیچ!
من جامِ جَمَم، ولی چو بشکستم، هیچ!

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

]١ [وەپاڵ خەییام دراوە.

باش ڕێگەی ئەچووم یا خۆ گلابم، ڕابرد
گەر دووڕەپەڕێز بووم و تەبا بم، ڕابرد
ترسم هەیە بۆم بێتە ژمار ڕۆژی ژمار
ئەو ژینە کە بێ یار و شەرابم ڕابرد

تا بازشناختم من این پای ز دست
این چرخ فرومایه مرا دست ببست
افسوس که در حساب خواهند نهاد
عمری که مرا بی مِی و معشوقه گذشت[١]

ڕۆژگاری مرۆ تیا ژیابوو، ڕابرد
ئاوێ بوو بە جۆدا چووە، با بوو، ڕابرد
هەرگیز مەڵێ وابوو واچوو، خۆش نایەتەوە
گەر تاڵ و زەبوون ژیاوی چابوو ڕابرد

این یک دو سه روزه نوبت عُمر گذشت
چون آب به جویبار و چون باد به دشت
هرگز غم دو روز مرا یاد نگشت
روزی که نیامده‌ست و روزی که گذشت

ئەو خوایە کە گەردوون و زەوی بەرپا کرد
ئەو ڕۆژە مەکۆی دەرد و خەمی پەیدا کرد
وەک ڕژد و چنۆک هەرچی بە نرخ و جوانە
هێنای بە پەلە و گورجێ دەخاکی ڕاکرد

آنکس که زمین و چرخ و اَفلاک نهاد

بس داغ که او بر دل غمناک نهاد
بسیار لب چو لعل و زُلفین چو مُشک
در طبل زمین و حُقّهٔ خاک نهاد

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

]١ [وەپاڵ خەییام دراوە.

ئەم گۆزە وەکوو من بووە، دڵدار و هەژار
جارێکی دڵی خۆش بووە، سەد جار خەمبار
ئەو هەنگڵ و دەسگرەی لە ملیا دیوتە
دەستێ بووە زۆر خراوەتە سەر ملی یار

این کوزه چو من عاشق زاری بوده‌است،
در بندِ سرِ زُلفِ نگاری بوده‌است؛
این دسته که بر گردن او می‌بینی
دستی است که بر گردن یاری بوده‌است!

بەس گێژ بە لە ناو پێنج و شەش و حەوت و چوار
مەی فڕ کە دەتاوێیتەوە وەک بەفری پار
نەتزانی لە کوێوە هاتگی ڕۆژی بەرێ
ناشزانی بەرەو کوێیە بەری پاشە هەوار

ای آمده از عالمِ روحانی، تَفت!
حیران شده در پنج و چهار و شش و هفت!
مِی نوش! ندانی ز کجا آمده‌ای
خوش باش! ندانی به کجا خواهی رفت

سەرخۆش بە بە مەی، لە سەر دەراوێژە کەسەر
ئەم کورتە ژیانە ڕێی خەمانی مەخە بەر
بەس گیژ و نەزان و هێڕ بە! خۆ تۆ زێڕ نی
ژێر خاک بکرێی، دووبارە بتهێننەوە دەر

زان پیش کە بر سرت شبیخون آرند
فرمای کە تا بادهٔ گلگون آرند
تو زر نەای ای غافل نادان کە تو را
در خاک نهند و باز بیرون آرند!

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

پەندێکی منالّەکەت بدە مامەی پیر!
با بازی بە خاک و گڵ نەکا، ژیری بەبیر
بێژنگی لە دەس دەرێنە بەس دابێژێ !
کەللـەی سەری مەزن و پاتشا و میر و وەزیر

ای پیرِ خردمند پگهْتر برخیز!
وان کودکِ خاکبیز را بنگر تیز!
پندش دە و گو کە، نرمنرمک می‌بیز!
مغزِ سرِ کیقباد و چشمِ پرویز!

لەش ناسک و لاوچاکی وەها هەن کچ و کوڕ
گوڵ دڕکە بەرانبەری بکەی، بێکەسە دوڕ
گەردوون کە بەدانستە دەیانکا، وەک شێت
تێکیان هەڵدەشێلێت و دەیانکاتەوە قوڕ

جامی است که عقل آفرین می‌زَنَدش

صد بوسه زِ مِهْر بر جَبین می‌زندش
این کوزه‌گر دَهْر چنین جامِ لطیف
می‌سازد و باز بر زمین می‌زندش!

تا کەنگێ خەریکی پێنج و چواران مەیگێڕ!
دڵخۆشی بدە بە کۆڕی یاران مەیگێڕ!
ژین کورتە ئەوەی نایەنێ خەم دابگرین
بۆم تێکە بە یادی چاوخوماران مەیگێڕ!

تا چند حدیث پنج و چار؟ ای ساقی!
مشکل چه یکی، چه صدهزار ای ساقی!
خاکیم همه، چنگ بساز ای ساقی!
بادیم همه، باده بیار ای ساقی!

□ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

خۆ لا مەدە دەی بادە کە با بێ مەیگێڕ!
بەرماڵ و جبەت گرەو لە لا بێ مەیگێڕ!
گوێ بگرە لە من هەرچی مەلا و شێخ گوتیان
دەگوێی مەگرە! لات وەکوو با بێ مەیگێڕ

آنان که ز پیش رفته‌اند ای ساقی!
در خاکِ غرور خفته‌اند ای ساقی!
رو! بادهِ خور و حقیقت از من بشنو:
باد است هر آنچه گفته‌اند ای ساقی

جارێکی بە مەستی عەرەبێکی پێخواس
نەیزانی لە لۆکی هەمزە ڕاساوە بە داس

مەی بۆیە حەرام کراوە، سا سەیری کەن
کورد بۆیە دەڵێ: لە هەمزە چیداوە هەباس؟!

ایزد به بهشت وعده ما را می کرد
اندر دو جهان حرام می را کی کرد؟
مردی به عرب اُشتُر حمزه پی کرد
پیغمبر ما حرام مِی بر وی کرد!

ئای خۆزگە ببایە جێگە بۆ سانەوەیەک
لەم ڕێگەیە دووڕە سووڕ و پێچدانەوەیەک
سەد خۆزگە لە پاش نەمان وەکوو سەوزەگیا
بکرایە لە گڵ هومێدی هەڵدانەوەیەک

ای‌کاش که جای آرمیدن بودی
یا این رَهِ دور را رسیدن بودی
کاش از پیِ صد هزار سال از دل خاک
چون سبزه امید بر دمیدن بودی!

✍چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

بۆ گۆزە کڕین دەچوومە لای گۆزەکەرێک
سەد گۆزە بە من پێکەنی، هەر یەک لە بەرێک
ئێمەی وەکوو خۆت ئەبەی سبەینێ خۆشت
وەک ئێمە دەبی بە گۆزە لای بێخەبەرێک

در کارگهِ کوزه‌گری بودم دوش
دیدم دو هزار کوزه گویا و خموش
هر یک به زبانِ حال با من گفتند:

»کو کوزەگر و کوزەخر و کوزەفروش؟«

ڕابوێرە بە سەربەرزی بە نان و ئاوێک
سەر دامەنەوێنە بۆ هەموو ناپیاوێک
لەم ژینە کە هەر دەمێکە دێت و دەڕوا
مەردایەتی مەفرۆشە لە پێناو تاوێک

یک نان به دو روز اگر بوَد حاصل مرد
از کوزه شکسته‌ای دَمی آبی سرد
مأمور کم از خودی چرا باید بود؟
یا خدمت چون خودی چرا باید کرد؟

خەو بەسیە بەیانە هەستە چاوکاڵی شەپاڵ!
گفتێکی شیرین بکە مەزەی بادەی تاڵ
کاروانی ژیان دەئاژۆێ ڕوو بە نەمان
هاکا من و تۆش دەبینەوە خەون و خەیاڵ

وقت سحر است، خیز ای مایهٔ ناز!
نرمَک نرمَک باده خور و چنگ نواز
کان‌ها که بجایند نپایند بسی
و آن‌ها که شدند کس نمی‌آید باز!

ئەم ژینە کە ڕابرێ، چ شیرین و چ تاڵ
تووش بی بە مەرگ، چ دەربەدەر بی چ لە ماڵ
بێ خەم بژی! خۆش بە! پاشی مەرگی من و تۆش
بێ پسانەوە دێن ڕۆژ و شەو و مانگ و ساڵ

چون عُمر به سر رسد، چه شیرین و چه تلخ

پیمانه چو پُر شود، چه بغداد چه بلخ،
خوش باش که بعد از من و تو ماه بسی
از سَلْخ به غُرّه آید، از غُرّه به سَلْخ!

بۆ بیری بەهەشت و ئاگرێ کەوتییە چاڵ
خۆشتر لە خەیاڵی شیرنە بادەی تاڵ
بەس ترس و هومێدی بێ نیشان و بەڵگە
پێشینە دەڵێن: کەس بە خەیاڵ نەبووە بە ماڵ

کس خُلْد و جَحیم را ندیده‌است ای دل!
گویی که از آن جهان رسیده‌است ای دل؟
امّید و هراسِ ما به چیزی است کِزان
جز نام و نشان نه پدید است ای دل!

ئەو ڕۆژە کە مردووم و لە دنیا نابم
ئەو کاتە کە لەش تۆز و گڵی بەربا بم
خاکم بکەنە گۆزەڵە، بۆ مەیخانە
تا مل پڕی مەی بکەن لەوانەم ڕابم

در پای اَجَل، چو من سرافکنده شوم
وَز بیخ اُمید عُمر، بر کنده شوم
زینهار! گِلَم به جز صُراحی نکنید
باشد که ز بوی می دمی زنده شوم

لەم بێخەبەری خۆمە کەساس و ماتم
بێهووده دەبووڕێ دەم و سات و کاتم
من ببم و نەبم، جیهان وەکوو خۆی وایە
مەیگێڕ وەرە لێکی دەوە! من بۆ هاتم؟

آورد به اضطرارم اوّل به وجود
جُز حیرتَم از حیات چیزی نفزود
رفتیم به اکراه و ندانیم چه بود
زین آمدن و بودن و رفتن، مقصود!

مەیگێڕ بە دووچاوە مەستەکانت مەستم
تۆم لابی لە دووجیهان بە چی دەربەستم
هاواری لە پیری دەستگیرە دەروێش
من پیرم و تۆم دەوێ کە بگری دەستم

ئزۆر گەڕام بەداخەوە هاوتا فارسییەکەم نەدیتەوە!!
تکایە هەر کەس دەیزانێ بۆم بنێرێ.

گیراوە قوڕم خرامە قالب، خشتم
بادراوی یەکێ ترم کە خاوم، گشتم
چاتر لەوە بم کە هەم، لەدەستم نایە
خوا ڕۆژی بەرێ بەو کلە چاوی ڕشتم

تا خاکِ مرا به قالب آمیخته‌اند
بس فتنه که از خاک برانگیخته‌اند
من بهتر ازین نمی‌توانم بودن
کز بوته مرا چنین برون ریخته‌اند

مەیگێڕ بگە پێم! لە بێ مەیی ماڕووتم
تووڕم بدە کووپەوە، لە دووریت سووتم
گۆرم لە پەنا ڕەزان بکۆڵن! ڕەزەوان،
هەڵبەستێ لە پەلک و داری مێو تابووتم

ای همنفسان مرا ز مِی قوت کنید
وین چهره-ی کهرُبا چو یاقوت کنید
چون درگذرم به می بشویید مرا
وز چوب رَزَم تخته-ی تابوت کنید

مەیخانەپەرست نەبووم و تووشت کردم
بەو پیریە بەرەوپیری ئەوینت بردم
ڕووبینیی کە لێڵاوە تکا، تۆبە شکا
دینداری کە ڕەنگاوی ڕیا بوو شردم

؟

دڵداری چ یارە؟ فێرە سەودای کردم
بڕوانە لە چاوی سوور و ڕەنگی زەردم
نرخی بزەیەک بارە لە سەر لێوانم
پارسەنگە دڵی گەرم و هەناسەی سەردم

؟

جار جارە پەنا بە مەی دەبەم، ناچارم
خەمبارم و پێم ئەڵێن کە تاوانبارم
خۆزی وەکوو مەی درۆ و دزیش مەستی ئەکرد
مەردێکم دەویست کە بیگوتایە وشیارم

اُفتاد مرا با مِی و مستی کاری
خَلقم ز چه مِی-کند ملامتباری؟
ای کاش که هر حرام مستی دادی

تا من به جهان ندیدمی هُشیاری

چم داوه له کفر و چم داوه له دین؟ من ژیرم
مەیخانه و مەیفرۆشه تەکیه و پیرم
مارەت چییه؟ پرسیم له جیهان، کەیفه گوتی
ڕووخۆشی هەواڵی تۆم و زویری، زویرم

مِی خوردن و شاد بودن آیین من است
فارغ بودن ز کُفر و دین، دین من است
گفتم به عروسِ دَهْر: کابین تو چیست؟
گفتا: دلِ خُرّمِ تو کابینِ من است

ڕۆژ گەوریە، چۆن بە تۆپەقوڕ وەیشێرم
زانام بە گەڵێ نهێنی، خۆ دەبوێرم
زۆر پڕ لە گەواهێراتە دەریای بیرم
دەرخستن و شاندانی بە کەس ناوێرم

خورشید به گِل نُهُفت، می‌نتوانم
و اسراز زمانه گفت، می‌نتوانم
از بحر تفکُّرم برآورد خِرَد
دُرّی که ز بیم سُفت می‌نتوانم

مەیگێڕ وەرە بەرماڵ و جبەی دەفرۆشم
ڕیشم لە گرێو دەنێم و شەی دەفرۆشم
تەزبیحی دەسم، کە داوی فێڵبازانە
هەرکەس دەیەوێ بە چۆڕێ مەی دەفرۆشم

ما افسر و خان و تاج کی بفروشیم!
دستار قصب به بانگ نی بفروشیم!
تسبیح که پیک لشکر تزویر است
ناگاه به یک جرعهٔ مِی بفروشیم![۱]

مەیگێڕ وەرە مەی ئاڵ بدە با بینۆشم
شەشدانگی بەهەشت بە شووشەیەک دەفرۆشم
فەرموتە لە پاش مەرگ بەرەو کوێ دەمبەن؟
سەرخۆش کە دەڕۆم کێوە بچم دڵخۆشم

ماییم خریدار مِی کهنه و نو
وآنگاه فروشندهٔ جنّت به دو جو
گویی که پس از مرگ کجا خواهم رفت
مِی پیش بیار و هر کجا خواهی رو[۲]

دەسکاری خودایە خۆم و ئاکاریشم
بۆ هەرچی دەچم لە دەستی ئەودا ڕیشم
هیچ کارێ بە دەس خۆم نییە هەرچی دەیکەم
ئەو پێمی دەکا، هێشتە گوناباریشم!

بر رهگُذرم هزار جا دام نهی
گویی که: بگیرمت اگر گام نهی
یک ذرّه جهان ز حکمِ تو خالی نیست
حُکمَم تو کُنیَ و عاصیَم نام نهی؟!

پاک هاتمە سەر زەوی و دەڕۆم، ناپاکم
خۆشیم کە نەدی هەمیشە بۆی خەمناکم

سوێراوی چەمم کڵی دڵی نێڵ داوم
ژیانیشە بە بادا چووە تۆزێ خاکم

پاک از عدم آمدیم و ناپاک شدیم
آسوده در آمدیم و غمناک شدیم
بودیم ز آب دیده در آتش دل
دادیم به باد عُمر و در خاک شدیم

چاومەستە! دە هەستە بێرە لام خونچە گوڵم!
ماچم دەیە، بمدوێنە، مەشکێنە دڵم!
لەم دەفری مەیەت کاسەیەکم بۆ تێکە!
تا نەبووە بە دەفر و کاسە و گۆزە گڵم

تا چند اسیر عقل هرروزه شویم؟
در دهر چه صدساله چه یکروزه شویم
در ده تو به کاسه مِی، از آن پیش که ما
در کارگه کوزه‌گران کوزه شویم

مەڕوانە پەشێو و لێوبەبارم، نە کەمم
بەرزم لە هەژارییا چیای سەر بە تەمم
هەرکەس لە سەرێکەوە خوداپێداوە
من خاوەنی شەشدانگی کوڵ و دەرد و خەمم

آن کس که به خوبان لب خندان دادَست
خون جگری به درد مندان دادَست
گر قسمت ما نداد شادی، غم نیست
شادیم که غم هزار چندان دادَست

هەرچەندی بڵێی بە بەژن و باڵا جوانم
ڕوومەت گوڵ و چاوکەژاڵ و لێوقەیتانم
وەستایێ کە وای لە خاک و گڵ داڕژتم
نیازی لەمە چی بوو؟ بۆ چی کرد؟ نایزانم

هرچند که رنگ و روی زیباست مرا
چون لاله رُخ و چو سَرْو بالاست مرا
معلوم نشد که در طَرَبخانهٔ خاک
نقّاشِ اَزَل بهرِ چه آراست مرا؟

ئەم پیاڵە وتی کە هاتە سەر لێوانم
شا بووم و گەلێ وەک تۆ لە ژێر فەرمانم
لە خوارنەوەما دەفر و پیاڵەم زێڕ بوون
وا ئێستە پیاڵەم و بە سەرخۆشانم!

از کوزه‌گری کوزه خریدم باری
آن کوزه سخن گفت ز هر اَسراری
شاهی بودم که جام زرّینم بود
اکنون شده‌ام کوزهٔ هر خَمّاری

هاتن بە دەسی خۆم نەبوو، هێنایانم
دەرچوونەدەریش چۆن و کەیە؟ نازانم
سەد خۆزگە نەهاتبام، نەچووبام، نەببام
لەم گێرەوکێشەدا ڕەحەت با گیانم

گر آمدنم به من بُدی، نامَدَمی
وَر نیز شدن به من بُدی، کی شدمی؟

بِهْ زان نَبُدی که اندر این دیْرِ خراب،
نه آمدمی، نه شُدمی، نه بُدَمی

به خوێندنەوە کراوە فرچک گیانم
زانستە مژیم و بۆتە ئاو و نانم
حەفتاودوو ساڵە بیر دەکەم، دەخوێنم
وا تازە دەزانم چ لە هیچ نازانم!

هرگز دل من ز عِلم محروم نشد
کم ماند ز اَسرار که معلوم نشد
هفتاد و دو سال فکر کردم شب و روز
معلومم شد که هیچ معلوم نشد

گیانی منە مەی کە بێ ئەوم، بێ گیانم
ژانم لە دڵایە بادەیە دەرمانم
هەر ئەو دەمە لام خۆشە کە مەیگێڕ بێژێ
هەر دوو فڕی دی، بڵێم بەسە و ناتوانم

من بی مِی ناب زیستن نتوانم
بی باده، کشیدِ بارِ تن نتوانم
من بندهٔ آن دَمَم که ساقی گوید
»یک جام دگر بگیر« و من نتوانم

بۆ هاتمە سەر زەوی و لەبەرچی چوونم؟
بەهرەی چ بوو بۆ خودا نەبوون و بوونم؟
هاتووم و دەچم بێ وە بزانم بۆچی!
پاش مردنەکەش دووبارە دەراوی ڕوونم

از آمدنم نبود گردون را سود
وز رفتن من جاه و جلالش نفزود
وَز هیچ کسی نیز دو گوشم نشنود،
کاین آمدن و رفتنم از بهر چه بود!

مەی کووپەیەک و گۆشت و مەزە و نانی گەنم
جوانێ بەتەنێ لە چیمەنێ بێتە کنم
ماچی دەمی مەی نۆشی لە سەر خۆشیدا
وەبزانە کە مەزن و میری ئەو ناوە منم

گر دست دهد ز مغز گندم نانی
وز مِی دو منی، ز گوسفندی رانی
با لالەرُخی و گوشۀ بُستانی
عیشی بوَد آن نه حدّ هر سُلطانی

چاو جوان دە مەڕۆ! تێری دڵم بتبینم
گوڵ چین؟ کە لە سەر ڕوومەتی تۆ گوڵچینم
داخم کە هەبێ، لە گێژەڵووکەی مەرگە
وەک پەلکەگوڵێ هەڵدەوەرێنێ ژینم

با سروقدی تازه‌تر از خَرمن گُل
از دست منه جام مِی و دامن گُل
زان پیش که ناگه شود از باد اَجل
پیراهن عُمر ما چو پیراهن گُل

ئاخ خۆزگە لە مردنا بە مەی شۆراوم
ژێر سێبەری مەیخانەیەکا نێژراوم

کێ ڕۆژی قیامەتێ منی دێتەوە بیر
هیچ بۆم نەگەڕێ، لە چۆمی مەی خنکاوم

چون درگُذرم، به باده شویید مرا
تلقین ز شرابِ ناب گویید مرا
خواهید به روز حَشْر یابید مرا؟
از خاکِ درِ میکده جویید مرا

دەمبینی کە خەمبار و کز و داماوم
وا بیر مەکەوە لە مەرگ و کەس ترساوم
مردن کە لە ڕێمە، هەر دەبێ، ناترسم
ژاکاوی ئەوەم بە ئارەزوو نەژیام

تا ظن نبری کز آن جهان می ترسم
وَز مُردن و از کندن جان می ترسم
چون مرگ حق است، من چرا ترسم از او؟
چون نیک نزیستم، از آن می ترسم[١]

گۆزێک لە دەسم شکابوو، ئەو گریا بۆم:
خەم داتنەگرێ منیش یەکێکی وەک تۆم
زۆرجاری منیش وەکوو تۆ گۆزەم دەشکاند
تۆش ڕۆژێ دەبی بەگۆزە، دەشکێی وەک خۆم

بر سنگ زدم دوش سبوی کاشی
سرمست بُدم، چو کردم این اَوباشی
با من به زبانِ حال می‌گفت سبو:
من چون تو بُدَم، تو نیز چون من باشی!

هێشتا لە بەهەشتا دەگەڕا بابادەم
لەو ڕۆژەوە من هۆگر و مەستی بادەم
ئەو تڵتە کە پیری مەیفرۆش دەیڕێژێ
تۆزێکی بە زێڕ و گەنجی قاڕوون نادەم

؟

] ١[بابااافضل کاشانی.

سەرکۆنەکەران دەڵێن کە: مەستی بادەم
من گوێچکە بەوان تەوس و توانجان نادەم
سەرخۆشم و مەیخانەپەرستم بۆچی؟
هەر بۆیە کە خۆ لە خۆپەرستی لادەم

مِی نوش کنم و لیک مستی نکنم
الّا به قدح درازدستی نکنم
دانی غرضم ز مِی‌پرستی چه بوَد؟
تا همچو تو خویشتن پرستی نکنم[١[

خوا داوی ئەناوە داوی ئەو با نادەم
دەعبایەکی گرت و ناوی لێنام ئادەم
ڕاوی ئەوە، داوی ئەوە، دانەش هی ئەو
دەمخاتە تەڵە و گەرکیە خۆشم لادەم!

صیّاد اَزَل که دانه در دام نهاد
صیدی بگرفت و آدمش نام نهاد
هر نیک و بدی که می رود در عالم

او می کند و بهانه بر عام نهاد[۲[

کاروانه ژیان، گەرەک بەلەز بم، ڕاکەم
میوانی شەوی درێژی ئەم ژێر خاکەم
گیانم دەرەئەچوو، وتم: وچانێک، فەرمووی :
دیواری لەشت شکستە چۆن بار ناکەم

بر پشتِ من از زمانه تو می‌آید
وَز من همه کار نا نکو می‌آید
جان عزم رحیل کرد و گفتم که: مَرو
گفتا: چه کنم؟ خانه فرو می‌آید!

] ۱[انوری ابیوردی.
]۲[خواجه عبدالله انصاری.

با هەستم و چاومەست و مەیێکی جوور کەم
بەس زەردی خەمان بم و بە مەی ڕوو سوور کەم
لاوێچێ بە ڕووی هۆشی بزۆزمدا دەم
با تاوێ لە خەو ڕاچێ لە خۆمی دوور کەم

برخیزم و عزم بادهٔ ناب کنم
رنگ رخ خود به رنگ عنّاب کنم
این عقل فضول‌پیشه را مُشتی مِی
بر روی زنم، چنان که در خواب کنم

ئەم جارە پەڵاسی شەرم و دین پارە دەکەم
ئەم دەردی هەژارییەم بە مەی چارە دەکەم
سێبەردە دەنێمە مستی بیری پیرم

کیژی ڕەزی ڕووسووری تریّ ماره دەکەم

امشب مِی جامِ یک‌مَنی خواهم کرد
خود را به دو جامِ مِی غنی خواهم کرد
اول سه طلاقِ عقل و دین خواهم داد
پس دخترِ رَز را به زنی خواهم کرد

کوا مەی؟ بڕەوێ خەم و خەیاڵ و خەوەکەم
وا ڕوو به مەرگ گلۆر ئەبێ ڕەوڕەوەکەم
ئەو خشتی له خاکی لەشی من دەپێژن
نێزیکه بچێته چینی خانووی نەوەکەم

خوش باش که غصّه بی‌کران خواهد بود
بر چرخ قران اختران خواهد بود
خشتی که ز قالب تو خواهند زدن
ایوان سرای دیگران خواهد بود

هات و چوو به بێهوودە منالّی و جوانیم
پیر بووم و بەبێ داخەکەم و خۆزیا نیم
شاگردی زەمانه بووم و زۆریش چەوسام
وەستام له هەموو کار و له هیچ وەستا نیم

یک روز ز بندِ عالم آزاد نیَم
یک دم‌زدن از وجود خود شاد نیَم
شاگردی روزگار کردم بسیار
در کار جهان هنوز اُستاد نیم

مەیگێڕ وەرە لام چ دەربەسی بەدناویم؟
پاراوکە دڵم، سیس و کزی بێئاویم
مەڕوانە کە پیرم، دەمێ سەرخۆشم کەی
پێم وایە شل و شەنگە نەمامی لاویم

ساقی! غمِ من بلندآوازه شده‌است
سرمستیِ من برون ز اندازه شده‌است
با مویِ سپیدْ سرخوشم کز میِ تو
پیرانه‌سرم بهارِ دل تازه شده‌است

زۆر کۆلکە مەلا و شێخ هەیە ڕێ دەگرن لێم
لایان هەڵەیە لە ژینی خۆشم بدوێم
خزمینە! نەزانین چ بەڵایێکی زلە
هاتوومە جیهان دەبێ نەزانم من کێم!

دشمن به غلط گفت که من فلسفیَم
ایزد داند که آنچه او گفت نیَم
لیکن چو در این غم آشیان آمده‌ام
آخر کم از آنکه من بدانم که کیَم؟

داخم ئەوی دێر هات و ئەوی کەوناران
هاوباوەشی مەرگن و لە دنیا تاران
کەس نایەتەوە بەرەو ژیان لێی پرسم :
لە کوێیە بنە و باری هەواری یاران؟

افسوس که سرمایه ز کَف بیرون شد،
در پایِ اَجَل بسی جگرها خون شد!
کس نامد از آن جهان که پرسم از وی:

کاحوالِ مسافرانِ دنیا چون شد؟

هۆ مامی هەوڕگەر! بەسە هەڵکەی دامان
ئەو خەڵکە بە تۆ پێدەکەنن، تێت ڕامان
هەر لاشی هەژارە و سەری شا و خونکارە
سووڕی دەدەی و دیکەیە دەفر و ئامان

هان کوزەگرا! بپای اگر هُشیاری
تا چند کُنی بر گِل مردم خواری؟
انگشتِ فریدون و کَفِ کیخسرو
برچرخ نهادەای! چه می‌پنداری؟

گەردوون لە سەریدایە خەیاڵێ بۆمان
هەروا دەگەڕێ بکۆڵێ چاڵێ بۆمان
ئاڵە و شەوە بیبا، چ دەکا با بیکا
مەیگێڕ شەوی خۆشە تێکە ئاڵێ بۆمان

می خور که فلک بهر هلاک من و تو
قصدی دارد به جانِ پاک من و تو
در سبزه نشین و مِیِ روشن می‌خور
کاین سبزه بسی دَمَد ز خاک من و تو!

کێ تا سبە دڵنیایە بۆ مان و نەمان
ئەی مانگە وەرە لە دڵ دەراوێژە خەمان
خۆش مانگەشەوە، هەلی مەیە و مەی بێنە
تا تیشکی نەداوە مانگ لە گۆڕخانەکەمان

چون عُهده نمی‌شود کسی فردا را

حالی خوش کن تو این دلِ سودا را
می نوش به ماهتاب، ای ماه! که ماه
بسیار بگردد و نیابد ما را

خوا دەردی کە داناوە دەواشی دانان
مەیخانە بەرانبەرن بە دەرویّشدانان
گەر بادە نەبایە لەم جیهانەی پڕخەم
تاوێک نەدەمان ئەوانی زانا و دانان

در درد شکی نیست که درمانی هست
با عشق یقین‌است که جانانی هست
احوال جهان چو دم به دم می‌گردد
شک نیست درین حال که گردانی هست[١]

هەڵسە بەسە پیشخواردن و مل کز کردن
مەی تێکە بخۆین لەباتی خەم بۆ مردن
ئاکاری جیهان ئەگەر وەفای تێدا با
نۆرەت نەدەهات لەوانی زوو ڕابردن

برخیز و مخور غمِ جهانِ گُذران
خوش باش و دمی به شادمانی گذران
در طَبْعِ جهان اگر وفایی بودی
نوبت به تو خود نیامدی از دگران

] ١[ابوسعید ابوالخیر.

ئەستێرە هەمووی ئەگەر درشت و وردن
ئاوان و دەڕۆن و دێنەوە و لێک گردن

لەبڕانەوە نایە هاتوچۆی چوون و بوون
تا خوا هەیە هەر دەمێنێ زان و مردن

آنان که فلک‌ریزهٔ دهر آرایند
آیند و روند و باز با دهر آیند
در دامنِ آسمان و در جَیبِ زمین
خلقیست که تا خدا نمیرد، زایند

لە نوێنی گڵا پەکوو کە نوستوو زۆرن!
بەربیر و خەیاڵ کەمن، لەبیرچوو زۆرن !
هەرچەندی کە دەڕوانمە بیابانی نەبوون
سەد هێندی ئەوانی چوون نەهاتوو زۆرن

بر بستر خاک، خفتگان می‌بینم
در زیر زمین، نهفتگان می‌بینم
چندان که به صحرای عَدَم می‌نگرم
ناآمدگان و رفتگان می‌بینم[١]

هێندێک بە خەیاڵ لە دین و ئایین ژیرن
لایەک بە گومان لە بێگومانی گیرن
سەیری دەبێ تێبگەن کە هیچ تێنەگەیین
کەمتر لە سەری پیاز و پەلکی سیرن!

قومی مُتفکّرند اندر ره دین
قومی به گمان فتاده در راه یقین
می‌ترسم از آن که بانگ آید روزی
کای بیخبران! راه نه آن است و نه این

] ١ [عطار نیشابوری.

مانگی ڕەمەزان نزیکە پێمان ئێژن:
مەی هەرچی هەیە بڕێژن و مەیچێژن!
من هێندە ئەخۆمەوە لە کلکەی شابان
مەست و کەلەلا بۆی دەکەوم تا جێژن!

گویند که ماه رمضان گشت پدید
من بعد به گِرد باده نتوان گردید
در آخر شعبان بخورم چندان مِی
کاندر رمضان مست بیفتم تا عید!

زۆر کەس هەیە هەر دەوێژن و نایێژن
ئەو ئێمە بەگێژ دەزانن و خۆیان گێژن
گۆیا ئەوی کووپە مەی ئەکا دینی نییە
بۆ ئەو کەسی کوولەکەی دەکا چی ئێژن؟!

حیّی که به قدرت سَر و رو می‌سازد
همواره هم او کار عدو می‌سازد
گویند قرابه‌گر مسلمان نبود
او را تو چه گویی که کدو می‌سازد؟!

گۆڕخانە نشینان کە لە بن سەرپۆشن
خۆڕایی نییە وەها کپ و خامۆشن
ئەی خوایە لە کام بادەیە دەرخواردت دان؟
بێهۆشن و بۆ هەتا هەتا سەرخۆشن

این اهل قُبور، خاک گشتند و غُبار

هر ذرّه ز هر ذرّه گرفتند کنار
آه این چه شراب است که تا روز شُمار
بی‌خود شده و بی‌خبرند از همه کار

گۆڕهەڵکەنی من لە هیچ و پووچ دڵخۆشن
خشتی گڵی کۆنەمردووان دەفرۆشن
ڕۆژیش دێ گڵی من و ئەوان بکرێ بەخشت
تا گۆڕی هەژارێ تری پێ داپۆشن

از تن چو برفت جانِ پاکِ من و تو
خشتی دو نهند بر مَغاکِ من و تو
وآنگه برایِ خشتِ گورِ دگران
در کالبُدی کشند خاکِ من و تو

پیاوانێ بە ژیری و هونەران دڵخۆشن
تامەزرۆ بە ماست و دۆشن و نێردۆشن
وا باشە ئەگەر دەکرێ نەزان و گێل بن
کەس گێزەر و تووریش بە هونەر نافرۆشن

آنان که به کار عقل درمی‌کوشند
هیهات که جمله گاو نر می‌دوشند!
آن بهْ که لباس اَبلهی درپوشند!
کِامروز به عقل، تره می‌نفروشند

چ کراوە بەرێ؟ نە تۆ هەڵیدێنی نە من
لەو بارە بەڕاست نە تۆی کە دەخوێنی نە من
چی بۆی ئەگەڕێین لە پشتی پەردەیکەوەیە
گەر پەردە نەما نە تۆی کە دەنوێنی نە من

اَسرار اَزَل را نه تو دانیَ و نه من
وین حلّ معمّا نه تو خوانیَ و نه من
هست از پس پرده گفت‌وگوی من و تو
چون پرده بر افتد نه تو مانیَ و نه من[۱]

] ۱ [به نام ابوسعید ابوالخیر هم ثبت شده است.

ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ لە عاسمانانن
هۆی گێچەڵ و مشتومڕی زانایانن
چین و چ دەکەن؟ کێوە دەچن؟ چۆن هاتن؟
خۆشیان وەکوو من نەزان و سەرگەردانن

اجرام که ساکنان این ایوانند
اسباب تَرَدُّدِ خردمندانند
هان تا سرِ رشتهٔ خرد گم نکنی
کانان که مُدّبرند، سرگردانند

پێک نایە هەتا سەر لە جیهانا گیر بوون
زۆر شێتییە بێ بادە بژیم سیس و زەبوون
دەس بەردە لە کۆن و تازە و ترس و هومێد
دنیا، که نەمام، تازەیە یان کۆنە بە توون

چو ن نیست مقام ما درین دهر مُقیم،
پس بی مِی و معشوق خطایی است عظیم
تا کی ز قدیم و مُحْدَث امّیدم و بیم؟
چون من رفتم، جهان چه مُحْدَث چه قدیم

داخم گەلی یار و خۆشەویستان مردوون
لەش خاکی نێوان کۆمەڵێ دار و پەردوون
چەشتمان لە مەیەک هەموو لە ناو کۆڕی ژیان
پێش ئێمە بە دوو سێ پشوو مەستی کردوون

یاران موافق همه از دست شدند
در پای اَجل یکان یکان پست شدند
خوردیم ز یک شراب در مجلس عُمر
دَوری دو سه پیشتر ز ما مست شدند

بەهرەی چ وەدەست کەوت لە بوونمان گەردوون؟
قازانجی چ دێتە ڕێ لەوانەی مردوون؟
هیچ کەس نییە لەم گێژە دەرمخا و بێژێ
بۆ بوون و ژیان و مان و بۆ مردن و چوون؟

از آمدنم نبود گردون را سود
وَز رفتن من جاه و جلالش نفزود
وَز هیچکسی نیز دو گوشم نشنود
کاین آمدن و رفتنم از بهر چه بود!

زۆری وەکوو مەی قەزاوقەدەر چاند و دروون
بێهوودە چ داگرم خەمی بوون و نەبوون؟
پیاڵێکی پڕم لە بادە بۆ تێکە وەخۆم
هەرچی دەبوو بێ و ببێ، هەموو هاتن و بوون

دهقان قضا بسی چو ما کِشت و درود
غم خوردن بیهوده نمی‌دارد سود

پُر کُن قدحِ مِی به کفم درنه زود!
تا باز خورم؛ که بودنی‌ها همه بود

دڵتەنگی هەبێ، دەبێ بە مەی ژەنگی بەرین
بۆ بیری نەهات و هات چما خەمڵەبەرین
سۆزی کە مەرگ تەپڵی نەمانی لێدا
ئەمن و تۆ دەگەڵ بابەدەمی هاوسەفەرین

ای دوست بیا تا غمِ فردا نخوریم
وین یک‌دمِ عُمر را غنیمت شُمُریم
فردا که از این دیْرِ کُهَن درگذریم
با هفت‌هزار سالگان سَربه‌سَریم

شادی لەمەڕایە، پنجی خەم خۆمانین
هۆی زۆر و کەمی ڕەوا و ستەم خۆمانین
ڕاستی و بەزەیی و بەرز و نزم بوون ئێمەین
قاشووله شکاو و جامی جەم خۆمانین

ماییم که اصل شادی و کان غمیم
سرمایهٔ دادیم و نهاد ستمیم
پستیم و بلندیم و کمالیم و کمیم
آئینهٔ زنگ خورده و جام جمیم

دەنگبێژ و کچێک و گۆشەیەک پەیدا کەین
خۆشی سەر و دڵ لە ماچ و مەی داوا کەین
نە هومێدی بەزەی کەس و نە ترسی دواڕۆژ
با خاکێ بە با و ئاوێ بە ئاگردا کەین

ماییم و می و مطرب و این کُنج خراب
جان و دل و جام و جامه، پُر دُردِ شراب
فارغ ز اُمید رحمت و بیم عذاب
آزاد ز خاک و باد و از آتش و آب

پرسی له مراوی ماسییەکی لابرژاو
کوا تازه بڵێی به جۆگەدا بێتەوە ئاو؟
پێی گوت بەمە چی؟ کە ئێمە مردین، دنیا
دەریا بێ، تراویلکە بێ، یان هەور و ساو

با بط می‌گفت ماهیی در تب و تاب:
باشد که به جوی رفته باز آید آب؟
بط گفت چو من قدید گشتم تو کباب
دنیا پس مرگ ما چه دریا چه سراب[۱]

] ۱ [بُندار رازی .

هۆزان و بلیمەتان و بیرڕوون و پتەو
بۆ بوون و دەچن؟ نە کەس ئەمی زانی نە ئەو
تاریکە شەوێک گەڕان بەبێ ڕێ و گێژ بوون
ئەفسانەیەکیان ئەهۆنی چاویان چووە خەو

آنان که محیطِ فضل و آداب شدند
در جمعِ کمال شمعِ اَصحاب شدند
رَه زین شبِ تاریک نبردند برون
گفتند فسانه‌ای و در خواب شدند

گەردوون کە گەڕا دژی نیازی من و تۆ
عاسمان بە مە چی هەشت و حەوت بن یا نۆ
بمرم کە لەشم بە من چی هەرچی دەیخوا
مێروولە لە گڵکۆ بێ، چ گورکی کەژ و کۆ

چون چرخ به کام یک خردمند نگشت
تو خواه فلک هفت شُمُر، خواهی هشت
چون باید مُرد و آرزوها همه هِشْت
چه مور خورد به گور و چه گرگ به دشت

وا مانگە وە سەر کەوت لە سووچی ئاسۆ
مەی تێکە بخۆینەوە شەوێکە و ئەمشۆ
دەس باوێ ملم، مەترسە مانگ ئاوا بێ
زۆر دێتەوە سەر بدا لە گڵکۆی من و تۆ

مهتاب به نور دامن شب بشکافت
می نوش، دمی بهتر از این نتوان یافت
خوش باش و میندیش که مهتاب بسی
اندر سرِ خاک یک به یک خواهد تافت[١]

] ١ [عطار نیشابوری.
دەرویشییەکەمان کیسەیەکی بێ بن بوو
مەیگێڕی جوان ڕێبەر و پیری من بوو
پێم وایە لە مەیخانە دەبێ وەیبینم
ئەو ژینی لە سووچی فێرگەدا لێم ون بوو

ما جامەنمازی به سر خُم کردیم
وَز خاک خرابات تیَمُّم کردیم

باشد که در این میکده‌ها دریابیم
آن عُمر که در مدرسه‌ها گُم کردیم

خۆزگەم بە کەسێ نیشان و ناوێکی نەبوو
لە شوێن پڕوپووچ خەیاڵی خاوێکی نەبوو
نەک وەک من و تۆ کوندەبەبوو ئاسایی
چاوی لە قەڵایەک بوو، کەلاوێکی نەبوو

خُرّم دلِ آن کسی که معروف نشد
در فوطه و در اطلس و در صوف نشد
سیمرغ‌وش از سرِ دو عالم برخاست
در کُنج خراب، همچو من بوف نشد[۱]

هەر پنجە گوڵێکی سوور لە گوڵزارێ بوو
ئەو سوورییە خوێنی دڵی دڵدارێ بوو
هەر پەلکە وەنەوشەیەک لە هەردێ دەردێ
خاڵێکە لەسەر ڕوومەتی نازدارێ بوو

در هر دشتی که لاله‌زاری بوده‌است
از سُرخی خون شهریاری بوده‌است
هر شاخ بنفشه کز زمین می‌روید
خالی است که بر رُخ نگاری بوده‌است

]۱ [فوطه: نوعی پارچه، لنگ.
صوف: پشم، جامه پشمی.
بوف: جغد.

هەر خۆڵێ کە دیت چ زۆر چ تۆزکاڵێ بوو

کێڵگەردن و کوڵمەسوور و چاوکاڵێ بوو
شەرمێ بکە تۆزی دەتەکێنی بەرگت
ئەو تۆزە گڵی ڕوومەتی لێوئاڵێ بوو

هر ذرّه که بر روی زمینی بوده‌است
خورشیدرُخی، زُهره‌جَبینی بوده‌است
گَرْد از رخِ آستین به آزَرْم فشان
کان هم رخِ خوب نازنینی بوده‌است

گەنجت دەوێ ڕەنجی دەوێ واهات، وا چوو
کێ گوڵ دەچنێ درکی لە دەستی ڕاچوو
تا شانە نەبوو لەتلەت و جەرگی پارە
کەی دەستی بە کاکۆڵی جوانێکداچوو

در دهر کسی به گلعذاری نرسید
تا بر دلش از زمانه خاری نرسید
در شانه نگر که تا به صد شاخ نشد!
دستش به سر زلف نگاری نرسید

خەییام کە سەرت گەرمە بە مەی دڵخۆش بە!
دەس لە ملی کچۆڵەیەک دەکەی دڵخۆش بە!
دواڕۆژی هەموو شتێک نەبوونە و چوونە
وای دابنێ هەر نەبووی، کە هەی دڵخۆش بە!

خیّام اگر ز باده مستی خوش باش!
با ماهرُخی اگر نشستی خوش باش!
چون عاقبت کار جهان نیستی است
انگار که نیستی؛ چو هستی، خوش باش!

بێ دڵبەر و مەی، تەمەن بەسەرچوون هیچە
بێ ڕەنگی مەی و دەنگی بلوور، بوون هیچە
ئازاد و بە دڵخۆشی بژی چەند ڕۆژێک
ڕابوێرە لە هیچ بیر مەکە! گەردوون هیچە

دوْرانِ جهان بی مِی و ساقی هیچ است
بی زمزمهٔ نایِ عراقی هیچ است
هر چند در احوال جهان می‌نگرم
حاصل همه عشرت است و باقی هیچ است

خوێناڵە خەم و دوژمنە، خۆی لێ لادە
خۆشی لە کەسێک لێوبەبزە و دڵشادە
مەیگێڕ وەرە! هەر ڕەنجێ لە دنیا کێشام
بەر بادە، دەسا بمگەیە خۆت و بادە!

گر یک نَفَست ز زندگانی گذرد
مگذار که جُز به شادمانی گذرد
هُشدار که سرمایهٔ سودای جهان
عمر است چنان کش گذرانی گذرد

لەم بیرە کە چین نهێنی پشتی پەردە
هەر بیرەوەرێ کاس و بەداخ و دەردە
ئەفسانەیەکی دوور و درێژە و بێبن
دەستێ بەرە بۆ پیاڵە، دەست لەو بەردە!

در پردهٔ اسرار کسی را ره نیست
زین تعبیه جان هیچ کس آگه نیست

جُز در دل خاک هیچ منزلگه نیست
مِی خور که چنین فسانه‌ها کوته نیست

ئەی تەکیەنشین شێخی بە سۆرە و تۆرە!
پێت وا نەبێ هەر مەستییە، کارم زۆرە
من خوێنی ترێ دەمژم و تۆ خوێنی هەژار
جوابم دەرەوە کێیە پتر خوێنخۆرە؟!

ای صاحب فتوی! ز تو پرکارتریم
با این همه مستی از تو هُشیارتریم
تو خونِ کسان خوری و ما خونِ رَزان
انصاف بده؛ کدام خونخوارتریم؟

لێم بۆتە مەتەڵ بەهەشتە جێگەی حووری
هەنگوین و کەرە و شیر و مەی و کافووری
با ئێمە بە مەی لێرە بەهەشتێ ساز دەین
تا پیاوی هەژار دەگاتە بەغدا دووری

گویند: بهشت و حور و کوثر باشد
جوی مِی و شیر و شهد و شکّر باشد
پُر کُن قدح باده و بر دستم نه
نقدی ز هزار نسیه بهتر باشد

تا باغی گوڵی بەخت و جوانیت لەبەرە
سەرخۆش بە! دڵت خۆش کە! چ وەختی کەسەرە؟
ئەو ڕۆژی لە دەس دەچێ وەگیر نایەتەوە
چەپکەردی زەمانە دوژمنی قەستەسەرە

اکنون که گُلِ سعادتت پُربار است
دست تو ز جام مِی چرا بیکار است؟
مِی‌خور! که زمانه دشمنی غَدّار است
دریافتن روز چنین دشوار است

زێڕ گەرچی نە سەرمەیانی پیاوی ژیرە
بێ دراو و هەژار لە سەرزەوی یەخسیرە
دەستەنگییە وا وەنەوشە ملخوار و کزە
گوڵ پێدەکەنێ، لە باخەڵیدا لیرە

سیم ار چه نه مایهٔ خردمندان است
بی سیمان را باغ جهان زندان است
از دستِ تُهی، بنفشه سر بر زانوست
وَز کیسهٔ زر چهرهٔ گُل خندان است

دەرۆیش وەرە! ئەم حاوحووەت بێخێرە
دەمبەستەی و تۆزاوی وەکوو گاگێرە
خوا چاوی لەدەستت نییە ڕۆژووی بدەیەی
ژیانێکی کە پێی داوی بە مەی بسپێرە

ای پور خطیب گنجه‌ای پندی بپذیر
بر تخت طرب نشین به کف ساغر گیر
از طاعت و معصیت خدا مستغنی‌است
باری تو مراد خود ز عالم برگیر [۱]

بشبووبێ وەفا، ئێستە وەجاخی کوێرە
کێ ڕاستە لەوانی دیوتە؟ یەک بژمێرە
هەر کووپە مەیە هەواڵی دڵپاکە و بەس

بێ فێڵە، مەترسە خۆتی پێ بسپێرە

درده مِی لعلِ لالەگونِ صافی!
بگشای ز حلق شیشه خونِ صافی
کامروز برون ز جام مِی نیست مرا
یک دوست که دارد اندرونِ صافی

] ١ [مهستی گنجوی.

کێ ڕەنجی ژیان ئەکێشێ ئازایە کوڕە
بارانێ لە زیندانی سەدەفدایە، دوڕە
پیاو بۆ خۆ ھێنێ ماڵی دنیاشی دەبێ
پێوانە ھەڵێک بەتاڵە زۆرجاری پڕە

از رنج کشیدن آدمی حُر گردد
قطره چو کشد حبس صدف، دُر گردد
گر مال نماند، سر بماناد به جای
پیمانه چو شد تهی، دگر پُر گردد

ئەی خوایە لە کارت سەری زانا گێژە
شیرنایی دەنێیە دەم دەڵێی مەیچێژە
خۆت جوانی دروست دەکەی دەڵێی مەیبینە
پیاڵێکی پڕاوە، لاری کە و مەیڕێژە!

یارب! تو جمال آن مهِ مهرانگیز
آراسته‌ای به سُنبلِ عنبربیز
پس حُکم چنان کنی که: در وی منگر!
این حکم چنان بود که: کج دار و مریز!

لەم هاتنە بێهودەیە بیرم شاشە
سەرباری خەمان بیر و خەمی ئەولاشە
مەیگێڕ وەرە قۆڵ هەڵکە گڵێنەت بێنە!
خەم چڵکی دڵە، بە مەی بشۆرین باشە

چون آمدنم به من نَبُد روز نخست
وین رفتنِ بی‌مُراد عَزمی‌است دُرُست
برخیز و میان ببند ای ساقی چُست
کاندوهِ جهان به مِی فروخواهم‌شُست

وا چاخی گوڵە و دار و دەوەن گوڵپۆشە
دەرویش وەرە بەر! وەرگرە مەی! بینۆشە
بڕوانە لە گوڵ بە ئەقڵی تۆ پێدەکەنێ
بۆ بیری جەهەندەم دڵ و ڕووت ناخۆشە

دنیا نه مقام ماست، نه جای نشست
فرزانه در او خراب، اولی‌تر مست
بر آتش غم ز باده آبی می‌زن
زان پیش که در خاک روی باد به دست[١]

مەیخانە دەگەڵ هەمدڵ و هەمدەم خۆشە
دەم بۆ دەم و دەستێ بەری بۆ مەم خۆشە
زگ کووپە نییە، لەمەی جمەی بێ دەم و ژەم
بۆ لەمپەری خەم، دەم دەم و کەم کەم خۆشە

گر باده خوری تو؟ با خردمندان خور!
یا با صنمی، لاله رُخی خندان خور!

بسیار مخور! ورد مکن! فاش مساز!
اندک خور و گهگاه خور و پنهان خور!

هەوساری بە دەس خۆتە خراپە و چاکە
هۆی خۆیەتی هەرکەس گەشە یان خەمناکە
بێچارەترە لەتۆ هەزار جار گەردوون
بەس سووچ و هەڵەت لە سوکری گەردوون ڕاکە

نیکیَ و بدی که در نهادِ بشر است
شادیّ و غمی که در قضا و قدر است
با چرخ مکن حواله! کاندر رَهِ عقل
چرخ از تو هزار بار بیچاره‌تر است

١ [عبید زاکانی.

ڕاستت دەوێ کاکە؟ لێم ببیسی چاکە
جوانێکی پەیاکە، بادەیەک پێداکە
خوا کاری جیهانی کرد و لێ بۆوە ئیتر
لە سمێڵی من و لە ڕیشی تۆ بێباکە

ای دوست! حقیقت شنو از من سخنی:
با بادهٔ لعل باش و با سیم‌تنی
کان کس که جهان کرد فراغت دارد
از سَبلَتِ چون تویی و ریش چو منی

بۆ دەردی دەروون و کوڵی دڵ مەی چاکە
هەر کووپە مەیە لە سەر زەوی دڵپاکە
لافاوی خەم و کەسەر کە دەوری لێدای

مەیخانە گەمی نووحە، بەلەز بۆی ڕاکە

مِی خور که مُدام راحت روح تو اوست
آسایش جان و دل مجروح تو اوست
توفان غم ار بگیرد از پیش و پَسَت
در باده گریز! کشتی نوح تو اوست

گۆیا لە بەهەشت مشەی فشە و خۆراکە
هۆری و کوڕ و هەنگوین و شەڕابی پاکە
بۆم تێکە بەیادی کۆنە قەرزان مەیگێڕ
ئەم دەنگی دەهۆڵە تا لە دوور بێ چاکە

گویند بهشتِ عَدْن با حور خوش است
من می‌گویم که: آب انگور خوش است
این نقد بگیر و دست از آن نسیه بدار
کاواز دُهُل شنیدن از دور خوش است

پێشی من و تۆش ڕۆژ و شەوێک بوون کاکە
گەردوون لە گەڕانا بوو وەکوو ئێستاکە
لەم سەرزەوییە لە هەر جێ پێ وەگوێزی
خۆڵ و گڵی چەند چاو و دڵە ئەو خاکە

پیش از من و تو لیل و نهاری بوده است
گردنده فلک نیز به کاری بوده است
هرجا که قدم نهی تو بر روی زمین
آن مردمکِ چشم نگاری بوده است

خوێنتاڵت ئەوێ؟ ئێسکی گرانت گەرەکە؟

بۆ تەکیە بچۆ کە دەرد و ژانت گەرەکە
مەیخانەیە جێی لێوبەبزە و ڕووخۆشان
مەیگێڕی ببینە گەر ژیانت گەرەکە

فارسی ؟

مەیگێڕ بە سەرت پردی سیڕاتیش کەڵەکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دوو چاوی بەڵەکە
زۆرم لە خودا ویست و کەمیشی نەگەیی
هەر تۆبەیە دەمداتێ، ئەویش نەمگەرەکە

در سر هوس بُتان چون حورم بـاد
در دست هماره آب انگورم باد
گویند به من خدا تو را توبه دهـاد
او خود بدهد، من نکنم؛ دورم باد

ڕامان و کزیی بەسە، وەرە مەی تێکە!
وەبزانە هەموو کاری جیهانت ڕێکە
خۆت دانێ لە سەر پەلکە گوڵێک ئاونگی
مەرگت بە گزنگێکە، تەمەن تاوێکە

ای دل همه اسباب جهان خواسته گیر!
باغ طَربت به سبزه آراسته گیر!
وآنگاه بر آن سبزه، شبی چون شبنم
بنشسته و بامداد برخاسته گیر!

ئەم گۆزە کە جێ ئاوی کرێکارێکە
چاو و دڵی چەند وەزیر و خونکارێکە

هەر پیاڵە مەیەک بە دەستی سەرخۆشێکە
کەللـەی سەر و مێشکی ژیر و وشیارێکە

این کوزه که آبخوارهٔ مُزدوری‌است
از دیدهٔ شاهی و دل دستوری‌است
هر کاسهٔ می که بر کف مخموری‌است
از عارض مستی و لب مستوری‌است

دنیا بە دەسی دەستە کەر و گاییّکە
هەر جاشەکەرە وەزیر و پاشاییّکە
دیندار بە کەسێ دەڵێن نەزان و گێژە
هەرکەس کە دەڵێن کافرە، زاناییّکە

با این دو سه نادان که چنان می‌دانند
از جهل، که دانای جهان ایشانند
خر باش! که از خری که این دونانند
هر کو نه خر است، کافرش می‌خوانند!

مەیگێڕ وەرە بۆم تێکە! دڵم زۆر تەنگە
کێ باشە؟ هەموو کەس دەڕووە و سەدڕەنگە!
با مەی بپەرستین و ئیتر واز بێنین
تا وابێ موسوڵمانەتی شەرم و نەنگە

یاقوت لبا! لعلِ بدخشانی کو؟
وآن راحت روح و راحِ ریحانی کو؟
مِی گرچه حرام در مسلمانی شد
مِی می خور و غم مَخور! مسلمانی کو؟[١]

چیته لەگەڵ ئەم جیهانە کەوتوویە ملە؟
بایی، کە دەڵێن: بەختەوەرە و جێگە زلە؟
کەم پاڵدەوە! ڕەشمالّی لەشت تێک ئەتەپێ
ئەستوندەکی کرمۆڵە، پەت و سنگی شلە

گر شاخ بقا ز بیخ بختت رُستَ است
وَر بر تن تو عُمر لباسی چُست است
در خیمهٔ تن، که سایبانی‌است تو را
هان! تکیه مکن که چارمیخ‌اش سُست است

پیرم و ئەوەتەی لەبیرمە ژینم تاڵە
هەر خۆزگە بە پارە و گلەیی لەم ساڵە
لەمنت کەوێ، مردن دەیەوێم، های مەیگێڕ!
دوا کۆچە دەفریام خە دوامین پیاڵە

تا کی غم آن خورم کزین چرخ کُهُن
احوال مرا نه سر پدید است نه بُن
زان پیش که رخت از این سراپرده برم
ساقی بده آن می! که هم این است سُخُن

] ١ [سلمان ساوجی.

خۆ دووڕە کتێب بگرە، گەمەی منداڵە
ژیر بیری لەسەر شەڕاب و لێوی ئاڵە
هۆشت بێ هەتا خوێنی نەڕژتووی گەردوون
تۆ خوێنی کچی ڕەزان بڕێژە پیاڵە

از درسِ علوم، جمله بگریزی بِهْ

واندر سرِ زلفِ دلبر آویزی به
زآن پیش که روزگار خونت ریزد
تو خونِ قِنینه در قدح ریزی به

بوولێڵە کە هات، مەپرسە کەنگێی ساڵە
مەی فڕ بکە لە خورێنی بە تاس، بە پیاڵە
شێخ وازی لە هەنگوێن و گەزۆیە و من مەی
مەی تاڵە دەبێ هەق بێ، دەڵێن: هەق تاڵە

هر گه که طلوع صبح اَرزَق باشد
باید به کَفَت مِی مُروَّق باشد
گویند در اَفواه که حق تلخ بود
باید که بدین دلیل مِی حق باشد

هەر کەس کە تەواوە، ناتەواوی ماڵە
کێ خێوی کوڵاو و کاڵە، بۆخۆی کاڵە
خوێنتاڵە هەتا ملاڵن لە ناو شیرنایی
کێ ڕووگەش و خوێنشیرنە، ژینی تاڵە

افسوس که نان پخته، خامان دارند
اسباب تمام، ناتمامان دارند
آنان که به بندگی نمی‌ارزیدند
امروز کنیزان و غلامان دارند[۱]

] ۱ [شیخ بهایی.

ئەم بادەیە گیانە چۆتە لاشەی پیاڵە
وەک من بە ڕواڵە جوان و ژینی تاڵە

ئەم شووشە مەیەی کە تۆ دەڵێی پێدەکەنێ
فرمێسکی هەژارانە لە خوێن دارماڵە

می لعل مُذاب‌است و صراحی کان است
جسم است پیاله و شرابش جان است
آن جام بلورین که ز می خندان است
اشکی است که خون دل در او پنهان است

بۆ ئاوی شەوێ گۆزەشکاوێک لامە
فرمێسکی وشک نابنەوە، بێ ئارامە
کەللـەی سەری شا و دەست و پلی دەرۆێشە
تێکەڵ بووە نازاندرێ کامەی کامە

این کاسه که بس نکوش پرداخته‌اند
بشکسته و در رهگذر انداخته‌اند
زنهار بر او قدم به خواری ننهی!
کاین کاسه ز کاسه‌های سر ساخته‌اند

مەی بیرەوەری چاخی جوانی خۆمە
هاوڕاز و گلەی ڕۆژ و شەوانی خۆمە
ئاڵە، وەکوو چاوەکەم لە دووری یاران
تاڵە و بەلەزەت، وەکوو ژیانی خۆمە

امروز که نوبت جوانیِ من است
مِی نوشم از آن که کامرانیِّ من است
عیبم مکنید گرچه تلخ است، خوش است
تلخ است از آن که زندگانیِ من است

وا باشە پەنا بەرینە بەر مەیخانە
حەفتاودوو میللەت بەمە چی شەڕیانە؟
کەوتوونە بیابانی نەزانی، بێ ڕێ
کوێرن، لە شەوی ڕەشان و خۆ لێکدانە!

مِی خور! کە ز دل کثرت و قلّت ببرد
واندیشە هفتاد و دو ملّت ببرد
پرهیز مکن ز کیمیایی کە از او
یک جُرعە خوری، هزار علّت ببرد

گەردوون مەیەکەی مەرگە، جیهان مەیخانە
دەرخواردی ئەدا هەرکەسێ لێی میوانە
بینۆشە بە ڕووی خۆشەوە گەر نۆرەت هات
جەژنێکە شەپۆڕێکی دەگەڵ یارانە

در دایرهٔ سپهرِ ناپیدا غَور
جامی است که جمله را چشانند به دَوْر
نوبت چو به دوْرِ تو رَسَد آه مکن
مِی نوش به خوشدلی که دَور است نه جَور

مەیخۆر کە نەبن کاول ئەبن مەیخانە
خوێنی دەهەزار تۆبە لە گەردنمانە
بەخشین چ دەکا ئەگەر گوناهباریی نەبێ؟
لە گوناهەوە بەخشین و بەزەی خوا جوانە

آباد خرابات ز مِی خوردن ماست
خون دو هزار توبه در گردن ماست
گر من نکنم گناه، رحمت که کند؟

آرایش رحمت از گُنه کردن ماست

زستانه هەتا ڕوو دەکەمە مەیخانە
هەر لاسکی گوڵە و لە دەوری ئاگردانە
وەدیارە نەیاری جوان و ڕووخۆشە جیهان
تۆڵەی دەمی پێکەنینە ئەم سووتانە

روزی ز پی گلاب می‌گردیدم
پژمرده عذار گل در آتش دیدم
گفتم که چه کرده‌ای که می‌سوزندت
گفتا که درین باغ دمی خندیدم[۱]

دووڕوویی بەسە، ڕوو دەکەمە مەیخانە
ئەم ڕیشی سپی، بە مەی بڕەنگێ جوانە
پێوانی تەمەن گەییشتە حەفتا، تا کەی
خۆم هەر وەکوو هەم نیشان نەدەم شێتانە؟

فردا علم نفاق طی خواهم‌کرد
با موی سپید قصد مِی خواهم‌کرد
پیمانهٔ عمر من به هفتاد رسید
این دم نکنم نشاط، کی خواهم کرد؟

وا جێژنی بەراتە و شەوی ڕۆژی دانە
سەرکاری خودا گەرمی گەز و پێوانە
مەیگێڕ بەشی من وەرگرە! خۆم سەرخۆشم
تا ڕۆژی مەرگ جێگەمە ئەم مەیخانە

تا چند ز یاسین و برات؟ ای ساقی!

بنویس به میخانه برات ای ساقی!
روزی که برات ما به میخانه برند
آن روز به از شب برات ای ساقی![۲]

[۱] ابوسعید ابوالخیر.
[۲]رباعی دیگری با ردیف «ای ساقی» در رمضانی (رمضانی محمد، رباعیات حکیم عمر خیام، کلاله خاور، تهران، ۱۳۱۵، رباعی ٤٤١) آمده است که بسیار سخیف و غیرهنری است و مشخص نیست که آن را از کجا به نام خیام ثبت کرده است.
عطار، خیامی دیگر، نویسنده: رضا اشرف زاده.

هەر خاکێ هەیە خۆڵی لەشی یارانە
هەر چاو و دڵی دڵبەر و دڵدارانە
وەک ئاو کە هەور خۆڵ و گڵیش هەڵبگرێ
تا ڕۆژی حەشر تەوژمی خوێنبارانە

گردون ز زمین هیچ گُلی برنارد
کش نشکند و هم به زمین نسپارد
گر ابر چو آب خاک را بردارد
تا حشر همه خون عزیزان بارد

چاوبەستیی فەلەک دەستی بڕیم کوێرانە
خستمیە جەهەندەمێک و ناوی ژیانە
دەردی مە ئەگەر نەهاتوان بیزانن
ڕوو ناکەنە ئەم خەیمەشڕەی خەمخانە

افلاک که جز غم نفزایند دگر
نَنْهَند به جا تا نرُبایند دگر

ناآمدگان اگر بدانند که ما
از دَهْر چه می‌کشیم، نایند دگر

دڵتەنگی مەرگ نابێ ئەوی لێزانە
ئەم مانەوەمان وچانی ڕاگوێزانە
تێر سەیری گوڵت نەکردووە، بۆتەوە گڵ
لە شوێن گوڵەنەورۆزە گەڵاڕێزانە[١]

آن ذات که پروردەی اسرار بود
از مرگ نیندیشد و هشیار بود
تیمار همی خوری که در خاک شوم
در خاک یکی شود که در نار بود[٢]

] ١ [مامۆستایان سەلاحەددین ئاشتی و ماجد مردۆخ ڕۆحانی ئەم چوارینەیان بۆ هێناوە:
از دفتر عمر پاک می‌باید شد
در چنگ اجل هلاک می‌باید شد
ای ساقی خوش لقا تو خوشدل می‌باش!
آبی درده که خاک می‌باید شد
]٢[سنایی غزنوی

حەیفم لە دڵێ دێ کە بەبێ سووتمانە
دڵداری تیا نەکردووە هێلانە
هەر ڕۆژێ کە بێ دلبەر و بێ دڵداری
بێ نرخە، پڕوپووچە، زیانی ژیانە

ای وای بر آن دل که در او سوزی نیست
سودا زدهٔ مهرِ دل‌افروزی نیست

روزی که تو بی عشق به سر خواهی بُرد
ضایع‌تر از آن روز، تو را روزی نیست

خاکێ که له ژێر پێ و پلی شوانانه
سنگ و مەمک و کوڵم و دەمی جوانانه
هەر خشتێ له لاقوژبنی دیوارێکه
یان شانی وەزیره یان سەری سوڵتانه

خاکی که به زیر پای هر نادانی است
کفّ صنمیَ و چهرهٔ جانانی است
هر خشت که بر کُنگرهٔ ایوانی است
انگشت وزیر یا سر سُلطانی است

لەم جەعزە که شوێنی هاتوچۆی هەموانه
بێ ژێر و سەرە و دوور له پوان و سووانه
کێ زانی له کوێوه هاتووه و کێوه دەچێ؟
هۆزان و نەزان وەک یەکە، سەرگەردانه!

در دایره‌ای که آمد و رفتن ماست
او را نه بدایت نه نهایت پیداست
کس می نزند دمی در این معنی، راست
کاین آمدن از کجا و رفتن به کُجاست

گوڵ یاخه دەکاتەوه بەرامبەر به شنه
بولبول دڵی خۆشه کەوته ئاواز و قنه
تا تۆش و گوڵیش نەبوونه تۆزی بەر با
مەی بێنه له گوڵزارێ بخەین باروبنه

بنگر ز صبا دامنِ گُل چاک شده
بلبل ز جمال گُل طربناک شده
در سایهٔ گُل نشین! که بسیار این گل
از خاک برآمدَست و در خاک شده

تازەم که بە کەونە مەی! جیهانیش کەونە
زۆر لاش و سەری تێوەدرا ئەم تەونە
چۆن هاتی؟ چلۆن دەچی؟ چلۆن بووی و دەبی؟
خەو داتنەگرێ! وەکوو خەیاڵ و خەونە

ای دل غم این جهان فرسوده مخور!
بیهوده نەای، غمان بیهوده مخور!
چون بوده گذشت و نیست نابوده پدید
خوش باش غم بوده و نابوده مخور!

هەرچێکی هەڵێ، بەشی لە ئاوا بوونە
سەرکەوتنی هەوراز و بەرەوژێر چوونە
شین بووی لە زەوی، پێدەگەی و دەتهێڕێ
ئاشێرە خودا و ئاشەکەشی گەردوونە

این چرخ چو آسیا که آسوده نشد
آسوده نگشت و آسیا سوده نشد
چندان که زمانه دانه پیمود در او
او سیر نگشت و آسیا توده نشد

پەنجەی گوڵی ڕوومەتگوڵەکەم گوڵچینە
پەرژینی بەگوڵ، گوڵ لە گوڵم پەرژینە
تا شینکە لە گۆڕە، با بە یەکتر شاد بین

داخۆ چ دەمێ لە دەوری گۆڕت شینە؟

مِی خور! کە سَمَن بسی سیا خواهد شد
خوش زی! کە سهی بسی سُها خواهد شد
بر طرف چمن ز زندگانی برخور
زیرا کە چمن بسی چو ما خواهد شد

مەی تێکە! هەرایە، پێم دەڵێن: بێ دینە
چۆن ڕەنگی بەرم؟ پەڕۆم لە هەشدا شینە
بەرماڵە گوناپۆشەکەشم وا شڕ بوو
هەڵناگرێ تەقەڵ بە بارێ بیکەین پینە

در میکده جُز به مِی وُضو نتوان کرد
وان نام کە زشت شد، نکو نتوان کرد
خوش باش کە این پردهٔ مستورِ ما
بدریده چنان شد کە رُفو نتوان کرد

بەخشین لە گوناهـ و هەڵە، چاوپۆشینە
تۆ چۆن هەڕەشەت بە ئاگری پرتینە؟!
هەمبەخشی بە نوێژانەوە، کەسمان لە کەسە
بە گوناهەوە هەمبەخشە، دەڵێم بەخشینە

یارب! تو کریمی و کریمی کَرَم است
عاصی ز چە رو برون ز باغِ اِرَم است
با طاعتم ار عفو کنی نیست کَرَم
با معصیتم اگر ببخشی کرم است

مەیگێڕ وەرە دەس مەگێڕەوە مەی بێنە!

مەی ژینە لە ناو لەش و لە ڕەگدا خوێنە
کێ دیتی شتێک کە ئاگر و ئاویشە؟!
مەی ئاوی ژیانی مەیە، خەم سووتێنە

ز آنِ مِی که حیات جاودانی‌است، بخور!
سرمایهٔ لذّت جوانی‌است، بخور!
سوزنده چو آتش است لیکن غم را
سازنده چو آب زندگانی‌است، بخور!

بایی مەبە بە ژیان و کەمێ ڕامێنە
زۆری وەکوو تۆ ئێستە سەتی لە شوێنە
دلخۆش بە هەتا ماوی، مەرگ وا لە کەمین
تا تۆش نەڕفێنراوی بەشت بڕفێنە

بر چشم تو عالَم اَرچه می‌آرایند
مَگْرای بدان! که عاقلان نَگرایند
بسیار چو تو روند و بسیار آیند
برُبای نصیبِ خویش کِتْ برُبایند

بێهوودەیە بەس لە سەر مە خۆ بنوێنە
بگرە و بکوژە، کۆ کەرەوە، بستێنە
سەرکاری مەرگ گەلێ لە تۆ زۆردارتر
دەتگاتە سەر و دەڵێ: بەشی من بێنە!

هر یک چندی یکی بر آید که منم
با نعمت و با سیم و زر آید که منم
چون کارک او نظام گیرد، روزی
ناگه اَجَل از کمین برآید که منم

نازداره! بەهاره، سەوزەیە، دەمئاوە
کوا دەفر و پیاڵە مەی؟ دڵم تەنگاوە
گەردوون گەڵێ وەک تۆ و منی سەدجار سەدجار
بە پیاڵە دروست کرد و لە بەردی داوە

بر گیر پیاله و سبو ای دلجوی!
فارغ بنشین به کشتزار و لب جوی
بس شخص عزیز را که چرخ بدخوی
صد بار پیاله کرد و صد بار سبوی

ئەم بوون و ژیانەی هەیە چۆن ڕووی داوە؟
ئەنجامی چییە و بۆچییە؟ چی بەدواوە؟
هیچ کەس نەبووە و نیشە بەڕاست بیزانێ
هەرکەس بە خیاڵ شتێکی بۆ هەڵداوە

این بحر وجود آمده بیرون ز نهفت
کس نیست که این گوهر تحقیق بسُفت
هر کس سخنی از سر سودا گفتند
زآن روی که هست کس نمی‌داند گفت

هەر کارێ دەکەم ڕۆژی بەرێ نووسراوە
بۆ چاک و خراپ خوا قەڵەمی لێداوە
پرسیار و گوناهی کردەوەم بۆ لە منە؟
نووسراوە، دەبێ بیکەم؛ ئیتر چی ماوە؟

بر من قلم قضا چو بی من رانند
پس نیک و بدش ز من چرا می‌دانند
دی بی من و امروز چو دی، بی من و تو
فردا به چه حُجّتم به داور خوانند؟

گەردوونی چەوێڵ هەر بە چەپیی سووڕاوە

هەر بۆیە ئەوی ڕاستە تیا داماوە
بڕوانە لە هاواڵەتی شووشە و پیاڵە
خوێن کەوتە نێوانیان و لێو بە لێو چەسپاوە

این چرخ چو طاسی است نگون اُفتاده
در وی همه زیرکان زبون اُفتاده
در دوستی شیشه و ساقی نگرید
لب بر لب و در میانه خون اُفتاده

ڕۆیین و زەمان پەشێو و ئاڵۆزاوە
سەد گەوهەر و دوڕ یەکێکی لێ نەسماوە
داخی بە دڵم هەزار وشە و بیری چاک
کەر بوونەتە لەمپەر و نەبێژراو ماوە

اسرار جهان، چنان که در دفتر ماست
گفتن نتوان؛ که آن وبال سَر ماست
چون نیست در این مردم نادان اهلی
نتوان گفت هر آنچه در خاطر ماست

دیم پیرێ لە مەیخانە سەری دەخولاوە
ناترسی وتم، کە بمری؟ چیت بۆ ماوە؟!
فەرمووی: وەرە پێداکە! گەلێ وەک من و تۆ
ڕۆیشتن و کەس نەهاتەوە لەو لاوە

پیری دیدم به خانهٔ خمّاری
گفتم: نکنی ز رفتگان اخباری؟
گفتا می خور! که همچو ما بسیاری
رفتند و خبر باز نیامد باری

چاوجوان وەرە لام، بە خەم بڵێ بەو لاوە
لێم هاڵێ هەتا داوی ژیان نەپساوە

نەورۆزە، چەمەن سەوزە، دەمێ سەرخۆش بین
تا سەوزە لە سەر گۆڕەکەمان نەڕواوە

ای دل! چو زمانه می‌کند غمناکت
ناگه برود ز تن روان پاکت
بر سبزه نشین و خوشِ بزی روزی چند
زان پیش که سبزه بردَمَد از خاکت

کێ ڕۆژی بەرێ قوڕی منی شێلاوە؟
کوڵکە و مەرەزم بە کام تەشی ڕێسراوە؟
کارم کە یەکی نەگرت و لێم ئاڵۆزا
سووچم چییە؟ لای خۆتەوە هەڵپێچراوە

یارب تو گِلم سرشته‌ای؛ من چه کنم؟
پشم و قصَبم تو رشته‌ای؛ من چه کنم؟
هر نیک و بدی که آید از من به وجود
خود بر سر من نوشته‌ای؛ من چه کنم؟[۱]

دنیات بە خەیاڵی خۆ لە تورێێن ناوە
زێڕت هەیە، عەرزت هەیە، دێمە و ئاوە
ئەو ڕۆژی مەرگ سەرت ئەدا سەربەسەرین
هەر دوو گەزە خاکی گۆڕ و تۆپێک جاوە

گر ملک تو مصر و شام و چین خواهد بود
وآفاق تو را زیر نگین خواهد بود
خوش باش که عاقبت نصیب من و تو
ده گز کفن و دو گز زمین خواهد بود[۲]

✍ چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

۱] [شرف‌الدین شَفَروَه.
۲] [باباافضل کاشانی.

ئەم کۆنە سەراوپەردە کە دنیای ناوە
شایی لە بەرێک، شینە لە پێنسەد لاوە
ئەم خوانچەیە بەرماوی هەزار جەمشیدە
گۆڕە و گەڵێ بارامی تیا نێژراوە

این کهنه رباط را که عالم نام است
وآرامگه ابلق صبح و شام است
بزمی‌است که واماندهٔ صد جمشید است
قصری‌است که تکیه‌گاه صد بهرام است

لەم ڕێگە درێژەوە کە مەرگی ناوە
کێ هاتەوە باس و خەبەری هێناوە؟
وەستان لە دووڕێیانی نیازی پڕوپووچ
بێهوودەیە، هەرچی چوو نەهاتە دواوە

از جملهٔ رفتگان این راه دراز
باز آمده‌ای کو که به ماَ گوید راز
پس بر سر این دو راههٔ آز و نیاز
تا هیچ نمانی، که نمی‌آیی باز

هەر دەرد و کوڵ و ژانە ژیانی ناوە
تۆ بەفری گەلاوێژ و مەرگ وەک تاوە
ئەو تاوە تیا ماوی مەتاوێوە بە خەم
کوا ئاوی تڕێ؟ هیمی جیهانیش ئاوە

تا کی ز غم زمانه محزون باشی؟
با چشم پُر آب و دل پُر خون باشی؟
می نوش و به عیش کوش و خوشدل می‌باش!
زآن پیش کز این دایره بیرون باشی

لەم خانە دوو دەرگانە کە پێت تێ ناوە
هاتووی بە پەلە و دەچییە دەرێ لەو لاوە
ژینت بە خەفەتبارییە، مەرگیش سەربار
پێت وایە نەدۆڕاوی؟ خەیاڵت خاوە

چون حاصل آدمی در این دیر دو در
جُز خون دل و دادن جان نیست دگر
خرّم دل آنکس زین جهان زود برفت
وآسوده کسی که خود نَزاد از مادر

گەردوون چتە؟ کێ بێفەڕە ڕووت لێناوە
تێر و تەسەلە و بەریکی پڕ لە دراوە
بێ شێو سەر ئەنێنەوە هەزاران زانا
بمبووڕە! ئەگەرچی پیری، بیرت خاوە

ای چرخ! همی خسیس را چیز دهی
گرمابه و آسیا و کاریز دهی
آزاده به نان شب گروگان بنهد
شاید که بر این چنین فلک تیز دهی!

هەر سەوزە کە تازە لە دەم ئاوێ ڕواوە
وەک تازە خەتێ لە لێوی لاوێ ڕواوە
هەنگاوێ لەسەر شینکە بە پارێز دانێ
ئەو شینکە لە خاکی مەستەچاوێ ڕواوە

هر سبزه که برکنار جویی رُسته است
گویی ز لب فرشته‌خویی رُسته است
پا بر سر سبزه تا به خواری ننهی
کان سبزه ز خاک لاله‌رویی رُسته است

بارانە دڵۆپێکی ڕژا دەریاوە

خۆڵێکە گەڕ و خولییە لە بەردەم باوە
ئەم هاتنی ناو ژیان و چوونەت چۆنە؟
مێشوولەیەک و تۆزێ گەڕا و گەڕیاوە

یک قطرهٔ آب بود با دریا شد
یک ذرّهٔ خاک با زمین یکتا شد
آمد شدن تو اندرین عالم چیست؟
آمد مگسی پدید و ناپیدا شد

خشتپێژی هەتا کەنگێ بە سەر دەریاوە
ئاخ چەندە ڕقم لە بتپەرس هەڵساوە!
کابرای کە دەڵێ دەچتە جەهەندەم خەییام
چۆن زانی؟ چ دێوێک خەبەری پێداوە؟!

تا چند زنم به روی دریاها خشت؟
بیزار شدم ز بُتپرستان و کُنِشْت
خیام، که گفت دوزخی خواهد بود؟
که رفت به دوزخ و که آمد ز بهشت؟

خوینتاڵی مەلا بە ڕیش و پەشم و جبەوە
ئەمرۆش لە دەست دەچێ بە بیری سبەوە
زۆر وشکی دەبی بە دەستەچیلەی ئاگر
فەرموو وەرە مەیخانە دەمێ تەڕ ببەوە

دستِ چو منی که جام و ساغر گیرد
حیفَ است که آن سبحه و دفتر گیرد
تو زاهد خشکی و منم عاسق تر
آتش نشنیدهام که در تر گیرد!

خۆ بەس بدە خەو کە هۆش و بیرت پتەوە
ڕابوێرە ژیان بە مەی ئەگەر ڕۆژ و شەوە

مردن که برای گەورەیە بۆ خەو، هەر دێت
ئەو کاتە لە ناو نوێنی گڵا تێر بخەوە

در خواب بُدم مرا خردمندی گفت:
کز خواب کسی را گُل شادی نشکُفت
کاری چه کنی که با اجل باشد جفت؟
مِی خور! که به زیر خاک می‌باید خفت

دەرد و خەمی من کە هێشتە نەبڕاوەتەوە
خۆشی تۆ کە دەنگی لە جیهان داوەتەوە
هەر دووکی دەچێ نە ئەو دەمێنێت و نە ئەم
گەردوون لە گەڕە و هەزار تەڵەی ناوەتەوە

گرچه غم و رنج من درازی دارد
عیش و طرب تو سرفرازی دارد
بر هر دو مکن تکیه که دوران فلک
در پرده هزار گونه بازی دارد

مەیگێڕ وەرە بۆم تێکە ئەوا نیوەشەوە
بەس بیرێ لە مزگەوت و کەنشتان بکەوە
دڵتەنگی جەهەندەمی و بە ئاواتی بەهەشت؟
داینناوە خودا کوێندەریی، بەس لێکیدەوە

تا کی ز چراغِ مسجد و دودِ کُنِشْت؟
تا کی ز زیانِ دوزخ و سودِ بهِشت؟
رو بر سر لوحِ بین که اُستادِ قضا
اندر اَزَل آن‌چه بودنی بود، نوشت

شێخ ویستی لە دەردی یار و مەی چا بمەوە
بۆ ژینی لە پاش مەرگ، ئەشێ پا بمەوە
نازانێ کە بۆچ هۆگری یار و بادەم؟
پێم خۆشە لە حەشریش دەگەڵی ڕابمەوە

گویند هرآن کسان که با پرهیزند
زان سان که بمیرند چنان برخیزند
ما با می و معشوقه از آنیم مدام
باشد که به حشرمان چنان انگیزند

خۆڵی لەشەکەم بە تایبەتی خرِ کەنەوە
مەی لێ بدەن و باشی تەڕوبڕ کەنەوە
خشتێکی بپێژن لەمە بەڵکوو جارێک
مەیخانە کەلێنێکی بە من پڕ کەنەوە

گر یار منید ترک طامات کنید
غم‌های مرا به مِی مُکافات کنید
چون در گذرم، زَ خاک من خشت زنید
در رخنهٔ دیوار خرابات کنید

چم بیستووە لەم جیهانە یان چم دیوە
زانیومە چییە، هیچ نەبێ نیوە و نیوە
مردن چییە؟ هەرچی دەکەم و دەکرێنم
شێواوم و سەر نابەمەدەر لەو شیوە

از جرم گِل سیاه تا اَوج زُحل
کردم همه مشکلات کلّی را حل
بگشادم بندهای مشکل به حیل
هر بند گشاده شد به جز بند اجل

مردووی بەرە مەیخانە ڕوحی تێدایە
ئەو بۆنی لە مەی دێ نەفەسی عیسایە
دەرخۆنە کە دەخرێتە سەری کووپەی مەی
تاجی سەری سەد کاوس و جەم هێژایە

یک جرعه مِی کهنه، ز ملکی نو به

وَز هرچه نه مِی، طریق بیرون شو به
در دست به اَز تخت فریدون صد بار
خشتِ سر خُم ز مُلک کیخسرو به

چاوم له لکی هومیده بۆم دانایه
ئەی خۆزگە که داشدەهات بەری هەبوایه
زیندانه ژیانم دەرەتان نابینم
ئاڵۆزه و گرێپوچکەیه ئەو هەودایه

بر شاخ اُمید اگر بری یافتمی
هم رشتهٔ خویش را سری یافتمی
تا چند ز تنگنای زندان وجود؟
ای کاش سوی عدم دری یافتمی

مەیگێڕ وەرە! ئەم هۆشه بەکارم نایه
مردن ڕەشەباییکە، ژیانم کایه
بۆم تێکه له گۆزەی مەیەکەت، هاکا دیت
گۆزێک له گڵی منیش لەناو کڵدایه

برخیز بُتا! بیار بهر دلِ ما
حل کُن به جمال خویشتن مُشکل ما
یک کوزه شراب تا به هم نوش کنیم
زان پیش که کوزه‌ها کنند از گِلِ ما

شووشەی مەیەکەت بۆچی ڕژاندم خوایه
وەک شووشه، نەشه و دڵت شکاندم خوایه
مەیخۆرە منم کەچی یەکێ تر دەگری
هەبووره له پەردەدا گەیاندم خوایه

ابریقِ می مرا شکستی رَبّیِ!
بَر منِ درِ عیش را ببستی ربّی
من می خورم و تو می‌کنی بد مستی!

خاکم بە دهن مگر تو مستی رَبّی!

ئەم هاتن و چوونی ئێمە چی لە دوایە؟
کێی وا هەیە لەم گڵۆڵە هەڵکا تایە؟
ئەو لاشە هەموو دەکەونە ئاورگی نەمان
سووتمانی وەهام نەدیوە؛ دووکەڵ نایە!

از آمدن و رفتنِ ما سودی کو؟
وز تارِ امیدِ عمرِ ما پودی کو؟
چندین سر و پای نازنینانِ جهان
می‌سوزد و خاک می‌شود؛ دودی کو؟

ئەی خوایە چ بێوەفایە ئەم دنیایە
دەرد و ڕک و کینە گشتی هەر لەم ڕایە
بڕوانێ لە ناو دڵی ڕەشی خاکی ڕەشا
زۆر گەوهەری تێدایە کە نرخی نایە

ای چرخِ فلک! خرابی از کینهٔ توست
بیدادگری شیوهٔ دیرینهٔ توست
ای خاک! اگر سینهٔ تو بشکافند
بس گوهر قیمتی که در سینهٔ توست

بیر کەم بتەنە! ڕایەڵەکەت بێ پۆیە
مەی ڕۆکە لە کووپە چ ڕەوای ڕۆڕۆیە؟
ئەمڕۆ کە بە فیز و قۆزی، سۆزی تۆزی
بابردەڵە! پێت وابوو جیهان بۆ تۆیە؟!

بر چرخ فلک هیچ کسی چیر نشد
وز خوردن آدمی، زمین سیر نشد
مغرور بدانی که نخوردَست تو را
تعجیل مکن! هم بخورد؛ دیر نشد

هەر بێنەبەرە و هەڵخول و هات و چۆیە
گوێ هەڵخە هەموو دەنگی بژی و ڕۆڕۆیە
خەرمانی ژیانە سوورە، گەردوون سەرکار
ڕۆکردن و پێوانی مەیە لەو کۆیە

آرند یکیَ و دیگری بربایند
بر هیچ کسی راز همی نگشایند
ما را ز قضا جز این قدر ننمایند
پیمانهٔ عمر ماست می‌پیمایند

گاییکە لە عاسمان و ناوی کۆیە
گاییکە دەڵێن هەڵگری هەرد و بۆیە
سەیری کەرەگەل بکەی لە ناو ئەم جووتە
گەر ژیر و بەبیری سەیری خۆش بۆ تۆیە

گاوی است در آسمان و نامش پروین
یک گاو دگر نُهفته در زیر زمین
چشم خِرَدَت باز کُن از روی یقین
زیر و زَبَرِ دو گاو مشتی خر بین!

دۆستێکی بەڕاستی خەمڕەوێنمانە، مەیە
ئیتر هەموو دۆستایەتی دنیا گەمەیە
چاخی گوڵ و یارێکی گوڵەندام و مەیەک
ڕابوێری بەدڵ دەمێک، ژیان هەر ئەمەیە

مِی نوش! که عمرِ جاودانی این است
خود حاصلَت از دوْرِ جوانی این است
هنگامِ گُل و باده و یاران سرمست
خوش باش دمی، که زندگانی این است

پشکووتووە گوڵ چ دیمەنێ شەنگی هەیە
مەیگێڕ وەرە بۆم تێکە دڵم ژەنگی هەیە

بەس بۆم بڵێ چیرۆکی بەهەشت و هۆری
خێو و جنە ڕەنگی نییە هەر دەنگی هەیە

در دهر چو آوازِ گُلِ تازه دهند
فرمای بُتا! که مِی بِه اندازه دهند
از حور و قصور، وَز بهشت و دوزخ
فارغ بنشین! کان همه آوازه دهند

دنیایە لە کەو دە! بێگوناهێکی نییە
کەس بێ هەڵە نەژیاوە لە سەر ئەم زەوییە
من کردە خراپ و تۆش خراپەم تووش کەی
جیاوازی لە نێوان من و تۆ خوایە چییە؟

آن کیست که بی‌جرم و گنه زیست؟ بگو
بی‌جرم و گناه در جهان کیست؟ بگو
من بد کنم و تو بد مکافات کنی
پس فرق میان من تو چیست؟ بگو[١]

]١ [فخرالدین عراقی.

هەر ڕێیە بڕیم گشتی هەڵە و لاڕێیە
وا دێمە پەنات باری گوناهم پێیە
بم بەیتە بەهەشت ئەگەر بە نوێژ و ڕۆژوو
سەودایە، ئیتر بەخششەکەت لە کوێیە؟

من بندهٔ عاصیم رضای تو کجاست؟
تاریک دلم؛ نور و صفای تو کجاست
ما را تو بهشت اگر به طاعت بخشی
این بیع بود؛ لطف و عطای تو کجاست؟[١]

مەیگێڕ وەرە مەی بێنە! زەبوونی بۆچی؟
با پێبکەنین داخ لە دەروونی بۆچی؟
کێ پرسی بەتۆ کرد لە نەبوون و بوونا؟
بێهوودە کزی بوون و نەبوونی بۆچی؟

از بودنی ای دوست چه داری تیمار؟
وَز فکرتِ بیهوده دل و جان افگار؟
خرّم بزی و جهان به شادی گذران!
تدبیر نه با تو کرده‌اند اوّل کار

مەیخۆرەوە بم، بە تۆ چی؟! تووڕەی بۆ چی؟
تۆ بۆچی بە زۆنگی خەمی منداڕۆچی؟
چیت داوە لە ئاکاری ئەم و ئەو کاکە؟
باشتر ئەوەیە کە خۆت بزانی تۆ چی؟

بـا مـن تـو هـر آنچه گویی از کین گویی
پیوسته مرا مُلحد و بی دین گویی
من خود مُقرم به آنچه هستم؛ لیکن
انصاف بده! تو را رسد کاین گویی؟

]١[ابوسعید ابوالخیر.

مەیگێڕ وەرە گا زەوی لە پشتە، بە مە چی؟
بادەم بدەیە! جند و فرشتە بە مە چی؟
مەیخانەیەکم نیشان دە ئەوسا دنیا
مزگەوتە هەمووی، دێر و کەنشتە، بە مە چی؟

فصل گُل و طَرف جویبار و لب کِشت
با یک دو سه اهل و لُعبتی حورسرشت
پیش آر قدح! که باده‌نوشانِ صبوح
آسوده ز مسجدند و فارغ ز کُنِشت

ژیانت چییە؟ تا چووک و شلی، شاگردی
وەستای کە گەیشتی، پاشی: پیری، مردی
پوختایی وتار لە من ببیسی باشە :
تۆزێکی لە خۆڵ بەرز ببووی، با بردی

یک‌چند به کودکی به اُستاد شدیم
یک‌چند ز اُستادی خود شاد شدیم
پایان سُخن شنو که ما را چه رسید:
از خاک درآمدیم و برباد شدیم

مەی تێکە! وەخۆ! دەرفەتە؛ هاکا مردی
لەم ژێر گڵە بێ هەواڵ و بێ هاوەردی
وا پێتی ئەڵێم شتێک لە لای کەس مەیڵێ
نابێتەوە گوڵ پەلکەگوڵێ با بردی

مِی خور! که به زیرِ گِل بسی خواهی خُفت
بی مونس و بی رفیق و بی همدم و جُفت
زنهار به کس مگو تو این رازِ نُهُفت!
هر لاله که پَژْمُرد، نخواهد بِشْکُفت

بێ خەم بە! ژیان هەڵێکە هاکا مردی
تاوێری مەرگ گلا و لە بنیا وردی
نازانی لە کوێوە ناردراوی؛ سا بە خودا
ناشزانی مەرگ کە مردی، بۆ کوێی بردی

دریاب که از روح جدا خواهی رفت
در پرده اسرار، فنا خواهی رفت
مِی نوش! ندانی از کجا آمده‌ای
خَوش باش! ندانی به کُجا خواهی رفت

گەردوون وەکوو دێو بەراوەژوون ئاکاری

هاواڵی نەزانانە، دژی زانیاری
مەیگێڕ وەرە هۆشم بەرە! بەڵکوو جارێک
لێی تێکچێ بە لای ئێمە بچەرخێ باری

چون نیست در این زمانه سودی ز خرد
جز بی خرد از زمانه بَر می نخورد
پیش آور! از آن که او خرد را ببرد
تا بو که زمانه سوی ما به نگرد[۱[

گەردوون کە بە زانیاری بکردا کاری
چۆن وا پڕ دەبوو لە هیچ و پوچ و خواری
کەی ڕاستە هەژار و لێوبەبارن زانا
بێ مێشک و کەریش لە زێڕە نااڵ و باری!

گر کار فلک به عدل سنجیده بُدی
احوال جهان جمله پسندیده بدی
وَر عدل بُدی به کارها در گردون
کی خاطر اهل فضل رنجیده بُدی؟

]۱ [ادیب صابر.

گەردوون وەکوو منداڵە لەبەر بێکاری
خستینیە دەرێ وەک متوموور بۆ یاری
تاوێکی لە بەردەستی ئەوا دێین و دەچین
دەخرێینەوە سندووقی نەمان یەکجاری

ما لُعبتکانیم و فلک لُعبت باز
از روی حقیقتی، نه از روی مجاز
یک چند دراین بساط بازی کردیم
رفتیم به صندوق عدم یک یک باز

ناچاری ئەشێ باری مەرگ هەڵبگری
ناشێ هەموو دەم لە ترسی مردن بمری
خوێن و ڕەگ و پێستێک و دوو سێ ئێسقانێک
وەبزانە نەبوون، بۆ چییە خەم دادەگری؟

چون مردن تو چارهٔ یکبارگی است
مردانه بمیر! این چه بیچارگی است؟!
تو خون و نجاستی و مشتی رگ و پی
انگار نبود؛ این چه غم خوارگی است؟![1]

خەم بۆچی لە سەر بوون و نەبوون دادەگری؟
دواڕۆژ چییە کەی دێ؟ چتە وا بۆی دەگری
مەی فڕکە! مەترسێ بە قەرز، نازانی
نێوانی هەناسەیەک دەژی یان دەمری؟

تا کی غم آن خورم که دارم یا نه؟
وین عمر به خوشدلی گذارم یا نه؟
پُرکن قدح باده! که معلومم نیست
کاین دَم که فروبرم برآرم یا نه

---

[1] [عطار نیشابوری.

ڕابوێرە دڵت خۆش کە! چما خەم لەبەری
دەرفەت لە دەست ئەگەر نەدەی بەختەوەری
یەکجارە کە دروایەوە هەڵنادەیەوە
هۆشی بدەرێ مرۆی، نە سەوزە و کەوەری

این عقل که در ره سعادت پوید
روزی صد بار خود تو را می‌گوید
دریاب تو این یکدم وقتت! که نه‌ای
آن ترّه که بدروند و دیگر روید

زستانی ژیانە وا قەڵی مەرگە قڕی
پیری ملّەیەک بوو ڕەگی لاویمی بڕی
باڵّداری جوانیم لە لکی ئاواتم
هاوارە لە من! چ زووبەزوو نیشت و فڕی

افسوس که نامهٔ جوانی طی شد
وان تازه‌بهار زندگانی دی شد
آن مرغ طرب که نام او بود شباب
فریاد! ندانم که کی آمد، کی شد!

نەیخۆی و نەپۆشی، ئەدی بۆچیت کۆشی؟
سەرقاڵّی شەو و ڕۆژ، دەکڕی و دەفرۆشی
لێو تەڕکە بە مەی! لێوی کچۆڵێک بمژە!
ژێر گڵّ هەر ئەبی، پەرۆشی یان دڵّخۆشی

آن مایه ز دنیا که خوری یا پوشی
معذوری اگر در طلبش می‌کوشی
باقی همه رایگان نَیرزد هُشدار!
تا عمر گرانبها بدان نفروشی

ئۆخەی کە نەما باوی خەیاڵّی خاڵّی
مەیگێڕی دەبینمەوە بە بادەی ئاڵّی
گێرەی ڕەمەزان بەربوو، ئەوا جێژن هات
دەمبێنی لە دەم گا و کەران دامالّی

عید آمد و کارها نکو خواهد کرد
ساقی می لعل در سبو خواهد کرد
افسار نماز و پوزه‌بند روزه
عید از سر این خران فرو خواهد کرد

شێخێ بە ژنی خراپی گوت: بێ شەرمی!

بۆ هەرچی دەست بۆ بەرێ، ساز و نەرمی
پێی گوت: بەڵێ، من وەکوو دیارم، هەر وام
تۆش داخۆ وەکوو نیشان دەدەی دڵگەرمی؟

شیخی بە زنی فاحشە گفتا: پستی!
هر لحظە بە دام دگری پابستی!
گفتا؛ شیخا! هر آنچە گفتی هستم
تو نیز چنان‌کە می‌نمایی هستی؟

پڕژاندی هەور لە دەشت و دەر بارانی
بێ مەی بی دەمێ، تامی ژیان نازانی
وا ئێمە لە سەیری سەوزەزارین، داخۆ
سەوزەی گڵی ئێمە کێ بکا سەیرانی؟

ابر آمد و زار بر سرِ سبزه گریست
بی بادهٔ گُلرنگ نمی‌باید زیست
این سبزه که امروز تماشاگه ماست
تا سبزهٔ خاک ما تماشاگه کیست!

گەردوون بەدزی دوێنێ لە لام درکانی
هەرچی بەسەرت دێ لە دەس ئێمەت زانی
لەم چەرخ و خولەمدا دەسەڵاتم بوایە
خۆم ئێستە ڕەها دەکرد لە سەرگەردانی

در گوشِ دلم گفت فلک پنهانی:
حُکمی که قضا بُوَد ز من می‌دانی؟
در گردشِ خویش اگر مرا دست بُدی
خود را برهاندمی ز سر گردانی

ڕابرد تەمەنم هەموو بە نافەرمانی
نەینووکی دڵم لە چەوتیی ژەنگی هانی
هێشتا بە هومێدی بەزەییم، چون هەرگیز

پێم وا نەبوو دوانی، هەر بە تاکم زانی

گر گوهر طاعتی نَسُفتم هرگز
ور گرد بدی ز دل نرُفتم هرگز
نومید نیم ز بارگاه کَرَمت
زیرا که تو را دو من نگفتم هرگز [۱]

ڕۆزی و تەمەنت پتر بکەی، ناتوانی
بۆ زۆر و کەمیش پەرۆش و سەرگەردانی
زۆر دەستەوسانیت و بزۆزیشی بە دەم
ئاواتی دڵت لە مێو بکەی، نازانی

چون روزی و عمر بیش و کم نتوان کرد
دل را به کم و بیش دُژَم نتوان کرد
کار من و تو چنان که رای من و توست
از موم، به دست خویش هم نتوان کرد

---

[۱]مولوی.

زانیوتە لە حەوت و چوارەوە هاتی کە بووی
گێژیت و لە بیری چوار و حەوتا ون بووی
ئاسوودە بژی! هەزار کەرەت پێتی بڵێم:
نایەیتەوە گەر مردی؛ ئیتر چووی، هەر چووی

ای آن‌که نتیجهٔ چهار و هفتی!
وَز هفت و چهار دایم اندر تَفْتی!
می خور! که هزار بار بیشت گفتم:
باز آمدنت نیست؛ چو رفتی، رفتی!

مەیخۆرەوە نی و لە ئێمە هاتوویە گەمەی
خۆشت بە دزی، هەزار دزی و حیزی دەکەی؟

فیزمان بە سەرا لێ مەدە مەستی ناکەی
هەر کارێ دەکەی هەزار کەڕەت خۆزگە بە مەی

گر مِی نخوری طعنه مَزَن مستان را
بنیادِ مکن تو حیله و دستان را
تو غرّه بدان مشو که مِی می‌نخوری
صد لقمه خوری که مِیَ غلام‌است آن را

دەستم کە بڕۆیبایە خودا ئاسایی
گەردوونێ ترم دەخستە ڕوو سانایی
بەدبەختی بەشی نەزان و نامەردان با
دڵخۆشیم ئەدا بەرانبەری زانایی

گر بر فَلَکَم دست بُدی چون یزدان
برداشتمی من این فلک را ز میان
وَز نو فلکی دگر چُنان ساختمی
کآزاده به کامِ دل رسیدی آسان

جوانی بەپەلە و بەبێ نەوەستان ڕۆیی
ڕۆژگاری ژیان وەک شەوی مەستان ڕۆیی
ئەم ژینە کە هەر دەمێکی دنیای دێنا
داخم کە بەبێهوودە لە دەستان ڕۆیی

ماهیّ امیدِ عمرم از شَست برفت
بی‌فایده عمرم چو شبِ مَست برفت
عمری که ازو دَمی به جانی ارزد
افسوس، که رایگانم از دست برفت!

مەیگێڕ مەیە بەرباری خەمان؛ مەی بابێ
چا نابێ جیهان بە ئێمە؛ با دڵ چابێ
چت دێتە بەرێ لە ڕێی ژیان، گوێ مەدەرێ

هەرگیز وەکوو ئاواتی دڵی کەس نابێ

ساقی قدحی! که کار عالم نفسی است
گر شادی از آن یک نفس، آن نیز بسی است
خوش باش به هر چه پیش‌ات آید! کـه جـهان
هرگز نشود چنانکه دلخواه کسی است!

چۆن تۆبە لە مەی دەکەی هەتا مەی مابێ؟!
ئەو ڕۆژە مەخۆرەوە کە پەیدا نابێ
نەخوازە بەهار و چیمەن و دیمەنی گوڵ
تۆبەی چی؟ هەزار تۆبە لە تۆبەی وا بێ

توبه مکن از مِی! اگرت مِی باشد
صد توبهٔ نادمیت در پی باشد
گل جامه‌دران و بلبلان ناله‌زنان
در وقت چنین، توبه روا کی باشد؟!

✍چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

کلیات سعدی، ویراسته ی: کاظم عابدینی مطلق، رباعیّات، در اخلاق و موعظه، ص۸۱۲.

یان دەچمە بەهەشت هۆری لە دەورم کۆ بێ
یان ئاگرە جێگەم بە چزە و بۆسۆ بێ
جوانێک و مەی و نەی و بەهارێک بۆ من
چیم ناگەرەکە، قەرزی بەهەشت بۆ تۆ بێ!

من هیچ ندانم که مرا آن که سرشت
از اهلِ بهشت کرد یا دوزخ زشت
جامیّ و بتیّ و بربطی بر لبِ کِشت
این هر سه مرا نقد و تو را نسیه بهشت!

گیا شینی بەهاران هەڕەتێ خونچە وەبێ
لات وایە بەهەشت، ئەگەر هەبێ، وەک ئەوە بێ
مەیگێڕ وەرە تا بەهەشتی دنیا ماوە
هەشتێکی لە مشتە بێنە! نەک نۆ بێ، نەبێ

چندان که نگاه می‌کنم هر سویی
در باغ روان است ز کوثر جویی
صحرا چو بهشت است؛ ز کوثر گم گوی!
بنشین به بهشت با بهشتی‌رویی!

بۆ ژانی دڵان هەر مەیە دەرمانی بێ
زانا ئەوەیە تامی لە مەی زانیبێ
ئەو کۆنە پەڕۆی لێوی لە مەی پێ دەسڕن
بەرماڵی هەزار سۆفی بەقوربانی بێ

یک جُرعهٔ می، مُلک جهان می‌اَرزَد
خشتِ سر خُم، هزار جان می‌اَرزَد
آن کهنه که لب ز می بدو پاک کنند
حقّا کــه هزار طَیلَسان می‌ارزد

فەرمووتە عەزابم هەیە ترس و لێ بێ
لەم گفته دەبێ ئەوی بترسێ کێ بێ؟
تۆ ڕەحمەتی، لە کوێ بی، عەزاب بێکارە
ئەو جێیە کە بێ تۆیە دەبێ لە کوێ بێ؟!

گویی که تو را عذاب خواهم فرمود
من در عجبم که این کجا خواهد بود
هر جا که تویی عذاب نبود آنجا
آنجا که تو نیستی کجا خواهد؟!

دڵبەر کە بماندات‌ێ مەیێک و ماچێ
بەرماڵ و ڕدێن بە تووننی ئاگردا چێ

دڵتەڕ لە جەهەندەما بێ، سا دەرکی بەهەشت
گیراوە بە قوڕ تازە کەسی تێ ناچێ

مِی خوردن و گِرد نیکوان گردیدن
بِه زان که به زَرق، زاهدی ورزیدن
گر عاشق و مست، دوزخی خواهد بود
پس روی بهشت کس نخواهد دیدن

ئەو جوانە کە خۆم دەڵێم، بە تەنیا جارێ
باوەش بە یەکا بکەین لە دەم ڕووبارێ
چیمەن گوڵ و سەوزەپۆش و ئێمەش سەرخۆش
پێم وا بێ بەهەشت وایە؛ بەڵام لێ بارێ

در فصل بهار اگر بُتی حور سرشت
یک ساغر مِی دهد مرا بر لبِ کِشت
هر چند به نَزد عامه این باشد زَشت
سگ به ز من است اگر برم نامِ بهشت![1]

---

[1] [مهستی گنجوی:

هنگام صبوح گر بت حورسرشت
پُر مِی قدحی به من دهد بر لب کشت
هرچِند که از من باشد این سخن زشت
سگ به ز من ار هیچ کنم یاد بهشت

تا هەل هەیە دڵخۆش بە! ژیان ڕادەبڕێ
لەم خانوەڕەشەی لەشە گیان دەردەکرێ
ئەم کاسەسەرانەی کە دەبینی سۆزی
ژێر قاچ و قولی کاسەکەران ڕادەخرێ

خوش باش که عالم گذران خواهد بود
جان در پی تن نعره‌زنان خواهد بود
این کاسهٔ سرها که تو بینی، فردا
زیر لگدِ کوزه‌گران خواهد بود

تای ماشەری ژین بە بێ وچان هەڵدەکرێ
زانا ئەوە دڵخۆش دەژی، بێخەم دەمرێ
مەیگێڕ خەمی چیتە بۆ سبەینێیی قیامەت؟
بۆم تێکە هەتا دەرفەتە؛ شەو ڕادەبرێ

این قافلهٔ عمر عجب می‌گذرد!
دریاب دمی که با طَرَب می‌گذرد!
ساقی غم فردای حریفان چه خوری؟
پیش آر پیاله را! که شب می‌گذرد

زانا لە جیهان کەسێکی خەم دانەگرێ
دڵتەڕ بژی؛ وشکی لە دڵا ڕانەگرێ
تا سواڵەتی ژین بە بەردی مردن دەشکێ
دەستی لە ملی شووشە و یار لا نەگرێ

ایّامِ زمانه از کسی دارد ننگ
کو در غمِ ایّام نشیند دلتنگ
می خور تو در آبگینه با نالهٔ چنگ!
زآن پیش که آبگینه آید بر سنگ!

ئەم خەڵکە لە کارگای خودا دێتە دەرێ
هەر کاری ئەویشە سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ
ئەی خوایە! ئەگەر باش بوو لە پای چی نەتهێشت؟
گەر پووچ و چرووکە کێیە کردوویە بەرێ؟

دارنده چو ترکیب طبایع آراست

از بهر چه پس فکندش اندر کم و کاست؟
گر نیک آمد، شکستن از بهر چه بود
ورنیک نیامد این صور؟ عیب کِراست

چاوجوان نە دەمی خەوە؛ دە هەڵبێنە سەرێ!
مەی تێکە لە کووپە، چەند قومێکم بدەرێ
هاکا قوڕی خاکی من و تۆش هەڵشێلن
بکرێتەوە کووپەمەی لەکن گۆزەکەرێ

زان کوزهٔ مِی که نیست در وی ضرری
پُر کن قدحی، بخور! به من ده دگری!
زان پیشتر ای صنم! که در رهگذری
خاکِ من و تو کوزه کند کوزهگری

دڵخۆشی دەدا مەی و دڵی خەم دەبڕێ
فرمێسکی ڕەزانە، ئەشکی خەمبار دەسڕێ
زۆر سەیرە لە لام کەسێکی مەی دەفرۆشێ
چی چاتری پێ دەکڕێ؟ مەگەر مەی بکڕێ!

تا زُهره و مَهْ در آسمان گشت پدید
بهتر ز مِیِ ناب، کسی هیچ ندید
من در عَجَبَم ز می‌فروشان، کایشان
بِه زانکه فروشند چه خواهند خرید؟!

مەیخۆرەوەکان دە وەرن و ساز دەین کۆڕێ!
مەیگێڕ وەرە! با دەفری شەڕاب هەڵچۆڕێ
دەیزانی خودا ڕۆژی بەرێ مەیخۆرین
تێکی مەدە! زانستی خودا ناگۆڕێ

من مِی خورم و هرکه چو من اهل بود
مِی خوردن من به نزدِ او سهل بود

می خوردن من حق ز ازل می‌دانست
گَر من نخورم علمِ خدا جهل بود[۱]

وەبزانە جیهان بە ئارەزووی تۆ دەگەڕێ
ئەم چەرخ و خولەی هەمووی بە فووی تۆ دەگەڕێ
وەبزانە کە سەد ساڵی ژیای، پاشان چی؟
مەرگێکە لە سەر ڕێگە لە دووی تۆ دەگەڕێ

دنیا به مُراد رانده گیر! آخر چه؟
وین نامهٔ عمر خوانده گیر! آخر چه؟
گیرم که به کام دل بمانی صد سال
صد سال دگر بمانده گیر! آخر چه؟[۲]

هەر شەو بوو لە مەیخانە دەهات ئاوازێ
خۆشی لە کەسێک لە ئێمە مەی دەخوازێ
بۆ مات و کزی؟ گەلێکی وەک تۆ گەردوون
کردوونی بەتۆز و خۆڵی سەر ڕێبازێ

چون لاله به نوروز قدح گیر به دست
با لاله رُخی، اگر تو را قُرصت هست
می نوش به خرّمی! که این چرخِ کهن
ناگاه تو را چو خاک گرداند پَست

✍چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

]۱[سراج‌الدین قمری.
علم خداوند متعال در ازل به فعل بدون اختیار تعلق نگرفته است؛ بلکه علم خدا به فعل اختیاری بنده تعلق گرفته است؛ بنابراین فعل بنده به همان صورتی که خداوند متعال از ازل بدان علم داشته، یعنی فعل با اختیار و اراده، واقع می‌شود؛ لذا علم خدا، از شراب نخوردن کسی جهل نمی‌شود بلکه از ازل به شراب نخوردنش تعلق می‌گرفت و می‌دانسته شراب نمی‌خورد .

به عبارت دیگر از نظر فلسفی علم ازلی خداوند به فعل، علت فعل نخواهد بود. خدا از ازل علم دارد که فلان شخص با اختیار خود شراب خواهد خورد یا نخواهد خورد. بنابراین نه علم خدا جهل می‌شود و نه جبر لازم می‌آید. همچنان که ابوسعید ابوالخیر گفته:

آن کس که ز روی علم و دین اهل بود
داند که جواب شبهه بس سهل بود
علم ازلی علت عصیان بودن
پیش حکما ز غایت جهل بود

خودا دەزانێ ئاکامن چییە
زانستی وەک مە بەرتەسک نییە
ئەمە ببێتە هۆی تاوان کردن
لە کن زانایان زۆر بێ عەقڵییە.

[۲] بابا‌افضل کاشانی.

هەرکەس کە دەسی بە تیکە نانێ بڕەسێ
لاکۆخێ هەبێ، شەوانە تێیدا وەحەسێ
چەند خۆشە ژیانی وا، چ ئازادە بە دڵ
بۆ خۆی بێ، نە ئاغا بێ، نە بەردەستی کەسێ

در دَهر هر آن که نیم نانی دارد
از بهر نشست آشیانی دارد
نه خادم کس بود نه مخدوم کسی
گو شاد بزی! که خوش جهانی دارد

بڕوات کە بە دنیایە لەتەکما بە دەمێ
بڕوانە لە گۆڕسان و ڕامێنە کەمێ
مێروولە کە کێشەوەی دەکەن لێر و لەوێ
هەر یەک لە دەمیدایە گڵی خونچەدەمێ

ای دیده اگر کور نه‌ای گور ببین!
وین عالمِ پُر فتنه و پُر شور ببین!
شاهان و سران و سروران زیرِ گِلند
روهای چو مه در دهن مور ببین!

ئەو کۆشکی ملەی دەکرد دەگەڵ عاسمانێ
شاهانی دەکەوتەوە لە دەرک و بانێ
دیتم پەپووسێمانەیە لێی دەخوێنێ:
کوا بگرە و بەردە؟ بەزم و ڕەزمت کوانێ؟

آن قصر که با چرخ همی زد پهلو
بر درگه آن شهان نهادندی رو
دیدیم که بر کُنگره‌اش فاخته‌ای
بنشسته همی گفت که: کوکوکوکو؟!

بۆم بان کەنە مەیگێڕەکە: با مەی بێنێ
پیری چلەکێش بادەیە خۆی بنوێنێ
سەرخۆشێ بنالێنێ لە نیوەی شەودا
سەد نوێژی ڕیابازی مڕومۆچ دێنێ

یک جرعهٔ مِی ز ملک کاووس به است
از تخت قُبادَ و ملکت طوس به است
هر ناله که رندی به سحرگاه زند
از طاعت زاهدان سالوس به است

کاتێ لە زەوی وەنەوشە سەر دەردێنێ
سروە دەمی خونچە ماچ بکا و ڕایژێنێ
چەند خۆشە لەگەڵ خونچەدەمێ ڕایبوێری
تۆ تۆبەشکێن و ئەو دڵت نەشکێنێ

هر گه که بنفشه جامه در رنگ زند

در دامنِ گل، بادِ صبا چنگ زند
هُشیار کسی بُوَد که با سیمْبَری
مِی نوشد و جام باده بر سنگ زند

هۆشم که دەبێ، خەفەت دڵم دەردێنێ
سەرخۆش کە دەبم، هۆش لە سەرم نامێنێ
کاتێ کە نە زۆر مەست و نە زۆر وشیارم
گیانم بە فیدای ئەو دەمە؛ دنیا دێنێ

تا هُشیارم، طرب ز من پنهان است
چون مست شوم در خردم نقصان است
حالی است میان مستی و هشیاری
من بندهٔ آن؛ که زندگانی آن است

لاوێچێ لە مەی سەد دڵ و سەد دین دێنێ
هەر تاقەقومێک مەملەکەتی چین دێنێ
چی خۆشە لە سەر زەوی، وەکوو مەی نابێ
تاڵێکە هەزار گیانی شیرین دێنێ

یک جام شراب، صد دل و دین اَرزَد
یک جرعهٔ مِی، مملکت چین ارزد
جُز باده لعلَ نیست در روی زمین
تلخی که هزار جان شیرین ارزد

سەرخۆش دڵی نایە پیاڵەیەک بشکێنێ
هەر تۆزێ لەبار و ڕێکوپێک بنوێنێ
خوا ئەو هەموو لاشە ناسک و لاوچاکە
بۆچ ڕێکی ئەخا و لە داخی کێی ئەڕزێنێ؟!

اجزای پیاله‌ای که در هم پیوست
بشکستن آن روا نمی‌دارد مست
چندین سر و ساق نازنین و کفِ دست

از مِهرِ که پیوست و به کین که شکست

دنیا وەکوو خۆیەتی و مرۆ نامێنێ
تۆ تۆزی ئەویش هەر وەکوو سۆزی و دوێنێ
ئێمەش که نەهاتبووین وەکوو خۆی وابوو
لێشی دەر ئەچین کەمایەسی ناهێنێ

ای بس که نباشیم و جهان خواهد بود
نی نام ز ما و نی نشان خواهد بود
زین پیش نبودیم و نبُد هیچ خلَل
زین پس چو نباشیم، همان خواهد بود

چاوجوانە بەیانە و کەڵەشێر دەخوێنێ
بانگێکی لە مەیگێڕ بکە با مەی بێنێ
داخۆ شنەبای بەیان، خوناوکەی باران
کەی بێنێ لە سەر گۆڕەکەمان بڕژێنێ

هنگام سپیده‌دم خروس سحری
دانی که چرا همی کند نوحه‌گری؟
یعنی که نمودند درِ آیینهٔ صبح
کز عمر شبی گذشت و تو بی خبری[۱]

دیم گۆزەکەرێک قوڕی دەشێلا دوێنێ
دەنگێکم دەبیست، باوکە کوڕی ئەدوێنێ:
ڕۆڵەم بەزەییت بە بابی خۆتدا نایە؟
مەمشێلە بە قەو بە هێمنی پێم لێ نێ!

دی کوزه‌گری بدیدم اَندر بازار
بر پاره گِلی لگد همی زد بسیار
وآن گِل به زبان حال با او می‌گفت:
من همچو تو بوده‌ام؛ مرا نیکودار!

چاوم کە بە گریانەوە بوو، یار تاوێ
دەیڕوانی لە ئەشکی من بە گۆشەی چاوێ
بەم چاکەیە لە نیازی گەیشتم کە دەڵێ:
تۆ چاکە بکە و ببە دە ئاوی هاوێ

معشوق که عمرش چو غمم باد دراز
امروز به من تلطّفی کرد آغاز
برچشم من انداخت دمی چشم و برفت
یعنی که: نکویی کن و در آب انداز!

---

[۱]ابوسعید ابوالخیر.

مەیگێڕ لە مە بڕوانە بە سیلەی چاوێ
ڕابردوو، نەهاتوو، لە سەرت دەرباوێ
تاکەی خەمی زوو کۆچ دەکەم و دێر هاتم؟
مەی تێکە وەخۆین دڕەنگ و زووی پێ ناوێ

چون کار نه بر مُراد ما خواهد بود
اندیشه و جهد ما کجا دارد سود؟
پیوسته نشسته‌ایم در حسرت آنک:
دیر آمده-ایم و رفت می‌باید زود

شەو فێنک و دەر سەوز و وەها مانگەشەوێ
با بخۆینەوە کوا هەڵێکی دی هەڵدەکەوێ؟
مانگ هەر دێ، بەهار دێتەوە، تەنیا ئێمەین
دەمرین و دەبینە گیا و گڵ لێر و لەوێ

ساقی! گُل و سبزه بس طربناک شده‌است
دریاب که هفتهٔ دگر خاک شده‌است
مِی نوش و گُلی بچین! که تا در نگری
گِل خاک شده‌است و سبزه خاشاک شده‌است

پرسیم و نواڕیم و گەڕام لێر و لەوێ
هیچ بەڵگە نەبوو تەمی گومانم بڕەوێ
ناژین بە خەیاڵی ئەو بەهارەی نایە
تا ماوە ژیان بادە لە دەسمان نەکەوێ

نتوان دل شاد را به غم فرسودن
وقت خوش خود، به سنگ محنت سودن
کس غیب چه داند که چه خواهد بودن؟
مِی باید و معشوق و به کام آسودن

چووکێک لە کەلاوەیەک لە بەر لابایێ
دەیکۆڵی بە دندووکی، سەری پاشایێ
پێم وابوو دەڵێ: ہمگرە گەر دەتوانی!
بەو کەللـەیە سوێند دەخۆم لە دەستت نایێ!

مرغی دیدم نشسته بر بارهٔ توس،
در پیش نهاده کلّهٔ کیکاوس
با کلّه همی‌گفت که: افسوس! افسوس!
کو بانک جَرَس‌ها و کُجا نالهٔ کوس؟[١]

✍چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار.

]١ [عطار نیشابوری:
مرغی دیدم نشسته بر ویرانی
در پیش گرفته کلّهٔ سلطانی
می‌گفت بدان کلّه که ای نادانی
دیدی که ہمردی و ندادی نانی

لە لامی، گیان پەپوولێکە لە ڕووتا
ئەگەر لێم دوور دەبی، دڵ دێ بە دووتا
لە نێزیکی و لە دووریت خاکەسارم

ئیتر یا دڵ نییە یان گیانە سووتا[١]

دڵم دەیزانی ڕادەبری بە سەرما
بەڕێی کرد دواهەناسێکی لە بەرما
بە چاوم ئاوڕشێنی ڕێگەتم کرد
گیان دەرکەوتە پێشواز و لە دەر ما

هروژمیان کردە دڵ تیپی مژۆڵت
بە خوێن پاراو کرا جێژوانی چۆڵت
دەسی دڵ بگرە خوێنڕێژی هەتا کەی؟
بەزێکت بێ بە دڵداری کڵۆڵت

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

]١[ئەم چوارینەیە لە خەودا گوتراوە.

لە تینی کوڵمەکەت جەرگ و دڵم سووت
لە تاوی چاوی جادووت بوومە هارووت
بەهەشت و کەوسەر و هەنگوین و شیری
بە شاباشی دڵۆپێک ئارەقی ڕووت

دڵی شێتم وەها گرتی گڕو پێت
لە تاوان پێی دەتاوان بەردی بەرپێت
چ ژین سەختم، چ دڵ سەختی گوڵی من!
کزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەر گوێت

بە چاوی تۆ دڵی ژار و گرفتار
بەدڵ مەرگی دەوێ ڕۆژی هەزار جار
لە ڕێی ئەم جوانییەت تۆزێک بەزەت بێ
هەژاری تۆم، لە مردن مەمکە ڕزگار

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

لە تاریکایی پرچت بێسەرەوەدەر
دڵم گێژ و هوڕە چەشنی سکەندەر
بەلام ئاوی ژیان لاجانگی تۆیە
بەڵام ڕەشماری بسکت بوونە لەمپەر

بەژن شۆڕ و کەزی شۆڕ و خەزیم شۆڕ
سەرەو شۆڕم دەکەن سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ
هەژار و خوار و لەشبیمار و دڵدار
دەبا وام لێ بێ مافی خۆمە هەی گۆڕ

شەوە دنیا وەکوو خاڵت سیاپۆش
وەرە با دەردەدڵ بکرێن فەرامۆش
دەسم دەستۆ کە با بتگرمە باوەش
ئەگەر مردم لە خۆشییان، چاوی تۆ خۆش

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

بە سەرگەردانی ژێر گەردانەکەت بم
بەڵاگەردانی باڵا جوانەکەت بم
ئەوا تۆم دی لەسەر کوشتەت دەکەی شین
بە گۆری چاوە پڕ گریانەکەت بم

دەمی کۆچبارەکەت ناچێ لە یادم
دەبێ وەک کوشتمت بشپرسی دادم
"کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا گوڵی من!
شکا ئەستوونەکی تاوڵی مرادم"[١]

دەپرسی چۆنە چێژەی خەم دەچێژم؟
لەبەر چی دەرد و زووخاو هەڵدەڕێژم؟
بژانگی تۆ دڵی کردوومە بێژنگ
کوڵ و خوێنی ئەوینێ دادەبێژم

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

]١[ئەم تاکە بەیتە هی مامۆستا هێمنە.

لە گوارەی پڕ پەرەنگ، دڵ پڕ پەرەنگم
چەماوی بەژن و باڵای شۆخ و شەنگم
لەسەر سینگی سپیت چاوم سپی بوون
لە تاوی زەردەلیمۆت زەردە ڕەنگم

لە قەندی لێوی تۆیە ژینی تاڵم
لە سووڕی کوڵمەتە بە خوێن شەڵاڵم
لە دوو مەمکی خڕت بیرم بڵاوە
کوڵاو و کۆڵەواری سێوی کاڵم

بە دڵ گیرۆدە بەو پرچی بەچینم
ڕەش و ئاڵۆزە، وەک ئەو، بەخت و ژینم
دڵت گرتم خەیاڵی خۆت تیا دی
خەوت بردم کە لەودا تۆ دەبینم

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

وەرە ئەی بەندی جەرگ و ماکی ژینم!
وەرە هەتوانی گش دەرد و برینم!
شەوی ڕەش ڕۆژی ڕوونی بەختی من بوو
کە لەودا تۆ نزیکی خۆم دەبینم

گراوی داوی خاوی سەربڕاوم
کوژاوی چاوی مەستی نیوەخاوم
لە تیشکی ڕوومەتت سەردە هەناسەم
کز و بێتینی ئەو بەژنی زراوم

جگەر لەت لەت بە ئەبرۆی تازە ساوم
لەپت سووڕە لە خوێناوی ڕژاوم
خەیاڵم پەرتە بۆ خڕخاڵی قۆڵت
زڕەی لەرزانەکەت بردی زراوم

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

چ خۆشە پاشی ئەم تۆرانە سازان
چ شیرینە وتەی ڕاز و نیازان
بەسم بێ جەزرەبەی شەوگاری دووریت
پتر مەیهەنجنە جەرگم بە نازان

شەوە ئەستێرە بە زریوەن لە سەرمان
لە مانگی ڕووت هەناسەم بۆتە خەرمان
تکەی ئاونگی کوڵمت تەڕ دەکا لێو
گەزۆ باری لە گەرمان و لە شەرمان

پلاری تۆن کە دڵ چڕاوە ئەمشەو
جخاری تۆن کە خوێن پڕاوە ئەمشەو
مزەم چی بوو لە چاوی مامزی مەست؟
کە جەرگم بۆ مەزەی برژاوە ئەمشەو

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

سیه‌چشمی، به کار عشق استاد
به من درس مَحبت یاد می‌داد
مرا از یاد برد آخـــر، ولـــی من
به جز او، عالمی را بـــردم از یاد

✍فریدون مشیری.

بە چاوی ڕەش، لە کاری عیشقە وەستا
بە من دەرسی ئەوینـــــــی‌دا، نـەوەستا
فەرامـــۆشی کە کردم ئێستە هەر من
بەغەیری وی، کـــــەسێ ناناسم ئێستا

✍مامۆستا سووتاو.

بە گورستان گذر کردم صباحی
شنیدم ناله و افغان و آهی
شنیدم کلّه‌ای با خاک می‌گفت
که: "این دنیا نمی‌ارزد به کاهی"

جارێ ڕێم کەوتە ناو گۆڕستانێ
هاتە گوێم دەنگی بەکوڵ گریانێ
دیم ئێسقانێکە لە خاکا ئەڵێت
خۆشی و لەزەتی سەر دنیا کوانێ

✍وەرگێڕاوی دووبەیتییەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، سابیر ڕازی،

لە چەشنی ئاگرن کوڵمی گەشی تۆ
لە مار حەستەم ترن پرچی ڕەشی تۆ
بڵێیم وەک چی دەچی؟ هەر گوڵ دەزانم
لە گوڵ ناسکترە ناسک لەشی تۆ

دڵم تەنگە وەکوو خونچەی دەمی تۆ
سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ
دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێک
وتت: پێک نایە، زۆری من کەمی تۆ

ژیانم چوو، هەژار و دەستەو ئەژنۆ
چلۆن ڕووی داوە دەست و گەردنی تۆ
ژیانی دوایەشم بۆ تۆ خۆدای شەو!

بەرەو ڕۆ خۆش مەڕۆ! تۆزێک لەسەرخۆ

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

لە لێوت زامی جەرگم پڕ نەمەک بوو
لە سێوت خەم لە ناو سینەم کەڵەک بوو
لە سایەی گەردنی تۆ بام وچانێ
لە ئەولاش داری تووبام ناگەرەک بوو

لە دەست ئەو چاوە مەستەت نیمە چارە
لە ناخێم ڕادەکەن دەرد و پەژارە
لە کێلی گۆڕەکەم یاران بنووسن
کوژاوی گەردنی کێلە و هەژارە

گوڵی باخان لە شەرمی کوڵمە سوورە
لە ڕووی ئەو پەلکی گوڵ ئەستوورە، زوورە
گوتم: مردم نەگەیمە ماچێ، فەرمووی:
هەژار بمبوورە! دوورە ئەو سنوورە

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

هەتا مردن لە دڵدا سینە ماکە
دڵت چەند چاکە، دڵداریت چ پاکە
لە تاریکایی دۆستی دەست لە ناو دەست
کە تیشکی دا چراکە، بوومە کاکە!

زمان بۆ پەسنی ئەو لێوئاڵە لاڵە
گڵێنەم تانەداری دانەخاڵە
بە پیری چووم بەرەوپیری منانی
دڵی بردووم کچۆڵێک چاردەساڵە

لەگەڵ تۆدا کەسێکی دەمدەمانە
چ کارێکی بە خۆشی پاش نەمانە؟
مەی و کەوسەر لە گۆشەی لێوی ئاڵە
بەهەشتی خۆش لە شیوی ناو مەمانە

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

ددان مراورییە و هەریەک لەوانە
لە نرخا گەنجی قارِوون ناتەوانە
لە سووچی لێوەکەت خاڵێک دیارە
لە گەنجت بێچوە زەنگی پاسەوانە

بە گریەم پێکەنی، خەندەت بە شینە
دەڵێی: پاش گریە نۆرەی پێکەنینە
دڵت گەر سەدیەکی سینگت نەرم با
نەرم بووی ئێستە بۆ ماچێک لە سینە

شەوە لە سەوزەزارە، لەو دەم ئاوە
مەکۆی خەم لاچووە دەمکوڵ چماوە؟
مەکە و لاچۆ و دەمانبینن، بیانوون
بەیانە و دەم بنێ دەم، دەم نەماوە

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

بە داوی کەزیەکەت دڵ دالەقاوە
بژۆڵت ڕێزەنێزەی تێ چەقاوە
وچانێک لێوی قەندم پێ ببەخشە

جگەر برژاوە، گەر پێت خۆشە قاوە

وەرە تاوێکە گوڵزارت نەدیوە
لە تاوت خونچە سینەی دادڕیوە
وەنەوشە دوور لە باڵات خۆی دە هەش نا
هەڵاڵە زەردە، نێرگز ڕەنگپەڕیوە

دەبێ بە کوێ بگەی هێشتا نەگەیوی؟
لە ڕوخسارا بەهەشتی، ڕۆژی، هەیوی
هەزاران داود و دەنگی زەموری
دەبەر لێوت مرن کاتێ دەپەیوی

کش و ماتە جیهان لە ژوانی لە نوێ
گەلاوێژ بۆ مە دەڕوانێ لەسەر سۆی
چریکەی بولبولێک دێ، وا دەزانم
چپەی ماچی من و تۆی هاتە بەرگوێ

✍چوارینەکانی باباهەژاری موکریانی.

زەردی لیمۆ

چارەڕەش بووم و لە ڕێی خاڵی ڕەشا بێچارە مام
دەک چ گیانسەختم کە من تا ئێستە هەر لەو بارە مام

"من لەگەڵ مەجنوونێ هاوڕێ بووم لە ڕێی شێتی و ئەوین
ئەو گەیی بە نیاز و من هەر بێدڵ و ئاوارە مام"١

بۆ هروژمم کەوتە کار شیری برۆ و تیری مژۆڵ
کونکونی دڵ دوور لە هەژمار و جەرگ سەدپارە مام

گوڵبەدەن ئەمڕۆ لە گوڵزارا گوڵی پشکووتبوو

گوڵ دەپشکووتن لە دەم، سەرسامی ئەو گوڵزارە مام

بولبولێ لە دیاری گوڵ دڕکی لە قاچی ڕادەچوو
من بە دڵما چوو لە سەیری ئەو گوڵی بێ خارە مام

شەوڕەشی پرچت دڵی ساوامی وا دێوانە کرد
هەر لە منداڵیمەوە بەو تارەوە پەتیارە مام

پێم دەڵێ ڕەنگزەردی وەک لیمۆی هەژاری، من وتم:
ڕەنگ نەماوی ئەو نەمامی بەژنی لیمۆدارە مام

✍مامۆستا هەژار.

]١ [بەیتی دووهەم لە فارسیەوە وەرگیراوە.

ژوانێک

یارە جوانەکەم!
گوڵەی شۆخ و شەنگ
خونچیلانەکەم!
دڵگوشای دەمتەنگ

سەر کوڵمی گەشت
بڕەوبەری گوڵ
خوا داویە بەشت
گشت نیازی دڵ

بە قژی زێڕینت
بە لێوی ئاڵت
بە چاوی شینت
بە دانەی خاڵت

زەرد و بێتینم
شەتڵی خوێناوم
خەریکی شینم
تانە لە چاوم

زانیت دەمردم
بەو بەژنی باریک
ڕزگارت کردم
لە ژیانی تاریک

ئەمشەو وەدیارە
قەدری دڵانە
جەنگەی بەهارە
مانگی گوڵانە

چاوجوان دەمێکە
ئەوێنداری تۆم
زامم گەلێکە
بڕێنداری تۆم

منێکی بێ هەل
هەژاری کڵۆڵ
پیر و ددانکەل
وەک داری کرمۆڵ

کز و بیمارم
خەمبار و سەرشۆڕ
وا لە سەر بارم
بۆ گۆڕ چاوەنۆڕ

کەی بیرم دەبرد
جوانێکی وەک تۆ

سەد لاو بۆت دەمرد
گیانێکی وەک تۆ

تۆی شلک و ناسک
تۆی وا نەرم و نۆڵ
تۆی سڵ وەک ئاسک
تۆی وا خڕوخۆڵ

وەک تۆ نازداڕێک
ئەویش وا بە شەو
هامێزم جارێک
بکا بە جێ خەو

لەو تاریکاییە
بەو شەوە خۆشە
هەتا هەتایە
دڵ بۆی پەڕۆشە!

بە سیلەچاوێک
زیندوو بوومەوە
وەک تازەلاوێک
تێ هەڵچووومەوە

ئەمە تۆی ئەمشۆ
لە ناو باوەشم
دیتم لە ئاسۆ
ئەستێرەی گەشم

ئەو سینەی نەرمت
لە دڵ چەسپاندم
تارمایی شەرمت
لە ڕوو تاراندم

دەخشێن لە لێوت
لێوی بە بارم
لە کوڵمی سێوت
گۆنەی نزارم

لە باغی ساوای
پاوانی سینە
پەنجەم سەرگەرمی
لیمۆ کوشینە

ئۆخەی وا دیسان
خۆشیم دی شەوێک
ئەویش بۆ ژیان
لێم بوو بە خەوێک

هەتا بۆ ژێر گڵ
گلار بوونەوەم
ناخوازم بە دڵ
بێدار بوونەوەم

✍هەژار موکریانی.

نییە جوامێری مرۆ بە کرگار
کێ بەئەمەگ بێ کردوویە شاکار
ئەگەر بەڵێنیت گەیاندە سەرێ
خاوەن ڕەوشتی و بەبیر و وشیار

✍وەرگێڕ: کەماڵ ڕەحمانی.

کرگار: صنعت.

آن را منگر که ذوفنون آید مرد
در عَهد و وفا نگر که چون آید مرد
از عُهدهٔ عَهد اگر برون آید مرد
از هرچه صفت کنی فزون آید مرد

✍مولوی بلخی، رباعیات.

پرسیارێکی ناسرخوسرەو

ناسر خوسرەو شاعیر و خاوەنبیرێکی گەورەی ئێرانە. لە سەرەتای سەدەی چواردەمی پاشڕەو (هیجرەت)دا ژیاوە. یەکێک بووە لە دوانزە بابەکانی پەیڕەوی «ئیسماعیلیە» و حوججەتی ناوچەی خوراسان بوو لە لایەن خەلیفەکانی فاتیمییەوە .
لە سەردەمی ژیانیا ناچار بووە زۆرانبازیی لەگەڵ سێ تەوژمی بەهێزی بیروباوەڕ بکا: ١ـ حەکیم و فەیلەسووفەکان. ٢ـ پاشماوەی ئایینی زەردەشتی لە ئێراندا کە لەو کاتەدا لە ناوچەی بەڵخ شوێنەزای ناسر خوسرەو، ژمارەیان زۆر و پایەی زانستیی موغەکانیان بەرز بووە. ٣ـ زانا ئەشعەرییەکانی ئیسلام .
دیوانەکەی کە ئاوێنەی ئەم زۆرانبازییە سەختەیەتی، ٢٠ ساڵێک لەمەوپێش لە تاران چاپ کرا. ئەم شیعرانەی لای خوارەوە وێنەی هەوای شۆڕشگێڕییەتی بەرامبەر بە دەستوورە قوبووڵکراوەکانی کۆمەڵی و ئایینیی سەردەم.

✍مامۆستا گۆران.

ئەی خوای گەورە! ئەگەر بە حوکمی خوایی
گەوهەری ئادەمزادت گشت جوان داڕشت

حیکمەت چییە پێستی ڕۆمی و حەبەشی
ئەمیان سپی، ئەویان ڕەنگی قیر لێی نیشت؟

یان فەسالّی هیندی لەگەڵ تورک بۆچی
ئەم وەک گوناح ڕەش بێ، ئەو گوڵی بەهیشت؟

بۆچی ببێ ئەم بەختیار، ئەو کوڵۆڵ،
زاهیدی میحراب و کەشیشی کەنشت؟

چی بێ ئەبێ هۆی ئیختیلافی عالەم
کە تۆ هەر خۆت مامۆستا بی و وەستای گشت؟

بڵێین دنیات لەبەر بێجێیی دنیا
لەسەر گڕی ئاڵۆز و نەگریس هەڵڕشت

بەڵام مونعیم بۆچ لە دەریای نیعمەتا
مەلە بکا و موفلیس بگرێتەوە مشت؟

سلێمانی، کانوونی یەکەمی ١٩٥٢

✍سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٨٠، لاپەڕە ٤٦٨.

استیضاح[١]

بار خدایا اگر ز روی خدایی
طینت انسان همه جمیل سرشتی

چهرهٔ رومی و صورت حبشی را
مایهٔ خوبی چه بود و علت زشتی؟

طلعت هندو و روی ترک چرا شد
همچو دل دوزخی و روی بهشتی؟

از چه سعید اوفتاد و از چه شقی شد
زاهد محرابی و کشیش کنشتی؟

چیست خلاف اندر آفرینش عالم

چون همه را دایه و مشاطه تو گشتی؟

گیرم دنیا ز بی محلی دنیا
بر گرهی خربط و خسیس بهشتی

نعمت منعم چراست دریا دریا
محنت مفلس چراست کشتی کشتی؟

✍ ناصر خسرو قبادیانی.
بهشت سخن، دکتر مهدی حمیدی، جلد اول، انتشارات پاژنگ ۱۳٦٦، ص ۲۱۲.

]۱[این قطعه با آثار ناصر خسرو نمی‌برد. دکتر حمیدی.

ئاهەنگی موغان

لە ناو ناقیدەکانی ئەدەبیاتی ئێراندا، ئەم غەزەلەی لای خوارەوە بە یەکێک دائەنرێ لە شاغەزەلەکانی «حافز» خۆی و گشت ئەدەبیاتی کۆنی زمانی فارسی .
لە باری سرنجی واقیعییەوە وەسفی کۆڕێکی ئاهەنگی ئایینی ئەکات لە ئاتەشگای زەردەشتییەکاندا بۆ خواردنەوەی شەرابی «هوومە»، کە هوومە لە لایەکەوە، شەرابەکە خۆیەتی و لە لایەکی ترەوە وەک «باخۆس»ی یۆنانییەکانی کۆن، خوای مەستی بووە لە ناو نەتەوە ئاریاییەکاندا.
دوایی لە سەردەمی مەزدیەسنایی (ئایینی زەردەشتی)دا پایەی بچووک کراوەتەوە و دانراوە بە فریشتە .
بەڵام، لە زمانی تەسەووفدا، کە ئەوتریّ و لە گەلێک شوێن سرنجیشدا ماوەی گومان نادۆزرێتەوە بۆ ئەوە کە حافز و هاوجۆرەکانی قسەیان پێ کردووە، ئەم مەعنا واقیعی و ڕەپ و ڕەوانانە لە ژێر نیقابی ڕەمز و ئیشارەتی سۆفییانەدا فەسڵ و دەم و چاوێکی ترمان پیشان ئەدەن. بە وێنە، بەو پێیەی خاوەنڕایەکان تا ئێستا وتوویانە نیازی حافز لە«پیری موغان»: پیری ئیرشادی پوخت (کامیل)، ڕابەری ڕێگای خوادۆزینەوە بووە. لە«سەرای موغان»: نیازی کۆڕی کۆبوونەوەی پیاوچاکانی خوا بووە. لە«گەبر»: شارەزا (عاریف)ی

خواناس. لە«موغ»: یەکپەرست (ئەهلی تەوحید). لە«بەچکەموغ»: ئەو تەجەللییاتە خراپانەی کە بۆ ڕێبوار (سالیک) دەرئەکەون. نیازی لە«شەرابی موغان»: ئەو جۆشە بووە کە ڕووناکیی ڕاستی ئەخاتە دڵی ڕێبوار (سالیک). لە«ئاگری زەردەشت»: مەبەستی خۆشەویستیی خوای تەنیا (عیشقی ئیلاهی) بووە.

ئاهەنگی موغان

دەوروبەری کۆشکی موغان ماڵرابوو، ئاوڕشێن کراو
دانیشتبوو پیرێکی پاک، کۆڕێکی گەرم دابوویە ناو !

مەی نۆشەکان هەموو جوان، لە خزمەتا بەستوو کەمەر
گەرچی لە هەوریان ئەسوو بە فەخرەوە نووکی کڵاو !

پڕشەنگی جام و پیاڵەیان مانگی پڕی مات کردبوو
سەرکۆڵمی ئاڵی بەچکەمۆغ ڕێی بەستبوو لە خۆرەتاو !

نۆێ بووکی بەخت لەو حیجلەدا بە سەد هەزارهەزار ناز
پەڕەی گوڵی گوڵاو ئەکرد بە جووتە زوڵفی حەڵقەداو !

جامی تەڕەب بە دەستەوە فریشتەکەی ڕەحمەت و خێر
لەو جامەوە لە ڕووی پەری و حۆریی ئەدا نمی گوڵاو !

لە شۆڕی عەشق و نەشئەدا شیرینە کاری شاعیران
شەکر شکا، سەمەن ڕژا، دەنگی ڕوباب بردی زراو !

لە گەڵ سڵاوی من وتی بە لوتف و پێکەنینەوە :
»ئەی کۆنە عارەق خۆرەکە، ئەی لاتەکەی شەراب پێکاو !

کێ کردی ئەو کارەی کە تۆ کردت بە بێ هیممەت و ڕا،
ئەی بەش بڕاو لە گەنجی ماڵ، لە وێرانە و لە چۆڵ هەڵداو؟

ترسم هەیە دەستی تەمات نەگاتە گەردەنی هیوا،
بێدارە ئەو هەمیشە، تۆش لە کۆشی بەختا خەو بە چاو !
»حافز« وەرە لە(مەیکەدە) پێشانی تۆ بدەم بە ڕیز :
هەزارویەک جۆرە نیازی یەک بە یەک قوبووڵکراو !

✍مامۆستا گۆران، سەرجەم بەرهەم، لاپەڕەی ٤٦٩ و ٤٧٠.

آهنگ مغان

درِ سرای مغان رُفته بود و آب زده
نشسته پیر و صلایی به شیخ و شاب زده

سبوکشان همه در بندگیش بسته کمر
ولی ز ترک کله چتر بر سحاب زده

شعاع جام و قدح نور ماه پوشیده
عذار مغبچگان راه آفتاب زده

عروس بخت در آن حجله با هزاران ناز
شکسته کَسمه و بر برگ گل گلاب زده

گرفته ساغر عشرت فرشتهٔ رحمت
ز جرعه بر رخ حور و پری گلاب زده

ز شور و عربدهٔ شاهدان شیرین کار
شکر شکسته، سمن ریخته، رباب زده

سلام کردم و با من به روی خندان گفت
که ای خمارکش مفلس شراب زده

که اینْ کُنَد که تو کردی به ضعف همت و رای
ز گنجْ خانه شده، خیمه بر خراب زده

وصال دولت بیدار ترسمت ندهند
که خفته‌ای تو در آغوش بخت خواب زده

بیا به میکده حافظ که بر تو عرضه کنم
هزار صف ز دعاهای مستجاب زده

✍حافظ شیرازی، خلیل خطیب رهبر. غزل۴۲۱.

تەرجیعبەندێکی بەناوبانگ

«هاتیف»ی ئیسفەهانی لە سەدەی دوانزدەهەما ژیاوە. لەوانەیە کە بە شیعری سۆفییانەی جوان لە تەئریخی ئەدەبی فارسیدا ناویان دەرکردووە. بە تایبەتی تەرجیعبەندێکی بەناوبانگی کە ئەم پارچەی لای خوارەوە بەندی یەکەمیەتی، لەناو ناقیدەکانا بە هاوشانی غەزەلەکەی حافزی شیرازی دانراوە کە ناوی «ئاهەنگی موغان»ە و وەرمانگێڕایە سەر کوردی. ✍ گۆران.

ئەی بە سەرگەردی تۆ بێن دڵ و گیان!
وەی بە شاباشی ڕێت بچن دڵ و گیان!

دڵ بە سەرگەردی تۆ، کە تۆی دولبەر!
گیان بە شاباشی تۆ، کە هەر تۆی گیان

دڵفڕاندن لە چنگی تۆ چ گران
گیان فڕێدانە ژێری پێت ئاسان!

ڕێی ویسالت شەقامەڕێی بێترس
دەردی عەشقت پەتایی بێدەرمان!

نۆکەرین، گیان و دڵ لەسەر دەستین
چاوەڕێی حوکم و گوێشلی فەرمان!

گەر دڵت سوڵحی ئەوێ، هانێ دڵ !
بیری جەنگت ئەگەر هەیە، ها گیان!

دوێشەوێ من لە تاوی سۆزی عەشق
هەر خوم خوارد و هەر گەڕام حەیران!

تا لە ئەنجامی کارما شەوقم
کێشی کردم هەتاکو دەیری موغان!

دیم ـ بە دوور بێ لە چاوی پیس ـ خەڵوەت
پڕ لە شەوقە بە ئاگری یەزدان

لە هەموو لایەکا گڕێکم دی
وەک گڕێ دی لە تووز کوڕی عیمران!

پیرەکەی دەیر خەریکی ئاگر بوو
کۆڕی دەوری ئەویش کوڕانی موغان

هەموو رووەت لە زیو و گوڵروخسار
هەموو شیرین زوبان، دەم و لێو جوان!

»عوود و چەنگ و نەی و دەف و بەربەت
شەمع و نوقڵ و گوڵ و مول و ڕەیحان«

ساقی وەک مانگ بە ڕوو، بە موو موشکین
موتربیش خۆشبوێژ و نەغمەڕەوان

»موغ و موغزادە، مووبەز و دەستوور«
خزمەتی پیر بوو ئارەزووی هەموویان!

منی شەرمن لەبەر موسوڵمانی
چووم و خۆم خستە گۆشەیەک پەنهان

پیر وتی: «کێیە، کێ نییە؟» وترا:
»عاشقێکە گەڕۆک و سەرگەردان«!

وتی: «پێی دەن شەرابی ناب، گەرچی
خوڵکی نەکراوە هاتووە میوان«!

ساقیی ئاگرپەرست و ئاگر دەست
جامی پڕ کرد لە ئاگری سۆزان

وەک فرۆم کرد نە عەقڵ ما و نە دین
کەوتە سەر گڕ چ باوەڕ و چ گومان!

کەوتبووم مەست بەڵام دەمی مەستی:
بە زمانێ کە دووڕە زۆر لە بەیان

ئەم قسەم هاتە گوێ لە گشت ئەندام،
تا ئەگاتە وەرید لەگەڵ شەرەیان:

کە یەکێکە و هەیە و ئەبێ و هەر بوو
»وحدە لا الە الا هو«

سلێمانی. شوباتی ١٩٥٣

✍سەرجەم بەرهەمی گۆران، لاپەڕە ٤٧١ ـ ٤٧٣.

ای فدای تو هم دل و هم جان
وی نثار رهت هم این و هم آن

دل فدای تو، چون تویی دلبر
جان نثار تو، چون تویی جانان

دل رهاندن ز دست تو مشکل
جان فشاندن به پای تو آسان

راه وصل تو، راه پرآسیب
درد عشق تو، درد بی‌درمان

بندگانیم جان و دل بر کف
چشم بر حکم و گوش بر فرمان

گر سر صلح داری، اینک دل
ور سر جنگ داری، اینک جان

دوش از شور عشق و جذبهٔ شوق
هر طرف می‌شتافتم حیران

آخر کار، شوق دیدارم
سوی دیر مغان کشید عنان

چشم بد دور، خلوتی دیدم
روشن از نور حق، نه از نیران

هر طرف دیدم آتشی کان شب
دید در طور موسی عمران

پیری آنجا به آتش افروزی
به ادب گرد پیر مغبچگان

همه سیمین عذار و گل رخسار
همه شیرین زبان و تنگ دهان

عود و چنگ و نی و دف و بربط
شمع و نقل و گل و مل و ریحان

ساقی ماه‌روی مشکین‌موی
مطرب بذله گوی و خوش‌الحان

مغ و مغزاده، موبد و دستور
خدمتش را تمام بسته میان

من شرمنده از مسلمانی
شدم آن جا به گوشه‌ای پنهان

پیر پرسید کیست این؟ گفتند:
عاشقی بی‌قرار و سرگردان

گفت: جامی دهیدش از می ناب
گرچه ناخوانده باشد این مهمان

ساقی آتش‌پرست آتش دست
ریخت در ساغر آتش سوزان

چون کشیدم نه عقل ماند و نه هوش
سوخت هم کفر ازان و هم ایمان

مست افتادم و در آن مستی
به زبانی که شرح آن نتوان

این سخن می‌شنیدم از اعضا
همه حتی الورید و الشریان

که یکی هست و هیچ نیست جز او
وحده لااله الاهو

✍هاتف اصفهانی.

داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین

«عیشقی» شاعیرێکی بەهرەدار و نیشتمانپەروەری ئێران بوو، لە تازە کردنەوەی شیعر و ئەدەبی ئێراندا دەستێکی بەرزی بوو، بەتایبەتی هەڵبەستە سیاسییەکانی ئەوەندە گەزنده و کاریگەر بوو کاربەدەستانی سەردەم بۆیان قووت نەئەدرا، بە ڕادەیەک کە شاهەنشاهی پێشوو ڕەزاشای پەهلەوی کەڵەکێکی نهێنیی ڕێکخست بۆ کوشتنی و لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا کوژرا.
عیشقی کوللییاتی شیعر و پەخشانی چاپکراوی لە سەراسەری ئێراندا بڕەوێکی نەمری هەیە، بەم بۆنەیەوە بێجێ نییە بخەینەوە بیر کە ئەو گۆرانییەی بە هاوکاریی خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت و شاعیری تەڕ و پاراو «م. نوری»ی سلێمانی پێکهات:
»ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین«

ئاوازەکەی لەسەر پارچەیەک لە ئۆپەرای «رستاخیز شهریاران ایران» دانراوە کە هیی خاوەندی تەرجومە عیشقییە. پارچەکە ئەمەیە :
دیشب که مرا وضع وطن در نظر آمد
دیدم که زنی با کفن از قبر در آمد
تاد...
ئەم هەڵبەستەی لای خوارەوە وێنەیەکە لە شیعرە سیاسییەکانی عیشقی، بە هەندێک دەسکاری و بواردنی هەندێ ناو و کارەسات کە پەیوەندی بە وڵاتی ئێمەوە نییە، کردمان بە کوردی، هیوامان وایە جێگای کەڵک و پەند بێ بۆ هاونیشتمانە خۆشەویستەکانمان:

✍سەرجەم بەرهەمی گۆران، لاپەڕە ٤٧٤.

داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین

لە کوردستانا، لە قاسمئاوا
کاکە عابیدین ناوێک بوو کوێخا

پیاوێک بوو، دڵ و دەروونی پاک بوو
لەگەڵ گشت کەسی ناودێدا چاک بوو

یەک ژووری هەبوو دەرگا شەقوشڕ
لەگەڵ یەک کووپەی لە دۆشاو پڕ پڕ

کابرایەکی دز بە ناو هەیاسی
دێ گشت بێزار بوو لە دەنگ و باسی

دراوسێی کوێخای خاوەندۆشاو بوو
بۆ دزیی دۆشاو کەمەربەسراو بوو

هەرچەند عابیدین لە ماڵ دەرئەچوو
ئەو خۆی بە کووپە ئەگەیان زوو زوو

دۆشاو هەڵئەقوڕا بە چنگ و کەوچک
ئەڕژایە بەر پێ چۆڕچۆڕ و تکتک!

تا رۆژێک کوێخا، روانییە دۆشاو
لە چاو جارانا کەم هاتە بەر چاو

دی: شوێنپێ لەسەر دۆشاوی ڕژاو
چووە تا ماڵی هەیاسیی بەدناو

بانگی کرد ئەرێ برای هەیاسی!
نابێ تۆ نەختێ خودا بناسی؟

بەری ڕەنجم بوو کووپەی دۆشاوم
بزانم ڕەنجت بۆچ بە با داوم؟

هەیاسی نیازی ڕێگای حاشای بوو
بەڵام عابیدین بەرپەرچی دا زوو

وتی: بڕوانە بۆ زەوی و شوێنپێت
کێیە دز: دیارە، تەنانەت لای شێت

هەیاسی کە دی بێسوودە ئینکار
ڕێی پاڕانەوەی گرتە بەر ناچار

وتی: ئەمجارەم ببەخشە، سوێن بێ
ئیتر نەنێمە ئەودیو مااڵت پێ

کاکە عابیدین، کوێخای دڵبێگەرد
بوورد لە گوناهی هەیاسیی نامەرد

لەپاش چەند رۆژێک نەوس و چڵێسی
هەیاسیی هاندا بۆ کووپەلێسی

گەڕا بۆ فێڵێک هەم سوێن نەشکێنێ
هەم کووپەی دۆشاو لە بن دەربێنێ

کەرێکی هێنا سواری پشتی بوو
بۆ خزمەت کووپەی دۆشاو ئاوا چوو

بەسەر سواریوە خۆی درێژ کێشا
دۆشاوی نۆش کرد تا ورگی ئێشا

دوایی کە کاکە گەڕایەوە ماڵ
دیی پیرە کووپەی بەتاڵ و حەتاڵ

کە سرنجی دا مایەی واق وڕمان
شوێن سم دیار بوو، نەک شوێنپێی ئینسان

سەری برد، ناوی کووپەی روانی

شەقڵی پەنجەی دی، هیی کێیش بوو؟ زانی!

بە سەرسووڕماوی ڕێگای دووری گرت
هەڵی ئەکێشا هەناسە و ئەیوت:

کەر بێ دز، پەنجەی لە کوێ هەیە کەر؟
هەیاسی سمی کوا، دز بێ ئەگەر

پەنجە: پەنجەی ئەو، شوێنپێ: شوێنپێی کەر
بە کێ بڵێم دز؟ هەی خاکم بە سەر ؟!

لەم سەرگروشتە نیازم پەندە
بۆ نەتەوەیەک گیرۆدەی بەندە

زۆردار بییەوێ، شوێنپێ بکا گوم
پێ تۆپەڵ ئەکا و لێت ئەکا بە سم

مادەم خاوەندی کووپەی دۆشاوی
لێت ناترووکێنێ هەیاسی چاوی

هەیاسیی ئێمە، ئەی دۆستی گیانی!
»جۆنپۆڵ«ە ئەبێ زۆر باش بزانی

هەر ئەوە سواری کەری ناوخۆیە
کەر تاوان ئەکا، بەڵام ئەو هۆیە

هەر ئەوە لێمان بۆتە هەیاسی
کل لە چاو ئەدزێ بە دیپلۆماسی

بە ڕواڵەت بێ، کەرگەلی خۆمان
بەر بوونە گیانی دایکی نیشتمان

بەڵام کەر جووتە ناهاوێ، کەرسوار
سووژن لە ملی نەدا جار و بار

سلێمانی ـ ١٩٥٣

✍سەرجەم بەرهەمی گۆران، لاپەڕە ٤٧٤ ـ ٤٧٨.

داستان کاکا عابدین و یاسی

هست در اطراف کردستان دهی
خاندان چند کرد ابلهی

قاسم آباد است آن ویرانه ده
این حکایت اندر آن واقع شده

کدخدائی بود کاکا عابدین
سرپرست مردم آن سرزمین

خمره‌ای را پر ز شیره داشته
از برای خود ذخیره داشته

مرد دزدی ناقلا "یاسی" بنام
اهل ده در زحمت از او صبح و شام

بود همسایه بر آن، کاکای زار
وای بر همسایه‌ی ناسازگار

عابدین هرگه که می‌گشتی برون
یاسی اندر خانه می‌رفتی درون

نزد خم شیره، بگرفتی مکان

هم از آن شیرین همی کردی دهان

این عمل تکرار هی میگشته است
شیره هم رو بر کمی می‌هشته است

تا که روزی کدخدای دهکده
دید از مقدار شیره کم شده

لاجرم اطراف خم را کرد سیر
دید پای خمره، جای پای غیر

پس همه جا، جای پاها را بدید
تا به درب خانه‌ی یاسی رسید

بانگ زد ای یاسی! از خانه درآ
اینقدر همسایه آزاری چرا؟

دزد شیره، یاسی نیرنگ باز
کرد گردن را ز لای در دراز

گفت او را این چنین، کاکا سخن:
تو چه حق داری خوری از رزق من!

شیره، من از بهر خود پرورده‌ام
خواست تا گوید که من کی کرده‌ام

عابدین گفتش: نظر کن بر زمین
جای‌های پای‌های خود ببین

دید یاسی، موقع انکار نیست
چاره‌ای جز عرض استغفار نیست

گفت: من کردم ولی، کاکا ببخش
بنده را بر حضرت مولا ببخش

بار دیگر گر که کردم این چنین
کن برونم یکسر، از این سرزمین

از ترحم، عابدین صاف دل
جرم او بخشید و شد یاسی خجل

چونکه از این گفتگو چندی گذشت
نفس امّاره به یاسی چیره گشت

باز میل شیره کرد آن نابکار
اشتها برد از کف‌اش، صبر و قرار

دید بسته عهد، او با عابدین
که ندزدد شیره‌اش را بعد از این

فکر بسیاری نمود، آن نابکار
تا در این بابت، برد حیله به کار

رفت و بر پشت خری شد جاگزین
راند خر را در سرای عابدین

دست خود را در درون خم ببرد
تادلش می‌خواست از آن شیره خورد

کار خود را کرد، چون بر پشت خر
با همان خر، آمد از خانه به در

بار دیگر باز، کاکا در رسید
تا نماید شیره‌اش را بازدید

باز دید اوضاع خم، بر هم شده
همچنین از شیره‌ی خم کم شده

پای خم را کرد با دقت نظر
دید پای خمره، جای پای خر!

اندرون خمره هم سر برد دید
هست جای پنجه‌ی یاسی پدید

سخت در حیرت فرو شد عابدین
هم ز خر بددل، هم از یاسی ظنین

پیش خود می‌گفت این و میگریست:
ای خدا! این کار، آخر کار کیست؟

گر که خر کردَست خر را نیست دست!
یاسی ار کردَست؟ یاسی بی سم است !

زد دو دستی بر سر، آخر عابدین
وز تعجب بانگ برزد این چنین!

چنگ چنگ یاسی و پا پای خر
من که از این کار، سر نارم به در!

این حکایت زین سبب کردم بیان
تا شوند آگاه ابنای زمان

گر بخواهد آدمی، پی گم کند
پای‌های خویشتن را سم کند

هر که اندر خانه دارد مایه‌ای

همچو یاسی دارد او همسایه‌ای

یاسی ما هست ای یار عزیز
حضرت جمبول یعنی انگلیز

آنکه دایم، کار یاسی می‌کند
وز طریق دیپلماسی می‌کند

ملک ما را، خوردنی فهمیده است
بر سر ما شیره‌ها مالیده است!

او گمان دارد که ایران بردنی است
همچو شیره، سرزمینی خوردنی است

✍کلیات مصور عشقی، ص ۲۷۸ و ۲۷۹.

بەوەڵڵاهی پەڕەی گیانم ئەتۆی، تۆ
سەرم بێ، یا کە سامانم، ئەتۆی، تۆ
نییە ئاگام کە چۆنم، یا کە چەندم
ئەوەم زانی کە دەرمانم ئەتۆی، تۆ!

به والله که جانانم تویی، تو
به سلطان عرب جانم تویی، تو
نمی‌دونم که چونم یا که چندم
همی دانم که درمانم تویی، تو

لە ڕووی تۆدا هەتاو بێنوور و تارە
لە ئەبرۆت مانگی یەکشەو شەرمەزارە
لە چۆڵ و ئاوەدانی هەرچی دیتم
ئەوەی دڵگەرمە ناوی تۆی لە زارە

خور از خورشید رویت شرم دارد

مە نو زابرویت آزرم دارد
بە شهر و کوە و صحرا هر کە وینم
زبان دل بە ذکرت گرم دارد

دڵم بێتۆ هەژار و بێقەرارە
بە دەستێوە ژیانم ژەهری مارە
بە سەر خۆیدا دەدا وەک تفلّی بەدخوو
لە تاو تۆ چارەڕەش بەم ڕۆژگارە

دل مو بی تو زار و بی‌قرارە
بەجز آزار مو کاری نداره
زند دستان بە سر چون طفل بدخو
بە درد هجرت اینش روزگارە

غەمم بێحەدد و دەردم بێژمارە
فەغان ئەم دەردە هەرگیز نەیبوو چارە
دەڵێن: ئارام بە! لێ نازانن، ئەفسووس
کە هاواری دڵم بێ ئیختیارە

غمم بی‌حدّ و دردم بی‌شمارە
فغان کاین درد مو درمان نداره
خداوندا! ندونه ناصح مو
کە فریاد دلم بی‌اختیارە

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

دڵم ئێژی مەلێکی پا شکاوە
گەمیی کەونە، بە لای دەریاوە ماوە
دەڵێن: تاهیر، سەدای بۆ نایە سازت؟
سەدای چۆن بێ؟ کە ژێتاری پساوە!

دلی دیرم چو مرغ پا شکستە

چو کشتی بر لب دریا نشسته
همه گوین که: طاهر! تار بنواز
صدا چون می‌دهد تار گسسته؟

غەمی عالەم لە سەر شانم قەڵایە
بە دەردی من، فەراغەت کیمیایە
هەموو دەردێک، دەبێ دەرمانی ڕۆژێک
دڵی من نا! کە دەرمانی بەڵایە

غم عالم نصیب جان ما بی
به درد ما فراغت کیمیا بی
رسد آخر به درمان درد هرکس
دل ما بی که درمانش بلا بی

غوبار گرتوویە ئەم هەردە، بڵێم چی؟
کە دڵ کەیلی غەم و دەردە، بڵێم چی ؟
گوڵێکم چاند لە بەر دامانی ئەڵوەند
لە بەختی من ئەویش زەردە، بڵێم چی؟

همه عالم پُر از گرده، چه واجم
چو مو دل‌ها پِر از درده، چه واجم
سنبلی کشته بِیم دامان الوند
اونم از طالعم زرده، چه واجم

فەلەک! ئەم گشتە ژەنگوژارە بۆ چی؟
گوڵم گەر نی، چزووی ئەم خارە بۆچی؟
کە سووک ناکەی لەسەر شانم چ بارێک
ئەدی بارت لە من سەرباڕە بۆچی؟

فلک! در قصد آزارم چرایی؟
گُلم گر نیستی، خارم چرایی؟
ته که باری ز دوشم بر نداری

میان بار سربارم چرایی؟

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

قەزا ڕەمزێ لە چاوانی خوماری
قەدەر چەپکێ لە زولفی موشگباری
مەهـ و میهر ئایەتێ لەو ڕوومەتی جوان
هەموو جوانی جیهان ئاوێنەداری

قضا رمزی ز چشمان خمارش
قَدَر سرّی ز زلف مشگبارش
مه و مهر آیتی زآن روی زیبا
نکویان جهان آیینه‌دارش

غەریبی ژەهرە، ژانی تیرە بۆ خۆی
لەسەر ئەستۆم، فەلەک زنجیرە بۆخۆی
فەلەک تۆ هەڵگرە زنجیر لە ئەستۆم
کە غوربەت، خاکی دامەنگیرە بۆ خۆی!

غریبی بس مرا دلگیر دارد
فلک بر گردنم زنجیر دارد
فلک از گردنم زنجیر بردار
که غربت خاک دامنگیر دارد

دڵێکم هەس، بریندار ماوە بۆ خۆی
کە پەندی دادەدەم، سوودی نییە بۆی
بە دەم بایدا دەدەم، زریانێ نایبا
بە ئاگریدا دەدەم هەرنایە بۆسۆی

دلی دیرم که بهبودش نمی‌بو
نصیحت می‌کرم، سودش نمی‌بو
به بادش می‌دهم، نش می‌برد باد

بر آتش می‌نهم، دودش نمی‌بو

سیابەختم، بەخت وێرانەماڵ بێ!
سیاچارەم، ڕەبی هەر کۆی زووخاڵ بێ !
ئەمن مەینەتبەشی دەستی دڵم بووم
چ دڵ، یارەب! لە نێو خوێندا شەڵاڵ بێ!

سیەبختم، که بختم سرنگون بی
سیەروژم، که روژم واژگون بی
شدم خار و خس کوی محبّت
ز دست دل، که یارب! غرق خون بی

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

مەڵێکم من، سەری شاخم وەتەن بێ
لە سەیرانم، لە هەرجێیەک چەمەن بێ
نە ماڵێکە، نە حاڵێکە، نە سامان
دەمی مردن، پەڕووباڵم کەفەن بێ

همایونم، سر کوهم وطن بی
سیر عالم کِرم هر جا چمن بی
نه خون دیرم، نه مون دیرم، نه سامون
دم مردن پر و بالم کفن بی

شەماڵ ئەودەم کە عەتری بسکی تۆی بێ
لە سونبول خۆشترە بۆنی کە دەڕژێ
کە شەو دەگرم خەیاڵی تۆ لە ئامێز
بەیانی بۆنی گوڵ لەو جێگەیەم دێ

نسیمی کز بن آن کاکل آیو
مرا خوشتر ز بوی سنبل آیو
چو شو گیرم خیالش را در آغوش

سحر از بسترم بوی گل آیو

ئەوا شەو هاتەوە گیانم بسووتێ
گریبان تا بە دامانم بسووتێ
لە سەر کفری کەزیی تۆ ئەی پەریڕوو
دەترسم من کە ئیمانم بسووتێ

دگر شو شد که مو جانم بسوزد
گریبان تا به دامانم بسوزد
برای کفر زلفت ای پریرخ
همی ترسم که ایمانم بسوزد

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

کە دڵ دەگری، دەڵێی ناڵەی لە نەی دێ
بە دایم دەردی هیجرانم لە پەی دێ،
بەشم سووتانە تا ڕۆژی قیامەت
بڵێی خوایە قیامەت تاکوو کەی بێ؟

همه بند تنم مانند نی بی
مدامم درد هجرانت زپی بی
مراسوز و گدازه تا قیامت
خدا ذونه قیامت تا بکی بی

گڕی عیشقت لە گیانم سەر دەڕێنێ
لە جەستەم خۆڵەمێشێ جێ دەمێنێ
نەمامی میهری تۆ ببڕن لە جەرگم
لەسەد لاوە پەلی تازە دەهێنێ

مرا عشقت ز جان آذر برآره
ز پیکر مشت خاکستر برآره

نهال مِهرت از دل گر بِبّرَن
هزارانَ شاخ هر سو سر برآره

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: ناسر حیسامی.

[۲۲.۰۷.۰۰chapkagol, ۱۳:۵۷]
□□□□□□□
□□□
□□
□

(۱)
دڵی شاد ئاگای لە شێواو نییە
لەش ساغ خەبەری لە داماو نییە
سوچی کەس نییە هەر وەها بووە
ئازاد کوا ئاگای لە گیراو نییە

دل شاد از دل زارش خبر نی
تن سالِم ز بیمارش خبر نی
نه تقصیر ته، این رسم قدیمه
که آزاد از گرفتارش خبر نی
(۲)
بە نەشتەر بدەن لە دیدەکانم
بیخەنە ئاگر گۆشت و ئێسقانم
بەگاز دەربێنن نینۆکی پەنجەم
لە دڵ دەرناچێ دڵداری جوانم

به خنجر گر در آرن دیدگونم
به آتش گر بسوزن استخونم
اگر بر ناخنونم نی بِکوبن
نگیرم دل ز یارِ مِهربونم
(۳)

ئەتۆی دەردم، ئەتۆی دەرمانم ئەی یار
بۆ دیدارت چەند پەڕێشانم ئەی یار
ئەگەر پێستم لە بەدەن دابماڵن
جیبا نابێت عێشقت لە گیانم ئەی یار

بود درد مو و درمونم از دوست
بود وصل مو و هجرونم از دوست
اگر قصّابم از تن واکره پوست
جدا هرگز نگرده جونم از دوست

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)٤(
مەڵێ بم سەر چیاکانیش وەتەن بێ
بە باڵ بفڕم بۆ هەر لایەک چیمەن بێ
نە هێزێکم هەیە ئێستا نە سامان
مەگەر بمرم پەڕ و باڵم کەفەن بێ

همایونم، سر کوهم وطن بی
سیر عالم کِرم هر جا چمن بی
نه خون دیرم، نه مون دیرم، نه سامون
دم مردن پر و بالم کفن بی
)٥(
ئەمی دڵڕەق لە خوا بۆ نییە سڵت
بە پەڕێشانیم ناسوتێ دڵت
جۆرێ بسوتێم تینم بتگاتێ
زەردی کا ئاڵیی سەرگۆنەی گوڵت

دلت ای سنگدل! بر ما نسوجه
عجب نبوه اگر خارا نسوجه
بسوجم تا بسوجونم دلت را
در آتش چوب تر تنها نسوجه

)٦(
باڵای نەمامم ڕاهاتووی خەم بوو
وێنەی من کڵۆڵ لە دنیا کەم بوو
خەمی خەم خۆران بۆ من مایەوە
خەم خەرمانێک بوو میراتگر کەم بوو

قَدَم دایم ز بار غصّه خم بی
چو مو محنت کشی در دهر کم بی
مو هرگز از غم آزادی ندیدم
دل بی طالع مو کوه غم بی

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)٧(
دڵسۆزێ نییە بێ دادم ببا
دادم بۆ سەروی ئازادم ببا
هەرچی جوان هەیە بێنە لامەوە
تیا نییە یادت لە یادم ببا

کسی که ره به فریادم بره نی
خبر بر سرو آزادم بره نی
تمام خوبرویان جمع گردند
کسی که یادت از یادم بره نی
)٨(
غەریبی سەختە زویری هەیە
لە ملما حەڵقەی زنجیری هەیە
حەلقە لە ملما دەربێنە گەردوون
خاکی خۆم جێگەی دڵگیری هەیە

غریبی بس مرا دلگیر دارد
فلک بر گردنم زنجیر دارد
فلک از گردنم زنجیر بردار

که غربت خاک دامنگیر دارد
)۹(
جوتیارێکی پیر له دەشت ئەی نالّان
ئەیوت: ئاخ پیری جوانیت کرد تالّان
تۆوی ئەوەشاند ئەیلاواندەوە
بۆ کاتی لاوی و توانایی سالّان

یکی برزیگری نالون در این دشت
به چشم خونفشان آلاله می‌کشت
همی کِشت و همی گفت: ای دریغا!
که بایدِ کِشتن و هشتن در این دشت

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

سەرچاوەکان:
۱ـ دیوانی بابه تاهیر عۆریان، گۆڕینی: سابیر ڕازی، چاپی دووەم، بەغدا ساڵی ۱۹۷۹.
۲ـ ترانەهای بابا طاهر، با مقدمهٔ: شهرام رجب زاده، چاپ سوم ۱۳۷۵، انتشارات قدیانی.
۳ـ رباعیات ابوسعید ابوالخیر، خیام و بابا طاهر، تصحیح و مقدمه‌ی: جهانگیر منصور، چاپ ششم ۱۳۹۱، انتشارات ناهید ـ تهران.

پاشا و مامەی پیر

پاشایەک دیتی له دوور ڕا پیرێک
نەمام دەنێژێ، لێی بۆوە نیزێک

که ڕیشەگوێزی به دەستیەوە دی
لێی پڕ بوو وتی: ئەی نەدیوبدی

چ هەوایەکە لەسەری داوی؟
له ژینی دنیا تۆ بەشبڕاوی

ئەم فکرە پووچە لەسەر بەرەدەر
پێت وایە دەژی تا گوێز دێتەبەر؟

هاتنەبەری گوێز دە ساڵ دەکێشێ
پێمێرد ناکێشێ ڕووحت دەکێشێ

وەڵامی داوە بە پێکەنینێ
وتی: مامەی پیر دژت نەبینێ

بەقەت وەڵاتت تەمەن درێژ بی
گڵۆڵەی بەختی دژت لە لێژ بی

کێ لە کاری چاک بینیویە زەرەر؟
تا ببێ بە دوو منی خاک بەسەر

هی تر ناشتیبان بەری بۆ مە بوو
دەبا بەری مەش بەرێ بەرەی توو

ئەوان نەیانخوارد، ئێمە خواردن لێی
دە ئێوەش بیخۆن! قەڵەو ببن پێی

✍کەماڵ ڕەحمانی، ١١/٠٨/١٣٩٥ کـ هـ

پادشاه و پیرمرد

شاه انوشیروان به موسم دی
رفت بیرون ز شهر بهر شکار
در سر راه دید مزرعه‌ای
که در آن بود مردم بسیار

اندر آن دشت پیرمردی دید

که گذشته است عمر او ز نود
دانهٔ جوز در زمین می‌کاشت
که به فصل بهار سبز شود

گفت کسری به پیرمرد حریص
که: «چرا حرص می‌زنی چندین؟
پایهای تو بر لب گور است
تو کنون جوز می‌کنی به زمین

جوز ده سال عمر می‌خواهد
که قوی گردد و به بار آید
تو که بعد از دو روز خواهی مرد
گردکان کشتنت چه کار آید؟«

مرد دهقان به شاه کسری گفت:
»مردم از کاشتن زیان نبرند
دگران کاشتند و ما خوردیم
ما بکاریم و دیگران بخورند«

✍ملک‌الشعرای بهار.

)١٠(
ئەی پەروەردگار وەرە فریای من
کەسی بێکەسان هەر تۆی پەنای من
ئەڵێن (تاهیر) تۆ کەست نەماوە
تۆی هەموو کەسم هەر تۆی هیوای من

خداوندا! به فریاد دلم رس
کس بی‌کس تویی، مو مانده بی‌کس
همه گویند: طاهر کس نداره
خدا یار مویه، چه حاجت کس

)١١(
جێگەت ناو دڵمە تۆی خۆشەویستم
تۆی ئاواتی من هەر تۆی مەبەستم
بەتاقی ئەبڕۆت کە سوژدەی دڵمە
هەتا هەم ئەی جوان تۆ ئەپەرستم

بورە، بورە کە جانانم تویی، تو
بورە بورە کە سلطانم تویی، تو
تو خود ذانی کە غیر از تو نذانم
بورە، بورە کە ایمانم تویی، تو
)١٢(
بەبێ تۆ هەرگیز لە ژین نیمە کام
لێو نادەم لەمەی دەست نابەم بۆ جام
شەو لەرزم لێ دێ ڕۆژ ئەکەم ناڵە
دوور لەتۆ نیمە هەناسەی ئارام

بە دنیا مو نوینم کام بی تە
بە دس هرگز نگیرم جام بی تە
بلرزم روز و شو چون بید مجنون
ندارم یک نفس آرام بی تە

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)١٣(
دنیای بێ بایەخ زیندانی منی
دڕکی خەم گیری دامانی منی
سەبری (یەعقوب) و مەینەتی (ئەیوب(
پێشکەش بە دڵ و بە گیانی منی

جهان بی‌وفا زندان ما بی
خار غم قسمتِ دامان ما بی
صبر ایّوب و محنت‌های یعقوب

همه گویی نصیبِ جان ما بی
)١٤(
کەشتی ئاواتم سەرەو بن بووە
جەرگم بەتیری عەشق کون بووە
هەرکەس دڵداری جوان و نازدار بێ
وێنەی من ڕێگەی ڕاستی ون بووە

دل از دست غمت زیر و زبر بی
دو چشمانم پر از خون جگر بی
هر آن یار عزیزش نازور بی
دلش پر غصّه، جانش پر شرر بی
)١٥(
شەماڵی خۆش بۆ ئەیدا لە کاکۆڵ
بۆم دێنێ بۆنی ڕێحان و سومبوڵ
هەر شەوێ یادت بگرم لەباوەش
تا بەیان سەرین لێی دێ بۆنی گوڵ

نسیمی کز بن آن کاکل آیو
مرا خوشتر ز بوی سنبل آیو
چو شو گیرم خیالش را در آغوش
سحر از بسترم بوی گل آیو

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)١٦(
لە عەشقی جوانیت هۆشم شێواوە
چاوم فرمێسکی خوێنی داداوە
دڵی دڵداران وێنەی داری تەڕ
سەرێک ئەسوتێ سەرێک خوێناوە

دمْ از دست خوبان گیج و ویجه
مژه بر هم زنم، خوناوه ریجه

دل عاشق مثال چوب‌تر بی
سری سوجە، سری خوناوە ریجە
)١٧(
لەبەر چاوی من گوڵزار زیندانە
گوڵستان بێ تۆ ئاگرستانە
ئەزانی چۆنم ئارامی گیانم
شەو خەو ئاڵۆزە لەم دوو چاوانە

بی تە گلشن چو زندانە بە چشمم
گلستان آذرستانە بە چشمم
بی تە آرام و عمر و زندگانی
همە خواب پریشانە بە چشمم
)١٨(
نازانم بۆچی من سەرگەردانم
داد و نالّەمە گەرمە گریانم
بۆ هەموو دەردێ دەرمان دروستە بوو
تەنیا من نەبێ نییە دەرمانم

نذونم مو کە سرگردان چرایم
گهی گریان، گهی نالان چرایم
همە درمانشان بی درد داران
نذنم مو کە بی درمان چرایم

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)١٩(
بێ تۆ سەرینم وەک ڕەشمارە لام
بێ تۆ ڕۆژی ڕوون شەوی تارە لام
بێ تۆ هەر کاتێ سەیری گوڵزار کەم
گوڵزار سەر و خوار دڕک و دارە لام

بی تە بالین سیەمارە بە چشمم

بی ته روزان شَوِ تاره به چشمم
بی ته هر گه شوم سِیرِ گُلستان
گلستان سر به سر خَاره به چشمم
)٢٠(
دڵداری ڕاستی له گیان ناترسێ
هەرگیز له ئێش و لێدان ناترسێ
دڵی دڵداران گورگی برسییە
گورگ له هەیهەی شوان ناترسێ

هر آن‌کس عاشق است از جان نترسد
یقین از کُنده و زندان نترسد
دل عاشق بود گرگ گرسنه
که گرگ از هی هی چوپان نترسد
)٢١(
هەمه دولبەرێ پڕ سیحره چاوی
چەند کەسی وەک من کەوتوونه داوی
له ناو هەموویان ئەو مانگڕوخساره
کەس نییە وەک من شێت و سوتاوی

هر آن دلبر که چشم مست داره
هزاران چون منی پابست داره
میان عاشقان آن ماه‌سیما
چو شعر من بلند و پست داره

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

دڵی دایک

جارێکیان لاوێک سەرگەرم و مەغروور
له ناو یارانا به نەزان مەشهوور

ئەیدا له دایکی هەتا ئەیتوانی

وتاری باوکی بەهیچ ئەزانی

دڵی چووە سەر دراوسێ ماڵێ
ژنێکی زۆرزان خۆش خەت و خاڵێ

ئیشارە بە چاو، پێکەنین بە دەم
بە بەینیانا چوو، لە زۆر و لە کەم

گا شەڕەچەپۆک، گا پاڵپێوەنان
هەتاکوو ئیشیان لە ئیش ترازان

دایکی لاوەکە بەم ئیشەی زانی
کەوتە تەدبیری زۆر بە ئاسانی

وتی: خوشکەکەم مەیە بۆ ماڵم
خرابمان مەکە و مەشکێنە باڵم

ئەم کوڕەی منە سەرسەری مەکە
لە ژینی دونیا بێبەری مەکە

ژنی دراوسێ کە زانی وایە
تەرکی ماڵی کرد نەهات بۆ کایە

لە پاش یەک دوو رۆژ، کوڕە هیلاک بوو
بۆ نەهاتنی یار تەواو خەمناک بوو

شەوێک لەشەوان زۆر بە پەنهانی
چوو بۆ لای دۆسە هیچ کەس نەیزانی

وتی: گیانەکەم بۆ تەرکت کردم
بەچاوت قەسەم ئەوا من مردم

وڵامی داوە مەعشووقەی عەیار
وتی: خۆشەویست، بۆ من بریندار

دایکت زانیویە، ئابڕووی بردم
نازانی پێڕێ کەچی پێکردم؟

تازە من و تۆ بۆ یەکتر نابین
هەتاکوو مردن بۆ لای یەک ناچین

کوڕ هاتە وتار: ئامان سەد ئامان
لێم زوێر نەبی دەستم بە دامان

تۆ چی ئەفەرموویت سەرم لە ڕێتە
پەردەی دڵەکەم، خاکی ژێر پێتە!

وتی: ئەتەوێ بم بە میوانت؟
دەس کەمە ملت، بێمە سەر ڕانت؟

دایکت زگ بدڕە و دڵی دەربێنە
مەیخە بەیانی ئەمشەو بۆم بێنە!

منیش ئەوساکە وەکوو جارانم
هەرچی بڵێی پێم، بەندە فەرمانم

کوڕ بە نەزانی ڕایکردۆ بۆ ماڵ
زگ دایکی درێ سا بە هەر ئەحواڵ

دڵی دەرهێنا و خستیە سەر دەستی
بردی بۆ یاری، دوو دیدە مەستی!

هێندە پەلەی کرد کوڕی مل قەوی
پێی هەڵخلیسکا و کەوتە سەرزەوی

به زوانی حاڵ دڵ هاته زمان
وتی: ئەی ڕۆڵە ئامان سەد ئامان!

هۆشت بێ دەخیل! بریندار نەبی
لە نەخۆشخانە زار و خوار نەبی!

قەزات لە گیانم لەسەرخۆ بڕۆ
ئێشت پێ نەگا، بمکەی ڕەنجەڕۆ

هەرکەس بزانێ کە دایک کامە!
هەتاکوو مردن چەشنی خوڵامە

چاو بقونجێنە لە نان و ئاوت
پەڕۆگوو شۆرین بێنە پێش چاوت

ئەم جار ئەزانی کە دایک چییە
بۆ تۆزێ ئێشت ئارامی نییە

✍مامۆستا قانع، دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: خەلیفە شوکڕوڵڵا دووهاڕووت، چاپی یەکەم ۱۳۸۸، لاپەڕە ۱۰۵و۱۰٦.

مهر مادر

داد معشوقه به عاشق پیغام
که کند مادر تو با من جنگ

هر کجا بیندم از دور، کُند
چهره پرچین و جبین پرآژنگ

با نگاه غضب‌آلود زند
بر دلِ نازکِ من تیرِ خدنگ

از در خانه مرا طرد کند
همچو سنگ از دهنِ قلماسنگ

مادرِ سنگ‌دلت تا زنده است
شهد در کامِ من و توست شرنگ

نشوم یکدل و یکرنگ تو را
تا نسازی دلِ او از خون رنگ

گر تو خواهی به وصالم برسی
باید این ساعت بی‌خوف و درنگ

رَوی و سینهٔ تنگش بِدَری
دل برون آری از آن سینهٔ تنگ

گرمِ و خونین به منش باز آری
تا بَرَد ز آینهٔ قلبم زنگ

عاشقِ بی‌خردِ ناهنجار
نه، بل آن فاسقِ بی‌عصمت و ننگ

حرمتِ مادری از یاد ببرد
خیره از باده و دیوانه ز بنگ

رفت و مادر را افکند به خاک
سینه بدرید و دل آورد به چنگ

قصد سر منزلِ معشوق نمود
دلِ مادر به کفش چون نارنگ

از قضا خورد دمِ در به زمین

و اندکی رنجه شد او را آرنگ

وان دلِ گرم که جان داشت هنوز
اوفتاد از کفِ آن بی‌فرهنگ

از زمین باز چو برخواست، نمود
پیِ برداشتنِ آن، آهنگ

دید کز آن دلِ آغشته به خون
آید آهسته برون، این آهنگ:

آه دستِ پسرم یافت خراش
آخ پای پسرم خورد به سنگ

✍ایرج میرزا.

منبع: شاهکارهای شعری فارسی و کردی، طه فیضی زاده، ص ۸۶ ـ ۹۰.

)٢٢(
وەرە سەیرکە حاڵێکی شێواو
بە چاو ببینە گیرۆدەی ناو داو
تۆ گوڵ لە سەرت ئەدەی گوڵی من
من چەپۆک ئەدەم لە سەر و لە چاو

دمی بوره بوین حاڵم ته، دلبر!
دڵم تنگه، شبی با مو به سر بر
ته گُل بر سر زنی، ای نو گُل مو!
به جای گُل زنم مو دست بر سر
)٢٣(
بە ڕۆژ لە دەرد و خەما گیر ماوم
بە شەو بۆ مانگی ڕوتە شێواوم
هەموو کەس شوێنی سرەوتی هەیە

منی دەربەدەر بێبەش کراوم

به شو محوِ رُخِ مەپاره هستم
به روز از درد و غم بیچاره هستم
تو داری در مکان خود قراری
مویم که در جهان آواره هستم
)٢٤(
سەرێکم هەیە سامانی نییە
خەمێکم هەیە ئامانی نییە
گەر باوەڕ ناکەی وەرە ئەیبینی
دەردێکی گران دەرمانی نییە

سری دارم که سامانش نمی‌بو
غمی دارم که پایانش نمی‌بو
اگر باور نداری سوی من آی
بِوین دردی که درمانش نمی‌بو

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)٢٥(
مەیلم لە جوانی گوڵزاری تۆیە
سینەم پڕ ئێش و ئازاری تۆیە
بە ئارەزوی دڵ چوومە لالەزار
بینیم هەڵڵەش داخداری تۆیە

دلم میل گل باغ ته دیره
سراسر سینه‌ام داغ ته دیره
بشم آلاله‌زاران دل کرم شاد
دیم آلاله هم داغ ته دیره
)٢٦(
جۆرە بازێک بووم فڕیم بۆ نێچیر
دەستێکی ڕەش بوو دای لە باڵم تیر

هۆش لە دەس نەدەی لە سەبزەزارا
گەر هۆش لە دەس دەی پێت ناوترێ ژیر

جُرەبازی بدم، رفتم به نخجیر
سیەدستی زده بر بال مو تیر
بوره غافل مچر در کوهساران
هر آن غافل چره، غافل خوره تیر
)٢٧(
هەڵاڵەی کۆسار تەمەنی کورتە
وەنەوشەی ڕووبار تەمەنی کورتە
جارچی جارِ ئەدا ئەڵێ ئەی یاران
وەفای گوڵعوزار تەمەنی کورتە

الاله کوهساران هفته‌ای بی
بنفشه جوکناران هفته‌ای بی
منادی میکره شهرو به شهرو
وفای گلعذاران هفته‌ای بی

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)٢٨(
مەپرسە بۆچی وا بێ قەرارم
بە دیدە وێنەی لێزمەی بەهارم
ئەزانی بۆچی لە کێو و هەردم
لە عەشقی تۆیە بێ ئیختیارم

بِواجی که: چرا ته بیقراری؟
مگر پروردهٔ بادِ بهاری
چرا گردی به کوه و دشت و صحرا
به جانِ ته ندارم اختیاری
)٢٩(
ئاوی لێون بێ کەوسەرم ناوێ

جەوهەرپەرستم گەوهەرم ناوێ
گیانی من پووشە، جوانی تۆ ئاگر
ئاگر بە بێپووش ناسووتێ تاوێ

دل مو غیرِ ته دلبر نگیره
به جای جوهری جوهر نگیره
دل مو سوته و مِهر ته آذر
پُدی ناسوته آذرَ در نگیره[۱]
(۳۰)
دڵدار ناترسێ توشی بەڵا بێ
گەر وەکو (ئەیوب) کرم تێیدا بێ
وەک (حەسەن) پیاڵەی زەهر ئەنۆشێ
یا (حسێن) ئاسا سەری بڕا بێ

عاشق آن بی که دایم در بلا بی
ایوب آسا به کرمان مبتلا بی
حسن آسا بنوشه کاسهٔ زهر
حسین آسا شهید کربلا بی

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

]۱[پُد: ئەو دارە ڕزیوەی لەجێی پوشوو کەڵکی لێ وەردەگرن.

(۳۱)
ئارامم نیە بۆ ڕوخساری تۆ
بۆ زوڵفی ڕەشی عەترباری تۆ
ئارامی نییه هیچ کاتێ دڵم
مەگەر ئەو ساتەی دێمە دیاری تۆ

خوش آن ساعت که دیدار تو وینم
کمند عنبرین تار تو وینم
نوینه خرّمی هرگز دل مو

مگر آن دم که رُخسار تو وینم
)٣٢(
دنیا سفرەیە مرۆڤ میوانە
ئەمڕۆ گوڵزارە سبەی خەزانە
چاڵێکی تاریک کە ناوی گۆڕە
ئەڵێن ئێرە جێی گشت خانومانە

جهان خوان بیَ و مردم میهمان بی
امروز آلاله بی، فردا خزان بی
سیەچالی کَنَن، نامش نهن گور
به مو واجن که: اینت خانمان بی
)٣٣(
وەک من داماوم فەلەک داماو بێ
من نوقمی خەمم ئەو هی خوێناو بێ
وەک منی کردە هەدەفی مەینەت
وا سەرگەردان و سەرلێشێواو بێ

الهی ای فلک! چون مو زبون شی
دلت همچون دل مو غرق خون شی
اگر یک لحظەام بی غم بوینی
یقین ذونم کزین غم سرنگون شی

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)٣٤(
تا تا پەرچەم بە سەر ڕوتا بڵاوە
گوڵ و ڕێحان و سومبول تێکەڵاوە
بەسەر ڕوتا پەرێشانە دوو زوڵفت
بەهەر تاڵێک دڵێک هەڵواسراوە

مسلسل زلف بر رو ریته دیری
گُل و سُنبل به هم آمیته دیری

پریشان چون کری آن تار زلفان
به هر تاری دلی آویته دیری
)٣٥(
بڵێن جێگەت ئاسمانی چوارەمینە
بەڵام گورگی مەرگت هەر لەکەمینە
هەزاران ساڵ لە دنیادا بکەی گەشت
لەدوایدا شوێنت دوو توێی زەمینە

اگر جایت به چرخ چارمین بی
مُدومت گرگِ مرگ اندر کمین بی
اگر صد سالَ در دنیا بمونی
در آخر منزلت زیرِ زمین بی
)٣٦(
خۆشەویستم! دڵ و گیانم لە لاتە
هەموو ئاشکرا و پەنهانم لە لاتە
من نازانم کە ئەم دەردەم لە کۆ گرت؟
بەڵام ئەزانم دەرمانم لە لاتە

نگارینا! دل و جانم ته داری
همه پیدا و پنهانم ته داری
نمی‌دانم که این درد از که دارم
همین دانم که درمانم ته داری

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

)٣٧(
ئازیز قەت مەردی لە نامەرد نایە
گریان و ناڵە لە بێ دەرد نایە
گوێ بگرە ڕۆڕۆی ڕۆڵەی (فەرەیدون(
گڕ لە تەنوری سڕ و سارد نایە

عزیزا مردی از نامرد نایو

فغان و ناله از بیدرد نایو
حقیقت بشنو از پور فریدون
که شعله از تنور سرد نایو
)٣٨(
فەلەک هەتاکەی نالّە و گریانم
ئاگری خەمت بەردایە گیانم
تەمەن تێپەڕی بە دەردیسەری
بە مەیلی دڵم نەبوو ئاسمانم

فلک کی بشنود آه و فغانم
به هر گردش زند آتش به جانم
یک عمری بگذرانم با غم و درد
به کام دل نگردد آسمانم
)٣٩(
لەم کێو بۆ ئەو کێو بەرز بووم و نیشتم
هەڵاڵەم ئەچنی تا تێگەیشتم
لاله بێ بار و بێ وەفا دەرچوو
بێ وەفا نابم بۆ خۆشەویستم

سر کوه بلند چندان نشینم
که لاله سر درآره، مو بچینم
چو لاله بی‌وفا بو، بی‌وفا بو
نگار بی‌وفا مو چون گُزینم؟

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

راه کج بود نشد تا به دیارم برسم
فال من خوب نیامد که به یارم برسم

بی‌قراری رسیدن رمق از پایم برد
نشد آخر سر ساعت به قرارم برسم

شهریاری پر از اندوه ثریا هستم
شاید آخر سر پیری به نگارم برسم

استخوان سوز سیاهی زمستان شده‌ام
بلکه نوروز بیاید به بهارم برسم

عشق هر روز دلم را به کناری می‌برد
عشق نگذاشت سرانجام به کارم برسم

مرگ دل‌بستگی آخر دنیای من است
می‌روم شاید روزی به مزارم برسم

✍محمدحسین بهجت تبریزی "شهریار."

ڕێگە چڕ بوو کە ئەمن زوو بە دیارم
نەگەییم
بەختی من پڕ لە غەم و تەم بوو بە یارم
نەگەییم

بێقەرار بووم و شەکەت، هێزی نەما
ئەژنۆکەم
چارەڕەش بووم، سەری‌کات بە قەرارم
نەگەییم

شەهریارم غەمی دووری لە سوڕەییا
بوو کە من
وا بە پیری و بە کڵۆڵی بە نیگارم
نەگەییم

ئێسکەکانم هەموو ڕەش بوون و بە زستانی ژیان
چاوەڕێی هاتنی نەورۆز، بە بەهارم

نەگەییم

بای ئەوین بوو کە دڵی بردم و بابردەڵە
بوو
هەر ئەوین هۆیە کە ئیمڕۆکە بە کارم
نەگەییم

مردنە مافی دڵی من، کە ئەوینی منە
ئەو
من دەڕۆم ئاخرەکەی، من بــە مــەزارم
نەگەییم

✍وەرگێڕ: مامۆستا ڕەسوول کەریمی "سووتاو."

)٤٠(
نازانم دڵم شێواوی کێیە
ئاوارەی کێیە، سوتاوی کێیە
خۆزگە ئەمزانی دڵەی ڕەنجەڕۆم
گیری نێرگزی دوو چاوی کێیە

نمی‌دونم دلم دیوونهٔ کیست
کجا می‌گردد و در خونهٔ کیست
نمی‌دونم دل سرگشتهٔ مو
اسیر نرگس مستونهٔ کیست
)٤١(
لە میسکی چینی ڕەشتر سومبوڵت
بە هەزاران دڵ بەندی کاکۆڵت
پەی بە دڵی تۆ نابا ناڵەی من
لەبەرد ڕەقتر بێگومان دڵت

ز مشک چین سیه‌تر سنبلت بی
هزاران دل به قید کاکلت بی

نباشد ناله‌ام را در دلت راه
ز خارا سخت‌تر گویا دلت بی
(٤٢)
بەرەڵڵایەکم ئاوایە پیشەم
دەستێ بە جام و دەستێ بە شووشەم
تۆ بێ تاوان بی دیارە فریشتەی
منیش لە (حەوا) و (ئادەم)ە پیشەم

مو آن رندم که عصیان پیشه دیرم
به دستی جام و دستی شیشه دیرم
اگر تو بی‌گناهی، رو مَلَک شو
من از حوّا و آدم ریشه دیرم

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

(٤٣)
ئەو گوڵەی کە من ماندووم لەتاوی
بە فرمێسکی چاو کە داومە ئاوی
من پەروەردەم کرد، لە کوێ ڕەوایە
یەکێکی تر بێ بگرێ گوڵاوی

گلی که خوم بدادم پیچ و تابش
به آب دیدگانم دادم آبش
به درگاه الهی کی روا بو
گُل از مو، دیگری گیره گُلابش؟
(٤٤)
ئەوەی بێ ماڵ و سامانە منم
ئەوەی ئاوارە و بێ نانە منم
ئەوەی شەو بێ شێو ڕۆژ ئەکاتەوە
منم، ڕۆژ ڕەشی زەمانە منم

آن که بی خان و بی مانه، منم، من

آن که برگشته سامانه، منم، من
آنکه شامان به اندُه می‌کره روز
آنکه روزش چو شامانه، منم، من
)٤٥(
چاوەکانت پیاڵەی پڕ لە مەی بێ
تاتای زوڵفت بەرامبەر مووڵکی ڕەی بێ
پەیمانتدا کە ئەمڕۆ نا بەیانی
من نازانم کە بەیانی تۆ کەی بێ

دو چشمونت پیاله پر ز می بی
دو زلفونت خراج ملک ری بی
همی وعده کری امروز و فردا
نذونم مو که فردای تو کی بی

✍دووبەیتیەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، وەرگێڕ: سابیر ڕازی.

آمدی جانم به قربانت ولی حالا چرا
بی وفا حالا که من افتاده‌ام از پا چرا

نوشدارویی و بعد از مرگ سهراب آمدی
سنگدل این زودتر می‌خواستی حالا چرا

عمر ما را مهلت امروز و فردای تو نیست
من که یک امروز مهمان توام فردا چرا

نازنینا ما به ناز تو جوانی داده‌ایم
دیگر اکنون با جوانان نازکن، با ما چرا

وه که با این عمرهای کوته بی اعتبار
این همه غافل شدن از چون منی شیدا چرا

شور فرهادم بپرسش سر به زیر افکنده بود

ای لب شیرین جواب تلخ سر بالا چرا

ای شب هجران که یک دم در تو چشم من نخفت
این قدر با بخت خواب‌آلود من لالا چرا

آسمان چون جمع مشتاقان پریشان می‌کند
در شگفتم من نمی‌پاشد ز هم دنیا چرا

در خزان هجر گل ای بلبل طبع حزین
خامُشی شرط وفاداری بود غوغا چرا

شهریارا بی حبیب خود نمی‌کردی سفر
این سفر راه قیامت می‌روی تنها چرا

✍محمد حسین بهجت (شهریار(

گیانەکەم هاتی، بە سەرگەردت بەڵام ئێستاکە بۆ
بێوەفا ئێستا لە پێکەوتووم و دڵ خەمناکە بۆ

گەرچی نۆشدارووی لە پاش کوژرانی زۆراو هاتووی
بێبەزە زووتر سەرێکت بایە تۆ ئێستاکە بۆ

قەت تەمەن ناگاتە ئەمڕۆکە و سبەینێی دوێنەکەت
من کە ئەمڕۆیەک لە خزمەتتام ئەرێ ئەمڕاکە بۆ

ناسکەکەم ئێمە بە نازی تۆ ژیانمان بردە سەر
تۆ لە گەڵ لاوان بکە چاوبازی، ئەم هیلاکە بۆ

هێند تەمەن کورتە لە بۆ ماچێکی پێم نادا بوار
ئەو هەموو بیر کردنی ئەمنی تەریک و تاکە بۆ

هەستی فەرهادیم بلاوێنە، سەری شۆڕ کردەوە
لێوی شیرین ئەو هەموو تاڵی و قسەی ناپاکە بۆ

ئەی شەوی دووری کە چاوی من لە تۆدا نەچوە خەو
ئەو هەموو لای‌لایە بۆ بەختی خەواڵووم، چاکە بۆ

ئاسمان کاتێ پەرێشانی دەکا کۆی عاشقان
سەیرە چۆن وێڕانی ناکا ئەم جیهانە، کاکە بۆ

بولبولی شەیدا لە پاییزی فیراقی باخی گوڵ
خامۆشی شەرتی وەفادارییە، هەڵڵا و هاکە بۆ

شاریارا قەت نەچووی بێ خۆشەویستت بۆ سەفەر
ئەم سەفەر ڕێگەی قیامەت تۆ دەچی تەنیاکە بۆ

✍وەرگێڕ: کامیل شەریف پوور.